# تێڕوانینێکی نوێ
# بۆ هێرمنۆتیك و راڤەی ئەدەبی

**کۆمەڵە وتار لە سەر بابەتەکانی:**

**خوێندنەوەی دەق، تیۆری ئەدەبی و**

**رۆشنبیری و...**


**وەرگێڕ:**

**عادڵ محەمەدپوور**

**چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**ژمارەی سپاردن(١٨١٥)ی ساڵی ٢٠٠٩**

**وەزارەتی روشنبیری**

**کتێبی هەنار ژمارە (٩)**

**نووسەر: ٠٩١٨٨٧٤٩٩٢٩**

E: adel.mohammadpur@gmail.com

## پێڕست:


دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق لە ............................................ ١
دیالۆگ لەگەڵ دەقدا ............................................ ١٠
ریکۆر و کەوانی هێرمنۆتیکی ............................................ ١٩
سەرەتایەك بۆ جوانی ناسی هونەری ............................................ ٢٧
چمکێك لەبارەی کورتیلە چیرۆك ............................................ ٣٣
ناوەختی پاش مۆدێرن ............................................ ٣٧
ئەدەبیاتی چیرۆکبێژی پاش مۆدێرن ............................................ ٤٥
پاش پاش مۆدێرن وەرچەرخانێکی نوێ لە ............................................ ٦٥
دیمانە لەگەڵ پائۆلۆکۆئێلۆ ............................................ ٧١
دیمانە لە گەڵ ئۆمبێرتۆ ئێکۆ ............................................ ٧٩
ئازادی دەربڕین، ئازادی چاپەمەنی، مافێکی مرۆڤانی ............................................ ٩١
پسیکۆلۆژیای رۆژنامەوان ............................................ ١٠١
دەسەڵاتخوازی و کەسێتی مۆنتاژکراو ............................................ ١١١
مۆدێرنەو کۆمەڵگەی مەدەنی ............................................ ١٣٧
زمانی رووناکبیری پێداویستی گۆڕانکاری بناغەیی ............................................ ١٥١
مافی مرۆڤ بۆهەموو مرۆڤ ............................................ ١٦٩
تووماس مان هونەرمەندی بەویژدانی پڕئازار ............................................ ١٧٣
سوسور، بناغەدارێژی زوانەوانی زانستی ............................................ ١٧٩

## دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق
## لەگۆشەنیگای
## «شلایر ماخێر»

لە پەیلوای شلایر ماخێر، شیتەڵکاری دەق، دوو رەهەندی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی کە بریتین لە:

- شێوەی رێزمانی
- شێوەی فەنی (رەوانی)

شێوەی رێزمانی بەستێنەی زمان و شێوەی فەنی بەستراوە بە هەرێمی هزرەوە، ئەم دوو شێوە بە پێی نیازیشیان تەواکەری یەکترن، هەر وەها کە دوایی بۆمان دەردەکەوێ، دەبنە هۆی وێناکردنی «دەوری هێرمنۆتیکی».

هەر وتەیەك خۆی لە قاوغی زماندا پیشان ئەدات و واچەر (وتەبێژ)، ئەندێشەی خۆی بە هۆی ئەو قاڵبەوە دەنوێنێت بەم بۆنەوە هەر واچەیەك پێوەندیەکی دیالێکتیکی دوو لایەنەی بە زمان و ئەندێشەوە هەیە. جا بە هۆی ئەوەوە لە سەر ئەم رێبازە بۆ زانستی وتەی وتەبێژ، دەبێ دوو هەنگاو بەرەو پێش هەڵگرین:

یەکەم ـ وتەکەی لە بواری زمانیەوە وەرگرین

دووهەم ـ بۆ حاڵی بوون دەبێ وتەکەی لە نێوانی بیر و راکانی تریدا، رانانکاری بکەین و ئەنجا لێی تێبگەین.

کاری راڤەکار لــە ســەر شــێواز و ئــەدگاری ڕێزمــانی توێژینــەوە دەکــات، سەرەتا وتەی واچەر لـە بـواری زمـانی دەقـەوە قـەرار ئـەدات و پاشـان لێکـی ئەداتەوە و وتە (دەق) بـە وێنـەی بەرهـەمێك پیایـدا دەڕوانێـت. لـە شـیکاری ڕێزمانیدا، زۆرتر بە وشە، بنەمای دێڕ، وێنەی ئەدەبی دێڕ، ڕەمز و هێما و نیشانە و چەشنی ئەوانە ئاماژە ئەکرێت و بایەخی پـێ ئـەدرێت. لـەم بـوارەوە، ناسـینی مانای دێڕ لـە بواری ڕێزمانی و زمانیەوە دێتە ئەنجام و شرۆڤاندن.

شرۆڤەکار لـە سەر شێوازی فەننی (ڕەوانی) یەوە، راڤەی ئەو وتە (دەق) ەی کە باس و خواسی لـە سەر ئەکرێت لـە بەستێنی تەواوی بیر و را و ژیانی هـزری واچەر یا نووسەر (دانەر) ەوە قەرار ئەدات. ئەمەش ئەو پێویستیەی دەگـەیێنێت کە شیتەڵکار دەبێ بە وردی لـە ژیان و فکری دانەر یان نووسەرەوە تێگەیشـتبێ و لـە چۆنیەتی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ژیانی ئـەودا توێژینەوەیـەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدات تا پێوەندی نێـوان بۆچـوونی وتـە (دەق) لـەگـەڵ بـیر و بۆچوونەکانی تریدا بدۆزێتەوە.

«لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی» بە نیازی زاڵبوون بـە سـەر دەقـدا و هـەر وەهـا پێناسە کردنی دەق بە وێنـەی بەرهـەمێك لـە زمـان و ڕووداوی زمـانی خـۆی سەرقاڵ دەکات کە گەلێك لـە چارەنووسی زماندا کاریگەرە.

بەڵام لـە بەرامبەردا «راڤەی ڕەوانی یان فەنی» دایم وا بـە شـوێن تێبـینی و زانستی ناوەرۆکی دەق و چۆنیەتی بۆچوون و ڕامانەکانی پـەنهان و شـاردراوەی وێدا کە نووسەر (دانەر) بە دیتزانی رادەگەیێنێت. جا بۆ تێگەیشتن لـە ناوەرۆکی دەق لـە لایەکەوە دەبێ بە سەر ڕێگا و ڕەوشی نووسەر (دانەر)، هەروەها بـیر و بۆ چوونی وێدا ئاگادار بین، لـە لایەکی ترەوە دەبێ بە سـەر چـۆنیەتی هـەڵس و کەوتی ئەو زمانەی کە بەکاری دەبات زاڵ بین. هەر وەها پێك هێنانەوەی بـیر و را، ڕێگا و شێوازی نووسەر و شێوەی حـوزووری ئـەم بـیر و رایـە لـە زمانـدا ئەرکی هەرە گـەورەی لێکۆڵینەوەیـە. بـۆ ڕوون بوونـەوەی مەبەسـتی «شـلایر

ماخێر» بە نموودای دوو لایەنی ژێرەوە ئاماژە ئەکەین.




**دوو ڕەوشی ڕاڤە:**

دەبێ تێبینی لە چۆنیەتی زمانی دەق و بۆچوون و شێوازی نووسەر (دانەر) پێکەوە هاودەنگ و هاوتەریب بن. ئەم ئەدگارە تا ئەو ئاستەی بێ ئۆقرە، پێ هەڵگرێ کە ئێمە بە پلەیەکی بەرزی ڕازی بوون لە فێربووندا دەگەیێنێت. بە لەونێ تر ئەتوانین بڵێین، لە کاری ڕاڤەدا دەبێ بەو خاڵەی بگەین کە بازنەی لێکۆڵینەوەی ڕێزمان بێ کەم و زیاد بلکێت بە بازنەی لێکۆڵینەوەی دەروونشیکاریدا.

بەڵام بەڕای «شلایر ماخێر» ئەم مەبەست و دۆزە لە ڕاستیدا قەت بە تەواوی سەرناگرێت چونکا لێکۆڵینەوەی ڕەوانی هەمیشە بە پێوەرێکی نائەندازە وەدەی دێت. ئێمە نەتەنیا بە تەواوی لە بیروبۆچوونی کەسێك تێ ناگەین، بەڵکوو تەنانەت ئەو زانستیەی کە ئێمەش تا ڕادەیەك بە ڕوانگەو بۆچووونی ئەوەوە نزیك ئەکاتەوە دایم وا لە حاڵ گەشە و پێك هاتندا.

بۆ ئەوەی کە ڕێزمانی لێکۆڵینەوەی روخسار و ڕەنگ و تام و چێژێکی باش بگرێتە خۆی دەبێ بە چاکی بە ئەو زمانەی کە بە کار دەبریەت بناسرێت و بۆ ئەوەش کە شێوازی ڕەوانیش پێ نیازی بە شارەزایەکی ئەوتۆی لەسەر نووسەر دا هەیە. هەرچەند کە ئەگەری زاڵ بوون بەسەر هەردوو دۆخدا کەم و کزە،

بەڵام هیچ کات دەس هەڵنەگرین و لە مەودای دوو شێوازی ڕێزمانی و ڕەوانیدا بزوێن تا ئەو کاتەی کە دەستمان دەگاتە ئاستێکی پتەو و سەقامگیر.

هات و چۆ لە مەودای دوو شێوازی ڕاڤەدا ئا لەم بابەتەوە گرینگی ئەنوێنێت کە ئەگەر جارێك لە شێوەی ڕێزمانیدا ـ وەکوو ـ ئەو کاتەی کە ئەکەوین بەسەر دوو یان چەن خوێندنەوە لە چەشنی دەستە واژە یان دەق و گەشتێك لە زمانی دەق و بە کارهێنانی ئەو زمانەی کە نووسەر (دانەر) دەیخوڵقێنێت بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە خوێندنەوەکان کە لە ئارادا نەبێت. لەم بابەتەوە ئەو بۆچوونانەی کە دەربارەی شێوەی فکر و ڕامانی نووسەر لە کاردایە، یانێ شێوەی فەنی (ڕەوانی) ڕاڤە ئەتوانێت تا رادەیەك یاریدەربێ و لانی کەم یەکێك لەو خوێندنەوەمان بۆ پێناسە بکات. لە لایەکی ترەوە ئەو زانستیانەی کە دەربارەی نووسەرەوە هەمانە ڕەهەندێکە بۆ پێناسەکردنی بڕێ شوێنەواری فکری و ئاشکرا بوونی بیروبۆچوونی شاردراوەیی.

ڕەوتی ڕاڤە، بەڕای «شلایرماخێر» بە دوو مانای جیاوازلە دەوردا دابەش دەبێ، یەکەم: پاژەکان بەپێی کۆ وکۆیش بە پێی پاژەکان دەناسرێت.

دووهەم: ئەو زانستیانەی کە دەربارەی شێوەی فەنی ڕاڤەوە لەدەستماندایە بۆ لێکۆڵینەوەی پرس و خواسێ بە کاردێن کە لەشێوەی ڕێزماندا ڕوو ئەدەن و بە پێچەوانەی ئەوەش، ئەو زانستیانەی کە لە شێوەی ڕێزمانیدا لە دەستماندایە بۆشیکردنەوەوەی ئەو پرس و خواسانەی کە بە جۆرێك بە شێوەی فەنییەوە پێوەندییان هەیە بە کاردەبرێن.

گەرچی لە پرۆسەی ڕاڤەدا ئەم دوو شێوازە دەبێ پێکەوە هاوڕەنگ و هاودەنگ بەرەو پێش برۆن، بەڵام بەڕای «شلایر ماخێر» ئەم دوو شێوازە بۆ گەیشتن بە مانای دەق هەمیشە نەخشێکی وەك یەك نارەخسێنن، دەق هەم ئەتوانێ تا بیر و بژارە بێت لە قاڵبی زماندا و هەمیش ئەتوانێ تا بیر بێ لە بۆچوونی نووسەردا.

## پێشگۆیی و هەڵسەنگاندن:

بە باوەڕی شلایرماخێر، لە هەرکام لە دوو شێوازی ڕاڤەدا، ئەو دوو ڕەوشەکە پێکەوە بەکاربەین، جا ئەگەر هەردووکیشیان بکەینە یەکێك و چ باشتر. چون هەرکام دەبێتە پاڵپشت و پێگەی ئەویتر ئەم دوو ڕەوشیشە برتیین لە: پێشگۆیی و هەڵسەنگاندن.

لە راڤەی فەنیدا، ئەو ڕەوشتە گە لەگەڵ پێشگۆییدا بریتییە لە قەراردانی خود بە جێی نووسەر و جەختکردن بۆ پێشگۆیی مەبەستی نووسەر لە دەقدا. مەبەست لەم رەوشیشە زانستێکی بێکەرەسەیە بۆ گەیشتن پلەی هەرە مەزنی نووسەرەوە. سەرەڕای ئەوەش ناتوانین پاش ناسینی روانگەی نووسەر، خۆمان بخەینە جێگای ئەوەوە، و شیکار بۆ ئەنجامی ئەم کارەی ئەبێ توێژینەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبارەی نووسەرەوە فەراهەم کات. بە شوێن ئەوەشدا دوبارە نابێ متمانەیەکی ئەوتۆمان لە بواری زانستی چۆنیەتی بارووددۆخی ژیانی نووسەرەوە ببێت، چونکا ئەگەر تابوشت و هەتوانی ئەوەمان بوایە کە دووبارە ڕوانگەی ماکیی نووسەر بخولقێنینەوە ئیتر پێشگۆیی نە مانای ئەبوو و نە پێویستی. جا بە ناچار هەرکات ئەم ڕەوشتە دەگرێنە بەر بە تەواوی نابێت بە تەمای ناسینی بیروبۆچوونی نووسەر (دانەر) بین و هەروەها دەستمان بگاتە ناسینی پلەی هەرەمەزنی ئەوەوە، دواجار بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم نەخسیشە دەس ئەدەینە پێش گۆیی. ئا لەم دۆخ و پلەیەدا، ئەوپەڕی کۆشش ئەکەین تا بە هەرلەونێك خۆمان خەینە جێی نووسەر و سەقامگیربین هەر چشتێکیش ئەو پڕ بایەخ یان کەم بایەخ بێ بە سانایی لێکیبدەینەوە.

هەرکامێك کە لەم پلەیەدا دێنێتە دەس و یان هەر بیرۆیێك کە لە بارەی دەقەوە دەیهێنێنە پێش، لە بواری قەراردانیەوە بە گشتی دێتە ئەنجام، ئەو کاتەی کە ئێمە خۆمان خستە جێی نووسەرەوە ئەمانەوێ بزانین نووسەر چۆن نووسەرێکە و مەبەستی لە نووسینەکەیدا چ بووە.

لێرەدا لە نێوان پێشگۆیی و هەڵسەنگاندا، پێوەندییەکی دەوری پێك دێت کە ئەم دەورەش، دەوری هێرمنوتیکی نوێ یە.

لە رەوشی رەوانی راڤەدا، رەوشی پێشگۆیی ئا بەم چەشنەیەکە کە خوێنەر بۆ ماوەیەکی کەم، نووسەر ئەخاتە بازنەیەکی تایبەتیەوە، لە پاشدا دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ نووسەرانیتردا ئەی نێو کۆگای بەراوردەوە، هەرچەند ئەم ڕەوشتە، کزەخاڵی زۆرە و هەر بە تەنیا بیرۆکەی خوێنەری لە بابەت دەقەوە بە لەونی کارامە بۆ پێناسە ناکرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم هەڵسەنگاندنەیە لایەنەکانی هاوسەنگ و ناهاوسەنگی نووسەر لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە پێشتر کەوتوونەوتە زەینەوە بەوردی لێکیئەداتەوە و لەم رێگایەوە تا رادەیەك زانستیە نوێکان دێنێتە دەس، ئا لەم ئاستەوە و هەڵسەنگاندن ئەوە دەگەیێنێت کە لە ئاکامدا بەرەو لایەنی پێشگۆیی هەڵدەگەرێتەوە و دووبارە لەم لایشەوە بە بۆنەی زانستیە نوێکان نووسەر لە ژێر چەتری شێوازێکی تایبەتیدا سەقام دەگرێ و ئەم رەوتە هەروا ئەکەوێتە خولەك و دەورێکی بێ برانەوەیی.

ڕەوشی پێشگۆیی ـ هەڵسەنگاندن لە ڕووی دەروونشیکاری ڕاڤەوە

لە شێوەی ڕێزمانی ڕاڤەدا، رەوشی پێش گۆیی و هەڵسەنگاندن تا ڕادەیەك پێکەوە تەوفیریان هەیە، لە ڕاڤەی ڕێزمانیدا، پێش گۆیی بەم چەشنەیە کە خوێنەر مانای دەسەواژەیەکی تایبەت یا دێڕێکەوە یا تاکە بەشێ لەدەقدا بە پێی مانای وشەکانی ئەو دەسەواژە یان ئەودێرەوە یان تاکەبەشێکەوە زمن ئەدات و بە گوێرەی زمنی خۆیەوە یەکەیەکە ڕوون و زەقی دەکاتەوە. لەڕەوشی هەڵسەنگاندنەوە، ئەو ڕوون بوونەوەیە کە لەڕێگای گومانەوە پێگەییوە، ئەتوانێت لایەنگری لێ بکات وە یان بە درۆی خاتەوە، هەرلەم رەوشەدایە کە خوێنەر بە چۆنیەتی هاووێنە و تەوفیری نێوان شێوەکان و بەکاربردنی زاراوە و وشەگەلی جۆراوجۆردا کە لەلایەن نووسەرەوە بەکارەدەبرێت ئارام دەبێ.

**ڕەوشی پێشگۆیی ـ هەڵسەنگاندن لەڕووی ڕێزمانی ڕاڤەوە:**

بەلای شلایرماخێرەوە، لەهەر شوێنێکدا کە ئێمە لەگەڵ راڤەی تایبری زمانیدا چنگاوشین، ناخوئاگا رووئەکەینە ڕەوشی پێشگۆیی و هەڵسەنگاندن. ئەگەر خوێنەریش ئەم ڕەوشە لە شێوەی رەوانی راڤەدا بەکار بێت ئەتوانێت خۆی خاتە جێی نووسەرەوە.

یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی هێرمنۆتیکی شلایرماخێر ئەوەیە کە خوێنەر بە سانایی خۆی خاتە جێی نووسەر و دەقەکەش بە لەونێکی کارامە لێك داتەوە، تەنانەت جەختی لەسەر ئەوەیەکە ئەرکی هەرە گەورەی هێرمنۆتیك وا لەوا کە خوێنەر چاکتر لە نووسەر بەسەر دەقدا زاڵ ببێت. بەڵام ئەم روانگەیەوە بۆ زۆربەی رەخنەگرانی ئەدەبی رۆژ، گەلیٚ سەرسووڕهێنەرە کە چلۆن خوێنەر باشتر لە نووسەر ئەتوانێت بەسەر دەقدا زاڵ ببێت، هەربەم هۆیەوە گەلێك لە شیکارانی بە ئەزموون بە هەڵوێستی ئەم بۆ چوونەیەوە وەستاون. وە رایان لەسەر ئەوەیە کە خوێنەر هیچ کات ناتوانێت لە نووسەر چاکتر لە دەق تیٚ بگات.

«زانستی دەقی باشتر لە نووسەر» لە روانگەی شلایر ماخێرەوە، نە بیٚ مانایە و نە مەبەستێکی دەس نەکەوتووشە، بە رای ئەو، شیکار ئەتوانێت بە پاشەڕەوی لە رەوشتی راڤەی راستەوخۆوە بەم مەبەستە بگات. جا ئەو ئەڵیٚ ئەم هەرمانەی هێرمنۆتیکە چوار بەشە:

١ ـ پێك هێنانەوەی هەستی (حسی) ـــ مێژوویی: لەم بەشەدا، راڤەکار دێڕەکانی دەق لەگەڵ تیشکۆی زماندا لە بەر چاودا ئەگرێت و ئەم خاڵە ئەخاتە ژێر پرسیارەوە کە دێڕەکان بە پێی ئەوە کە بەرهەمی زمانین چ زانیاریەکیان لە گەڵدایە.

٢ ـ پێك هێنانەوەی حیسی ـ پێشگۆیانە: شیکار ئا لەم بەشەدا، سەرنج ئەداتە کاریگەرییەکیەکی دێڕەکانی دەق بۆ چۆنیەتی گەشە و پەرەسەندنی

زمانەکەی

٣ ـ پێکهێنانەوەی زەینی ـ مێژوویی: لەم بەشەدا راڤەکار ئەوە روون ئەکاتەوە کە رشتەی دێڕەکان چلۆن لە زەینی نووسەردا تەشك و وێنەی گرتوە.

٤ ـ پێکهێنانەوەی زەینی ـ پێشگۆیانە: لەم بەشەدا شیکار پەی بەوە دەبات کە لەم دێڕنە چ بیر و بۆچوونێکیان لە گەلدایە و هەر وەها لە فکر و رامانی نووسەریشدا چ کاریگەریەکیان نەخشاندوە.

بە پێی ئەم بەیانە لە هەرمانی هێرمنۆتیکدا، شیکار تەنیا بە مێژوویەکی سەرهەڵدانی دەقەوە ئەبێت و وەکووو بەرهەمی زمان و بەرهەمێکی تاکی لە زەمەن و شوێنێکی ئەوتۆ و تایبەتیدا کە ئەژێی رەچاو بکرێت، بەڵکوو ئەبێت ئەو کاریگەریەی کە دەق لە ئاسەواری دوایی نووسەردا و لە زمانی دەقدا کە بوویەتی بیخاتە بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە. بە رای شلایرماخێر، ئەم هەرمانەش ماوەی کەمە و چەرخی وزەی لاواز و لە شوێنێکدا ناکاو رادەوەستێ، چوونکا ئەۆ رێباز و رێگایەی کە گرتوومانەتە پێش بەر بەستراوەو بن بەسە.

راڤەکار بۆ ئەوەی کە وزە بداتە کرداری ئەم هەرمانە، بە ناچار روو ئەکاتە کەوشەنەکانی جۆراوجۆر و هەمە رەنگە و ئەو دەبێتە دەروونشیکار، زماناس، مێژووناس و رەخنەگری ئەدەبیش. جا بۆ هەرکام لەم کەوشەنەنانەیەش، دەورگەلێکی جیاوازی هێرمنۆتیکی لە کاردایە کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی زەختیی توێژینەوە و زەبری بەستێنەکانی.

راڤەکار هەرکام لەم بوارە جۆراوجۆرانەدا، ئەرکێکی دژواری هەیە. ئەوەیش ئەوەیە کە ئەو دەبێ تایبەتمەندیەکانی دەروونی، بیرو راکان، زمانی دەق و بەستێنی سوسیایی نووسەر بە جوانی پێناسە بکات. بەڵام هیچ کات ئەم هەڵە بە تەواوی بۆی نارەخسێ و ناتوانێت بە سەر تایبەتمەندیەکان و کەوشەنەکانی ناوبراودا زانستیەکی تەواو بە دەست بێنێت. لە ئاکامدا کاری راڤەی دەق

ناتەواو دەمێنێتەوە و تەنیا بە یاری رەوشی «پێشگۆیی ـ هەڵسەنگاندن» لە شێوەی فەننی و رێزمانیی راڤەدا ئەتوانێت بە لێکۆڵینەوەیەکی درووست لە دەقدا بگەیەت.

سەرچاوە: کتێبی

متن از نگاه متن

عەلی رەزا قایمی نیا

چاپ اول، پاییز ۱۳۸۰

ئەم وتارە بە یارمەتی کاك موزەفەر یۆسفی وەرگێڕاوەتەوە

**تێڕوانینێکی نویٚ بۆهێرمنۆتیك و راڤەی ئەدەبی**

**هانس ـ گێئۆرگ گادامێر**

## دیالۆگ لە گەڵ «دەق» دا

گادامێر لە عەینی حاڵدا کە لە سەر ئەم خاڵە داکۆکی دەکرد کە دووبارە سازی هۆکارگەل و بەکگراوندی (رەوانی، مێژوویی، زمانی و...) کە دەق تێیدا نووسراوە، مەرجێکی سەرەکیین بۆ تێگەیشتنی دەق، بەڵام باوەڕی وابوو کە راڤەکار (مفسر) نابیٚ لە دووی مەبەستی دانەردا هەڵەتە بیٚ. تەنانەت ئەگەریش مانا و مەبەستی دانەر، بە وردبینی و تێڕامانێکی تەواو دووبارە سازی و پێناسەکرابیٚ. پێیوابوو، ئەو دۆزەی کە «شلایر ماخێر» بە شتێکی نایاب و دەست پێنەگەییوی دەزانی، ئەو مانا، مانایەکی مردووە، یانیٚ مانایەك دەبیٚ کە لە کەش و هەوا و شوێنکاتێکی جیاواز سەریهەڵداوە، و بەم پێوەرە ناتوانین لە گەڵیدا پێوەندییەکی زیندوو و سوودبەخش سازبکەین.

بە بۆچوونی «گادامێر» خاڵێك کە «شلایرماخێر» چاوی لیٚ نەکردووە و لێی خافڵ بووە، ئەمەتە کە تێگەیشتن (فهم) لە بنەمادا، رێکەوتن(توافق) یٚکە لە گەڵ ئەوی دی (لە مەڕ بابەتێکەوە). بەم جۆرە ئەگەر بمانەویٚ لە دەقێك تیٚ بگەین ئەبیٚ بزانین لە بارەی چییەوە لە گەڵماندا ئەدویٚ.

بنەمای راڤەکاری شلایر ماخێر ئەمە بوو کە بە کەڵك وەرگرتن لە کارەکانی «وۆڵف» و «ئاست» توانی بە شێوەی رووکردێکی نیزام مەند و رێك و پێك «هێرمنۆتیك» بکاتە چەمکێکی «راڤەکاری، تەفسیری».

«شلایرماخێر» لەو باوەڕەدابوو کە بە پێوندی بەرامبەر (متقابل)، شێوە دەربڕینە تکنیکی و رێزمانییەکان (تعابیر زبانی) ـ وەك دەقە ئەدەبی، ئایینی، وتە سەرزمانی و بەڵگە مێژووییەکان ـ پەرە ئەدرێ. بە کارهێنانی ئەم رەوشانە بە شێوەی سیتماتیك، دەتوانێ راڤەگەر لە مەترسی دژزانی (سوءفهم) بپارێزێ، مەتەرسییەك کە لە هەر خالێك لە پێوەندی زمانیدا، رێتێچوونی هاتنەدی دەبێ.

«گادامێر» بە پێچەوانە، ئەم خاڵە بە پێش فەرزێکی دژێو و بەدبینانەی ئەزانێ و پێی وابووکە ئێمە لە ژیانی رۆژانە (ئاسایی) لە بارەی تێگەیشتنی دەقەکان ـ وەك نموونە ـ بە کێشەیەك بەرخورد ناکەین و ئەم کارەش بە دانانی خۆمان بە جێی دانەر، ئەنجام نادەین، بەڵکوو جەخت ئەکەین لە سەر ئەمە کە بزانین دەق چۆن ئەبێ راست بێ.

خوێندنەوەی «دەق» ێك ـ لە روانگەی گادامێرەوە ـ وەك هەڤپەیڤین وایە، هەڤپەیڤینێك کە لەمدا، دەق دەنیشێتە جێی دانەری نادیار (مولف غایب) دەق لە بارەی بابەتێکی تایبەتەوە لە گەڵ ئێمەدا دێتە گۆ، بەڵام لە پەیڤی ئاسایی و واقیعیدا، بۆ چوون و راگەلی جۆراوجۆر بەرامبەر بە یەك ئاڵ و گۆڕ دەکرێن، یانێ کە بە تەنهایی پەیڤ ناکەن، بەڵکوو هەرکام لەوانە را و بۆچوون و باوەڕی خۆی دەر ئەبڕێ. لەم حاڵەتەدا، ئەم پرسە دێتە ئاراوە، کە ئەگەر دەق لە بارەی بابەتێکەوە لە گەڵ خوێنەر دێتە گۆ، ئایا خوێنەریش ئەتوانێ لە گەڵ دەق دا پەیڤین بکا؟ «گادامێر» دەڵێ: خوێنەریش ئەتوانێ لە گەڵ دەق دا دیالۆگ بکات، لە هەر خولێکدا کە خوێنەر دەیەوێ مانای دەق و بابەتەکەی دیاری بکات، لە راستیدا لە گەڵ دەق پەیڤین دەکا. خوێنەر هەمیشە ئەیەوێ وتەی دەق، ئاوەزمەند (معقول) نیشان بدات و ئەمەیش بە زانیاری پێشوو کە خوێنەر لە بابەتەکە هەیەتی، پێوەندی هەیە.

بە وتەیەکی تر، دەق هیچ وەخت بۆچوون و پەیامی خۆی بەسانایی نادا بەدەستەوە، بەڵکوو دەکرێ بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لە دەق تێبگەین،

شێوەی تێگەیشتنی دەق دەبێتە چەشنی ڕوانگە و تێڕوانینی خوێنەر بۆ دەق. کاتێك لە تێگەیشتنی تایبەت بۆ دەق دێینە گۆ، لە ڕاستیدا، ڕوانگەی خوێنەرێکی تایبەت لەم داهاتەدا، دێتە ئاراوە.

لە هەر دیالۆگێکی سەرکەووتوودا، کەسانێك کە خەریکی دیالۆگ لە گەڵ دەق دا بوون، ئەگەنە ڕێکەوتنێك (توافق) لە بارەی بابەتی باس لێکراوەوە. کاتێك بەتەواوی ڕێکەوتن، هەرکام لە وان، باشتر لە پێش، لە بابەتی باس لێکراو تێ دەگا.

لە ڕاستیدا دیالۆگ، هاوتەریی (همگرایی) و یەکگرتنەوە (تلاقی) و گواستنەوەی ڕوانگەکانە، ئەم چەشنە یەکگرتن و ئاڵ و گۆڕ و گواستنەوەیشە لە دیالۆگ لەگەڵ دەقدا پێك دێ و خۆی پیشان ئەدات. ئیدیعا گەلێك لە دەق دا کە لە نیگای هەوەڵ دا تا ڕادەیەك سەرسووڕهێنەر خۆیان ئەنوانند، هێدی هێدی بە شێوەی ئاوەزمەند (معقول) لە زەینی خوێنەردا بێچم دەگرن و خوێنەر لەم ئاستەدا ئەگاتە تێگەیشتنێکی باشتر و بە نرختر. ئەم تێگەیشتنە بەنرخە، پێوەندی بە باوەڕگەلێکەوە هەیە کە خوێنەر لەبارەی بابەتەکەوە هەیەتی. لە نیگای هەوەڵدا کە دەق بۆ خوێنەرنامۆ ئەهاتە بەرچاو، پەیامێك کە دەق لە بارەی بابەتەکەوە دەڵێ، ئەیخاتە بەر توێژینەوە و تێڕامان تا مەنهەجێك بۆ، عەقڵانی کردنی ئەوپەیامە بدۆزێتەوە. ئەگەر خوێنەر لەم کارەدا سەرکەوتوو بێت، سەرکەوتنەکەی بەم ماناتە، کەئەو ڕێگای چارەسەری بۆ ئاشتیوەیدانی نێوان پەیامی دەقەکەو و ئەو توێژینەوە و چالاکییە کە بۆ پێناسەی دەق دەستی پێکردبوو، دۆزیوەتەوە. لەروانگەی «گادامێر» ەوە، ئەم ئاشتی بەرقەرار کردنە، هەم یەکگرتنەوە و ئاڵ و گۆڕی ڕوانگەی «خوێنەر و دەق» ە ـ دیالۆگ ـ و هەمیش پێکهاتەی کاری «ڕاڤە» و تەفسیر. ئەگەر چەمکی ڕاڤە و تێگەیشتن، بە یەکگرتن و ئاڵ وگۆر و گواستنەوەی بۆ چوونی «خوێنەر و دەق» بزانین، نابێ ئەم داهاتە، لەگەڵ مانایەك کە دانەر مەبەستییەتی، یەکچوون بزانین. مەبەست لە

دەرك و تێگەیشتنی دروست لە دەق، هەمان «دیالۆگ» لە گەڵ دەقدایە، لەم حاڵەتەدا، ئەبێ قایل بین کە پتر لە یەك دەرك و تێگەیشتنی درووست و تەنانەت «فرە دەرکی» لەو دەقە دێتە ئاراوە. هەر بەم پێش فەرزە، ئەگەریش دانەری (مولف) دەقەکە، زیندوو بێ، ناتوانێ دەرکێکی تاکی لە دەقەکەی خۆی بێ، بەڵکوو ئەبێتە خوێنەرێکی دیکە بۆ دەقەکەی کەئەیەوەێ لە گەڵیدا پەیڤین بکات و هیچ پلە و جیاوازییەکی لە گەڵ خوێنەرانیتردا نیە.

## سروشتی تێگەیشتن (سرشت فهم)

یەکێك لە دژوارترین باسە ڕاڤەکارییەکانی «گادامێر» باسێکە لەبارەی سروشتی تێگەیشتن و کاریگەرێتی داب و نەریت (سنت) و پێشداوریەکان لە سەر ئەم چەمکە. لێرەدا هەندێ لە خاڵە تەوەرییەکانی (نکات محوری) ئەندێشەی «گادامێر» لەم زەمینەدا بە کورتی باس ئەکەین تا حەڵقەیەکی تر لە زنجیرە هێرمنۆتیکییە فەلسەفییەکانی ئەم بیرمەندە بخەینە بەرچاو.

### ١ . گرێدانی تێگەیشتن و کاربرد

بیرمەندانی سەردەمی رۆمانتیزم، رێیان بەم خاڵە بردبوو کە تێگەیشتن (فهم) لە شتێك، لە واقیعدا راڤەی ئەو شتەیە و هەر تێگەیشتنێکیش هەمیشە راڤەیە. لە روانگە گادامێرەوە، ئەوان گەرچی بەم راستیە گەیشت بوون، بەڵام نەیان دەزانی کە کاربرد، توخمی پێویستە بۆ پرۆسەی راڤەکاری. تێگەیشتن، راڤە و کاربرد پرۆسەیەکی تاك پێك دێنن. ئەم دیاردە لە بارەی زانستی هێرمنۆتیکی وتە (کەلام) و زانستی هێرمنۆتیکی حقۆقی (مافی) بە چاکی دەبینرێ. لەم دوو زەمینەدا، فەهم لە گەڵ (کاربرد) دا گرێ دراوە. کاتێك لە یاسایەکی حقۆقی تێدەگەین، بەم مانا نیە کە لەم دیاردە لە روانگەی مێژووییەوە تێدەگەین، بەڵکوو لە (کاربرد) ەکەی تێدەگەین. هەر وەها لە دەقە مێژوویی و ئایینییە کانیشدا جیا لە (کاربرد) ەکانیان تێ ناگەین. بەڵکوو فەهمی ئەم دەقانە، لە گەڵ (کاربرد) ەکانیاندا گرێی خواردوە و ئێمە ئەمانەوێ ئەم دەقانە بۆ

دەربازبوون و سەعادەتی خۆمان بە خزمەتیان بگرین.

مافپـەروەرێك هەمیشـە لـە گـەڵ (یاسـا) دا سـەروكاری هەیـە، بـەڵام ناوەرۆكەكەی پێوەندی لە گەڵ خاڵێكی تایبەتیدا دیاری دەكات. بە وتەیەكی تر لە یاسادا پێوەندی لە گەڵ كاربردێكی تایبەتی تێدەگات. ئەڵبەتە بۆ ئـەوەی كـە ناوەرۆكی یاسا دیاری بكات، ئەبێ زانیاریەكی دەقێقی لە مانای سەرەكی یاساكە هەبێ، بەڵام هیچ كات خۆی بە مانـای سـەرەكی و بایـەخی مێـژوویی یاسـاكە نابەسێتەوە، ئەوەی كە دۆزی سەرەكی كەسانێك كە ئەم یاسایانە پێـك هێنـاوە، چی بووە؟ ناتوانێ یارمەتی بەو بدەن. هەر یاسایەك وەك مرۆڤێك گەشە دەكـات و لە بەرامبەر دۆخ و هەل و مەرجی تازەوە، واتـای تـازە دەگرێتـە خـۆی. ئـەم واتا تازە لە گەڵ كاربردە جۆراوجۆرەكان كە یاسـا لـە هـەل و مـەرجی تـازەدا پەیدا دەكات، بەدی دێ.

## ٢ . تێگەیشتن وەك تێكئاڵاوی ئاسۆكان (امتزاج افق ها)

هایـدگر لـە كتـێبی «هەسـتی و زەمـان» دا، بـە شـێوەیەكی جیـاوازتر لـە بیرمەندەكانی دیكە لە سەر چەمكی «فەهم» راڤە دەكات و گادامێریش هەر ئەم راڤەكاری هایدگرەی، كردوە بە بنـەمای توێژینەوەكـەی خـۆی. بیرمەنـدەكان، فەهم وەك پێوەندی نێـوان مـرۆڤ و شـتەكان (اشـیا) چـاو لـێ دەكـەن، بـەڵام «هایدگر» تێگەیشتن (فەهم) بە چەشنێك لە «لـە ـ جیهان ـ بووندا، در ـ جهان ـ بودن» دەزانێ.

لە روانگەی «هایدگر» ەوە، هەر تێگەیشتنێگ بـە لـە چـاوكردنی شـتێك وەك شتێكی تایبەتی دەست پێدەكات. بە وتەیەكی دەقێق تر، ئێمە لـە سروشـتی شتێك (شیء) بە تەواوی و ئەو جـۆرە كـە هەیـە تێناگـەین، بـەڵكوو هەمیشـە تێگەیشتنی شتەكان پێوەندی لە گـەڵ وابەسـتەكان (تعلقـات) و دڵ مەشـغووڵی گەلێك كە هەمانە تێدەگـەین. بـە وتەیـەكیتری هایـدگر «بـۆ تێگەیشـتن ئێمـە ئیمكاناتی خۆمان (فەرافكەنی) دەكەین» یانێ شتەكان بۆ كـەڵك وەرگـرتن لـە

كاربردە تایبەتیەكان، ئامادە دەبینین. بۆ وێنە، ئەگەر كەسێك كەوتوەتە نێو چۆمێكەوە و بۆ دەربازبوون لە خنكان، بە شوێن ئامرازێكەوە بێ، لە واقیعدا وا بە دووی شتێكەوە كە لە ئەستۆی ئەم كارە دەربێ و لە گەڵ مەبەستەكەی ئەودا تەبا بێ. ئەو چێوێك كە وا بە بە سەر ئاوەكەوە بۆ ئەم مەبەستە، بە چاك دەزانێ. كە وابوو ئێمە ئەو چێوە لە پێوەندی لە گەڵ كاربرد و دۆزی تایبەتی ئەو كەسە دەزانین. بە پێی ئەم قەولە كە «تێگەیشتن (فەهم)، فەرافكەنی ئیمكاناتە» هەڵێنجاندنێك ترە لەم راستیە كە (فەهم) لە ئەساسدا لە گەڵ «كاربرد» گرێی خواردوە.

«گادامێر» لە بەرامبەردا باس لە پێشداوەری و پێش فەهم گەل دەكا. لە روانگەی ئەم بیرمەندەوە لە تێگەیشتنی هەر دەقێك، راڤەگەر بە پێشداوەری گەلێكەوە وە دووی دەقەكە دەكەوێ. زەین هیچ وەخت لە پێشداوەریەكان خالّی نیە. گادامێر گاهێ ئەم خالّە بەم وتە پیشان دەدات كە «مرۆڤ بوونەوەرێكی مێژووییە.»

چەمكی ئەم وتە ئەمەتە كە مرۆڤ سەروموڕ لە «ئاسۆ» دا ئەژێی كە لە پێشدا بە هۆی پێشداوەریەكان بێچمی تایبەتی بە خۆیەوە گرتوە، ئاسۆی ژیانی مرۆڤ دۆخێكی تایبەتیە كە پێشداوەریەكان لەودا رۆڵیان هەیە. مرۆڤ هەمیشە خۆی لە دۆخێدا دەبینێتەوە كە تایبەت بە خۆیەتی. بە پێی ئەم دۆخە ئاسۆیەك بۆ ئەو هەیە. بۆ وێنە مرۆڤەكان لە دەڤەرە جۆراوجۆرەكانی گۆی زەوی دا دەژین و هەر دەڤەرێك بۆ خۆی ئاسۆیەكی هەیە. ئاسۆی هەر دەڤەرێك، ناوچەیەكە كە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دەیبینن. گادامێریش دەڵێ: هەر مرۆڤێك لە دۆخێكی تایبەتی دا دەژێی. ئەم دۆخە لە پێشداوەریەكانی ئەو گیراوە. هەر دۆخێك ئاسۆیەكی هەیە، یانێ هەرێمێك كە تاك ئەوە دەبینێ. مرۆڤ ناتوانێ ئاسۆیەك بخاتە پشت سەر، بەم مانا كە هەنگاو بنێتە ئەو پەڕی و شتەكان بێ هەرێمێك دەرك بكات. بەڵام ئاسۆ دەگۆڕێ، هەروەا كە ئەگەر مرۆڤ لە رووی گۆی زەویدا

بگەڕێ، سەرووەڕ ئاسۆکانیشی دەگۆڕرێن، هەر وەها هەر چەند تەجروبـەکان و زانیاریەکانیشی فرەتر دەبن، ئاسۆی تێگەیشتنیشی دەگۆڕرێ.

گادامێر لـە حەقێقەتدا ئەم چـەمکەی «وێچـواندن بـە ئاسـۆ» لـە هوسـێرل (Husserl) وەرگرتوە، دۆزی واقیعی ئەو ئەمەتە کە هـیچ فـەهمێك بـێ پـێش فەهمـەکان، نایێتـە دی. لـە ئاکامـدا گـادامێر دەڵـێ کـە «فـەهم، تێکئاڵـاوی ئاسۆکانە»، بـۆ ئـەوەی راڤەگـەر لـە ئاسـۆیەکدا دەژی و دەقـیش بـۆ خـۆی، ئاسۆیەکی هەیە، و دیاردەی فەهمیش بـە واتـای تێکئاڵـاوی ئـەم ئاسـۆگەلـەتە. گۆڕاندنی ئاسۆکان بەم ماناتە کـە ئێمـە دەتـوانین دایـم لـە پێشـداوەریەکانماندا پێداچوونەوە بکەین.

گادامێر لە سەر ئەم خاڵە جەخت دەکا کە لە تەجروبەی مرۆڤانیدا، نێـوان دوو جەمسەر (قوتب) دژایەتی و کێش مەکێش وجوودی هەیە: لـە لایەکـەوە، رابردوو وەك واقیعیـەتێك کـە لـە تێگەیشـتنی ئێمـە لـە خۆمـان و لـە جیهـان رەنگدانەوەی هەیە و لە لایەکی ترەوە، هەلومەرجی تازە کە دایمەن وان لە ئـاڵ و گۆڕدا و ئێمە وا لێ ئەکەن کە لە واتای رابردوو پێداچوونەوە بکەین.

سەرچاوە:
متن از نگاه متن
عەلی رەزا قایمی نیا
چاپ اول پاییز ١٣٨٠

# ریكۆر و كەوان (قەوس) ی هێرمنۆتیكی

خول (دەور) ی هێرمنۆتیكی، بەو تەمەنە دێرینەو درێژخایەنەوە كە هەیـەتی، لــە ئەندێشــە و بیرۆكــەی «پـۆل ریكـۆردا (Paul Ricoeur) بـە چەشـنێكی بەرچاوترخۆی دەنوێنێ. ئەم خولە لــە هێرمنـۆتیكی «ریكـۆر» دا بـە «كـەوان، قەوس» دەگۆڕرێ و بەم جۆرە، ئەبێ لە جێی «خولی هێرمنۆتیكی» لە «كەوانی هێرمنۆتیكی» دبێژین.

بۆ چوونە ناو بۆچوون و پەیلواكەی «ریكۆر» دەبێ خاڵێك لە هێرمنۆتیكی «گادامێر» وەبیر بخەینەوە. «گادامێر» دەیگوت: شیكار (مفسر) لە گـەڵ بابـەتی دەق دەكەوێتە دیالۆگ و وتووێژ و شیكاری دەق، هێور و لە سەر خـۆ دەبێتـە هۆی یەكگرتنەوەی (همگرایی) نێـوان روانگـەی خوێنـەر و دەق و هاوسـەنگی نێوانیان. لە ئاكامدا، خوێنەر لە كـردەدا، شـیكاریی دەق دەخاتـە ژێـر ركێفـی خۆی و زاڵ دەبێ بە سەریا. «گادامێر» بە پێی ئەم وتە، ئەم رەگە گشـتییە بـاس دەكات كە هەر چەشـنە شـیكارییەك، دەرەنجـامی دەبێتـە هـۆی زەوت كردنـی (تصاحب و تصرف). لە هەر شیكارییەك دا، خوێنەر، لە سەر بنەمای تەجرووبە تاكییەكانی خۆی لە دەق تێدەگات.

«ریكۆر» لە هەمبەر ئەم خاڵە سەرەكیەدا، خاڵێكی دەگمەن دەخاتە روو: دەق، تەشكی سەقام گرتوو (تثبیت یافته) و بەسـتەڵۆكی (منجمـد شـدە) واچـە

(گوتار) ە. لە واچەدا، بێژەر لەگەڵ بەردەنگی حازردا، دەئـەخافێ. کـاتێ، ئـەم گوتـارە بەسـتەڵەکی و رچـاو و جێگرتـوو، دەبـێ یـانێ وەك «دەق» دەردێ، سەربەخۆیەکی تەواو پەیا ئەکا. لە گوتاردا، واچەر حازر و ئامادەیە، بەڵام دەق لە دانەرەکەی خۆی و مەبەستەکەی جیایە و سەربەخۆیە (تاقانەیە). هـەر وەهـا دەق لە بەردەنگی سەرزاری (شفاهی) یش سەر بەخۆیە. لە گوتاردا، بەردەنگی دەمگۆیی (شفاهی) لە ئارادایە، بەڵام لە دەق دا، بەردەنگی (شـفاهی) لـەکاردا نییـە. بـەڵام خوێنـەری هەیـە. لەگـەڵ ئەمـەدا، ئایـا دەق بـە خوێنـەر و پـێش فەهمەکانی ئەو پێوەندی هەیـە ؟ خـاڵی دەگمـەن کـە ریکـۆر دەیخاتـە بەرچـاو ئەمەتە: کە دەق لە هەمبـەر خوێنـەردا سـەربەخۆیە" بـەم واتـا کـە بـە گشـتی رێیتێدەچێ (امکان پذیر است)کە واتای دەق لەگەڵ واتایەك کە خوێنەر لە سـەر دەق دەیسەلمێنێ، هاوچەشـن و هاوسـەنگ نـەبن. کـە وابـوو هێرمنۆتیـك نـابێ ئەگەری هەڵەی خوێنەر لە تێگەیشتنی دەقدا بەرچاو نەگرێ.

«سەربەخۆیی دەق لە حاست خوێنەر» بە مانای وەلاوە نانی سەر چەشـنی (دیالۆگ) ە کە گادامێر لە سەری جەختی دەکرد. ریکۆر ئەیـەوێ ئـەم گۆشـە نیگای گادامێرە، کە کرداری خوێندنەوەی دەق بە مانای زەوتکردن و وەرگرتن (تصاحب و تصرف) ە، بپارێزێ و رەوشێك بۆ هەڵاوردنی تێگەیشتنی درووسـت لە نادرووست بدۆزێتەوە.»

خـاڵێکی گـرنگ کـە ئـەبێ چـاوی لـێ بکـەین ئەمەیـە کـە دەق وەك راگەیەنراوەیەکی نووسراو وایە، سەربەخۆ وجوودی هەیە. ئەگەرچـی دەق لـە خوێندنەوەدا، دەبێتە مڵکی ئێمە و ئێمەیش بە خوێندنەوەی، پانتـایی دەق زەوت دەکەین، بەڵام دووبارە دەق هی ئێمە نییە و پلاتفۆرمێکی زمانی تایبەتی هەیە کە هی ئێمە نییە. پێکهاتەی زمانی دەق، مەودایەك نێوان ئێمەو دەقدا بەدی دەهێنێ. پێکهاتـەی زمـانی دەق، مانـای دەقەکـە بـەدی نـاهێنێ، بـەڵام تـوخمێکی حاشـا هەڵنەگری لە مانای دەقەکەیە.

بۆ راڤەی ئەم خاڵە دواییە، «ریكۆر» روو دەكاتە باسێك لە فەلسەفەی زمانی ئاستین (Austin). لە روانگەی «ئاستین» هەر گوتە بێژێك هاوسەنگ لەگەڵ وتەكەیدا، كارگەلێك ئەنجام دەدات كە پێیان دەگوترێ: «كارەواچەییەكان» (افعال گفتاری):

هەوەڵین كارێك كە گوتەبێژ (گوینده) ئەنجامی دەدات ئەمەتە كە رستەیەكی واتادار لە زبانێكی تایبەت بەیان دەكات. ئاستین بەم كارە، كاری گوتار یان بە لفتێكی دەقیق تر كاری نەفس گوتار (فعل نفس گفتار) ناودێری دەكات.

دووەمین كار كە گوتەبێژ ئەنجامی دەدات ئەمەتە بە بەیانی رستەكەی، چەمكێكی (مضمون) تایبەت بە بیسەر، راگوێز دەكات" وەك ئەمر، نەهی، ئەخبار و هتد... بە وتەیەكی تر، رستەیەك كە گوتەبێژ بەیانی دەكات، واتایەكی تایبەتی هەیە. ئەم (كارە) ە پێی دەڵێن: كاری (ضمن گفتار) لە گەڵ گوتار" بۆ وێنە، ئەگەر واچەرێك بڵێ «درگاكە ببەستە» چەمكی رستەكەی ئەمرە (تێخوڕاندن) ە. ئەم تێخوڕاندنە، كە لە ئاستی ئەم رستە هاتە دی، كاری گوتەبێژە.

سێهەمین كار كە گوتەبێژ ئەیكات ئەمەیە كە بە گوتارەكەی كارێك بە بە بەردەنگ دەسەلمێنێ، بۆ وێنە لە نموونەی پێشوودا، بە وتەكەی، وایكرد كە بیسەر، درگاكە ببەستێ. بەم كارە دەڵێن «كاری دوا گوتار»، چوونكای فرمانێكە هاوتەریی وتەكە.

«ریكۆر» بە چاوكردن لە تیۆری «افعال گفتاری، فرمانەگوتەییەكان» دەڵێ: دەق هەم رەهەندی (لەگەڵ گوتار) و هەمیش رەهەندی فرمانی دوا گوتار (بعدگفتار) دەگرێتە خۆی.

دەق پێكهاتە و فۆرماسیۆنی نیشانە و واژەكانە. لە رەهەندی فرمانی لەگەڵ گوتاردا، دەبێ مانای دەق لە نێوان تان و پۆی ئەم نیشانەگەل و واژەگەلانا، بدۆزرێتەوە" ناكرێ ئەم واتا لەگەڵ دۆزی دانەردا یەك بزانین. بەڵام دەق لەگەڵ

دۆزی گوتاربێژدا پێوەندی هەیە، هەر وەهایش لەگەڵ کاردانەوەیەك کە دەق لەسەر بیسەران دادەنێ، پێوەندی هەیە، گەرچی ئەو کاردانەوەی لەسەر بیسەران دای دەنێ یەکچوون نییە.

ریکۆر واتای دەق بە سێ رەهەند (بعد) دەزانێ یان بە چەشنێکی تر، چنراوەکەی (فۆرماسیۆن) ی لە سێ رەهەند دادەنێ. کە بریتین لە:

رەهەندی گوتار، رەهەندی لەگەڵ گوتار و رەهەندی دواگوتار

«رەهەندی گوتاری» بە دەستەواژەگەل و رستەگەلێکەوە پێوەندی هەیە کە لە ناو دەقدا بەکاربراون.

«رەهەندی لەگەڵ گوتار» هەمان دۆزی دانەرەکەیە و «رەهەندی دوا گوتاری دەق» یش کاردانەوەی دەقە لەسەر بیسەران و بەردەنگان.

وشەگەل و رستەگەلێك کە دانەر لە دەق بە کاریان ئەهێنێ ئەبێ لەگەڵ دۆزەکەی هاوسەنگ بن. وێڕای ئەمە، تەنیا ئەبێ ئەو زەوت کردنەتاکیانە (تصاحب های شخصی) ـ یانێ ئەو فرمانە دواگوتاریانە ـ بە دروست دەزانرێن و کە مافی رەهەندی گوتاری دەقیان دابین کردوە. ئەو سێ رەهەندە لە مانای دەقدا بە شێوەی زەنجیری و یەکانگیر لەگەڵ ویدا بەستراونەتەوە و دەبێ لەگەڵ یەکدا چاویان لێ بکەین.

ریکۆر پاش روونکردنەوەی ئەو خاڵە، روو دەکاتە خاڵێکی تر کە لە سەردەم «دیلتای» دا کەوتبووە سەر زاری بیرمەندانی هێرمنۆتیکەوە. «دیلتای» لە بارەی جیاوازی و دژەمانایی زانستە سرووشتییەکان (**علوم طبیعي**) و زانستە مرۆڤییەکان (علوم انسانی) دا ئەم گوتە تازەیە درکاند کە «زانستە سرووشتییەکان بە وەسف و روونکردنەوە (تبیین) و زانستە مرۆڤییەکان بە تێگەیشتن (فهم) سەر و کاریان هەیە.» لە زانستە سرووشتییەکان، بیرمەندان هەڵەتەن لە دووی روونکردنەوەی دیاردە سرووشتییەکان، بەڵام بیرمەندانی زانستە مرۆڤییەکان وان لە دووی تێگەیشتنی کاروباری مرۆیی، بۆ وێنە

فیزیکزان ئەیەوێ بزانێ کە بۆ ئاسن لە گەرمادا باز (منبسط) دەبێ، ئەو ئەیەوێ هۆکاری ئەم دیاردە پەیدا بکات، بەڵام کۆمەڵناس ئەیەوێ لە رەفتارە سۆسیایی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ تێبگات.

بە باوەڕی ریکۆر، ئەم جیاوازییەی کە دیلتای خستیە بەر باس و شرۆڤە، بۆ زانستییە مرۆڤییەکان پاشهاتێکی چاکی بووە و هاوکات دەتوانین ئەو دوو رەوشە لەم زانستانەدا بە کار ببەین. بەم جۆرە ئەو تێدەکۆشێ بە شێوەیەك دژایەتی و ناتەبایی نێوان ئەو دوو رەوشە لە ناو ببات و ئەو دوو رەوشە لە پرۆسە هێرمنۆتیکەکەی خۆیدا بە کار ببات.

هەر راڤەکارێك بۆ ئەوەی لە دەقێك ـ بۆ وێنە ـ تێ بگات، بنەمای ئەو دەقە شیکاری دەکات. شیکاری بنەمای دەق، چەشنێك روونکردنەوەیە (تبیین) و قۆناغێکی ناچارەکییە لە راڤەی دەق. لەم قۆناغەدا، بنەمای دەق و پێوەندی بەشەکانی، لێکدەردێتەوە. ریکۆر، روونکردنەوە (تبیین) بە قۆناغی شیکاری پێکهاتەی دەق تەرخان ئەکات.

لە پرۆسەی راڤەکاری دەقدا، بە چاوگرتە لە سێ رەهەندی واتای دەق، سێ قۆناغی جیاواز دینە پۆلێن کرن:

روونکردنەوە (تبیین)، تێگەیشتن (فهم) و زەوت کردن (تصاحب).

«روونکردنەوە، تبیین»، باس کردن لە سەر بنەمای (دەق) ە. بە شێوەیەکیتر، روونکردنەوەی رەهەندی گوتار و ناوەرۆکی واژەکان و رستەکانی «دەق» ە.

تێگەیشتن (فهم) ـ بە واتای تایبەت (لەگەڵ روونکردنەوەی واتا ـ بە واتای تایبەت ـ هەڵسووکەوت دەکات. مەبەست لە «مانا، مانا ـ بە مانای تایبەت ـ مانایەکە کە مەبەستی دانەر لە دەقەیە. «تێگەیشتنی دەق» ـ بە مانای تایبەت ـ تێگەیشتن لە واتایەکە کە مەبەستی دانەرەکەیە. ئەم واتا لە بەرامبەر چەمك (مفهوم) دەوەستێ. «چەمك» ی دەق، واتایەکە بۆ خوێنەرێکی تایبەتی. ئەم سێ

قۆناغە لە شوێنیەك (ریزبەند) خۆدەنوێنن، سەركەوتنی هەر قۆناغێك لكاوە بە دروستی قۆناغی پێشووە" یانێ تەنها لەسەر روونكردنەوەی دەقیق لە بنەمای دەق دەتوانین هیوا ببڕین لە تێگەیشتنی دەقیقی دۆزی دانەر، تەنها كاتێك لە دۆزی دانەر تێدەگەین، كە بە چەشنێكی سوودبەخش بتوانین چەمكی دەق لە پێناو بەرژەوەندی ژیانی خۆمان، زەوت بكەین.

كەوابوو نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین كە لە روانگەی ریكۆر نێوان سێ رەهەندی واتای دەق و سێ قۆناغی راڤەدا پێوەندی دەوری هەبێ، بەڵكوو ریكۆر پێوەندی ئەوان وەك «كەوانی هێرمنۆتیكی» ناو دەبات. دەتوانین ئەم كەوانە وەك پردێك بزانین كە پاڵپشتێكی «دەق» و پاڵپشتی تریشی پانتایی ئەزموونێكی زیندووە.

كەوانی هێرمنۆتیكی بە دووجۆر خوی دەنوێنی:






بۆ چ نابێ پێوەندی دەوری (خولکی) قبووڵ کەین و بە جێگەی ئەو لە «کەوان» قسە بکەین ؟ وڵامی ئەم پرسە لە کاری راڤەدا، کارێکی بێ پایان و بێ سنوور نیە، بەڵکوو هەمیشە لە شوێنێدا دەگیرسێتەوە. ئەڵبەتە ریکۆر خولکی (کەوان) هێرمێنۆتیکی کە شلایرماخێر گەڵاڵەی کردبوو رەت ناکاتەوە. ئەو کۆکە لەگەڵ شیکاری شلایرماخێر لە پرۆسەی ئەرێنی یا نەرێنیدا، کە لە هەمبەر مانای دەق کە پێشتر باسمان لە سەر کرد. ئێمە بۆ مانای دەق لە سەرەتادا لە رێگەی پێشگۆییگەلی سەرەتاییەوە دەست پێدەکەین. ئەم پێش گۆیی سەرەتاییانە، بەستێنەیەکی سەرەتایی بۆ ئێمە بەدی ئەهێنن تا لەودا، واتای واژەگەلی دەقەکە هەڵبسەنگێنین. بەڵام پاش ئەم پێش گۆیی سەرەتاییانە، توێژینەوەگەلێك لەبارەی واژەکانی دەق کە دێتە ئاراوە و لەم رەوتەدا، پێدەچێ تەییدی هەمان پێش گۆییە سەرەتاییەکان بکەین ویان رەتیان بکەینەوە و بیانخەینە لاوە.

بەم جورە، پرۆسەی راڤە، کاردانەوەی دوولایەنەی دیالکتێکی نێوان پێشگۆیی و تەیید دێنێتە ئاراوە. ئەم کاردانەوەی دوولایەنە، ئێمە بەرەو تێگەیشتنی دۆزی دانەرەکە، نزیك دەکاتەوە.

دانەرێك کە ریکۆر بەرچاویەتی لە جۆری مرۆڤ نیە. «گادامێر» و دیترانیش بۆ رەخنە لە سەر دۆزی دانەر زۆر تێکۆشاون. بەڵام ریکۆر دۆزی دانەرێ کەلەجۆری مرۆڤ بێ و دەقەکەی دانابێ، لە بیرۆکەی ئەودا نیە، بەڵکوو ئەو شتەی لەبەر چاویەتی، بەیەك مانا، خودی دەقەکەیە، بەم سەر دێڕەی کە دەق زادە و بەرهەمی دانەرێك بزانرێت.

دانەر، ئەندازیاری دەقە، و دۆزێك کە دانەر وە دووی دەکەوێ، دۆزێکە کە لە ئەفراندنی دەقەکە کاردانەوەی هەبووە. ئەم دۆزە دەبێ راڤەکار بیدۆزێتەوە، نە لە رێگەی کاری شهوودی رەوانی، بەڵکوو لە رێگەی توێژینەوەیەکی رەوشمەند و وردبینانەی فۆرماسیۆنی دەقەکە. بەم شێوە، دانەرێك

کە بە سەر دەقەکەدا دەسەڵاتی هەیە، دانەرێکی واقیعی نییە، بەڵکوو دانەرێکی (ضمنی) یە کە لە دەقەکەدا هەبوونی هەیە.

دانەری (زمنی) لەگەڵ دانەری واقیعی دا جیاوازی هەیە. لە بوارێکیتردا، دانەری (زمنی) هەمان دانەری واقعییە، بەڵام لە لایەکیتردا، لەگەڵ ئەودا، جیاوازی هەیە. دانەری (زمنی) هەمان کەسێکە کە دەقەکەی نووسیوە، بەم مانا کە هەبوونی دەق پێداویستی بە هەبوونی دانەرێکە کە بڕیاری داوە لە ڕێگەی دەقەوە لەگەڵ دیتران بپەیڤێ. بەم شێوە، دانەری (زمنی) عەینی دانەری واقیعییە. لە لایەکی ترەوە، دانەری (زمنی)، لە هەستگەل، حاڵەتگەل و بیرکردنەوەی دانەری واقیعی، کە دەبێ مرۆڤێك بیێ" بێ بەرییە. مەبەست لە «راڤە» دۆزینەوەی دۆزی دانەری (زمنی) یە. لەم ڕۆوە، دەبێ بە تەواوەتی لە توێژینەوەی حاڵاتی ڕەوانی دانەری واقیعی چاوبپۆشین.

هەرکام لەم بۆچوونە هێرمنۆتیکیانە، کە بە کورتی، باسمان لەسەر کرد، دەربڕین گەلێکی جۆراوجۆریان لە دەوری هێرمنۆتیکیدا هەبووە، و ئاکامگەلێکی ڕەنگاوڕەنگیان بە بار هێناوە. دیمەنی گشتی کەوانی هێرمنۆتیکی لە هەرکام لەم بۆچوونانەدا، بە شێوە یان شێوەگەلێکی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ.

سەرچاوە:
متن از نگاه متن
ن: عەلیرەزا قایمی نیا

# سەرەتایەك بۆ
# سەرهەڵدانی چەمکی
# جوانی ناسی هونەری

وشەی «جوانی ناسی» یان «علم الجمال» بەو چەشنە کە لەزمانی فارسیدا باوە، هاوواتای،وشەی «Aesthetices» بەکار براوەو لەدارشتنێکی قووڵی فەلسەفیەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەڵگری ئەرکی دۆزینەوە و پێناسەی واتای چەمکی جوانی و رەهەندەکانی ئەم دیاردەتە. ئەگەرچی بیرمەندانی رابردوو، لەبنەڕەتدا، واتای ئەم چەمکەیان شتێکی پەیوەندیدار بە" هەستەکانەوە دەزانی، و جەختیشیان لەسەر رۆڵی ناسین و ماریفەت بەخشی ئەم دیاردەیە دەکرد، بەڵام بەم حاڵیشەوە جوانی ناسی وەك چەمکێکی رێڕەومەند و جیاواز لەزەمینەی زانست و فەلسەفەدا، تا ناڤینی سەدەی هەژدە، بەقوتابخانەیەکی تاکی و سەربەخۆ نەدەژمێررا و پێمۆرکی تایبەتی پێوە دیار نەبوو. بیرمەندان و فەیلەسووفانی رابردوو، راڤەبابەتیەکارییەکانی خۆیان لەسەر «جوانی و هونەر» بەشێوەی تەنیشتی و لاپوازی، ئەنجام دەدا. ئەگەرچی لەزەمینەی «مێتافیزیك، ماریفەت ناسی، سیاسەت و ئاکار ـ ئەخلاق ـ»دا لە رووبەرێکی بەرفراوانی فیکریدا چالاکییەکی زۆر نواندرا، بەڵام بەچاوێکی لاوەکی و غەیر سەرەکی دەیان روانییە چەمکی" جوانی ناسی. لە ناڤینی سەدەی هەژدەدا، «ئەلێکساندێر بۆمگارتێن» واتایەکی نوێی بۆ ئەم وشە دەست و پێ کرد و خستیە سەر هێڵێکی

سەرراست و رێڕەودار. ئەم نووسەرە" جـوانی ناسـی" لـە ڕەهەنـدی بابـەتێی و بەرچـاوێی و عەینیـەت (هەسـتەکان) گواسـتیەوە بۆسـەر واتـای نـاوەرۆکی و ناخەکی" جوانی و هونەر. بەم جۆرە واتایەکی تاکی و بایەخداری بـەم دیاردەیـە بەخشی.

لـەروانینی «بۆمگارتێن» دا، تێڕامانی مرۆڤ بۆجیهان: سـێ ڕەهەنـدە: حـەق، چاکە (نیك) و جوانی. دەیکوت: لـەحاسـتی جوانیـدا کۆتـایی کـراوە و جـوانی ناسی بەدەستیکەم و بێ بایەخگیراوە.

بیرمەندانی رابردوو، واتای «حەقیقەت» یان بە «چاکە» یان، لێك دەدایەوە و ئاکاریشیان (ئەخلاق) بەهەمان پێوەری هەڵاواردنی «چاکە و دزێـو» دەزانـی. پێویست بوو، لەسەر ڕەهەندی تـری حـەق واتـە" جـوانی ئەوچـەمکە، بـاس و خواس و شیکاری و تێفکرینی زۆرتر بکردرابا و چەمکێکی تری فەلسەفی بونیات بنرابا، تا بەم پێودانگە، دزێو لەچاکە بپاڵێورابا.

ئەمە، کـە بـۆ تـاپێش لـەناڤینی سـەدەی هـەژدە، بیرۆکـەی پـۆلێنکردن و هەڵاواردنی چەمکی" جوانی ناسی نەکەوتە نێومێشـکی بیرمەنـدانی ڕۆژئـاواوە، باسێکی ئاوهەڵگرە و پێویستی بەراڤەکاری و تێڕامانی زۆرتر هەیە.

«ئیفلاتوون» بەپێچەوانەی فەلسەفە کە بۆی حەقێقەتێکی باڵا و ترۆپکـدار بوو" شیعر وشاعیری بەدیاردەیـەکی نـاواقیعی و پلەیـەکی نـزم، زۆر لـەخواری فەلسەفەوە، دا دەنا و تەنانەت شـاعیرانی لـە «ئوتوپیـای خـەیاڵی و جمهـووری خۆی» خۆی قوتار دەکرد.

«ئەرەسـتوو» بەمەبەسـتی توێـژکاری «شـیعر و درام» ــ نـە بەمەبەسـتی شـیکاری فەلسـەفەی هونـەر و جـوانی ناسـی ـ لـەبارەی «بووتیقـا و شـیعر و شاعیری» یەوە، کتێبێکی سەربەخۆ و جیاوازی نووسی.

ئەمە کە جوانی" چلۆن دەبێتە بەردی بناغـەی ئەندێشـەیەکی سـەربەخۆ و رێڕەومەند و جوانی ناسی وەك چەمکێکی نوێباو سەردەکەوێ، باسێکە کە دەبێ

بنچـك و سـەرهەڵدانەكەی لـە هـزری بیرمەنـدانی رۆژئـاواوە بدۆزینـەوە و چـلوّنایەتی ئـەم بزاڤـە لەسـەدەكانی نـاڤین (قـرون وسـطی) بـەدواوە، بـزانین: لەسەرەتای خولـەكانی نـویّ لـە فەلسـەفەی رۆژئـاوادا، لەویّـدا كـە ئیپیسـتمە (معرفت) و جووڵەی مەعریفی، كەسێتی پەیا دەكاو پرۆسەی بەرجەستەی زەیـن (Subgect) لەبیرۆكەی «می اندیشم پس هستم» دا واتە: بیردەكەمەوە كـە وا هەم، شكلّ دەگریّ و خۆی دەنویّنیّ. لە روانگـەی «دكـارت» دا پـێش گـرتنی زانیاری (تقدم آگاهی)، بەردی بناغـەی بیرۆكـەی فەلسـەفییە. نەفسـی بیرمەنـد (Cogito) لەلایەكەوە، ئوبـژە (Obgect) یـش ـ متعلـق اگـاهی ـ لەلایـەكی ترەوە. هەر وەها لەرەهەندی فیكری «كانت و هیّگـل» دا بیرۆكـەی پێشـگرتنی زانیاری و رەسەنایەتی زەین (اصالت ذهن) هەست دەكریّ. «دكـارت» چـەندان باوەڕی بەزانستی جوانی (جمال) نییە، بـەڵام پـاش ئـەم بیرمەنـدە، ئـەم چـەمكە فیكریە لـەرێگەی ئەندێشەكانی: «كانت و شیلێر» ەوە لـەپانتایی هەسـتخوازیدا (حس گرایی، Sensuousness) سەری هەڵدا و دەسـەڵاتی عـەقلّ وئـاوەزی خستە ژێر گوشار ومەترسییەوە.

«كانـت» بـە رەخنـەگرتن لـەهێزی داوەری (قـوە داوری)، لـەواقیع دا، هەوەڵین بیرمەنـد دەژمێـرریّ كـە بڕیارەكـانی «جـوانی ناسـی» هاوسـەنگ بـە بڕیارەئاكاریەكان (ئەخلاق) دەزانیّ، بـەڵام نـە نـاوێكی لـە زانسـتی هەسـتەكان (حەواس) ـ بە واتا كۆنەكەی ـ برد و نە لەبارەی زانستی جوانییەوە هاتە گۆ!

«هێگل» ئەم چەمكەی هێنایـە نێـو دەزگـای مـەزنی فەلسـەفی خۆیـەوە و پلەیـەكی بـەرزی پێبەخشـی: جـوانی: «رووناكییـەكی كامڵـە یـان وێنەیەكـە لەودیوی پەردەی نادیاری جیهـانی دەرەكـی». و «تـەنیا هونـەرە كـە بەراسـتی جوانە» چوونكای هونەر خولقێنراو لە رۆحە».

«ماركس وئەنگێڵس» بریسـكایی جـوانی كامڵیـان لەعاسمانـەكان كێشـایە

خـواریٚ و خســتیانە نیّـودڵی جیهـانی دەرەکـی و ژیٚـر دەســەڵاتی مرۆڤــەوە. بەپیٚچــەوانە، «سووررِئالیســتەکان و ئـۆگرانی تیـۆری هونـەر بـۆ هونـەر» ئـەم چەمکەیان کرد بەنواندنگەی رۆیاکان و جیهانی ناوەکی و دنیـای بـیٚ ئاگـایی و لاشعوور...

ئەم چەمکە ئەمرۆژە دووچاری قەیران و سەرلیٚ شـیٚواوی تایبــەتی بـووە و لـەم سەدەی بیستەمەدا روخساری هەمــە چەشـنـەی لــیٚ دیـتراوە. لـەلایەکـەوە، لـەلایەن هۆگرانی ئوردووگای «مۆدیٚرنیزم» ەوە بە چـالاکی ئازادانــەی زەیـن و ئەفرانــدنی خــەیاڵ، هەرچەشــنە چـالاکی لــۆژیکی عــەقڵ، رەت کراوەتــەوە، لـەلایەکی دیکەوە، بووەتە کەرەسەیەك لـەخزمەت ریٚکخراوە ئایدیۆلۆژیکیەکان، بۆ بەردەوامی چەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و ملهوری زلهیٚزەکان.

وەك هەر ریٚبازیٚکی فیکری تر دەبیٚ بنەمای ســەرهەڵدانی تیـۆری «جـوانی ناسی» نویٚ، پەیوەند بە بزاڤی هزری «هیٚگیٚل» ەوە بزانین. پـاش ئـەم بیرمەنـدە، لـەلایەکەوە لــە جەرگــەی فیکـری بیرمەنـدانی «ئیٚگزیستانســیالیزم» (کـی یـر کــەگور، هایدگــەر، ســارتر و یاســپرس و...) و لـەلایــەکی تــرەوە لــەتیۆری مارکسیستەکان، ئەندیٚشـەی «لوٚکاچ» و ئەندامانی «قوتابخانەی فرانکفـۆرت» ، بەتایبەت لـەم بۆچوونەی دواییدا، وەك بابەتیٚکی مەوزووعی و شیاوی تیٚفکــرین، کەوتوٚتە ژیٚر بــاس و تویٚژینــەوەی هەمەلایەنــە. بەچـاو نووقانــدن لــە بۆچــوونە تویٚژکارانەی «پۆزیتیویستەکان» لـەبارەی جـوانی ناسـییەوە، تــەنیا ئــەم دیـاردە، لـەدەقی دارِشتنی زمان و شـیٚوەی کــاربردی واژە و رواڵــەتی گــوزارە و میزانـی تویٚــژکاری و ئیعتبــاری لـــۆژیکی گـــوزارەدا دەنـــرخیٚنن. هیٚشـــتا جڵـــەوی ئەندیٚشەکانی" جوانی ناسی وا بەدەســت دوو قوتابخانــەی «ئیٚگزیستانســیالیزم و مارکسیزم» ەوە.

«مارتین جەی» لـەکتیٚبە خەیاڵی وجەدەلیەکــەی خۆیـدا، کــە تــەژی بـەم قوتابخانەتە، باس و لیٚکۆڵینەی هەمەلایەنەی کردووە، لـە بەشـیٚکی ئــەم کتیٚبــەدا

لەبارەی سەرهەڵدانی قوتابخانەی «فرانكفۆرت» لەقەولی «جۆرج ئیشتاینێر» ەوە، دەنووسێ: رەخنەی جوانی ناسی «ماركسی» لەدوو سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە، سەرچاوەی گرتووە و بەشێوەی گشتی دوو رێگای جۆراوجۆری بڕیوە.

**لەبارەی «پۆزیتیویستەكان»**

رێگای ئەوەڵ، لەنووسراوەكانی «لنین» دا لەبارەی «هونەر و ئەدەبیات» سەری هەڵداوە كەپاشان لەلایەن «ژێدانۆف» ەوە لە كۆنگرەی نووسەرانی شۆرەویدا لەساڵی ١٩٣٤ «كودبەندی» كراوە، بەپێی ئەم پۆلێنە تەنیا ئەو دەستە بەرهەمە ئەدەبیانە بایەخدارن كە پیشاندەری پێشمەرگایەتی و رۆڵی پارتیزانیگەری سیاسی بن و وان لەخزمەتی بەرژەوەندی سیاسی و ئامانجی حیزبایەتیدا. لنین وای دەزانی ئەم مەنهەجە ئەدەبیە، دەبێتە هۆكارێكی كاریگەر بۆ سەركوتكردنی فورماڵیسم (شكڵ گەرایی) هەست پێكراو لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا. ئەم بزاڤە ئەدەبیە پاش بڕینی رێگای پڕپێچ و خەم و تەنگەژەی زۆر، ئاڵ و گۆڕ بە سەریدا هات و بوو بەنەریتێكی وشك و بێ بایەخ بەناو «قوتابخانەی رێئالیزمی سۆسیالیستی ئیستالینی».

رێگای دووەم، كەزۆر پڕبارتر و بەرچاوترە، لەدەقی نووسراوەكانی «ئێنگێڵس» دا بەدی دەكرێ كە ئەم بیرمەندە بایەخی كاری هونەری و رادەی كاردانەوەی كۆمەڵایەتی و مەبەستە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەكانی دانەری بەرهەمەكەی لێكهەڵاوارد و زۆرتر لەسەر رادەی گرینگی كۆمەڵایەتی بەرهەمەكە جەختی دەكرد. «ئێنگێڵس» لەو باوەڕەدا بوو كەناوەڕۆكی كۆمەڵایەتی و بابەتی بەرهەمەكە، پێدەچێ بەپێچەوانەی مەبەستەقووڵەكانی هونەرمەند، شتێك بێ، جیاواز لە بنەمای چینایەتی دانەرەكە.

رێگای دووەم، لەلایەن زۆربەی بیرمەندان و رەخنەگرانی غەیر رووسییەوە، رەچاوكراوە و ئەم رێبازە لەلایەن «مایكڵ كرۆز» ەوە بە «پاراماركسیست»

نێودێرکراوە. لە پارامارکسیستەکان دەتوانین: لــە «ژان پــول ســارتر و لۆســین گوڵــدمن لەفەرانســە، ئێدمونــد وياســۆن و ســيدنی فينكلشــتاين لــەئامريكا و ئەندامانی قوتابخانەی فرانكفورتی ئاڵمــان: هۆرکهــايمێر و ئــادۆرنۆ و بونيــامين و مــارکووزە و ئێرنێســت بلــۆخ و لەئەنــدامانی لاوتــر: هابێرمــاس» نــاو ببــەين. لەروانگــەی «ئێشــتاينێر» ەوە چارەنووســی «لۆکــاچ» جيــاوازترە. لۆکــاچ بيرۆکەيەکی پێچراوە و هەمەلايەنــەی هەيــە کــە کاردانــەوەی، کــەم تــا زۆری لەسەر هەموو ئەو بيرمەندانەدا هەبووە. جگە لەميشە، لۆکاچ نێوان مارکسيستە ســەلەفيەکان و پارامارکسيســتەکان، رۆڵــی ناوجيکــەر و داوەری هــەبووە و تێکۆشاوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشايی نێوان ئەو دوو رەهەندە فيکرييە.

سەرچاوە:

پێشەکی کتێبی بعد زيباشناسی،

هربرت مارکوزە،

ن: داريوش مێهرجۆيی

# چمكێك لە بارەی
# كورتیلە چیرۆك

ئەگەرچی لـە سەرەتای نیوەی یەكەمی سـەدەی بیسـتەمدا، نووسـەرگەلێك وەكوو: «رۆبێرت والزێـر، فـرانتس كافكـا و بێرتۆلـت برێشـت» لــە بـواری كورتیلـە چیرۆكدا بەرهەمگەلێكیان خولقاند و راڤەگەران و رەخنـەوانانیش بـە تام و چێژێكی ئەو تۆوە لـە سەر ئەو بەرهەمانە، راژەیان دەكرد، بەڵام بە داخەوە ئەم شێوە چیرۆكە، نەیتوانی تۆوی هۆگری لـەناو دڵی خوێنەراندا بچـێنێ و وەك دیاردەییێكی نوێكاری دانووستاندنی لـە سەر بكرێ و رۆحی بەردەوامی بەخۆیەوە ببینێ.

پـاش سـاڵەكانی ١٩٤٥ كۆتـایی شــەڕی ئـەوەڵی جیهـانی، نووسـەرە ئاڵمانییەكانی ئەم شێوە هونەرییە، هانایان برد بۆ موتیڤگەلێك وەك: «برسییەتی و شەڕ» پاش ساڵی ١٩٥٠ باسی گەشەی ئابووری بوو بە باوێكی چیرۆك بێژی. ساڵی ١٩٥٥ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەدەبی «ئاكزێنێـت AKZENET» لـە ئاڵمان، چیرۆكگەلێكیان نووسی كە لـە دوو دێڕ تێپەڕی نەدەكرد و پـتر وەك پەخشانە شیعرێك خۆی ئەنواند و كاتی خوێندنەوەكەیشی تـەنیا یـەك دەقێقـەی ئەخایاند. ئەم شێوە دارشتنە لـە پانتایی چیرۆك نووسیدا سـەرنجی زۆربـەییێك لــە خوێنەرانی بەرەو لای خۆی راكێشا. ساڵی ١٩٦٤ «پێتر بیكسـۆڵ Peater Bichsol» بە هۆی نووسینی كوتیلێ چیرۆكی «لـە راستیدا خاتوو بلووم ئەیـەوێ لـە گەڵ شیرفرۆشدا ئاشنا بێ» خەڵاتی گرۆی (٤٧) ی وەرگرت.

شـــێوازی نووســـەرانی دەورانـــی رئـــالیزم بەرەبـــەرە، بـــەرەو شـــێوازی دەروونشیکاری هەڵکشـا و ئـەم بۆچـوونە سـایکۆلۆژییانە ڕێگـای بـۆ ڕێبـازی سووررێئالیستی ئەدەبی، کە تێڕوانینی ناوەکی دیاردە دەرەکییەکانی سروشـتی بـە ئەستۆوە گرتبوو، هەموار کرد. لـە جیهانێکدا کە بەستنەوەی خوێنەر بە یەك بـیر و بۆچوون و روانگە، لـە لایەن چـیرۆکەوە نـاتوانێ ببێتـە هـۆی ئـاڵ و گـۆڕی ناوەکی و ورووژاندنی هەست، گەڕانەوە بۆ «من» و تاکە ئەندێشەییەکانی مرۆڤ کە بۆ چرکەساتێك لـە زەیـن و مێشـکدا رادەبـووری، تـەوەرەیێکی پتـەوە بـۆ داهێنان و خولقاندنی چیرۆك. بەم هۆیەوە ئەڵێن: کورتیلـە چیرۆك ئەتوانێ وزەی خۆی لـە شەپۆلـە زەینییەکاندا بدۆزێتەوە و لـە ناو کـەش و هـەوای چرکەسـاتە ختووکە هێنەرەکانی نووسەردا گەشـە و نەشـە بکـات. ئەگەرچـی چرکەسـاتە زەینییەکانی «من» ی نووسەر نەیتوانیوە لـە پانتایی رەخنەی کۆمەڵایەتی و راڤەی سیاسی غافڵ بێ" بەڵام وەك گوزارشـت و ڕێپورتـاژ نـەیتوانیوە خوێنـەر بـەرەو کاری سیاسی و گەشەی پەیوەندی نێو نەتەوەیی ببات و تەشەنە بکات. سـیمای شەپۆلـە زەینییەکان لـە ئاوێنەی کورتیلـە چـیرۆکدا، پـتر لــە قاڵــب و قـاوغێکی شاعیرانەدا خۆی دەبینێتەوە، چوونکا ئەم حاڵـەتانە، کاری دۆزینـەوە و پێناسـەی چرکەساتە بۆ نووسەر. کەوایە نووسـەر پشـت بـە عەمـەلی فیزیکـی نابەسـتێ. نووسەری کورتیلـە چیرۆك، کۆشش ئەکا بـۆ ئـەزموونکاری وشـە و داهێنـانی رستە و دەقی کورت کراو لـە چرکەساتی ئێستا و حاڵ و راڤە کردنێك بـۆ ئـەو «هـیچ» ڕێزمەنـدەی کـە «پـتر ئـالتێنبێرگ، PeterAltenberg» راڤـەکاری ئوتریشی لـەسەر «کاکڵەی ژیان» ناودێری کردبوو. کورتیلـە چـیرۆك، لـەسـەر دابڕ کردنی ژیاری مرۆڤ لـە جیهاندا پێدائەگرێ و سوورە لـەسەر ئـەو مەبەسـتە. پێیوایە، ئەبێ «من» کە ئەیەویست سیماکەی مەبەستدار و پڕ ناوەرۆك بنـوێنێ و ئێستا خزاوەتە لاکی خۆی و لـەم تەنیاییە رەنج دەبا ـ خۆی بزر بکات.

«تووماس بێرنهارد، Thomas Bernhard» بە چەشنێك شەیدای کورت

نووسین بوو کە ئەیوت: ئەیەویٚ هەموو شتێك لـە رسـتەییێکدا بـەیان دەربـبڕیٚ‌ ً بەڵام پاشان ئاماژەی ئەکرد: لـە توانای هیچ نووسەریکدا نییە کە هـەموو شـتێك لـە رستەییێکدا بـەیان بکـات. «وۆڵـف ۆندراچـێك، Wolf Wondrtschek» نووسیبووی: برێك رستە هەن کە نووسەر ناتوانیٚ لـە رستەییێکدا بەیانیان بکـات. مەگەر «کافکا» نەبوو کە لــە دەفتــەرە بیرەوەرییــە رۆژانەکەیـدا وتبـووی: بـۆ نووسەر نالویٚ هەموو شتێك بڵێت یان نایشگونجیٚ هەموو شتێك نەڵێت ؟ ً

ئەمڕۆ، نووسەرانێك وەکوو: «هـایمیتۆن فـۆن دودرێـر، Haimiton Von Dodrer» کە سەردەمێك داهێنەری کورتیلە چیرۆك و کورتە پـیـرۆك بـوون، هەولٚ ئەدەن بۆ نزیك کردنەوەی مینیاتۆری کورتیلە پـیرۆکـەکان و سـەرەنجام رۆمانگەلی تەجروبی بخولٚقێنن.

کورتیلە پـیـرۆك لـەلاییێکـەوە تێئەکۆشـیٚ بـۆ یـەکالٚا کردنـەوەی ژیـار و عەقلٚانییەتی جیهان، تەنانەت تێکشـکاندنی تخـووبی کورتـە پـیـرۆ:، بـە هـۆی تێڕامان لـە چرکەسات، لـە لاییێکی تریشــەوە هـەولٚ ئـەدات بـۆ ناسـینی دۆخـی نۆستالـۆژیك و پشتەسەرخستنی تاقیکاری زمان لـە ریٚگای ئەزموون، بۆ دەستەبەر کردنی ریٚبازێکی نویٚ و سەرەنجام وەدەست هێنانی روانگەییێکی تازە لـە دونیـای رۆمان نووسیدا. داهێنەران و راڤـەکارانی کورتیلــە چـیرۆك ئـەڵێن: «کورتیلــە چیرۆك نووسراوەییێکی زۆر کورتە کـە درێـژایی کـورتترە لــە تالٚــە موویێـك و رادەیشی نێوان دوو یا سیٚ لاپەڕەیە. ئەم دەقە هونەرییــە بـیٚ ئـەوەی ئـەنجامێکی کوتـوپڕی و خافڵگیرانـەی ببێـت و بـیٚ ئـەوەی ئامـاژە بکاتـە سـەر دیـاردە دەرکییەکانی خۆی، کۆتایی پیٚ ئەدرێت.»

نموونە:

**کورتیلە پیرۆکی: «هاوینی ١٩٤٥ دیمەنێك لە بێرلین» .**

**ماکس فریش**

کەسێك لە بێرلین گوزارشت ئەدات: «دەرزەنێك (دوانزە کەس) زینـدانی بـە جـل و بـەرگی شـڕ و شـڵەژاو بـە سـەرکردەیی سـەربازێکی رووسـی لـە شەقامێکدا تێدەپەڕن، وادیـارە لـە ئاقـارێکی دوورەوە هـاتبێتن و ئـەو سـەربازە رووسییە دەیان بات بۆ شوێنێکیتر بۆ بێگاری، شوێنێك کە لە داهاتووی خۆیـان هیچ ئاگادار نین، ئەمانە رۆح گەلێکن کە لە هەموو لایێکـدا دەبینـرێن. لـەپڕ، ئافرەتێك لە وێرانەییێکدا قوت سەوز دەبێ. هاوار ئەکات و بـەرەولای زینـدانی کە ئێستا ئەو ژنە هەنسکاوییەی لە ئامێز گرتووە دەڕوا و لێی دەپرسێ:

ــ خێزانتە ؟

ــ بەڵێ.

پاشان لە ئافرەتەکە ئەپرسێ:

ــ مێردتە ؟

ــ بەڵێ.

پاشان بە قامك ئاماژەی بۆ ئەکات:

ــ رۆیشت، رای کرد، رای کرد، رۆیشت.

بەڵام، ئەوان رادەمێنن، ناتوانن باوەڕ بکەن. سـەربازە رووسـییەکە لەگـەڵ یازدە سەربازی تر رێدەکەون. پاش چەن سەد مەترێك، ئیشارە ئەکا بۆ رێبوارێك وقۆناخە تفەنگ سیخناخەی ئەکاتە ناو دەستەکەوە، تا ئەو دەرزەنـە سـەربازەی کە حکوومەت ئەیویست سەرلە نوێ کاملی بکاتەوە.

سەرچاوە: بوتیقای نو ژ: ١

# ناوەختی
# پاش مودێڕن

١

دەگمەن هەڵئەکەوێ تاکە مرۆڤێك بیەوێ لە گەڵ داهاتی چەمکە مەزنەکانی: مۆدێڕنیتە ـ دیمۆکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی مرۆڤ، ئازادی دەربڕین و... ململانێ بکا و لە هەمبەر دۆزە رەواکانی ئەم چەمکە نوێباوانە بوەستێ. ئەڵبەتە، زۆرن ئەو کەسانەیش تێدەکۆشن بۆ وەگەڕخستنی ئەو داهاتە ئێستاییانە، لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و کۆیلەدا.

بەڵام ئایا» مودێڕنیتە «چارەنووسی لێنەبڕاوی ئێمەیە؟ ئەگەر لەسەر واتای رواڵەتی» مودێڕن «ئاوڕ بدەینەوە، رەنگە دان بەوتەکەی» لیۆتار «دابنێن کە دەڵێ:» هەنووکەیی بوون، یانێ: بەزاندنی سنووری هەنووکە و چرکە ساتەکان «. ئەڵبەت، ئەم هەڵوێستە لەئاستی خۆیدا کێشە ساز دەکات. روانینی» لیۆتار «بۆ ئەم واتا زۆر سانایە، ئەم بۆچوونە لە ناخدا هەڵگری باوەڕی چەمکی» مودێڕنیتە «یە، کەوابوو» پاش مودێڕن «تاکە مەنهەجێکە بۆ» مودێڕن «بوون“ بۆ ئێستایی بوون. بەڵام بە باوەڕی من،» پاش مودێڕن «دیاردەی ئێستایی نەبوونە.» پەسامودێڕن «لەگەڵ هەنووکەدا پەیوەندار نیە.» پەسامودێڕن «ناوەختییە“ بێ وادەیی یە.

ناوەخت چیە؟ سەرهەڵدانێکە پێش یان پاش» کات «وەوە روو ئەدات“ شتێك پێشبینی نەکراو، ناکاتی، ناتەبا و نالەبار. کە وابوو بە پێی ئەم واتا،

روانینەکانی» نیچە «ناوەختی و ناکـاتی بـوون. نووسـراوەکانی» پـاش مـودێرن «نووسینی ناوادەیی و ناکاتین.

٢

بەڵام ئایا هەر چەشنە نامودێرن بوونێـك،» پەسـامودێرن «بوونـە؟ ئەڵبەتـە ئەگەر قایل بەم بۆچوونە بین، بـێ گۆمـان تووشـی هـەمان هەمـەکی کردنـەی» لیۆتار «دەبین. کەوابوو» پەسامۆدێرن «چیە؟ ئاشکرایە کەهێشتا بە راشکاوی و سەرراستی پێناسەی نەکراوە" هەڵێنجاندنێکی یەك لا و تەواوکـەر و تـەژی بـەم چەمکە نەکراوە، روانگەی جۆراوجۆر لـە هەمبەر ئەم پرۆسـە، نیشـاندەری ئـەم گومانەیە. بەڵام ئایا نەبوونی پێناسەی یەك لا و سەرراست، وامان لێئەکات کـە هەرچەشنە نامۆدێرن بوونێك بگرێتە بەر؟لەراستیدا هۆی تێنەگەیشـتنی ئێمـە لـە چەمکی» پەسامۆدێرن «هەر لـەم خاڵەدایە. ئەوەتا دواکەوتووترین ئەندێشە سەر بە بزاوتی» پەسامۆدێرن «دا دەنرێ. وێـڕای تێکهەڵچـوون لـە گـەڵ چـەمکی» مۆدێرن «ئەیشیێ بە دزێـوترین ئـامرِاز بـۆ سـەرکوت کردنـی بزاڤـە ئـازادبیر و فرەدەنگیەکان.

لـەوەدا کـە» پەسـامۆدێرن «هێشـتا دەرەنجـامێکی روون و ئاشـکرای نیـە، دەگەڕێتەوە بۆ واتای تەماوی و نادیاری» مۆدێرنیتە «. هێشتا سـنووری نێـوان» نەریتخوازی و مۆدێرنیتە «یان» مۆدێرنیتە و پەسامۆدێرنیتە «ئاڵۆز و تەماوییە. بێ گومان کە هێشتا ئێمە بەدرووستی و بێ لادان لـە چـەمکی» مۆدێرنیتـە «حـاڵی نەبووین و کەم تا زۆر لـە نێو بازنەی» نەریت و سەلـەفیگەری «دا دەژین. بـەڵام ئایا ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە چەمکەکانی» سوننەت و مۆدێرنیتە «پێکەوە گرێ دەدا (وەك: دووئێنگاری: دەسەڵات و پاوەنخوازی) بە ئێمە ئیجـازە نـادا تـا لـە روانگەی (پاش نەریتەوە) لـە سەر (پاش مۆدێرن) بئاخێڤین و راڤە بکەین؟

» پەسامۆدێرن «نە» سەلـەفیگەری «بوونە و نە» مۆدێرن «تر لـە» مـۆدێرن «بـوون.» پەسـامۆدێرن «نـە یـەك سـەر ستایشـگەری» سـوننەتە «و نـە

مەحکوومکەری بێ یەك و دووی» مۆدێڕنیتە «. تویژکاری لەسەر» پەسامۆدێڕن «، تویژینەوەیەکی ریژەیی و فرەچەشنی و هەمەلایەنەیە. لەم روانگەوە هەر چەشنە رەخنەیەك کە لە سەر» مۆدێڕنیتە «بکرێ، چەمکی» سوننەت «یش دەگرێتە خۆی.» پەسامۆدێڕن «لە بنەمادا رەوتی هێڵی (سیرخطي)» سوننەت ـ مۆدێڕنیتە ـ پەسامۆدێڕن «رەت دەکاتەوە.

۳

» پەسامۆدێڕن «ەکان هەمیشە تاوانبارن بە روانینی» کۆتاییگەری مێژوو «بەڵام ئەم تاوانە هاوبەندیەی چەپ و راست، ئەم تاوانەی کە» مارکسیستەکان و لیبراڵەکان «بە یەك ئەندازە لە بەستێنی کاریاندایە“ هەمان باوەڕی مۆدێڕنیستی ـ رەوتی پێشڕەوانەی هێڵی مێژووییە (راستای خطی و پیش روندۀ تاریخ) .

ئەو لیبراڵە سەرمەستانەی کە ئەمڕۆ لە کۆتایی مێژوو دبێژن، لە گەڵ ئەو مارکسیستانەی کە پشتگری لە پرۆژەی نیوەکارەی» مۆدێڕنیتە «ئەکەن“ بە یەك ئەندازە بیر لە» کۆتاییخوازی مێژوو «دەکەنەوە.

روانگەی راستەکان، هۆی لووتکە بوونی مێژوو یان پایانگەری، بە پێشکەوتنخوازی دیاردەی کۆمەڵگەی پیشەیی» بۆرژوازی «دەزانێ. رکەبەرێ و ململانێ چەپەمارکسیستەکان، لە گەڵ چەمکی» کۆتایی مێژوو «ئەوەتەکە ئەیانهەوێ: داهاتی چەمکی» لووتکەبوون و پایانگەری «یەکەی مێژوو، لە داهاتووی زەمەنیدا لە نێو کۆمەڵگەی» سۆسیالیستی «یان» کۆمۆنیستی «دا ببیننەوە. بەڵام نەستەق، وتەکەی» بوودریار «ە، کە دەڵێ:» لەم روانینەدا هیچ پایانگەریەك هەبوونی نیە «

وەهمی» کۆتاییگەری «خاڵی هاوبەشی سەرجەمی» لیبراڵەکان و مارکسیستەکان «ە، خاڵی هاوبەندی سەرجەمی» مۆدێڕن «ەکانە کە کۆتایی» مۆدێڕنیتە «بە» کۆتایی مێژوو «،» کۆتایی میتافیزیك «،» کۆتایی مرۆڤ «و... دا دەنێن.

بیرمەندانێك وەك:» فۆكۆیاما «كە سەرمەستانە، سۆزی ئەم ئاوازە، لە وێرانەی» یۆتۆپیا «دا دەژەنن، یان نووسەرانێك وەك:» بێكت «كە بە شێوازی نەزۆكی خۆیان، تازیە باری ئەم بیٚ واتاییەن.

٤

بیٚ بڕوایی بە ڕەوتی هێڵی مێژوو (راستای خطی تاریخ) پڕ كێشەسازترین چەمكی» پەسامۆدێڕن «بە ئەژمار دیٚ. ئەم بیٚ بڕواییە، دەبێتە هۆی لادان و بەزاندنی حەڵقەی بازنە دیاری كراوەكان و تێكدانی پێوەرە ناسراوەكان. پتر لە هەموو دیاردەیەك ئەم خاڵە، ئەندێشەی» سەلەفخواز و مۆدێڕنەكان «دەخاتە مەترسیەوە. ئایا ئەم سنوورشكێنییە لادەریانە، شتێك غەیر لە هەمان» ناوەختی پەسامۆدێڕن «ە؟

بە رای من روانگەی توێژكارانێك وەك:» برایان مەك هیل «كە جەخت لە سەر سنووربەندی دیاردەكانی (فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی، سیاسی و...) و رەنگدانەوەیان لە وەزع و حاڵی ئێمەدا ئەكەن و لە ئەساسیشدا رەنگدانەوەی» پەسامۆدێڕن «یش هەر لەم خاڵەدایە" روانگەیەك وشیارانەترە لە روانگەی ـ بیرمەندانێك وەك: فردریك جەیمسۆن ـ كە دەڵێن: سنوور بەندی لە وەزعیەتی پەسامۆدێڕندا ـ بەتایبەت لە نێو فەرهەنگی بەرز (والا) و فەرهەنگی نزمی گشتی (عامە) دا ـ بە تەواوەتی تواوەتەوە.» ناوەختی پەسامۆدێڕن «یش گویٚ رایەڵی ئەم سنووربەندیانەتە و بەزاندنی چوارچێوەی دیاری كراو. هەر لەم رووەوە، چاولێنەكردنی ئەم خاڵە لە نووسین» پەسامۆدێڕن «دا مەحاڵە. تێپەڕبوون لە سنوورەكانی» سوننەت ـ مۆدێڕنیتە «، ئاڵۆزكردنی روخساری پیرۆزیان بە ناتۆر و بردنە ژێرپرسیاری هەموو خاڵەسەرەكیەكانی ئەم دوو چەمكە ـ ئایا ئەو دیاردە دزێوانە نین، كە ئەمرۆ سیمای» پەسامۆدێڕن «ی بۆ ئێمەو دیاردەفەرهەنگییەكان، ئاوا مەترسی هێنەر و ناوەخت و بیٚ وادە، نیشان داوە؟

٥

» پەسامۆدێرن «شتێکە و لاسایی کردنەوە لە روانگاکانی» پەسامۆدێرن «، شتێکی کە. لە کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئێمەدا، ژمارەیێ زۆر دەق و بەرهەم دەخولقیێ و را و بۆچوون گەلێك وەردەگێردرێ و رەخنەگەلێك دەنووسرێ، لە نێو هیچ کام لەم بەرهەمانەدا کە باس لە تەوژمی مەترسی هێنەرێك کە» پەسامۆدێرن «لە گەڵ خۆیدا دەیهێنێ ـ هەمان» ناوەختی پەسامۆدێرن «ـ بکەن“ نابینرێ.

ئایا ئەو روانگە چاولێکەرانە و خۆدۆڕاندنەی ئێمە بۆ» پەسامۆدێرن «و هۆگریمان بە کردەوەی سەلەفی و شایەت مۆدێرن، ئێمە ناگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە ئیمان بێنین بەمە کە روانین و بۆچوونی بە تەوژم و تێکدەری» پەسامۆدێرن «بۆ ئێمە تەنیا نواندراوێکە ـ بە وتەکەی» بوودریار «ـ کە جەخت لە سەر ئاسایشی خۆی بۆ پتەوکردنی هەمان رەوش و کارکردی پێشوو دەکات؟

کۆمەڵگە و فەرهەنگی ئێمە لە گەڵ دیاردەکانی» پەسامۆدێرن «تەبا نیە. بە رای من هەر لەم روانگەوە، پەسامۆدێرن لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، کاردانەوەی نەبووە و لەداهاتوویشدا بەم زووانە و بە سانایی نایێ. من لە روانینمدا ئەوەندە سایلۆح و خۆش بین نیم کە بە کار بەستن و وەرگرتنی چەند تایبەتمەندی چاولێکەرانە، لە بەرهەمێکدا بە چەمکی» پەسامۆدێرن «بزانم. ئەمە نابێتە» ناوەختی پەسامۆدێرن «. ئەمە لە ناواخندا دووپات کردنەوەیەکی بێ تام و چاولێکردنەوەیەکی بێ هەژاندنە. ئاوا تێڕوانینێك، زۆر خۆش بینانە (ئیجازە بدەن بڵێم) رواڵەت دیتنانەی (سطحی نگرانە) ی کەسانێکە کە بڕوایان بە شکڵ گەرایی فەرهەنگی (بۆ وێنە دیمۆکراسی) و تاووتوو کردنیان لە گەڵ ناواخنی دیاردە سوننەتیەکاندا هەیە.

٦

خاڵی بەرامبەری ئەم روانگەیە لە ئەدەبیاتدا، روانگەیەکە کە بڕوای بە شکڵ گەرایی نووسینی» پەسامۆدێرنی «هەیە، ئەڵبەت بێ تێفکرین و هەست بە

بەرپرسایەتی لە هەمبەر داهاتە ناوەرۆکیەکانی ئەو چەمکە. ئەمە روانگەی توێژکارانێك ـ وەك:» دایان ئالام و تەنانەت لەبوارێکەوە» لیندا هاچن «ـ ه کە رادەبەدەر پێیان ناوەتە ناو ئاوەژوویی ناوەرۆك و چەندان بایەخ بۆ شکڵی دەق قایل نین، بە بۆچوونی من، ئاوەها ئەنجامێك، بەشێکە لە هەمان روانینی هەمە لایەنەی» پەسامۆدێڕن «. بێ گومان، هەر ئەم روانگەیە کە بە بیانووی پشتگری لە وردە فەرهەنگەکان، خۆیان بە بەرپرسی ناوبژیکەرانە لە چارەنووسیاندا دەزانن" بۆ وێنە، بە بیانووی پاراستنی» ژینگە «، هەر ئەو وردەفەرهەنگانە، بە وێرانکەری ژینگە ئەدرێنە قەڵەم" بە بیانووی رێزنان لە ئاشتی جیهانی، ئەبن بە ستایشگەری فەرهەنگ و سیاسەت و سینەمایەکی دواکەوتوو" دووبارە هەر بە بیانووی ئەو پەککەوتوویە، تەنانەت هەر چەشنە کۆششێك بۆ رزگاری ئەو دواکەوتوویە، مەحکووم دەکرێ.

نسبەت دانی ناوەرۆکی» پەسامۆدێڕن «بە دەقێك یان فەرهەنگێك کە رواڵەت و دارشتنەکەی رادەبەدەر، دواکەوتووە" دەبێتە هۆی بەرفراوانی رووبەری تەوەهومەکان. داهاتی ئەم ئاکارە، بزر بوونێکە لەو دیوی بابەتە بە رواڵەت جوانەکانی: ئاشتی، دیالۆگ، هاوبیری و...، خۆ خنکاندنێکە لە نێو سەرابی: بەرۆژ بوون، مۆدێرن بوون و پێشکەوتوو بوون. بەڵام ناوەرۆکی بە تەوژم و تێکدەر تەنیا لە قاڵبێکی تێکدەرانەدا جێی دەبێتەوە. ئەو ناوەرۆکەیش لە راستیدا هەمان قاڵبەکەیە، لێرەدایە دەردەکەوێ، بەهرە وەرگرتن لە لە شکڵ و رواڵەتی» پەسامۆدێڕن «بێ تەسلیم بوون بە ناوەڕۆکەکەی، وە هەر وەها نووسینی» پەسامۆدێڕن «بێ مل کەچ بوون لە هەمبەر چارەنووسی رواڵەتەکەی، تەوەهومێکی کامڵە.

٧

بێ گومان،» پەسامۆدێڕنیتە «کەش و هەوایەکی فرەلایەنە و تەشەنەکەری هەیە، بەڵام ئەدەبیاتی» پەسامۆدێڕن «لەچاو ئیسم و رەسمەوە، رەنگە هەڵگری

ئەم خسڵەتە نەبێ. ئەم تایبەتمەندیە لە بەشە فیکری و فەرهەنگییەکانی تری» پەسامۆدێڕن «دا دەبینرێ. ئەندێشەی فەلسەفی» پەسامۆدێڕن «لە» بنەما شکێنی «(شالودەشکنی) «دریدا «ییدا، لە دەهەی شەست و سەرەتای هەفتاکان لە دایك بوو. ئەندێشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەم چەمکە، لە دەهەی هەشتا، بە نواندنکاری» بوودریار «سەری هەڵدا. سیاسەتی» پەسامۆدێڕن «لە دەهەی هەشتا، پێش لە سەقامگیر بوونی، پێگەی لە گەڵ» جیهانگەرایی «دەهەی نەوەددا گۆڕایەوە. بیناسازی (معماری) دەهەی هەفتا پێش لە بیناسازی بنەماشکێنانەی دەهەی هەشتاو نەوەد بەدی هات. هونەری» پەسامۆدێڕن «بەر لە سەرهەڵدانی کامڵ و سەر بەخۆ لە دەهەکانی هەفتا و هەشتادا، نیشتگەی خۆیدا بە هونەری» فرە راگەیاندنی ـ چند رسانەای ـ «دەهەی نەوەد. و ئەدەبیاتی» پەسامۆدێڕن «، پێش لە هەموو نواندنەکانی تری» پەسامۆدێڕن «، لە سەرەتاکانی دەهەی شەست دا سەری هەڵدا و پێش لە هەموویش، لە ناڤینی دەهەی هەفتا دا، کۆتایی پێ هات.

کە وابوو، ئەبێ ئەدەبیاتی» پەسامۆدێڕن «تەنیا بە دیاردەیەکی پەیوەندیدار بە رابردوو و بابەتێکی توێژکاری بزانین؟ هۆی دژایەتی من لە گەڵ سەرەنجامە، قەبووڵ نەکردنی ئەو نەخشە رۆژ ژمێرەتە. ئەدەبیاتی» پەسامۆدێڕن «، چ لە نووسین و چ روانیندا، هێشتا، بە تەواوی ئەمەریکا ـ تەوەرە، ئەو نەخشە رۆژ ژمێرە نیشاندەری رەوتێکە، کە لە ئامریکاوە دەستی پێکردوە و لە ئورووپا و ئامریکای لاتیندا تەشەنەی کردوە، و لە وەرچەرخانێکدا، هەمیسان لە ئامریکادا کپی نیشتوەتەوە. ئەگەر قایل بە ئاوا نەخشەیەك بین ـ جگە لەمە رێگایەك ترمان نیە تا ـ وەك» لەری ملك کافێری «ـ ئەدەبیاتی پاش ئەم زەمەنە بە» پەسا ـ پەسا مۆدێڕن «، یان بە هەر حاڵ،» غەیر پەسامۆدێڕن «نێو دێر بکەین. بەڵام بەرای من پێکهاتەکانی، ئەدەبیاتی دەهەی شەست و هەفتا، تەنیا پرشەیەك (جلوە) بوو لە» پەسامۆدێڕن «و» ناوەختی «ئەو چەمکە“» پەسامۆدێڕن «یش تەنیا لەم

پرشەدا، قەتیس ناکرێ.

ئەگەر قایل بە جیاوازی دەقیق نێوان» مۆدێرن «و» مۆدێرنیست «بین، (بەم پێیە، بۆ وێنە، زۆلا بە مۆدێرن و بودلێر بە مۆدێرنیست بزانین) ئەدەبیاتێك كەتا ئێستا نواندراوە" ئەدەبیاتی» پەسامۆدێرن «ە نەك ئەدەبیاتی» پەسامۆدێرنیستی «. ئەڵبەت ئەمە جیاوازیەکە، کە نووسەرانی ئەم زنجیرە وتارە، سەر و مڕ ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. بەم حاڵە، من زۆر خۆش بینانە، لەو باوەڕەدام هەر وەها کە لە ناخی دڵی بیرمەندانی» پەسامۆدێرن «ی مەزن و هەندێ بیریار وەکوو:» لیۆتار، دلۆز، فۆکۆ و... بیرمەندی مەزنی» ناوەختی پەسامۆدێرن «یانێ» بوودریار «سەری هەڵدا" دێر یا زوو لە پانتایی ئەدەبیاتدا، شاهێدی سەرهەڵدانی بزاڤێك و نووسەرانی» پەسامۆدێرن «ئەبین" هەر چەند رەنگە، هێڵ گیری (جهت گیری) ئەدەبیاتی دوو دەهەی دوایی لە رۆژئاوا دا، دان پێنەری ئەم بۆچوونە، نەبێ. ئەمە لە خۆیدا،» ناوەختی پەسامۆدێرن «ە.

سەرچاوە:

ئەدەبیاتی پاش مۆدێرن،

ن: پەیام یەزدانجوو

چاپی ئەوەڵ: ١٣٧٩

نشر مرکز

# ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی
# پاش مۆدێڕن

**لەری مك كافێری** (Larry Mc Caffery)

**بەستێنە و سەرهەڵدان**

ئەگەرچی پاش مۆدێڕنیزم بزاڤێکی یەکپارچە نەبووە، بەوماناشە نیە کە ئوسلووبگەلێکی پێگەدار و باوەڕمەندی بۆ توێژینەوەی رووکردەکان و دوابەستێنەگەل و یان هیچ چەشنە سەرچاوە و پرۆژەیەکی بۆ هێزی بزاوتن و ئەفراندن نەبووبێ. پێدەچێ ئەو شتەی کە لە هەمان سەرەتاوە بایەخێکی بناخەیی پەیا ئەکا، دەستهاوێشتن بەم دەرکەتە کە جیا لە هێڵکاریە ئیختیاریەکان کە تەنیا بە کەڵکی رەخنەگران دێ، هیچ تخووبێکی دەقیق نێوان شمەکی مۆدێڕنیزم و پاش مۆدێڕنیزم نابینرێ.

بۆ نموونە، لەم باسەدا باشتر ئەوەیە کە **٢٢**ی نوامبری **١٩٦٣** (رۆژی تیاچوونی جان کێنێدی) وەك رۆژێکی مێژوویی لە بەرچاو بگرین، کە لانیکەم لەئامریکا بە شێوەیەکی رەسمی هەواڵ لە سەرهەڵدانی پاش مۆدێڕنیزم ئەدا، چوونکای لەم بەروارەدا بوو کەکۆتایی بە چەشنێکی تایبەت لە خوشبینی و ساویلکەیی لە زانیاریەگشتیەکانی ئێمە بە شێوەیەکی هێماگەرانە، راگەیەنرا، کۆتایی بەدرووستی و بڕوای ئەو خاڵانەی کە یارمەتیدەری ئێمە بوون لە بەدیهێنانی بۆچوونەکانی خۆمان لە مەڕ چلۆنایەتی ئەدەبیاتی چیرۆکبێژی. ئەڵبەت ئاوا هەڵسووکەوتو و بەرخوردێك، چەشنێك ساویلکەیی زێدەرۆییە،

چوونکای هەندێ ئاڵۆزکاری و نەبوونی جیدییەت کە حەساسیەتی جوانی ناسانەی دانەرانی ئەم چاخەی خستە ژێر رکێفی رەنگدانەوەی خۆیەوە، ریشەگەلێکی قووڵیان لە فەلسەفەدا (لە شۆڕشی کانتی، لەزانیاریەکانی ڤیتگنشتاین، گۆدل و ئیگزیستانسیالیستەکان) لەزانستدا (هاوکات لەگەڵ دیاردەپێشکەوتووەکانی فیزیکی کوانتۆمی، تیۆری نسبیەت (رێژەیی) و ئەسڵی عەدەمی قەتعیەت) و لە شۆڕشەجوانی ناسیەکاندا هەبووە، کە لەم سەدەدا هاتوونەتە دی، تەنانەت بەشێوەیەکی زانیارانەتر لە زۆربەی زەمینەگەلێکدا ریشەیان بووە کە بە فێربوون لەبارەی نەقشێکدا پێوەندییان هەیە کە «زەینیەت» (سوبژێکتیویتە) لەچلۆنایەتی رێساگەلی فیکری ئێمەدا دەیبینێ.

بە فەرزی ئاوا بەستێنەیەك، سەسوورهێنەر نیە کە چیرۆکی واقیعگەرایانە ـ قاوغێك کە سەرچاوەکانی پێوەندیەکی ئەوتۆی لە گەڵ متمانە و خوشبینی عەمەل باوەڕی و ئاوەزێتی (عەقڵگەرایی) خۆراوا بوو ـ بۆ نووسەران کەمتر سەرنجراکێش بێ کە دڵەڕاوکێی (دغدغە) دەربڕینی تیگەیشتنیان لە جیهان هەیە کە پێدەچێ، لە چاو تاوتوو لە گەڵ هێڵکاریگەلی (پیرنگ) زۆربەی ئەو رۆمانگەلە کە ئێمەیان هەڵنابوو تا بەقەوام و پێشبینێتی ئیمان بێنین، قەوام و جێگری و پێشبینێتی کەمتری هەیە.

لەسەر ئەم بنەما، هێرش بەچەکی «تەقلید» یان }موحاکات کە بەدیهێنەری بناغەی ئەدەبیاتی واقیعگەرانەیە{ و یان دووبارە راڤەی (**تاویل**) ئەوچەمکە (تەقلید)، بە شێوەی یەکێك لەو روکردانە دەردێ کە ئەمرۆژە بەراشکاوی لە چەکی پاش مۆدێرن پشتگری دەکەن و بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر بەرچاودەکەوێ. بۆ وێنە، چاوخشاندنێك بەسەر برێ لە دەق تەوەریەکانی پاش مۆدێرن ـ بەرهەمگەلێك وەك: V ی توماس پینچون، ئاوری رەنگ پەڕیو لە ولادیمیر ناباکۆف، جیلز گوت ـ بوی لە جان بارت، دەنگ نووسینەکان (اوازنوشت ها) لە رابێرت کوور، چەرمووی بەفرین لە دۆناڵد بارتلمی،

کۆمێدی گەلی کەیهانی لە ئلتالۆ کالۆنیۆ، سەدساڵ تەنیایی لە گابریـل گارسـیا مارکێز، کوشتن خانە ژمارە ٥ لە کوت فونە گوت، ژنی ستوانە فەرانسـەویەکە لە جان فاوڵز، و چیرۆکەکانی خورخە لـوئیس بـۆرخێس ـ شـاهێدی گەشـەی گشتی ڕێـژەی تەکنیکـە ئەدەبیـەکانین: چەشـنێك مەسـتانە کایـەکردن بـەزمان ودانووستاندن لەگەڵ ڕوالـەتی دیاردەکانی چـەمکی چـیرۆکبێژی، چـێژوەرگرتن لـە خەیاڵپـەروەری و سـووررێئالیزم و ڕوونـان بـەرەو نومایشـی ئاشـکرای کەسایەتیەکانی چیرۆکبێژی کـە وان بـە دوای دارِشـتنی گڵاڵـەی چارەنووسـی خۆیان بەتێروانینی دیمەنەزمانەنابەکان و ڕۆئیا و چیرۆکگەلیتر.

ئەڵبەتە بایەخی ئەم جۆرە بزاڤگەرییە لـە پانتـایی تازەگەریەئەدەبیـەکان لـە کۆتایی دەهەی حەفتای زایینی ڕوو بەکزی چوو، لەم سەردەمەدا، نەوەی دوایـی چیرۆکبێژانی تەجروبی سـەرگەرمی موتوربـەکردنی تازەگەریـەکانی نووسـەرانی دهەی شەست بوون بەڵام بە دلەڕاوکیەکی سوننەتی تـر و یـان بەدەسـەوەدانی تاریفیکی دووبارە لـە کارایی بنەماواقیعگەرایـەکان. بەرهـەمێك وەك «نامـەکانی جان بارت» یان ڕەنگین کەمانی جازبەی تووماس پینچون لە هەڵسەنگاندندا لــە گەڵ «تکایە ئەکرێ بیدەگ بی؟» لە ڕیمۆنـدکاروور کـە لـە ڕوانگـەی جـوانی ناسییەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی هەیە، ئەم سێ بەرهەمە هـەرکام لەئاسـتی خۆیـان بەرهەمی «پاش مۆدێرن» بەئەژمار دێن.

گێڕانەوە مەزنەکانی (روایـت هـای بـزرگ) و (دایرەالمعـارف) «بـارت» و «پینچوون» لـە گەڵ چڕی ڕادەبەدەری کاراکتێرە سەرەکیەکانیان، لــە کۆمەڵـە ڕوانگەگـەل و زەمەنگـەلی سەرتاسـهێنەردا، تێپـەڕیانکردووە و ئـاوەژووکردنی کەلان مێژوو، زاست، ئوستوورە و فەرهەنگی گشـتی لــە لایـەن نووسـەرانەوە بەراشکاوی لە پێناوی بنەما تازەگەریە مەزنەکان (ساختارهای ابداعی بـزرگ) و چەن تۆییدا قەرار دەگرێ کـە دەتـوانن بـە تێپـەڕبوون لـە چـڕی ڕادەبـەدەری کێنایەگەل و هێماگەل و دیمەنەزمانیـەکان لـەگـەڵ تەجرۆبـەی زەمـەنی ئێسـتایی

چنگاوەش بن. دوای ئەوەیش، چیرۆکە «چیرۆکە مانیمالیستەکانی» کاروور لــە ڕەهەندێکی جیاوازدا، دەگەنە دەرکی چەمکی ژیانی ســەردەم: بــە پەخشــانێکی پچڕپچڕ و ڕووتکراو لـە هەموو دیاردە جوانکاریەکان، باریك بوونەوە لـە ڕەمـزە بچووکە نادیارەکانی ژیانی ئاسایی، نەبوونی بـازکردنی گـرێ و یـان ڕیزبەسـتنی نەریتی (توالی سنتی) ـ ئەم بابەتگەلـە ئەڵبەتە تێڕوانینێکی غەیر سوننەتین، ڕوانینێ کە وان لــە دووی وەگەڕخسـتنی ئامێرێـك بـۆ گەیشـتن بـە نوقمـایی پووچـی، سەرگەردانی و گومڕایی کاراکتێرە ئاساییەکان، وەك: کاراکتێری چـیرۆکەکانی «کاروور».

## پێشڕوانی ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی
## پاش مودێرن و پاش زەمینەکەی

هەروەها کە پێشتر خرایە بەرچاو هیچ تخووبێکی (سنووری) دەقیق شـك نابەین کە بزاڤی مودێرنیزم لـە پاش مـودێرنیزم جیـا بکاتـەوە، وە ئەگـەر ڕەوتـی تەشەنە و گەشەی ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی لـە بەستێنەیەکی جیهانیدا، نە تـەنیا بـە چاوکردن لـە ئـەو جموجوولــەی لــە ئـەمریکادا ڕوویـدا، بخەینـە بـەر تیشـکی تویژینــەوە، کەشــفی جیــاوازی قــەرار دادی دەقیــق نێــوان مــودێرنیزم و پــاش مودێرنیزم بە تایبەت دژوار دەبـێ (دۆزە نهێنییـەکان لــە دوای تەجروبەگـەرایی باسکراو لـە ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی بـە فـەرز ئامریکـای لاتـین، یـان ئورووپـای ڕۆژهــەڵات، بــە ڕاشــکاوی جیــاوازە لــەو مەبەســتانەی کــە بوونەتــە هــۆی زەمینەسازی بزاڤێتی دانەرانی ئامریکایی لـە دەهـەی شەسـت دا). پێدەچـێ ئـەو شتەی کە بزاڤگەرێتی لێشاوەی پاش مودێرن لـە دەهەی شەستدا لـە ئامریکا هاتە دی، تا ڕادەیەك گۆڕانکاریەکی زۆر ڕیشەیی وبنەڕەتی بوو، چوونکای ئـەدەبیاتی چیرۆك بێژی ئەم وڵاتە لـە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا، لـە ئاستی زاڵبووندا، لـە ڕوانگەی جـوانی ناســانەوە، وەك ئـەدەبیاتێکی پـاوەنخواز (موحافزەکـار) خـۆی دەنواند. ئەم وتە بە مانای ئەوە نییە کە لـەم ماوەدا هیچ چەشنە تەجرووبەگـەری

لە پانتایی ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی ئامریكادا خۆی نەنواندووە ـ لەم خولەدا هەندێك لە نوێكاری مەزنی نەوەی پێشوو سەرومڕ بەردەوام بوون لە دۆزینەوە و كەشفی قاوغە نوێكان (ڤالكنێر، ئێشتاین، فیتز جرالّد) و ئەژمارێكیش لە تازەكارانیش، رووكردگەلێكی تەجرووبییان لە خۆ پیشاندا (جونا بارنز، كێنت پاچین، ناتانی وست، جان هاوكز، جەك كرۆئاك) بەڵكوو مەبەست ئەمەتە كە دانەرانی ئامریكایی لەم ماوەدا بە گشتی (بە تێكڕا) بە شێوەیەكی ساكار و راشكاوانە، لەگەڵ دیاردە سەرەكییەكانی سەردەمی خۆیان هەلسووكەوتیان كردووە ـ دڵمەندەیی و ناهومێدی، شەڕی دووەمی جیهانی، دڵەڕاوكێی وجوودی ـ هۆكاری نادیاری ئەم (پاوەنخوازیی، خۆراگرییە) لە فۆڕمە ئەدەبییەكاندا، پێچراوەیە، بەڵام بەشێك لە سوڵتەی ئەم دیاردە دەبێ بە حسابی شێوەی كاردانەوەی دۆخی زەمەن لەسەر هەندێ لە نووسەران بزانین، بە تایبەت لەم روانگەوە كە دانەران رووبەروو بوونەوە، لەگەڵ ئەو دیاردە مەزنانە بۆ توێژینەوە، ئیتر لە عودەی (گەمەكاری) لە رێبردە نوێكاریەكان دەرنەهاتن. لەهەر حاڵدا و بە هەر هۆكاریەكی بزانین، لە ماوەی ساڵەكانی ١٩٣٠ تا ١٩٦٠ شك نابەین كە نووسەرێكی نوێكار لە ئامریكادا سەری هەڵدابێ ـ نووسەرێك كە هاوسەنگ بێ لەگەڵ بێكت یان بۆرخێس یان رب گریە یان لویی فردینان سلین ـ مەگەر سەر هەڵدانی یەكێك لە گرنگترین جارچیانی پاش مودێرن یانێ «ولادیمیر نابۆكۆف»، كە ماوەی ٢٠ سال بە نەناسراوی لەم وڵاتەدا كاری كرد تا بە هۆی جەنجاڵی لولیتا (هەر چەن بە هۆكاریگەلێكی یەكسەر نادرووست) كتووپڕ ناوی كەوتە سەر زاری جەماوەرەوە، سەرەنجام ئامریكای كۆتاییەكانی دەهەی پەنجا، زەمینەیەكی ئامادە كراوی بۆ شۆڕشێكی جوانی ناسانەی بۆ رەخسا، وە هەر وەها بۆ شۆڕشێكی فەرهەنگی كە بە پەلە بە دوویدا پەلكێش بوو.

ئەم دوو شۆڕشە ئەڵبەتە پێوەندیەكی ئەوتۆیان لەگەڵ ویدا هەیە.

بەشی سەرەکی «زۆرینەی» بەستێنەی عەمەلی بۆ ئەم شۆڕشە جوانی ناسانە (پاش مودێڕن)، پێشتر لە پانتایی تیۆری فەلسەفە و زانستدا ئامادە بووبوو، کارە نۆژەنەکانی پێکهاتوو لە شێوەگاری ـ لادان لە ئەسڵی لاسایی کردنەوە (محاکات) و پێرسپێکتیوی تاك تەوەری، جەخت لەسەر کولاژ، خۆ ـ دۆزینەوە، ئیکسپرسیۆنیزم ی زەینی (انتزاعی)، و...) و لە شانۆدا (لە بەرهەمەکانی پیراندللو، برێشت، بێکت، ژنە و تەنانەت تورنتون وایلدر)، و بایەخ پێدانی هەرە زۆری وێنەگری (عکاسی)، سینەما و لە ئەنجامدا تەلەویزیۆن، جێ نشین گەلێکی (بدیل) تایبەتی خستە باوەش نووسەران، لەهەمان کاتدا ناواخن گەلێکی تریان (گرانیگاە) دەخستە بەرچاو. ئەگەر بە تیژبینییەکی تەواوەوە بڕوانینە بابەتەکە، لە واقیعدا زۆربەی ئەم نووسەرە ئەدەبیانە، «مودێڕنیست» بوون کە بوونەتە هۆی تێڕوانینی تەمام و کەماڵ لە دونگەی «دووبارەنواندن» لە ئەدەبیاتی چیرۆك بێژیدا. دوو پاتکردنەوە، کە لێرەدا پێویستە لە «تریسترام شێندی» یادێك بکەین کە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە، جیا لە ڕەهەندی کاتی نووسین، بەرهەمێکی تەواو «پاش مودێڕن» ە، و هەر وەها لە نموونە گەلێکی زۆر لە دانەرانی تر، کە دۆزێنەر (کاشف) ی زۆرینەی هەمان ڕێ و ڕەوش گەلی تەجرووبی بوون، کە نووسەرانی «پاش مودێڕن» ڕێڕەوی بوون:

بۆ وێنە بنەما سووررێئالەکانی «ڕیمۆن روسل» کە بەشێوەیەکی میکانیکی بەدی هاتوون، بەرهەمەکانی «ئالفرێد ژاری» بە دزێوکاری و تەنزە ڕەشی و تەماوییەکانیان، «سکە سازەکان» ی ئاندرە ژەید لە گەڵ بە خۆ ـ گەڕانەوەیی (خود ـ ارجاعیت) و خۆ ـ ڕاڤەگەرییەکەی، نموودی حەقیقەتی سووررێئالیستی نەفس و پێوەندییەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەلە بەرهەمەکانی «فرانتس کافکا»

(ئەڵبەت ئاماژە بەوە بکەین کە کاردانەوەی کافکا لەسەر نووسەرانی ئامریکایی ئەوەندە کاریگەر و ڕێ خۆشکەر نەبووە) گێڕەوەرە فرەچەشنییەکان (راویان چند گانە) و حەقیقەتەکانی نەیار (حقیقت های رقیب) و هاوتراز لە

بەرهەمەکانی ویلیام فاکنێر، وە هەر وەها بەرهەمەکانی ناودارێك لە سەر لووتکەی ئەدەبیاتدا ئەدرەوشێ، یانێ «جیمز جویس» کە بڕبڕە پشتی چیرۆکی «پاش مودێرن» بە ئەژمار دێ. هێزگەلێکی بەرفراوانتری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بوونە هۆی بزاڤێتی نووسەرانی پاش مودێرن، و چەشنێك جەخت کردن و چەقبەستن (تمرکز) لەسەر رەوتی گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی خۆ، لە هەندێ لایەنەوە، وەکوو ئەو هێزگەلانە بوون کە لە ماوەی ساڵەکانی دەهەی بیست ئاوەها دۆزگەلێکی مەزنیان بۆ تازەگەریە هونەرییەکان پێك هێنابوو. لە هەر دوو خاڵدا، تراژدییەکی نێو نەتەوەیی ـ شەڕی هەوەڵی جیهانی بۆ هونەرمەندانی دەهەی بیست، و مەرگەساتی ڤێتنام (و کۆمەڵێك ئاڵۆزکاری تر وەك مەترسی تەشەنەی چەکە کۆکوژەکانی ناوکی و وێرانکاری رادەبەدەری ژینگە) بۆ نووسەرانی پاش مودێرنی ئامریکایی ـ ئەم هەستییە پێك هێنا کە جگە لە پێداچوونەوەی بنەمایی لە رێگەلی حاکم لە ژیانی خۆ، چارەیەك نییە. ئەم سیستمانە هەر ئەو سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیدئۆلۆژییەن کە ئێمەیان خستە ئەم دۆخە ئێستاییەوە و هەر وەها ئەو فۆرمە هونەریانە کە لەو رێگەوە دەمان توانی تێگەیشتن لە خۆمان و پێوەندیمان لەگەڵ دونیای دەور و بەردا، بەیان بکەین.

شەڕی جیهانی ئەوەڵ تراژیدیەکی جیهانگیری پێکهاتوو لە بەڵگەگەلێکی پێش بینی نەکراو و ئەڵبەتە زادەی تایبەتمەندگەلی کۆمەڵگایەك بوو کە ئەیەویست بە ئێمە شەرەف ببەخشێ و شارستانیمان (متمدن) بکات (ئاوەز، تکنۆلۆژی) ئەم دیاردە بوو بە هۆی ئەوە کە هونەرمەندان هەڵێ بۆ تێڕامان لەسەر خاڵە بنەماییەکانی ئاوەزگەرێتی و ئۆمانیستی کە بناخەی هونەری رۆژئاوای لەسەر دەم رێنێسانس بەم لاوە پێك هێنابوو.

هەڵوێستی (واکنش) پێش بینی نەکراو بەم روانگە کە «واقعییەت» بەزەوی هەرزی پارچە پارچە کراو و سەراسەر ئاڵۆز گۆڕاوە»، رووکردن لە هونەر لە

قـاوغی چەشـنێ کشـانەوە (واپـس نشـینی)، هونـەر وەك سەرچـاوەی ئـاوەز، خۆڕاگری، و تەبایی بوو (لێرەدا ئەکرێ بە شێوازە تاکیەکانی نووسەرانێك وەك جویس، ییتس، پاوند، پرۆست و هەمینگوی ئامـاژە بکـرێ کـە بـە شـێوەیەکی روونا کمەند سەر و سامان دراون). ریکارتێر، گڵاڵە و گەشەی هونەری بوو کە لەسەر دڕندەیی (سبعیت) و ئاڵۆزکاری واقعییەت جـەخت دەکـا و خوازیـاری توێژینەوە لـە قەڵـەمڕەوی ئینتیزاعی تر و پاوەنکراوتر (محدودتر) ی خودی هونەر بوو، قەڵـەمڕەوێك کە، شاعیران دەیـانتوانی بـێ هـیچ چەشـنە چـاوکردنێك بـە بەڵگەکان (مصادیق)، زمان بکێشنە ژێر ئەزموونەوە، شوێنێك شێوەکاران دەیـان توانی لـە (دەلالـەتە زمنیە رستەییەکان)، وێنەکان، چنراوەکان، و رەنگەکان جیـا لـە پێوەندییە دەرەکییە کانیان توێژینەوە بکەن. زەمینەی سێهەم، تەشەنەی رێبردە هونەرییـەکان بـوو کـە لـە جێـی نکـولێ کردنـی بـێ نـەزمی و (دژئـاوەزی دەوروبەری، عقل سـتیزی پیرامـونی) هێـزە یـەکگرتووەکان داکۆکیـان لـەسـەر مەبەسـتگەلێکی سـەرەتایی، بـەدوی و نامەشـرووع دەکـرد کـە بـە بۆچـوونی «فرۆید» لـە ناخی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە.

ئەمە رێبردی دادائیستەکان و سووررئالیستەکان و هەر وەها ئەژمارێك لـە چیرۆکبێژان (ئانائیس نـین، رۆبیرتـۆ دسـنوس، میشـل لـیری) بـوو. جێـی سـەر سووڕمانە کە ئەم سێ رووکردە، پاش چل سـاڵ لـە ئـەدەبیاتی چـیرۆك بێژیـدا، خۆیان نواند: سەرهەڵدانی بەرهەم گەلێکی ئەستوور کە بنەمایەکی پێچـراوەیان هەبوو (بەرهەمەکانی پینچـوون، ویلیـام گـدیس، بـارت، دان دلیلـو، کـوور، جوزف مك الروی، ئەلەکساندر تروکس) سـەرهەڵدانی بەرهـەم گـەلێك کـە دڵەڕاوکەیەکی تایبەتیان هەبوو، دڵەراوکەی ساز و کـار و پێداویسـتەکانیان، و پێوەندی تەواوی هێما و واژە (وەك: ویلیـام ئـێچ. گـس، ریچـارد کوسـتالانتز، رابـرت پینگـت، ئیسـتیوکاتز، دونالـد بـارتلمی)، و سـەرهەڵدانی دەقـە پچـڕ پچڕەکان و وڕاویـەکان کـە پرۆسـەکانیان (فرایـند) نیشـانەی ئـاڵۆزی و پچـڕ

پچڕکاری فەزای دەرەکی بوو (بەرهەمەکانی: ویلیام ئیس، بارۆز، بارتلمی، ریمۆند فێدێرمەن، کتی ئەکر). جیاوازی نێوان ئەم دوو خولە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی پێشرەوی، پلەیەك کە نووسەرانی سەردەم تا ئەو رادە روویان کردۆتە ئەم ڕێبردانە، و ڕێژەی دووره پارێزیان لە ڕێگەلە واقیعگەرایەکان (تەنانەت لە ئاسەوارێك ڕێك و پێکی لێ هاتووانەیان بە خۆوە گرتووە) بە تایبەت بارستای نوێکاری، کایە و خۆ ـ شارەزایی، (ڕەهەندگەلێکی نائاسایی لە چیرۆکە نوێکارییەکانی دەهەی بیستدا)، کە بناغەیان بە قاوغی ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی پاش مودێڕن دامەزراوە.

ڕەنگە لە سەرەتادا سەر سووڕ هێنەر بێ کە ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی پاش مودێڕن، نە بێ درەنگ، لە ساڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، بەڵکوو لە دەهەی شەستدا سەریهەڵداوە. ڕەنگە ئەم شەڕە لە گەڵ هیتلەرەکان و موسوولینییەکان لە گەڵ هێرۆشیماکان و درسدنەکان و باقی کارەساتە ترسناکەکان (لە ئۆردووگای مەرگ و فەوتان، خۆ کوژییە بە کۆمەڵییەکان و...) زۆر دڵتەزێن و نالەبارتر لەوەی بوو کە بتوانرێ لەگەڵیدا بەرامبەری ڕاستەوخۆ بکرێ. لە هەر حاڵدا، نوێکارە مەزنەکانی دەهەکانی چل و پەنجا لانیکەم لە ڕوانیندا ئەوە بوون ئەیانەویست نووسەرانێك، لایەنگری زانیاری تاکی خۆیان بن. بێکت، بورخێس و ناباکۆف سێ دانەر بوون لەم سەردەمەدا کە کاردانەوەی ڕاستە و خۆیان لەسەر نویسارەپاش مۆدێڕنەکان هە بوو ـ کۆیان ئامادە بوون تا لە پشتوانەی دنیای دەرەکی روو هەڵکەن و روو بکەنە بزاڤی دەروونی، ڕۆیشتن بەرەو دنیای زمەن، ڕۆیا و بیرەوەری و ئەزموونگەری چلۆنایەتی تەجرووبەی زەین، چلۆنایەتی شێوەیەك دەستەواژە لەو شێوەدا تێگەشتنەکانی ئێمە بخەڵەتێنێ، گومڕایان بکات و شکڵیان پێ بدات، چلۆنایەتی شێوەیەك کە خەیاڵ لەو ڕێگەدا قەڵەمڕەوی خۆی جیا لە بەستێنەی هێماکان، بونیات بنێت. جەخت لەسەر «حازر بوون و حزوور» بۆ ئەوەیە کە ئەم سێ

دانـەرە، لـە واقیعـدا، بـە مانـای بنـەمایی وشـەکە، نووسـەرانێکی سیاسـی بـە ئەژماردرێن. چوونکای هەرکام لە بایەخی کایـە زبانییـەکان لـە شـکڵ دان بـە دنیای دەرەکی، ئاگادار بوون، لە بایەخداری شێوەیەك کە بنەماکانی دەسـەڵات لەو رەهەندەدا توانای جیهان ئافرێنی واژەکان لە خزمەت ئەگرن، لـەم رەوتـەدا واقعییەت و ئاوەزی ساق، جلی ئایدیۆلۆژی دەپۆشی لە لایەن ئەو نەهادگەلەوە کە لە تەوەهوماتی گشتی جەماوەر کـەڵك وەردەگـرن و توانیویانـە بخزێنـە نـاو دەروونی تاکەکان. لەم روانگـەوە، پـاش مـودێرن لەسـەر زەینییـەت، زبـان و چیرۆك بێژی جەخت دەکا زۆریش بۆ ئەو نامەربووتیـەو و ئاسـایش خوازیـەو و خۆشەیداییە دەگەڕێتەوە لە زۆربەی رەخنـەگرانی ناتـەبا، بـە چـاوی گومانـەوە دەڕوانن بۆ ئەم بزاڤە. لە واقیعدا زۆربەی بەرهەمە پڕ بایەخەکانی پاش مـودێرن، لەگەڵ ئەو هـەموو تەجرووبەگەرییەتییـەو دۆزە پـەڕ چـیرۆکەکان (انگیزەهـای فراداستانی) بۆ خۆگەڕانەوە (خود ارجاعیت)، گەمە کارییـەکان، کـە بەگشـتی سەیریان دەکرێ، هەیانە بەڵام لەبارەی بابەتە کۆمەڵایەتییـەکان و سیاسەتیشـدا رۆڵی باشیان هەیە.

جۆرج ئوروێل یەکێك لەو نووسەرانەتە، کە لە پانتایـەکی بـەربڵاوتردا، بـۆ پێداویستی توێژینەوەی رۆڵی زمان، ئەرکێکی زۆر قایل بوو، لە سـاڵی ١٩٨٤دا ناوی ئەو نووسەرە وەك بەناوبانگترین نووسـەر لـە بـارەی بـەرخوردی چـیرۆك بێژی لەگەڵ دیاردەی فەریوکاری زمانی سیاسیدا بە جێماوە. ئەم ساڵە (١٩٨٤) کە نێو جەرگی دابی چیرۆك بێژی زانستی ـ تەخەیولیـدا سـەری هەڵـداوە بـە تایبەت لە ژێر رەنگدانەوەی رومانی بەرجەستە و تەجرووبی (ما ئێمە) بەرهـەمی یۆگنی زامیاتیندا بووە (رۆمانێکی پاش مودێرنی کـە لـە سـاڵی ١٩٢٠ دا بڵـاو کرایەوە). ئەمە نیشانەی رووکردێکی ترە لە چیرۆکی پاش مودێرن:

روانینی دانەران بۆ فورمە پیرائەدەبییەکان وەك چیرۆکی زانستی ـ تەخەیولی و چیرۆکی کاراگایی ـ ئەمانە فورم گەلێك بوون کە رۆحی پاش مودێرنیـان بـۆ

خۆ راکێشابوو، چـوونکای تەقلیـد (محاکـات) دڵەراوکەیـەکی رێنوێنیکـەر بـە ئەژمار نەدەهات. کەوا بوو ئەو ژانێرە ئەدەبییانـە خـاوەنی ئـاوا سەربەسـتییەکی پراکتیکی و عەمەڵگەرایانە بوون کە قاوغگەل و قەراردادگەلێك بەدی بێنن کە بە تێکڕا لـەگەڵ قاوغ و قەراردادگـەلی چـیرۆکی سـوننەتی جیـاواز بـوون، بـە چەشنێکی سەرسووڕهێنەر زۆر خەست و خۆڵ و بەرچاوگر دەیان نوانـد، ئەمـە خۆی پێداویستییە بووکە توێژەرەوان، پێشـکەوتەدڵخوازەکانی پێـك هـاتوو لــە فورمە پیرا ئەدەبییەکان بە شێوەی کامڵ بخەنە ژێر نیگای لێکۆڵینەوە ـ بۆ نموونـە پانتاییەکانی لێکۆڵینەوەی پڕبار لـە کـاربردی هەڵسـووکەوتی هەرزنگارانـە لـە لایەن ئەکر، کوور، سامۆئێل دیلنی، کلارنس میجر (جگە لـە نـابوکۆف) و یـان خەریك بوونی زۆرینەی نووسەرانی پاش مودێرن بە بـەژانێرە کاراگاییـەکان لـە بەرهەمی (نابوکۆف، ئیستانیلاولم، میشل بوتوور، رب گریە، ویلیام یورستبێرگ، مەك ئیلێروی). بەڵام گرنگترین گۆڕانکاری و بـەرز بوونـەوە، لـە فورمـە پـیرا ئەدەبییەکاندا لـەگەڵ چیرۆکی زانستی ـ خەیاڵییەکاندا پێوەندی هەیـە. چـیرۆکی زانستی ـ تەخەیوڵی لـە مێژە لـە ئوروپادا باو بووە و لـە گەڵ ئەدەبیاتدا جیـاوازی نەبووە (بە تایبەت دەبێ بڕوانین ئـەو دابـە ئورووپاییـەی کـە ئـیچ. جـی. ولـز، زامیاتین، کارل چاپك، اولاف ئیستاپلدوون، ئالدۆس هاکلی، ئارتۆرسی، کلارك و جی. بالارد لـەو بەستێنەدا بوون)، بەڵام لـە وڵاتە یەکگرتووەکاندا جیاوازییەك نێوان چیرۆکی زانستی (تەخەیوڵی و ئەدەبیات هەبووە، تـەنیا لـەماوەی دەهـەی شەست دا بوو کە چیرۆکی زانستی ـ تەخەیوڵی لـە شوێنگەی لابراو کە بۆخۆی داسەپاندبوو دەرباز بوو زەمینەی سەرەکی بۆ ئەفراندن و بـزوانتنی پـەیا کـرد. ئەگەرچی هەندێ لــە رەخنـەگرانی ئـەدەبی بـە چـاوی گومانـەوە لـەم رەوتـە ئەدەبییە، دەڕوانن و یـان بـە هەڵوێسـتی بـەرز لـە گەڵیـدا بـەرخورد دەکـەن، ئاشکرایە کە هەندێ لـە ناسـراوانی نوێکـارە ئەدەبییـەکانی پـاش مـودێرن، لــە دەستەی نووسەرانی چیرۆکە زانستی ـ تەخەیوڵییەکان بوون. ئـەم بۆچـوونە بـێ

گومان لەمەڕ فیلیپ کی. دیکدا درووست تر، دەچەسپیٚ کە چ لە ناواخنـدا و چ لــە دەرەوەی بەســتێنەی کارەکــەی هەڵێنجانــدنێکی نادرووســت لەمــەڕ بەرهەمەکانییەوە کراوە. رۆمانەکانی دیك، بە هـۆی گوشـاری پەخشـکاران بـۆ زوو بە دەسەوەدانیان بۆ چاپ، دووچاری ئافەتی بیٚ نەزمی، نـەبوونی زەرافـەتی زمانی، و پیاهەڵدانی دەستکرد و ساویلکەیی لـە کاراکتێرەکان، بـوون. لەگـەڵ ئەمانەدا، دیك خەیاڵپەروەرییەکی رووناکمەنـدی لــە زەمینــەی چـیرۆك بێژیـدا هەیە، خەیاڵپەروەرییەك خاوەنی هێڵکارییەکی نوێکاریانە کە بنەمایەکی پێچـراوە و دەلالـەتمەنــد و ئیســتعارییان هەیــە. دیــك داهێنــەری بنەماگــەلی هێڵکــاری (پەیرەنگ) تەوەرییە لـە باشترین بەرهەمەکانیدا کە زۆر نزیکن بـە دیـاردە کـانی پــاش مــودێرنیزم: پێچــراوەیی لــە خــوازە (ئیســتعارە) دا، ماهییــەتی سیســتەمە سیاسییەکان، ئاڵۆزکاری و بیٚ سامانێتی، ماشینی بوونی ژیانی مودێڕن.

هەر بەم شێوە باقی نووسەرە مەزنەکان لـە چـیرۆکی زانسـتی ـ تەخەیوڵیـدا (وەك: ئورسولا لیٚگوین، دێلنی، جێنی وڵف، جان دارلی، لم، راجر زلازنی) فۆرم گەلێکی پێچراوە و توکمەیان خولْقاندوە کە لـە بـارەی دنیـای خـەیاڵی دەور و بەری ئێمەدا وتەگەلی زۆریان نواندووە. بەڵام ئەم کارە بەکەڵك وەرگـرتن لــە بنەماگەلێك پێك هاتووە کـە قـەرارادەکان و زبانەکـەی لــە بناغـەدا، لەگـەڵ قەرارادگەل و زبانی «چیرۆکی ئەم جیهانـە» (بـە واتـەی دێلـنی) جیـاوازە. لــە واقیعدا، دەتوانین نیشانەیەك لـە خەستی و فرە چەشنی ئـەم زەمینـە لــە دانـەرانی «جەریانی ئەسڵی» دا ببینین کە بە چیرۆکی زانستی ـ تەخەیوڵی روویان هێناوە ـ دوٚریس لسینگ، ئانتۆنی بێرجیس، ئیتالۆکالونیۆ، مارج پیرسی، تووماس بێرگێر، نابوٚکوف، ریموٚند فدێرمەن، و چەندەهای تر.

ئەڵبەت تا پێش لـە ساڵەکانی ١٩٦٠ لـەم بەستێنەدا گەشەی زۆر کراوە کە راستەوخۆ لـەسەر بزاڤـی پـاش مـودێرنیزم کاردانـەوەی هـەبووە. یـەکێك لــەو رەهەند گەلـە، سەرهەڵدانی بە پڕتاوی سینەما و تەلـەویزیۆن وەك فۆرمگـەلێکی

هونەری سەرەکی بووە. ڕەنگە هەڵکەوت نەبێ کە تەجرووبەخوازانی پاش مودێڕن، هەوەڵین نەوەی نووسەرانێك بوون کە لە نوقم بوون لە نێو دنیای تەلەویزیۆن گەشەیان کرد، یان هەندێ لە نووسەران ئەوەندە لەگەڵ سینەمادا مەحشوور بووبوون کە پێشینیانیان لە گەڵ ئەدەبیاتدا، کاردانەوەی تایبەتی تەلەویزیۆن و سینەما لەسەر چیرۆکی پاش مودێڕن، کاردانەوەیەکی بڵاوکراوە و هەمە لایەنە و تەشەنەکەر بوو، دیاریکردنی دەقیقی ئەم دیاردە کارێکی دژوارە، بەڵام ئاشکرایە، زانیاری لە ڕەوتی نومایشی فیلمێك ـ بڕینی بە پڕتاو، کەڵك وەرگرتن لە کۆکردنەوە و، جەخت لە سەر نما بەستراوەکان، نماگەلی جووڵەیی و شوێنکەوتی (تعقیبی) و باقی کەرەسە پێویستییە فەنییەکان ـ پێدەچێ بەدیهێنەری کاردانەوەیەکی قووڵ و ڕیشەدار بوو لەسەر نووسەرانێ کە کاریان دانیشتن لە پشت مێزی نووسین بوو (ئەم ڕەوتە، ڕەوتێکی دوولایەنەیش هەیە، تیۆری تەدوینی ئایزنشتاین بەرەیەك لە نووسەرانی خستووەتە ژێر کاردانەوەی خۆیەوە، بەڵام کەڵك وەرگرتنی «فلوبێر» لە کۆکردن (تدوین) لە دیمەنی (صحنە) نامرادی «بازاری مەکارە» لە «مادام بوواری» دا لەسەر فیلم سازان کاردانەوەی هەبووە). نووسەران نە تەنیا بە زوویی تێگەیشتن کە تەلەویزیۆن و سینەما دەتوانن بە شێوەگەلی گێڕانەوەیی (روایی) تایبەتی خۆیان کە کارسازتر لە چیرۆك بێژییە، سەروکاریان هەبێ (ێنەگریش، هەر بەم شێوە، بە یەکجار شێوەگەلی تایبەتی لە وێنەگری، هەلوەشاندبوویەوە) بەڵکوو حاڵی بوون هەندێ لە سازوکاری سینەمایی دەتوانێ لە ئەدەبیاتی چیرۆك بێژیدا کارایی و سوود بەخشی هەبێ.

خوێنەرانی فێرکراو لەگەڵ قەراردادە چیرۆکییەکانی سەدەی نۆزدە، پێدەچێ پێوەندییەکانی ئاشکرا و و تێپەڕ بوونە تایبەتییەکانیان (لە گێڕانەوەی چیرۆك بێژیدا) بە پێویست دەزانی، بەڵام دەرهێنەرانی سینەمایی بە زوویی کە کەشفیان کرد کە کاتێك خوێنەر لەگەڵ کۆمەڵێك قەرارداد گەلی جیاوازدا ئاشنا بێ

دەتوانین هەندێ لە ئاوەها خاڵگەلێك بسڕینەوە. (بۆ وێنە، لکاندنی وێنەی پیاوێك كە لە شەقامێكدا تێدەپەڕێ لەگەڵ نمایەك هەر لە ئەو پیاوە كە لە نێو هۆدەیەكدا دانیشتووە لەبەر چاو بگرن ـ لێرەدا هیچ پێویست ناكات كە نماگەلێك (دیمەن گەلێك) لە ماڵەكە، یان لێدان یان كلیل هاوێشتن و چوونە ناو و.... پیشان بدەین.) بەم شێوە پێگەی تەلەویزیۆن و راگەیاندنی تەلەویزیۆنی، كە لەم روانگەوە كاردانەوەی بناغەییان هەیە ـ دەتوانین لە زۆربەی بەرهەمگەلی پاش مودێرندا (بە فەرز لە «كوشتن خانەی ژمارە ٥، رگتایم» چیرۆكە كورتەكانی «كوور و بارتلمی» دا و بەرهەمی «مانوئێل پووئیگ و جاناتان باومباخ» بیانبینین.

ئەڵبەت كاردانەوەی تایبەتیتری دەرهێنەرانی تاك لەم بوارەدا ئینكار ناكرێ. «ژان لۆك گدار» پێدەچێ وەك هەر ناسراوێكی ئەدەبی تەسەوراتی نووسەرانی دەهەی شەستی خستبێتە ژێر ركێفی خۆیەوە، و فیلم گەلێك وەك: «هەشت و نیم» ی (فیدریكۆ فلینی)، «ئاگرانیسمان» ی (میكل ئانجلۆ ئانتۆنیۆنی)، «شاجوانی رۆژ» ی (لوئیس بۆنۆئێل)، «انزجار، نەفرەت» ی (رۆمەن پۆلانسكی)، (ئۆدیسەی فەزایی) ٢٠٠١ و دوكتۆر ئێسترنجلاو (ئیستنلی كوبریك)، و زۆربەی فیلمە نوێكارەكان، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر، ئەدەبی چیرۆك بێژیان خستووەتە ژێر كاردانەوەی خۆیانەوە.

## هەستانەوەی ئەدەبیاتی
## چیرۆكبێژی پاش مودێڕن:
## ١٩٦٠ـ ١٩٧٥

لەسەرەتاكانی دەهەی شەستدا ئێمە شاهیدی بڵاو بوونەوەی ژمارەیەك لە بەرهەمی چیرۆكی لە وڵاتی ئەمەریكین كە پیشاندەری هێڵكاریەكی زۆر جیاوازن لە چاو بەرهەمگەلی ٢٥ساڵی رابردوودا. نیشانەی ئەم گۆڕانكارییە لە هەستێتی جوانیناسیدا دەتوانین لەسەرهەڵدانی چەندین بەرهەمی سەرەكی لە

ماوەیەکی کۆتای ساڵەکانی ۱۹٦٥ ـ ۱۹٦۰ سۆراخ بگرین کە بێ گومان لە دابە واقیعگەرێیتیەکانی ئاسایی پچڕاون. ئەم بەرهەمانە بریتین لە: دلال نشئەجات (۱۹٦۰) و جیلز گوت ـ بوی (۱۹٦٦) لە جان پارت، ماوەی ۲۲ (۱۹٦٦) لە جوزف هێلێر، ئاوری رەنگ پەریو (۱۹٦۲) لە ولادیمیر نابۆکۆف، ۷ (۱۹٦۳) لە تووماس پینچوون، گەرێرەوە (برگرد)، دکتر کالیگاری (۱۹٦۲) لە دۆناڵد بارتلمی و ئاخێزگەی برونیست (۱۹٦۰) لە رابێرت کوور" بەرهەمگەلێك کە هەموویان لە لایەن نووسەرانێکی لاو و دەماراوی و لووت بەرزەوە نووسراون (ئەڵبەت لە بواری تەمەندا نابۆکۆف جیاوازە) ئەم بەرهەمە چیرۆکانە، کاردانەوەی نائاساییەکانی خۆیان، دەین لە ملی سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆر دەزانن، وەك: شانۆی پووچگەرا (کە لە نێوان کۆتایی ساڵەکانی دەهەی پەنجا لە کەش و هەوای شانۆدا لە دەرەوەی «برادوی» گەشەی کردبوو) موسیقای جاز و راك اندرول، پاپ ئارێت و باقی پێشکەوتنەکانیتر لەم کەش و هەوای هونەری (ئاوانێگارد) و چاو کردن لە «کافکا» و باقی تەجرووبە خوازەکانیتر (کە بەرهەمەکانیان لەم سەردەمەدا، بە ئینگلیسی وەرگێڕایەوە: سلین، رب ـ گریە و باقی نووسەرەنی رۆمانی نویێ فەرانسە، ژان ژنە، بورخس و گۆنترگراس)، و هەروەها شوور وڕاوەی دێوانە ئاسای نەوەی (بەیت) کە پێك هاتەکەی تێکەڵێکی بێ وێنە بوو لە رەشبینی، تارۆزی ئەدەبی، سووررریئالیزم، هێڵکاریە پێچراوەکان و تەژی لە (تەقارن) ی دور و (عەمەل، کنش)، توکمەییەکان، ئەمانە هەمووی لە رەنگاڵە سەرسوڕهێنەرەکانی شێوازدا خۆیان دەنواند کە بێ بڕانەوە بۆ خۆیان دەگەڕانەوە، چیرۆکی پاش مودێرن سەری هەڵدابوو.

لە رەوتی چیرۆکی پاش مودێرنی ئەم دەهەدا، تایبەتمەندییەکان ئەمانە بوون: رووکرد بەرەو ئەزموونی فورمە بەیانیە نوێکارییەکان، تویژینەوەی قەراردادەکان و رێچارەکان بە شێوەی رەخنەگرانە و هەوڵ بۆ دەرهێنانی وڵامە نوێیاوەکان، و

تێفکرین لـە ڕەوشـە سرووشـتییەکان بـۆ سـامان دانـی تێگەیشـتن، دەرخسـتنی ئاخێزگە ئایدۆلۆژییەکان، و سامان بەخشـی بـە گەڵاڵـەی سیسـتەمە نوێکـان ـ کارێك کە بە دەگمەن لـە عودەی بـرج عـاج نیشـانی ئاکادیمیـك دەر ئـەهات. ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی، ئێستا بوو بوو بە پێگەی نواندنی هەسـتە هاوبەشـەکانی زۆربـەی بیرمەنـدان و بەرجەسـتەترین شـارەوەندان کـە هەسـتیان دەکـرد کـە گەیشتوونەتە سەردەمی کابووسی ئـەتۆم، بـۆ ڤێتنـام، بـە ئـاخر زەمـانی ژینگـە (زیست موحیتی)، بە دەست درێژکاری سیاسی، بـە ئەرزشـە دژ ئاوەزییـەکان و غەیرە ئەخلاقی و گومڕا بووین کە بە ڕێز گرتن لـە زەینیات و دیاردە بێ ڕۆحـە ماندووکەرەکان، مرۆڤەکانیان لـە ئـەرزش و بایەخـداری سـڕیوەتەوە ـ ئەڵبەتـە ئەمانە هەمووی لەژێر سەردێڕی تایبەتی و ئایدۆلۆژییە پەنهانەکانـدا دەهاتـە دی کە بە ڕاستی پێویستیان بە تێڕامانی سـەرەکی و بنـەڕەتی بـوو. بـەردەوامی ئـەم هەسـتە، تامـەزرۆی هەڵوەشـانەوەی ئایدۆلۆژییـە دەسـەڵاتدارەکان (بـریتی لـە سیاسی، جنسـی، ئـەخلاقی، کۆمەڵایـەتی و جـوانی ناسـانە کـە هـەموویان بـە شێوەیەکی بەرچاو هاوبەندی یەکتریان دەنواند) و دەرخستنی بەڵگەی وجوودی ئەوانی بوو:

بنەماگەلی خۆسەرانەی داسەپێنراو و پێکهاتوو لـە هێزە مێژوویی و ئابوورییە پێچـراوە جۆراوجۆرەکـان، کـە وەك بنەماگـەلێکی ئاسـایی و ئاوەزمەنـد لـە کۆمەڵگادا جێگر بووبوو، هەرکام بە چەشنێك دۆخی هەنووکەیی جیهـان بـینی سەردەمیان قەڵەو دەکرد. هەر بەم پێیە، بۆتیقای زێدەرۆیی پاش مـودێڕنیزم کـە بە چەشنێکی ڕادیکـاڵ، ڕەوتـی شـێوەیەك بـوو لـە لاوازی و بـێ دەسـەڵاتی و ناخوشنوودی هەموولایەنەتر. ڕستەی «بە هیچ کەسێکی بانتر لـە سی ساڵ، بـڕوا مەکە» وتەیەکی ئاسـایی بـوو کـە لـە نێـو لاوانـی دەهـەی شەسـتدا دەبینـرا، لاوگەلێك کە لـەگەڵ ناوەرۆك و بنەمای ژیانێکی تایبەتیدا سـەریان هەڵـدابوو و گەشـەیان کردبـوو. بـەم جـۆرە بـێ متمانەییـەکی هـاو چەشـن لـە ئاسـت

«گەورەکان» لە لایەن چیرۆك نووسانی پاش مودێڕن دا دەبینرا.

لە کۆتایی دهەی شەست و سەراتاکانی دەهەی هەفتادا، بەرەیەکی نوێ و تازە پێگەیشتوو لە نووسەران، حوزووری خۆیان سەلماندبوو. لەم سەردەمەدا، دانەرانێك کە رەخنەگران ئەوانیان وەك دانەرانی پاش مودێڕن بە رەسمی دەناسی، چیرۆك گەلێکی تەجروبیان داهێنا: «لەنێو دڵی دیار» ی ویلیام گس، هەنگاوەکان بەرهەمی یرژی کۆزینسکی، یەکیەتی جیهانی بیس باڵ و دەنگ نووسینەکانی بەرهەمی رابێرت کوور، ژنی ستوانی فەرانسەوی لە جان فاولز، دڵەراوکێی یاریزان لە لێدانی پناڵتی لە پیتر هاندکە، سەد ساڵی تەنیایی بەرهەمی گابریل گارسیا مارکێز، زێدە رۆییەکانی پیتر برێنس لە ئێستیو کاتز، ژیانی شاری، چەرمووی بەفرین، رەفتاری ترسێنەر و کرداری نائاسایی لە دۆناڵد بارتلمی، و ٤٩ he Crying of Lot لە تووماس پینچوون، راوی قزڵئاڵا لە ئامریکا لە ریچارد براتیگان، جازبەی ئەولای جادەکە بەرهەمی تام رابینز، دوو بەرابەر یان هیچ بەرهەمی ریمۆند فێدێرمەن، و کتێبی موقەدەسی قاچاخچییەك لە جوزف مك ئیلیروی». کێشە ئەمە نییە کە ئەم نووسەرانە لە رەوتی نوێکاری چیرۆك بێژیدا، گەیشتوونەتە ئوسلووبی تاك و داهێنەرانەیەکی هاوبەش، بەڵکوو بە پێچەوانە: ئەوان سەرگەرمی توێژینەوە لە کۆمەڵێك رێبردە تازەگەرییەکان بوون کە زۆربەیان هەم لە فیکر و هەم لە کردەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتر بوو (بۆ وێنە، بە دژواری دەتوانین تەسەور بکەین کە دوو بەرهەم وەك: «دوو بەرابەر یان هیچ» ی فێدێرمەن و «لە نێو دڵی دیار» ی گس لە روانگەی جوانی ناسییەوە ئاوەها دژ بە یەك بن). بەم حالیشەوە، خاڵی هاوبەشی ئەم هەموو تەجرووبەگەرییانە ئەم تێگەیشتنە گشتییە بوو کە ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی پێویستی بە ناسینی چلۆنایەتی دەستکردی (تصنعی) و پێکهاتەی خۆیەتی تا لەم رێگەوە سەرەنجی خوێنەر بۆ چلۆنایەتی بەرهەمەکەی رابکێشێ، نە فەقەت بۆ کارەساتەکان، بە بێ بایەخی هەموو ئەو ئیدیعا حەقیقەتمەندیانە و حەساسییەت

لەسەر ئەم روانگە کە واقعییەت و عەینییەت نە (پێکهانگەلێکی داسەپاو)، بەڵکوو بنەماگەلێکی کۆمەڵایەتی یان زمان ناسانەن، نووسەرانی پاش مودێڕن بە نواندنی تەکنیکی بەرهەمەکان، بە راڤەی رەوتی هەستپێکراو لەو بەرهەمەدا، و سەرپێچی لە داهێنانی ئەم تەوەهوومە واقیعگەرایانە، روویان هێنا کە موحاکاتی هەست پێکراو لەو بەرهەمەدا، جیا لە خودی بەرهەمەکە عەمەڵ دەکا. لە ئایدۆلۆژی واقیعگەرایی یان بازنومایی دا، لەسەر ئەم خاڵە جەخت کرابوو کە وشەکان لەگەڵ بیرگەلێکی راستەوخۆ و داسەپاو و بێ مشت و مڕ پێوەندییان هەیە. لەلایەکی ترەوە، دانەرانی پاش مودێڕن ـ کە لە پانتایی جوانی ناسانەیەکی پەرەگرتوو لەگەڵ زمان ناسی سوسوری، و بۆچوونی ویتگنشتاین لە واتاوە وەك کاربرد، بنیاد خوازی، و روانگە بنەماشکێنەکان لە ئاستی زماندا، کاریان دەکرد ـ حەزیان دەکرد کە وشەکان وەك ئامێرێکی گۆڕانکار و سەقام گرتوو بە کەڵك وەرگرتن لە رێگەلی هەست پێکراو لە نیزام گەلی نیشانەیی دا کەڵك وەربگرن.

لەم سەروبەندەدا، باقی قەرارادە گێڕانەوە واقیعگەراییەکانیش کەوتنە کێش مەکێش و دژکارییەوە. ئەو فەرزەی کە زەینی یەکگرتوو لە دنیای جەوهەرە نەگۆڕەکاندا دەژیێ (یەکێك لە بنەماکانی چیرۆك بێژی سوننەتی) فەرزێك بوو کە چەندین کەرەت لە لایەن دانەرانی پاش مودێڕنەوە بە سووکایەتی ناوی لێبرا، بەڵکوو ئەم کارە بە جەخت کردن لەسەر سرووشتی رەوان ـ ئاڵۆزی و زەینی تەجرووبی و لاوە نانی جیاوازی نێوان زەینییەت و واقعییەت (لە بەرهەمەکانی فلیپ راس، جاناتان باومباخ، یان فێدێرمەن) دەهاتە دی و بە داهێنانی کاراکتێرگەلێکی قوتار لە هەر چەشنە کەسایەتییەکی جێگرتوو، یان کاراکتێرگەلێك کە دیمەن بە دیمەن سەرومڕ لە حاڵی گۆڕاندندا بوون (وەك: کاراکتێرەکانی رۆناڵد سۆکینك کە «وەك پەڵە هەورێك» لە تێپەڕبوون دان و یان تەجرووبەی پەخشانی ران سیلیمێن کە لەم بەرهەمەدا

بگێڕەرەو (راوی) مەوقعییەت لە رەوتی هەڵبـژاردنی زمانیـدا نـوقم دەبـن). لـە ئاوەها دۆخێـك دا، جیـا کردنـەوەی واقعییــەت و چـیرۆك، دانـەر و دەق، بـە چەشنێکی بەرچاو و ئاشکرا دژوار دەبوو. دانەرانی واقیعی بـە رێژەیـەکی بـەرز دەرباز بوونە هەمەلایەنەکانیان خستە نێو دنیـای چـیرۆك بێـژی خۆیانـەوە (وەك فونەگوت لـە قاوەتوونی چمپیونەکان و فاولز لـە «ژنی ستوانی فەرانسـەوی» دا یان سوکینك و فێدێرمەن لانیکەم لــە سـەرکۆی بەرهەمـەکانیان)، هەنـدێ لــە کارەساتە واقعییەکان، راپۆرتە واقعییەکان و هەواڵەکان زۆربەی بە ئوسلووبێکی کـولاژ شـێوە لــە بەرهەمـەکانی ئـەم نووسـەرانە تێکـەڵ بـووە، کـەوابوو جیـا کردنەوەی خاڵە دەستکردییەکان لـە خاڵە واقعییەکان کە بە راستی روویان دابێ نا مومکین دەبێ (لـەم بارەوە دەبێ ئاماژە بکەین بە بەرهەمەکانی بارتلمی، باروز، فونەگوت، هارولد جاف، کـوور، و ویلیـام کنـدی و...). ئـەم رووکـردە بـە کەرت بوونی پێوەندی نێوان کارگەی واقیعی و داهێنان و یـان نـەبوونی تـەبایی گشتی نێوان دو رەهەندە، لـە نووسینەکانی رۆژنامەوانی نوێکار وەك: تام وڵـف، ترومن کاپوت، نورمن میلر و هانتر تامسون یش بەرچاو و دیارە.

ئەم دانەرانە، هاورێ لـە گەڵ باقی نووسەرانی تر کە دوولایـەنی واقعییـەت چیرۆك یان تێکدا، نە تەنیا قەرارداد گەلێکی فرە چەشنیان لـە چیرۆك نووسـیدا، قوستبوویەوە بۆ بەرزکردنەوەی چەمکی پێشبردنی درام و هێلکاری (بیرنگ) بـە کار گرتوو، بەڵکوو دژکارییە زەینییەکانی خۆیـان (هەڵویسـتەزەینەکان) کـردە سەرلۆحەی بەرهەمەکانیان (رابێرت پیرسیگ لـە بەرهەمی «زێن وفەنی پاراسـتنی مۆتور و...، ماکسین هونگ کینگستۆن لـە بەرهەمی «ژنە گەریلاکـە و پیـاوانی چینی، پتر هاندکە لـە «پەژارەیەك ئەوپەڕی رۆیاکانـەوە ورای، وی. اس. نـایپۆڵ لـە بەرهەمی لـە «دەوڵەتی ئازاردا و...) نە ئـەوەی کـە داواکـاری ئـەوەین کـە دەقەکانیان دەق گەلێکی عەینی دەژمێردرێن. جیـا لــەم باسـە، جیـاوازی نێـوان پەخشان و شیعریش لـەبەر چاو نەدەگیرا و ئەم کارە نەتـەنیا لــە لایـەن چـیرۆك

بێژانەوە هاتە دی کە لە سەر چلۆنایەتی شاعیرانەی پەخشانەکانیان جەختیان دەکرد. (گس، بری هان، استنلی الکین، نابوکوف، هاوکز)، بەڵکوو شاعیرانێکیش کە بە توێژینەوەی پانتایی فورمە فرەچەشنییەکانی پەخشان روویان هێنابوو، هەر لەم رەوتەدا هەنگاوی ئەدەبیان هەڵدەگرت. تەنانەت رواڵەتی ئاشنای کتێبەکان ـ قەراردادەکان بۆ پیت چنی، سەفحەئاراییی، و باقی دیاردە رووکارییەکان کە لە پێناوی سامان بەخشینی خوێندنەوەدا بوون ـ لە بەرهەم گەلێك وەك: دوو بەرابەر یان هیچ لە فێدێرمەن، زێدە رووییەکانی پیتر پرنس لە کاتز، هاوسەرە غەریبەکەی ویلی مستز لە گس، دەوری کۆتایی لە کورتازار، ژیانی شاری لە بارتلمی و یان «سەیار» لە بۆرتۆر و... لە بەرچاو نەدەگیرا.

**پوختەی باسەکە:**

لە واقیعدا هەموو ئەو دیاردانەی کە چلۆنایەتی تەجرووبەی خوێندنەوەیان (خوانش) پێکدەهێنا لە ماوەی دەهەی شەستدا لە لایەن تەجرووبە خوازەکانی پاش مودێرنەوە کەوتە ژێر تێڕامان و لێکدانەوە.

سەرچاوە: ئەدەبیاتی پاش مۆدێرن: پەیام یەزانجوو

# پاش . پاش مۆدێرنیزم
# وەرچەرخانێکی نوێ
# لە گۆڕانکاری زانیاری هاوچەرخ

ئەگەر بمانهەوێ سەرچەشنێك لە «چیرۆکی پاش مۆدێرن» لە دەهەکانی «هەفتا و هەشتادا» ی زایینی دەست نیشان بکەین، بێ گومان ئەو بەرهەمە «سەد ساڵ تەنیایی» گابریل گارسیا مارکیز دەبێت.

لەم دەقەدا بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا، دوزە تەجرەبیەکانی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کۆمەڵایەتیدا، تێکالاوە. لە واقیعدا، شاکارەکەی «مارکێز» پڕ بە پێست نموونەیەکی باڵاو نواندراوە بۆ باشترین چیرۆکەکانی جیهان.

«سەد ساڵ تەنیایی» لە فرە لایەنەوە بە ڕوانینە جادوویی و ماکە «سوور رێئال» ی و باقی ڕەهەندەکانیتر، وەك ڕۆمانێکی «ناواقیعگەرایانە» خۆی نواندووە. بەم حاڵیشەوە بەو هەموو ئازموونگەرێتیەوە، «سەد ساڵ تەنیایی» دەقێکە شیاوی خوێندنەوەوە، چیرۆکێکی پێوەندیدار و ئافرینەری زۆربەی کەسایەتیە لە یادماندوەکانی دنیای ڕومان نووسی. ئەم چیرۆکە پێداگرانە، لە بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی و ڕەوان ناسی، ئاوڕ دەداتەوە، کە لە ئەزموون گەرێتی ژیانی ئێمەدا تەوەرە دەژمێررێن. بەم جۆرە «سەد ساڵ تەنیایی» ئەو تایبەتمەندیانە، کە بۆ «پاش مۆدێرنیزم» دیاری کراوە، دەگرێتە خۆی: خودئاگایی بەمیراتی ئەدەبی خۆماڵی، پەرە پێدانی ئەزموون گەرێتی تایبەت بەخۆ، پێداگری

و جەخت لەسەر پێوەندی بەرقەرارکردنی خوێنەران لەگەڵ دنیای دەوروبەریان. بە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر زۆربەی دەقگەلێك کە لە ساڵەکانی ١٩٧٥ بەولاوە بەدی هاتوون، نامەکانی بارت، جی ئارگدیس، زارِوەکانی نیوەشەوی سەلمان رۆشدی، خاربوتەی ویلیام کێندی، ـ دەتوانن هاوتا و لێکچووی یەك بە ئەژمار بێن. ئەم هاوتا تەجروبیە و تێروانینە نەریتخوازییە ئەدەبیە، ئەکرێ لە زۆر لایەنەوە، روون بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر رۆحی شۆڕشی گشتی، بێ بڕوایی و ناهێمنایەتی لە چەشنە چیرۆکە ورووژێنەرەکانی «دەهەی شەست و هەشتا» دا نواندرابا بەم جۆرە دەبا، داهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی کۆنەپەرەستانە، پاوانخوازانەی کۆتاییەکانی «دەهەی هەفتاو و سەرەتاکانی دەهەی هەشتا» بە ناچار لە ئەدەبیاتی ئەم خولە خۆی نواندرابا. ئەلبەتە ئەم دیاردە، بە مانای ئەوە نیە، کە دانەرانی ئەمرۆژی، لە چاو دە پانزە ساڵ پێش، کەمتر لایەنگەری تازەگەری ئەدەبین. هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە هەستیارانە، ئەبێ لەو پەڕی کەش و هەوای سیاسییەوە، کەشف بکرێ. کێشەکە ئەمەتە، بە گوڕبوونی ئەزموونگەریێتی، کە پێدەچێ، زامنی مانەوەی ساڵیانێك، لە رێبازی «پاش مۆدێرنیزم» بووبێ کەوتە بەر قەمچی ورووژمی یەك لە دوای یەکی، داهێنەران و رەخنەگرانێك، وەك: (گاردنێر، کارۆر، گورویدال، و گراف) ەوە. گرینگ تر ئەوەی کە: شاهێتی سەرهەڵدانی دانەرانێکین، بە سانایی توانیان لە بە بەستێنەگەلی جۆراوجۆر و بە رەوشگەلی نوێکارانە، لەسەر چەمکی جوانکاری و واقیعگەرایی، درووست بە هەمان شێوەی کە «فۆتۆڕێئالیستەکان» لە هونەری شێوەکاریدا، کردبوویان، دووبارە پێناسە بکەن و لێبکۆڵنەوە. ئەمە سناریۆیەکی ئاشنایە: شۆڕشە هونەریەکان تەمەنێکی سروشتییان هەیە و ناچار جێی خۆیان بە دۆخی هونەری تازە دەدەن کە داخوازگەل و پێداویستی پرسگەلێکیان هەبووە، کە لەگەڵ شوور و شەوقی گرۆی پێشوودا هاوبەند نەبوون، کەڵکەڵەیان ئەمە بووە: بە شێوەی تاکی خۆیان، دووبارە ئاورێك لە

پێناسەی خود بدنەوە. بە روانین لە سەر دەقگەلێك لە هەندێ لە نووسەران و زۆریش لە زەیندا کەوتوونەتە بەرچاو ـ دانەرانێك وەك: ران هانسن، یان ماك ئاوان، فێدرێك بارتلمی، ڤیلیام کێنیدی، تونی موریسون، جین ئان فیلیپس، ئێستیڤێن دیکسون، ریموند کارور و ئان بیتی ـ کە دەگەینە کەشفی هەستیارێکی جوانیناسانە، کە لەگەڵ ئەو هەستە جوانیناسانەی کە پێشتر نووسەرانی «پاش مۆدێرن» بناغەیان دارشت بوو، جیاوازیەکی ئەوتۆی هەیە. حەساسیەتێك کە پێدەچێ راکێشراوی «واقیع گەرایی تەجروبی» ـ لە روانگەی منەوە ـ بێ. مەبەستی من لە «واقیع گەرایی تەجروبی» ئەو چەشنە ئەدەبە چیرۆکیەتە کەلە ئەساسدا لە نێو دڵی خودی دۆزەکانی واقیعگەراییدا، بەڵام لە پانتایی رواڵەتدا، رێبردە تازەگەرییەکان، دەنوێنێ. وەك: (چیرۆکەکانی بیتی، کارۆر و بارتلمی، کە کۆتایەکی ئاڵ و واڵایان هەیە و دەقگەلێك لە سیلمین کە کەسایەتی و پێرەنگیان نیە)، و یان ئەو دیاردە نوێخوازییە کە لە زماندا رووئەدات (پەخشانی شاعیرانەی «فیلیپس» یان «ماکسین هۆنگ کینگستۆن» یان «مریلین رابینسۆن» یان «کولاژ» ـ تێکرا دارشتنەکانی «سیبمین»)، یان ئەوەی تازەگەری لە کەڵك وەرگرتن لە دەستمایە نا بنچینەییەکانە (وەك کەڵك وەرگرتن لە دەسمایەکانی «لێك هەڵچوو، درهەم ریختە» یان دەغەڵکاریە ئەفسانەییەمێژووییەکان لای «هانسن، کێندی، لێرلی سیلکۆ، و کینگستۆن) و... ئەڵبەتە خوربوونەوە و بەرەوخوار بوونەوەی «ئەزموونگەرێتی، تەجرووبەگەرایی» لە فرە لایەنی ترەوە، پێکهاتەی ئاشنایی پتری ئێمەیە لەگەڵ رێبردە تازە گەرییەکاندا کە سەردەمێك بۆمان زۆر دژوار و نامۆ بوون.

بۆیەکانی، چیرۆکگەلێك کە پاشتر ئەم رێبردە ئەزموونگەرێتیەکان بە کاریان دەبرد، ئاشناتر و کەمتر مەترسی هێنەر و ورووژێنەر ئەیاندایە بەر چاو، کەمتر پرشەیان دەنواند ـ کە واتە ئیتر بە هیچ کلوجێك وەك ئاسەواری تەجروبی نانوێندرێن.

نموونەی بەرچاو: (دنیا لـە روانینی گارپ) بەرهەمی «جان ئێروینگ» کە لـە روانگەی زۆربەی خوێنەراوە رومانێکی «تەجروبی» ناژمێردرێ. هەرچـەند لــەم دەقەدا ئەو پەڕی «تەکنیکی پـەڕ چـیرۆکی، فراداسـتانی) کـەڵك وەرگـیراوە ـ کتێبێك لـەنێو دڵی کتێبێکدا، تێکئاڵاوی چـیرۆك و واقعیـەت، خۆگەراندنـەوەی یاریکەرانەوە بۆ بەرهەمە پێشوەکانی دانەری دەقەکە ـ کە دەقە رادیکاڵـەکانیتر لـە دەهەی شەستدا بە کاریان دەبرد. ئەم وتە بەمانای ئەوە نیە بڵێین: دەقەکـەی (ئێروینگ) دەقیکی تەجروبی یان پەڕ (فرا) چیرۆکی نییە. ئەڵبـەت کـە ئاوایـە، بەڵام لـەو روانگەوە، چەسپاندنی ئەم سفەتە بۆ ئەم دەقە، لاوەکـی و ناسـەرەکی دەبێ. ئەم خاڵە لەبارەی زۆربەی بەرهەمە بە نرخەکانی چـیرۆك لــە سـاڵەکانی ١٩٧٥ تا ١٩٨٤ کە لـە ئامریکـایش بڵاوکراونەتـەوە، دەچەسـپێ. کتێبگـەلی وەك: «لــە دووی کاچـیاتۆ» بەرهــەمی «تـیم ئـوبراین»، پشـیلـەی دارکنۆیـل» بەرهـــەمی «ئێلێکســـاندر تـــرۆکس»، «ســبتی» بەرهـــەمی «جـــان بـــارت»، «جێکەوتوو» بەرهەمی «ئان بیتی»، «سابقەدار» بەرهەمی «کورت فونـەگوت»، «غەزەڵی سلێمان» بەرهەمی «تـۆنی مۆریسـۆن»، «سـیانەی ئابـانی» بەرهــەمی «ڤیلیام کنـدی»، «بەسـەر هاتنـەکانی کـە لــە ئەسـتێرەی کلکـداری هـالی» بەرهەمی «جان کالوین بچلۆر» ـ تەنیا وەك نموونە ـ رێبردە تەجروبیەکانی پـاش مــودێرن بــە چەشــنێك لـەگــەڵ دارِشــتنی دەقــەکانی خوێــان، جوانکارانــە، تێکەڵکردووە کە زۆربــەیان خـاوەن شـێوازی سـوننەتی دەژمێـررێن. هـەروەها ئاسەوارێکی تەجروبی «رادیکاڵتر» دەنووسرێن، بەڵام سەرەرای ئـەم جیاوازییـە بەرچاوانە ـ زۆربەی کتێبگەلێك کە لـە لایەن «پەخشکاری فیکشن کالـتیۆ» وە بڵاوکراونەتەوە، تەجروبە پەخشانیەکانی «ران سیلمین»، «لـی هیجینـان» «بـە رێت واتێن»، «چارلـز برنشتاین»، «پلاس» بەرهەمی «جوزێف مـەك ئێلـرۆی»، «قورمە سەوزی» بەرهەمی «گیلبێرت سۆرتینۆ»، «رۆمانەکانی پـانکی»، «کـتی ئێکێر» و بەرهەمەکانی «واڵتز ئێبێش» زۆربەی چیرۆکە گرینگـەکانی «دەهـەی

**هەشتا، نە تاکی تەجروبی بە چەشنێکی ڕوون و ئاشکرا خۆ نوێنەرانە، بوون، نـە لـەچەمکی واقیعگەرایانە و سوننەتی دەق گـەلێکی «بازنوومایانـە» دەژمێـررێن. هەر ئەم بارودۆخیشە دەتوانین لـە چەشـنە «هونـەرەکان» ی تـردا هەسـت پـێ بکەین کە لـەوانەدا مەنهەجگەل و ڕێکارگەلی نـوێ و پێشـکەوتوو، لــە لایـەن هونەرمەندانی سەردەمێکەوە، لە پێش چاوگیراوە (بە فەرز، کرتان لـە نوانـدن و پێرسـپێکتیوی تاکتـەوەری لــە هونـەری شـێوەکاریدا) بـەرە بـەرە لــە لایـەن هونەرمەمنـدانی نـەوەی داهـاتوو، وەرگـیراوە، دەرەنجـامی بووەتـە وەسـتانێکی سەردەمی تازە، کە لـە کۆتاییدا «شۆرشێکی» تازەی بە دوودا بووە. کە وا بوو، لـە راستیدا گۆرانکاریش بەردەوام لـە «هونەر» دا، وەك باقی شێوەکانی تـر کـە بێوچـان، چـیەتی (ماهیـت) واقێعیـەت (و چـۆنیەتی ژیـانی ئێمـە لــەم دۆخـە ورووژێنـەرەدا) شـکڵ دەدەن و ئـاوەژووی دەکـەن ـ ئاسـوودە لــە تامـەزۆری ڕەخنەگران بە سەرچەشنەراشکاوەکان ـ روو دەدات.**

سەرچاوە:

ئەدەبیاتی پەسامۆدێرن،

پەیام یەزدانجوو، ل٤٠ ـ ٣٦

# دیمانە لە گەڵ
# پائۆلۆکۆئێلۆ

» کۆئێلۆ «نووسەری توکمە و ناوداری» برازیلی «کـە ئـەمرۆژ لـەدنیادا نـاوی دەرکـردووە، خـاوەنی شـێوازێکی تایبـەتی ئەدەبیـە. چـیرۆکەکانی ئـەم نووسەرە، لە دنیادا بـە سـی و چـوار زمـانی زینـدوو، وەرگێڕراونەتـەوە و لـە هەفتاوچوار وڵاتدا، نزیك بە بیست و حەوت ملوێنی لێفرۆشراوە.

ئەم نووسەرە، لـە سـاڵی ١٩٤٧ ـ ٥٩ سـاڵ پـێش ـ لـە ریـۆدۆژانیرۆی، برازیل، ئامریکای باشوور، لە دایـك بـووە. تـا ئێسـتا لـە بـواری ئـەدەبیات و چیرۆکدا چەندین بەرهەمی باشی نووسیوە، وەك:» وررونیکا بڕیار ئەدا بمریٚ «،» دوەمین نووسراوە «،» نامەعاشقانەکانی پێغەمبەرێك «،» بریـدا «، بـە تایبـەت» کیمیاگـەر «، کـە چـیرۆکێکی درێـژە و لـەم چـەند سـاڵی دواییـدا، جیهـانی خستووەتە ژێر ئەفسوونی خۆیەوە، و لە کۆتـایی سـاڵەکانی» سـەدەی بیسـتەم «بوو بە دیاردەیەکی ئەدەبی و بانگەوازی جیهانی دەرکرد. ئەم چیرۆکە لە سەر ژیانی شوانێکی لاو دەدویٚ، کە بۆ وەدەستهێنانی خولیای و تامەزرۆکانی، ژیانی ئاسایی دەنێتە لاوە و دەکەوێتە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی گەنجێکی شـارراوە لـە نێـو بیاوانەکانی ئافریقـادا. لـەم گەشـتەدا، کـاکی شـوان لـە گـەڵ واتـای هەسـتی ئەفسانەی تاکی و ئیکسیری مەزنی بوونی خۆی روو بە ڕوو دەبێتەوە و دەگاتـە ئەو ئاستەی کە لـە گەڵ سەراسەری کاینات، پەیوەندی بگریٚ بە قەولـی زانایان، لە» کێسرەت «وەوە دەگاتە یەکبوونی» وەحدەت «. لـە نـاخی بەرهەمـەکانی»

کۆئێلۆ «دا رۆحێکی سووکی شهوودی، بـەڵام گشـتی و بـەرز، دەبینـرێ کـە خوێنەری شارەزا، هەست بەم سلووکە دەروونیە دەکا. نووسەر بە باڵی ئەو وزە ناوەکیەی، سەفەری دنیای دەرەکی دەکات و کون و قوژبنی دەگەڕێت و قوفڵی دڵی خوێنەران، جیاواز لـە زمـان و پێسـت و نـەریت، دەکاتـەوە و پەیوەنـدی یەکبوون ساز دەکات.

خوێنەر بە خوێندنەوەی، بەرهەمەکانی» کۆئێلـۆ «، سـلووکە دەروونـی و تەجرۆبـە زەینییـەکانی» مەولــەوی بـەلخی و مەلــەوی تـاوەگۆزی و عــەتاری نەیشابووری «وەبیر دەکەوێتەوە، کە کۆئێلۆ ئەم کارتێکردنانە بـە دیاردەیـەکی نەستی (ناخوداگاه) و ناوشیاریی گشتیی دەزانێ کە بێ شارەزایی لــە سـەر ئـەو بەرهەمانە، بە شێوەی» توارد «و زەینی گشتی و هاوبەشی وێنە، دەقەومێ.

مانگی» جـۆزەردان «ی ٧٩» کۆئێلـۆ «سـەردانێکی بـۆ» ئێـران «کـرد. گۆڤـاری» کارنامــە «لــە هۆتێــل» لالــە «ی تـاران رۆژی نـۆی جـۆزەردان، دیمانەیەکی سازکردوە، کە لـە کارنامەی ژمارە» یانزە «دا بڵاو کراوەتـەوە. بـۆ ئەوەی ئەوخوێنەرانەی دەستیان نەگەیشتووەتە ئەم گۆڤارە و نەیان خوێندوەتەوە، دەقی وت و وێژەکەمان، وەرگێڕاوەتەوە سەر زمـانی کـوردی و ئەیخەینــە بــەر دیدەی خوێنەرانی ئەدەب دۆست، هیواداریـن جێگای رەزامەندی بێت.

(وەرگێڕی ئەم دەقە: ع. م)

ـ بەرێز کۆئێلۆ، تا چ رادەیەك شارەزای ئەدەبی ئێران و نووسەرانی ئێرانی هەیت؟ نووسەرانی کۆن و نوێ؟

+ تارادەیەك ئاشنایەتیم هەیە. نە لـەگـەڵ نووسـەران و ئـەدەبیاتی سـەردەم. بەڵکوو لـە گەڵ نووسەران و شاعیرانی کلاسیك. بۆ وێنە لـە» عۆمەری خـەییام، مەولـەوی، حافز، سەعدی و... ئاسەوارێکم بە زمانی» پرتەقاڵی «خوێندوەتەوە. ئاسەواری ئەدەبی ئێرانی وەرگێڕاونەتەوە سەر زمانە زینـدوەکانی جیهـان، وەك زمانی پرتەقاڵی زمانی رەسمی وڵاتی برزیل.

ـ ئایا لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران، شتێك وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی پرتەقاڵی؟

+ نەخێر، ئەڵبەتە من ئەمەوێ ئەو کارە بکەم و هەندێك لەنووسەرانی ئێستای ئێران بە زمانی پرتەقاڵی بناسێنم. لە وت و وێژە چاپەمەنیەکانمدا ئاماژەم بەم خاڵە کردووە.

ـ هەر وەك دەزانن، عیرفانی» سوور پێستی «چەند ساڵێکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئامریکای باشوور، پەرەی سەندووە، کەسانێك وەکوو:» کارلۆس کاستاندا «ماوەیەکی زۆرە، گرم و قاڵێکی زۆری رێخستووە و زەینی گشتی جەماوەری بەرەو خۆی راکێشاوە، لەم بارەوە بۆچوونت چییە؟ ئایا تۆ بۆچوونی نوێباوترت هەیە؟ چ خاڵێکی هاوبەش نێوان تۆ و» کاستاندادا هەیە؟

+ هیچ لێکچوونێك نێوان بەرهەمەکانی من و کاستاندا دا نابینرێ. ئەمەیش بە جەختەوە دەڵێم، کە من و کاستاندا لە یەك خاڵەوە دەستمان پێکردووە. بەڵام لە دوو لایەنی تەواو جیاوازەوە، بەرەو پێش چووین. بە تەواو مانا من لەگەڵ کاستاندادا جیاوازم. کاستاندا نووسەری نەوەی» هیپی «یەکانە. من هیچ خاڵێکی هاوبەشم لەگەڵ ئەودا نییە. لەم دەمانەی ئێستادا، ئاوەها نووسراوەگەلێك، تەنیا بەکەڵکی کەسانێك دێ، کە لە هەموو لایەك پچڕاون و وزەیان لێسەندراوە. لە بەرهەمەکانی مندا هیچ جۆرە پێمۆرکێکی ئاوەها بە رواڵەت» مۆدێرن «نابینرێ. برازیل وڵاتێکی خاوەن فەرهەنگی سەر بەخۆیە و دەوڵەمەند. من بۆ ئەوەی شتێکی تازە فێر بم، بە پێویستی نازانم برۆم بۆ ئامریکا. ئەگەریش هاتووم بۆ ئێران، لەو باوەڕەدام ئەم وڵاتە، خاوەن فەرهەنگێکی بە پێزە. دەچمە» هێند «کە لەوانەشەوە شت فێر بم. خەڵکی فەرانسە، زۆر بە پێزن، دەڕۆم بۆ ئەوێ شت فێر بم، کەڵك وەردەگرم، بەڵام بۆ ئامریکا نە.

ـ لە دەقەکانی تۆدا جگە لە باری زمان، چ لایەنێکی دیکە وەك: بیرۆکە، بۆچوون، بیر و هزر و پەیامی تایبەتی دەبینرێ؟

+ من کاتێـك کتێـب دەنووسـم، لـە پلـەی هەوەڵـدا، بـۆ رازی بـوون و سوکنای دڵی خۆم دەنووسم. بە خاتری خۆم دەنووسم. ئەگەر بڕیار بێ کتێـب، پەیام و ناردنی تیابێ دەتـوانین، کتـێبی رێنـوێنی بـۆ بنووسـین. مـن لـەو چەشـنە نووسەرانە نیم. ئەگەریش لە بارەی پەیامی کتێبەکانمەوە، پرسیار بکەیت، دەڵێم: پەیامێکی تایبەتیان نیە. کتێبەکانم زادەی تەجرۆبە و هـزر و هەسـت و نەسـت و باوەڕەکانی خۆمنن، ئەمەو بەس نە شتێکی دیکە.

ـ ئایا ئەو هەموو کتێبە بۆ خۆتان دەنووسن؟

+ بەڵێ تەنیا بۆ خۆم دەنووسم. ٢٧ ملوێن لە کتێبەکانم فرۆشراون. ئەگەر ناوگین، هەر کتێبێکم، ٤ کەس خوێندبێتەوە، ئەوا پتر لە سەد ملوێن کـەس لـە جیهاندا کتێبەکانی منیان خوێندوەتەوە. ئەگەریش بمەوێ لە بارەی ئەوانـەوە بـیر بکەمەوە، بێ گومان شێت دەبم. ئەوەڵین کتێبم کە نووسی بـۆ خـۆمم نووسـی. تاکە خوێنەرێکیشم نەبوو. زۆریش کاردانەوەی هەبوو. لانیکـەم بـۆ خـۆم وەك مرۆڤێك. ئێستایش هەر وایە. تێدەکۆشم ئەو خاوێنێتـە هـەر بپـارێزم، خـاوێنێتی بەرامبەر بە دزێوی و نگریسی دا دەنێم.

ـ رێخەی نووسراوەکانت، لە کوێوەیە؟ مەبەستم، رۆحی بەرهەمەکانتە؟

+ دەبێ بیر بکەمەوە، بزانم مەبەستتان لە رێخەی بەرهەمەکانم چ لایەنەکە؟

+ مەبەستم رێخەی ئەدەبی دەقەکانتە و شـێوەی سـەرهەڵدانیان و چەشـنی رێبازە ئەدەبیەك کە دەینوێنی: لەتیفە، راز، کورتەچیرۆك و رۆمان؟

+ رۆمـان. مـن رۆمـان دەنووسـم. هەنـدێ لـە بەرهەمـەکانم پێکهاتـەی بیرەوەریەکانی ئازادی رۆژنامەیین. نووسراوە قەڵەمیەکان کە بە شێوەی ستوونی رۆژنامەیی نووسیومن. کۆم کردوونەتەوە.» نووسراوە، مەکتووب «لەم چەشـنە یادداشتانەتە. ئەڵبەتە رۆمان و چیرۆکیش دەنووسم.

ـ ئایا لێکچوونێك نێوان بەرهەمەکانی تۆ و نووسەرانی دیکە، لە زەمینـەی تەکنیك و گێڕانەوە (روایت) دا دەبینری؟

+ پێم وانیە لێکچوونێك هەبێ. کاری هیچ نووسەرێك لــە هــیچ نووســەرێکی دی ناچێ. ئەڵبەت کار ئەکەنە سەر یەکتری. نووسەرانێك، بێ گومان لـە من دا کاردانەوەیان هەبووە. بەڵام لاسایی کردنەوە و لێکچوون نە. بە تەواوەتی ئەمــە رەت دەکەمەوە. هیچ نووسەرێکیش ئەمە قبووڵ ناکات. بــە دووی لێکچــووندا مەڕۆن.

ـ زۆر باشە، ئەم کارتێکردنە کە ئاماژەی پێدەکەی، زۆرتر لـە لایــەن کــام نووسەرێکەوە بووە ؟

+ نووسەری خــاوەن شــێوازی ئامریکــایی» هێنــری میلێــر «، نووســەری ئارژانتینی» خورخە لۆییس بۆرخێس «،» ژێرژە ئامادۆی «ی برزیلــی،» ویلیــام بلێك «شاعیری وێنەخوازی ئینگلیسی. لـە بارەی بنمایە و ناوەڕۆکی دەقــەکانم، دەبێ بڵێم: چەمکی» عیرفان «ی لــە رۆژهــەڵاتی دوور و ژاپــۆن، لــە هــەوێنی بەرهەمەکانمدا دەبینرێ. هەموومان لــە بنــەمادا یــەك گەوهــەرین. رۆژگارێــك» سلێمان «سوڵتانی عالـەم بۆوە. چیرۆکەکانیی سەردەمی ئەو لـە هــەموو ئاقــار و دەڤەری جیهاندا، بڵاو کراونەتەوە.

ـ بە هەر حاڵ، حیکایەتەکانی تۆ، بــە تایبــەت ئەگــەر ئامــاژە بکــەین بــە» کیمیاگەر «، لـە قاوغی پەند و مۆچیاریدا، لـە بەرهەمەکانی» مەولـەوی «دەچن.

+ دیــان بەمــەدا ئــەنێم. ئەمــە بــۆ دیــاردەی زەیــنی گشــتی جــەماوەر، هەڵدەگەڕێتەوە.

– ئەوەڵین نووسەرێك کە لـە گەڵیدا ئاشنا بووی کێ بوو؟

+ لـە ژیانم دا ؟ ئەوەڵین نووسەرێك کە ناسیم،» ئاندرسن «بــوو.» هــانس کریستین ئاندرسن «ی چیرۆکنووس.

ـ دەقەکانی تۆ تێکەڵێکە لـە حیکایەت، لەتیفــەی ئــەخلاقی و شــێوەگەلی چیرۆکبێژی کۆن، لـە گــەڵ ئاســەواری:» هێرمــان هێســە، ســنت ئێگزووپــری، بۆرخێس و دیتران... هونەری چیرۆك بێژی چەندە گرینگ و پڕ بایەخ دەزانی؟

+ زۆر گرینگە. هەموو شتێك لە چیرۆكدایە.

- بۆچوونتان لە بارەی» ئەدەبیاتی پاش مۆدێرن «چییە؟

+ زۆر مەترسی هێنەرە. مەترسی هێنەر لەو بارەوە، لە بیریان ئەچێ، چیرۆك بلێین. هێندە لە بواری» شێواز و روالەت «دا، دەخنکێن کە» دەق «فەرامۆش دەکەن. ئەدەبیات چەمکێکە کە دەبێ ئێمە لە گەڵ باقی خەڵکدا هاوبەش و هاوچێژ بین. نە ئەمە کە تەنیا بۆ خۆمان بنووسین و جەماوەر تێنەگەن و ئێمە بە نابێغە و هەڵکەوتە بزانن. جەماوەریش زۆر پێچراوەن بەڵام دەبێ ئاگامان پێ لەوەی کە جەماوەر تێناگەن" بە حسابی تێگەیشتوویی خۆمانی دابنێین. ئەیانەوێ بەرگی دووەمی ئەوەڵ بنووسن، بەڵام ناتوانن و دەکەونە نێو خولی باتڵەوە.

ـ وا باوە کە برێك لە نووسراوەکانت، لەژێر کاریگەری» مەواد «و» ئەلکول «دا نووسراون، ئایا ئەمە راستە؟

+ نە، ئەم هەواڵەم لە ئێراندا خوێندوەتەوە و لە یەك دوو شوێنی دیکە، لەم بارەوە شتگەلێك وترابوو. هێشتا لە ژێر کارتێکردنی» مواد مخدر «شتێکم نە نووسیوە. ئاوا بەرهەمێکیش بە کەڵك نایێ. لە تاقی لاویمدا لە مەواد کەڵکم وەرگرتووە. ئەمە زۆر مەترسی هێنەرە، کاتێك ئەمە بیست راچڵەکام.

ـ لەوانەیە بە بەڵگەی نووسراوەگەلێك کە لە بارەی تاقی» هیپی «گەری خۆت، نووسیوتە، ئەمە وترابێت؟

+ من بە تەواوی دژ بە مەوادی مۆخەدێرم و جیاوزیش قایڵ نیم. بەرهەمێك کە لەو کاتا خولقرابێ بایەخی نیە.

- ئایا دەتوانی بە خوێندنەوەی پەخشانی نووسەرێك، جێنسی ئەو هەڵبێنی؟

+ نە. ئەمن لەو باوەڕەدام کە نووسەر لە کاتی ئەفراندندا، بە رۆحێکی ژنانەوە دەنووسێ. نووسینی چیرۆك جۆرێك ژان گرتنە. چیرۆ لە گەڵ

دیاردەکانی تردا جیاوازە.

ـ پاش چەند رۆژ سەردانت لە ئێران، لە بارەی فەرهەنگ و خەڵکەوە، چ روانگەیەکت هەیە؟

+ خەڵکی ئێران زۆر تێگەیشتوون. نێوان ژیانی ئێمەی برازیلی و ئێرانیەکان زۆر خاڵی هاوبەش هەیە. ئەڵبەتە فووتباڵی ئێمە زۆر بەرزترە.

ـ ئێمەیش شیعرمان زۆر باشترە.

+ بەڵێ لە گەڵتام، بەتەواوی.

ــ لە ئەدەبیاتی برازیل» ژۆرژە ئامادۆ «مان ناساندووە و» ژۆزە ئێسکۆنسلۆس «یش بە فارسی وەرگێڕراوەتەوە، هیوادارین ئاسەواری هاوچەرخی ئێرانی وەربگێڕرێتەوە سەر زمانی برازیلی.

ـ منیش هیوادارم. تێدەکۆشم بەڵکوو ئەم کارە بکرێ. گەڵاڵەیشم چنیوە کە خەڵاتێك بە ناو خۆمەوە دابنێم و لە سێ تەوەری: ئەدەبیاتی چیرۆك بێژی، غەیر داستانی، لێکۆڵنەوەی زانستی ئیسلامیدا، بۆ هەر کام خەڵاتی هەزاردۆلاری دابنێم و پێشکەشی کەم بە پلەی ئەوەڵ. هەر وەها گەرەکیشمە ئەم بەرهەمانە وەرگێڕدرێنە سەر زمانی پرتەقاڵی. لەم بارەوە لە گەڵ بەرپرسانی وەزارەتی ئێرشاد وت و وێژم کردوە. ئەگەر قبوولیان کرد لە ساڵەکانی داهاتوودا، لە سەر ئەم پرۆژە بەردەوام دەبین. بە سپاسەوە

# ئۆمبێرتۆئێکۆ

ئاماژە: ئومبرتۆ ئێکۆ، نیشانەناسی ئیتالیایی بە نووسینی رۆمانی پڕفرۆشی «گـوڵی سوور» لـە (١٩٨٠) ی زایینی ناوبانگی جیهانی دەرکرد. ئەم رۆمانە، چیرۆکێکە لـە بارەی کوشتنێکی نهێنی و سەر بەمۆر لـە سەدەکانی نـاڤین (قرون وسطی) کـە دواتر دەقەکەی کرا بە سیناریۆی فیلمێکی پڕفرۆش. ئەم دەسکەوتە بـۆ (ئێکـۆ) بوو بە هۆی ئەوە دووبارەچوونەوەیێك بکات بە سەر شێوازی هـزر کردنـەوە و پرسەکانیدا و پەیلواکانی (بۆچوون) خۆی لـە بەسـتێنەی پێوەندییـەکان و باسـە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێ، ئەم گۆڕانکارییـەش لــە کتـێبی «ئـەرکی خوێنـەر» و تیۆری «نیشانەناسی» دەکەوێتە بەرچـاو. لــەم دیمانــەدا (ئێکـۆ) بـاس لــە سـەر گرنگایەتی و بایەخی کارەکانی خۆی دەکات.

□ **ئێـوە نیشانەناسـن و خـەریکن لـە سیسـتەمی نیشـانەکان دەکۆڵنـەوە، نیشانەناسی بۆ خەڵکی ئاسایی سوودی چیە؟ ئایا لە بەرهەمگەلێك ئـاوا وەك کارەکـانی خۆتـان، دەتـوانین بگەیینـە ئـەنجامێکی کردەیـی و پراکتیکـی لـەم پرسەدا؟**

■ من زۆربە خۆم بە بیرمەند (فیلسـوف) دەزانم تـا نیشـانەناس، بـەڵام دەکـرێ بڵێین نیشانەناسی هەمەکی (عمومی)، بۆتە گرنگترین لقێك لـە فەلسـەفە. رەنگـە ئێستاکە پتر لـە هەر زەمەنێکی تر هەست بە هـەبوونی نیشانەناسـەکان بکرێـت. ئێمە واین لـە کۆتایی بە سەرهاتنی سەردەمی دووجەمسەری (دوقوتیی) جیهانیدا" لـەو قۆناغەدا، ئەوەی بۆ نیشانەناسەکان دەگەڕایەوە" ئـەوە بـوو: لــە کـام دوو

بۆچوون بۆ رەخنــە و لێتۆژینــەوەی سیســتەمەکەی تــر کــەڵکیان وەردەگــرت، کارەکانیش زۆر سادەتر دەهاتە ئەنجام" بەڵام ئێستا کۆی ئەم هەموو فەرهــەنگ، و ئەم هەموو زوان و شێوە بەڵگاندنە لـە هەمبەر وی دایە کە جــار هەیــە ئاشــتی خوازانەیە و جاریش هەیە زۆرە ملیّ و تەنگەتاو، بە بۆچوونی من لـەم دۆخــەدا، بەرامبەرکیّ و هاوسەنگاندنی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن یان بۆچوونە جیهانییەکان، پتر لـە هەر زەمەنێکی تر بە پێویست دێتە بەرچاو، ئەمەیە رێگا بــۆ کاری نیشانەناس. مــن ئەوەنــدە ســاویلکە و خــوش بــاوەڕ نــیم کــە پــێم وابــیّ «نیشانەناسی»، جیهان تەژی بکات لـە ئاشتی و تەبایی، بەڵام نیشانەناسی دەتوانیّ روڵی بەرچاوی هەبیّ لـە فێرکاری و دانانی رێك و پێکــی نێــوان حکوومــەت و مەردمدا" بۆ وێنە دەتوانیّ هەستێك بەرامبەر بە رێژەیی دیاردەکان، چەند لانــەیی فەرهەنگــەکان و مــۆراڵی خــۆڕاگری لــە مێشــکەکاندا بخــۆلقێنیّ. دەبــیّ لــەم رووکردەدا لـە سەر لاوان کار بکریّ، لـە تەمەنی خوار، تەمەنی سیّ ساڵ و چوار ساڵان بە دواوە، ئەگەر تەنانەت فێریان کەین کە لـە جیهاندا، زوانی جۆراوجــۆر و فرە چەشنەمان هەنە، کەروێشك بە ناوێکی ترەوە دەناسن، حەتمییە کە دڕنــدە و وەحشی نین. نیشانەناسی نە تەنیا لـە گەڵ زوانەکاندا، بەڵکوو لـە گەڵ هــەموو سیستەمە فەرهەنگییەکاندا، سەرووکاری هەیــە، کــە واتــە دەتــوانیّ پاڵپشــتێکی بەرچاو بیّ بۆ فێرکاری منداڵان تا بزانن لـە جیهاندا چەشنێکتر لـە جل و بــەرگ پۆشین و چێشت خواردن هەیە، یان بە لـەونێکی تــر هــەر گلێرگەیــەك خــاوەنی داب و نەریت و رەفتاری تایبەت بە خۆیــەتی و لــە هــەمان کۆمەڵگەدایــە کــە ئەمانە واتا و متمانە و بایەخی ئەوتۆ دەبەخشن.

شێوازێك لـە فێرکاری خۆڕاگری و لیکگەیشتن ئەمەیە" ئەگەر منداڵانی نــەوەی داهــاتوو بتــوانن بــە هــەمان رەوشــتی خۆڕاگرانــە بڕواننــە ئاســۆی نزامگــەلی جۆراوجۆر کە نیشانەناسەکان بۆی دەڕوانن" دەتوانین بڵێین کــە گەیشــتوین بــە دوندی پێشکەوتنخوازی!

گوتنی ئەم قسەیشە کە خەڵکان بە توانست کەین بۆ لێکگەیشتن و دەرکی ئەویدی، بەو مانا نییە کە دەرمان و چارەسەری هەموو کێشەکان و ئازارەکانمان دۆزیوەتەوە. ئاسپرین هەموو ئازارەکان سارێژ ناکات، بەڵام زیانێکی نییە ئەم دەرمانە بنێرین بۆ هەموو ئەو شوێنانە کە گیرۆدەی ئێپیدمی مالاریان. لەو بڕوایەشدا نیم کە زوان یان فەرهەنگی هاوبەش بە مانای برایەتی نێوان مرۆڤەکان بێ. هەندێ لە دزێوترین کێشەی دووسەد ساڵەی رابردوو، شەڕگەلێکی ناوخۆیی نێوان خەڵکانێك بووە کە بە یەك زوان پەیڤیان کردوە.

**□ سەرەڕای ئەمانە، باوەڕ بە چەشنێك (رێژەیی فەرهەنگی) هەمیشە هۆکاری ململانێ بووە. پەیلوای (بۆچوون) ئێوە لە بارەی ئەم پرسە کە، بە درووست یان نادرووست، «رێژەیی فەرهەنگی، نسبیت فرهنگی» دەخرێتە هەمبەر «هەمەکیی فەرهەنگی» چییە؟**

■ رێژەیی فەرهەنگی ئاوا دەڵێ کە دەرکی ئێمە لە جیهان تەشکی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێ، لە زوانەوە بیگرە تا مەزەب، هیچ بنەمایێکیش بۆ هاوسەنگیان وجوودی نییە. چەشنێك فرانەیی (زێدەڕۆیی) لەم بەڵگاندنە، ئێمە بەم ئەنجامە دەگەیەنێ، بۆ وێنە، هیچ رێگایەك بۆ وەرگێڕانی چەمکی تایبەتی لە زوانی «هوپی» سوورپێستان بۆ زوانی ئینگلیسی، یان بە پێچەوانە، نییە. ئەمە رێژەیی فەرهەنگی رەهایە. هەروەها کە (توماس کوهن) لە بارەی نموونە زانستییەکان دەڵێ، پێدەچێ ئەمانە شیاوی هاوسەنگی لە گەڵ یەکدا نەبن بەڵام ئەم دیاردە بە مانای ئەوە نییە کە نەتوانین لە گەڵ یەکدا هاوسەنگییان بکەین. بە راستی نزامگەلی (بەتلەمیۆس) و (کۆپیرنیك) شیاوی هاوسەنگی نین، بەڵام دەکرێ لە گەڵ یەکدا هاوسەنگیان بکەین، سەر بە خۆییان لە یەکدا نیشان بدەین، دەتوانین لەمیشە حاڵی بین کە گواستنەوەی یەکیان بۆ ئەویتر چۆن هاتۆتە دی. چەمکگەلی مانگ یان زەوی لەم دوو نزامە فیکرییەدا بە تەواوەتی جیاواز نین، هەر چەند ئەم دوو نزامە لە بارەی هەڵسووران پەیلواگەلی

جیاوازیان هەیە. رووکـردی نیشانەناسـی، مـەردم ناسـی فەرهـەنگی یـان هـەر رووکردێکی تر کە دەڕوانێتـە فرەچەشـنی فەرهەنگـەکان لـە سـەر هاوسـەنگی بنجبەستە. ئەم رووکردە وا لـە دووی مەبەستگەلێکەوە کە دەکـرێ لـە یەکـدا هاوسەنگیان بکەیت" ئەم رووکردە نزامەکان لـە یەك بازنەدا بە تـەواوەتی بەنـد ناکات، بەڵکوو دەگەڕێ بە شوێن زەمینە هاوبەشەکانیانا، و ئەگەر نەیدۆزییـەوە لـە جیاوازیەکانیان ڕێز دەگرێ. بـە بۆچـوونی مـن نێـوان ڕێـژەیی فەرهـەنگی و هەمەکیی فەرهەنگی دژبەریەکی نا ئاشتەوا وجوودی نییە.

وەك نموونەی تـر، زوانـە جیاوازەکـان لـەوانەیـە وتـەزای (مقولـە) جۆراوجـۆر تەنانەت بۆ دیاریکردنی شتگەلی ساکار وەك (چێو) بگرنە خزمـەت. ئینگلیـزی زوانەکان، واچە (وشە) ەی (timber)، (چێو) بـۆ دیـاری کردنـی کەرەسـەی بیناسازسی لـە (wood) بە مانای دارستان (جنگل) بە کار دەبەن، لـە حاڵێکـدا فەرانسەوییەکان واچەی (bois) بۆ هەر دوو مانا بەکار دەبـەن. بـە هـەر حـاڵ وەرگێڕان کارێکە مومکێن" ئەگەری ئەم کارە بنجبەسـتە بەمـە کـە دوو زوانـی جۆراوجۆر هەڵگری یەك ژوانگەن (وعـدەگا)" وەرگێـڕان کردارێکـە کـە لـەم پرۆسەدا زوانی (مقصد) هەوڵدەدا تا رادەیـەك کـە دەتـوانێ لـە زوانـی (مبـدا) وەرگـرێ و بیکاتـە تەشـکی زاراوەی خـۆی. بـۆ وەرگێـڕان لـە ئاڵمـانی بـە فەرانسـەوی، مـن پێویسـتم بـە زانـینی زوانـی ئاڵمـانی و دۆزینـەوەی دەقێقـی جیاوازییەکانی ئەم دوو زوانە هەیە. یانێ، هیچ شتێك پـتر لـە وەرگێـڕان نابێتـە خاوەن پرەنسیپی «هەمەکی بوون». گشتەکی خوازی (کـل گرایـی) ــ ڕێـژەیی فەرهەنگی رەها ـ ئێمە دەگەێنێتە ئەم ئەنجامە، کـە وەرگێـڕان مەیسـەر نـابێ، و ئەمە یانێ بۆ بەیانی فیزیکی ناوکی (ئەتومی) بە زوانێکی جەنگەڵی یا بـۆ بـەیانی کێشە و پرسگەلی جەنگەڵ نشینان بە زوانـە پێشـکەوتوە رۆژئاواییـەکان، هـیچ ڕێگا چارەیەك وجوودی نییە.

هەڵەیەکی بە تەواو جیاوازتر" بە ڵام هەر بەم پێوانە ئاشکرایە، ئەمەیە کە گومان

بکەین لە زواندا شتگەلێك هەن وەك «هەمەکی بوونگەلی شیاوی پێناسە»، و ئەمە کە فرە چەشنی زوانەکان بەم شێوە دەکرێ تا رادەی یەك تاکە زوان دابەزێنین. ئەگەر وتەزاگەلێکی گشتگیر وجوودیان هەبێ، واژەگەلی جیاواز و دژبەر وەك «ژوور» و «خوار» یان چەمکگەلی ئازای لەشی ئێمە وەنە دیاردەی (برسێتی یان تێری). نیاز نییە دوور بکەوینەوە تا بزانین کە چلۆن زۆربەی شتەکان، وەك چەمکگەلی خاسە و خراپە، تەنانەت نێوان خەڵکانێك تەوفیری هەیە کە بە نیسبەتیش پێکەوە نزیکن، سەرەڕای ئەمانە نێوان ئەو چەمکانە (دوو چەمکی خاسە و خراپە، جەخت لە وەرگێڕە) و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانیان، ئەگەری هاوسەنگی (مقایسە) هەیە.

ئێمە دەتوانین خوازەی وەرگێڕان وەك وێنەیەك بۆ روانینی خۆڕاگراانە بۆ جیهان، وەك رێنوێنیەك لە بەرچاو بگرین. لە روانگەی تیۆری رەها (مەحز) ەوە، ئەگەری وەرگێڕان نابێ بێتە کردە و هەبوون، کەچی جەماوەر پێکەوە پەیڤین دەکەن، واچەکان، وەردەگێڕنەوە و راڤەی دەکەن. لە بەستێنەی دنیای ئەبستراکتدا (ئینتزاع) دەکرێ بە هەڵخەڵەتاندن و فریوکاری، لە بزاڤێك یان هەر شتێکی تر نکولی لێ بکەیت، بەڵام ئەمە ئەو خەڵکانەن کە لە واقیعدا بۆ خۆیان دەژین و دەبزوێن. بە بۆچوونی من، رێکخراوەیەك وەکوو یۆنسکۆ دەبێ چالاکییەکانی جۆرێك بێ کە نە ئەوەندە فرە فەرهەنگی گەشە پێبدات کە ئەو فەرهەنگانە ئیتر نەتوانن یەکتر دەرك بکەن و نە ئەوەنەش لە دووی ئەوەدا هەڵەتە بێ کە ئەرزشە گشتییەکان بە سەرجیهاندا داسەپێنێ. ئەوەی کە پێویستە، فەراهەم کردنی زەمینەیە بۆ پەیوەندی فەرهەنگەکان لە گەڵ یەکدا. بە گشتی هەر فەرهەنگێك توانستی «وەرگێڕاندنی» فەرهەنگێکی دیکە لە زوانەکەیدا شك دەبا، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە بە نارێك و پێکی و شپرزکاریش ئەنجام بدرێ، ئەم هەڵوێستە هەر چاترە لەوەی بە شێوەی رەها کە لە یەکتر بێ ئاگا بن.

ئەم خاڵەش لە بارەی ئەو زوانانەی کە زۆر پێکەوە نزیکن" وەك ئیتالیایی و ئیسپانیایی دەچەسپێ. هەموو ئەو ئیتالیایانە وابیردەکەنەوە کە کەم یان زۆر دەتوانن لە زوانی ئیسپانیایی تێبگەن وە هەر وەهاش بە پێچەوانە" بەڵام لە هەر دوو زوانەکەدا، واچەگەلێکی هاوسەنگی گومڕاکەر هەن، وەك زاراوەگەلێك کە وەك یەکن بەڵام واتایەکی دژبەریان هەیە. ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوەیە کە دەبێ ئاگامان بێ لە هەڵەگەل و ئەگەری لە یەك حاڵی نەبوونی یەکتر، بەڵام لە کردەدا سەرەڕای ئەمە نابێتە هۆی ئەوە کە ئیتالیاییەك و ئیسپانیاییەك بتوانن قسەی یەکتر حاڵی بن.

□ **لێکگەیشتنی یەکتر یان قبووڵی فرە فەرهەنگی پرسێکە و داوەری شەخسی پرسێکی دیکە، بەڵام ئەم بیرۆکەیشە قبووڵ کراوە کە چەمکگەلی چاکە و خراپە لە نزامێکەوە بۆ نزامێکیتر جیاوازە، ئایا دووبارە بابەتگەلێکیترمان نییە کە لەواندا داوەری شەخسی بۆ هەڵاواردنی چاکە و خراپە بووبێتە پێوەر؟**

■ یەکێك لە جدیترین پرسەکان ئەم پرسەتە. جارێك کەسێك لە منی پرسی ئایا روانینی من بۆ ئەم پرسە دیدێکی کۆمەڵناسانەیە یان لایەنگرانەی ئەخلاق. وڵامی ئاسایی من ئەمەیە: کە کاتێ ئەبێ من دەسبکەم بە توێژینەوەی فەرهەنگێك کە پەرەپێدەری مرۆڤخوارییە، ئەو توێژینەوە لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە ئەنجام ئەدەم و هەوڵدەدەم بزانم کە چییە هۆکاری ئەم فەرهەنگە کە مرۆڤخواری بە رەوا ئەزانێ، بەڵام لە حەیسی رەفتاری شەخسی خۆمەوە، ئاکارگەلم بە من دەڵێ کە مرۆڤخواری کارێکی نارەوایە. کێشەکە کاتێك درووست دەبێ کە فەرهەنگەکان وان لە تەماسی یەکتردا. وای لێبزانن کە خەڵکی خێڵێك ئەیانەوێ کۆچبەری ئەم وڵاتە بن، ئایا تەنیا بە خاتری ئەوە کە رێزمان هەیە بۆ فەرهەنگەکەیان، بهێڵێن دەس بکەنە مرۆڤخواری، یان نە، بەریان بگرین چوونکای ئەم کردە دژبەری بە یاسایە؟

مەوقعییەتگەلێکی ئاوا دەبێ لە بارەیانەوە بڕیار بدرێ تا بزانرێت لە کوێدا بازنەی خۆڕاگری و بردباری بەربەست بکرێت. ئەگەر فەرهەنگێکی تایبەتی، بیەوێ ژنان باڵاپۆش (چارشێو) بپۆشن، من هۆکارێك نابینم کە بەری بگرم، بۆ ئەوەی ئەم دیاردە زیانی بۆ بنەمای ئەخلاقی من نییە. بەڵام ئەگەر لە فەرهەنگێکدا، هەوەها کە لە نێو فیرقە ئایینەییەکانی تایبەتدا ئەم کارە ڕەوایە، ڕاگوێزی خوێن بۆ منداڵانی نەخۆش قەدەغەیە، چوونکای بە پێچەوانەی نزامی ئەرزشی ئێمەیە، لێرەدایە کێشەکە تۆختر دەبێ، چوونکای یاسای هەمان وڵات دەڵێ کە ئەرکی سەرشانی مرۆڤە، کەسێك کە گیانێ لە مەترسیدایە دەبێ یارمەتی بدرێ. مرۆڤخواری دەبێ یاساغ کرێت بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی نزامە ئەرزشییەکانمانە" دەبێ بەو بنیامخوارە بڵێین «ئێستا کە هاتوویتە ئێرە دەبێ پابەندی یاسای تایبەتی بی». دەبێ سنوور لە بەرچاو بگیرێ تا ئەو رادە کە شیاوی خۆڕاگرییە، بەڵام شتگەلێك هەیە کە بەراستی تەحەمول ناکرێ ـ وەك نژاد پەرستی (بنەچەخوازی)، مرۆڤخواری، کوشتن و هتد.

بەراستی من لە وڵاتی خۆمدا ناتوانم یاسای قوربانی کردنی مرۆڤ تەحەمول بکەم، بەڵام ئەگەر بە من بڵێن، بڕۆمە وڵاتێکی تایبەتی یان هێرش بکەم و بیانکێشمە ژێر سوڵتەی خۆم تاوەکوو بتوانم لە قوربانی کردنی مرۆڤ بەرگری بکەم، لەو کاتەدایە من لە شوێنکاتێکی ئاڵۆزدا قەرار دەگرم. هەموو ئەو پاساوانە کە بۆ ئیستیعماریان دائەتاشی پەنگخواردەی ئەم خاڵە بوو: کە ئێمە دەبێ بڕۆینە وڵاتانیتر تا خەڵکەکەیان فێرکاری «چاکە و خراپە» بکەین.

دەبێ بۆ پرسگەلێکی ئاوا بابەت بە بابەت ڕێگای چارەسەریی بۆ بدۆزرێتەوە، و زۆربەیشیان ئازاردەرن.

درێژماوەیی پێش، لە دەهەی ١٩٦٠ ئەز لە ڕووناکبیرانێ ڕەخنەم دەگرت کە بێ ئەوەی لەم بارەوە زەحمەت بکێشن «فەرهەنگی هەموانی» یان ڕەتدەکردەوە، و جەختی من لە سەر ئەوە بوو کە ئێمە دەتوانین لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان

کەڵکی درووست وەربگرین. ئێستاش بە نسبەتی ئەو کاتە دژبینتر بووگم، چوونکای هەموان دەزان کە چلۆن ئەم شەڕە پلەبەندیکراوە، بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی لە لەحازی چۆنایەتییەوە تا دوایین پلە دابەزاندووە" بەڵام چمان ئەوە وایە کە بە ئەگەری وەرگێڕان ئیمان بهێنین و دوایی ئەم واقعییەتە فەرامۆش بکەین کە هەشتا لە سەدی وەرگێڕانەکان مەترسیهێنەرە چوونکای ئەم کارە بە پەلە کراوە، یان وەرگێڕەکان پاداشیان وەرنەگرتووە و ئا لەم جۆرە شتانە.

ئەمە لە بیر نەکەین کە فەرهەنگی هەمەکی ئەتوانێ بە مانای کەڵك وەرگرتنیش بێ لە تەکنۆلۆژییە نۆژەنەکان لە ئاستی زانکۆدا بۆ فێرکاری لە رێی دوور. ئێمە فەرهەنگی هەموانی بە ئاشکراترین نمودییەوە، یانێ تەشکە تجارییەکەی، هاوسەنگی نێرەرە تەلەفزیۆنییەکان دەزانین" کەچی فەرهەنگی هەموانی دەتوانێ بە مانای دەرفەتێك بێ بۆ وەگەڕخستنی ئاسانتری فەرهەنگ و فێرکاری، لە رێی دیسکتگەل، سی دی ـ رۆم و... هوە، کەوابوو بۆ وا بیر نەکەینەوە کە یۆنسکۆ بە کەڵك وەرگرتن لە رادیۆ و تەلەفزیۆن دەتوانێ نزامێکی پێوەندیداری بەربڵاو بۆ دۆزەکانی فێرکاری پێکبهێنێ؟

بایەخی بەشێکی سەرەکی لە رەخنەکانی من لە دهەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ هێشتا وەك خۆی ماوەتەوە، واتە کۆمەڵی رووناکبیری، هێشتا لە رهەندە نیگاتیڤەکانی «فەرهەنگی هەموانی» رەخنە دەگرێ بێ ئەوەی بە خۆی زەحمەت بدا هەوڵێك بێنێتە گۆڕێ بۆ چاکسازی. ئێوە لە گەڵ بنیامگەلێکدا بەرخورد دەکەن کە دەڵێن لە چاخی شارستانییەتی وێنەییدا بە سەر دەبەین و گوتاری نڤیساری لە ئاوابووندایە. فەرهەنگی هەمەکی دەبێتە هۆی بەرزی رێژەی داهێنانی بابەتی نڤیساری و پەرەپێدانی عادەتی خوێندنەوە.

بڕێك لە پەیلواکان دژبین و نالۆژیکییە، بەڵام ئەمە بەرگری لەوە ناکات کە بزانین تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان کەوتوونەتە داوی پێچهەڵپێچی بازرگانی، چەشنە هەستەکی خوازییەکەی، هەواڵی درۆینە رادەهێنێ و رووداوگەلی

هەستئامێز بڵاو دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، فەرهەنگی هەمەکی، بووگەتە هۆکاری هەڵخڕاندنی هەستی منداڵان بۆ پاراستنی دار و دەخت و سەرەوەچوونی ڕێژەی زانیاری گشتی بۆ ژینگە.

لە چالاکی مێدیاکاندا لایەنی پۆزەتیڤیش هەبوونی هەیە، وەك گەشەی زانیاری بەرامبەر بە چەکی ناوکی. لە بیرم دێ کاتێك لە دەهەی ١٩٦٠ ئێمە ئەمانەویست دژ بە شەڕی ناوکی لە ڕێگای خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی نامیلکە و هتد، چالاکی بکەین، خەڵکان روویان هەڵدەگێڕا. ئەوان لە بنەوەڕا نەیاندەزانی کە رادیۆئەکتیو یانێ چی و یا نەیانەویست بزانن. سی ساڵ پاش ئەمە، لە بەرەکەتی پەخش بوونی فیلمەکان، تەلەفزیۆن و چاپەمەنی ئەوان زۆرتر لە مەترسی شەڕی ناوکی ئاگادار کرانەوە. لە رۆگەی هەر ئەم راگەیاندنە گشتیانەوە خەڵکی هەندێ لە وڵاتان، پەی یان بە مەترسیگەلی پیسبوونی کەش و هەوا بردوە.

دەبێ هەردوو لایەن لە بەرچاو بگیرێ: تەلەفزیۆن دەتوانێ خەڵك بەرەو گەندەڵی، تەجاوز، بێهودەیی و چیتر رابکێشێ، لە هەمان کاتدا دەتوانێ رێژەی فراژووبوونی زانیاری گشتی بەرامبەر بە پیسی کەش و هەوا بڕسکێنێ، بۆ وێنە دابەزاندنی پێداگری خەڵکان لە هەمبەر یاساگەلی چاودێری لە ترافیك، یا ئەوان رازی بکات لە دەفعی زوباڵە (خەش و خاڵ) ەکانیان دیقەتی زۆرتر بکەن. ئەمانە واقیعەتگەلێکن دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، ئەگەری ئەوە هەیە سبەینێ تکنۆلۆژیەکی نوێتر دابهێنرێت کە سروشتی راگەیاندنیەکان ئاوەژوو بکاتن.

ئەمەشە بدرکێنین کە بڕێك لە نۆژەنییەکان کە سەرەتا پۆزەتیو دەهاتنە بەرچاو ئەگەری گۆڕینیان بە شتێکی نیگاتیو هەیە. لە سەرە تادا خاوەندارێتی (مالکیت) گشتی ئوتومبیل چاك دەهاتە بەرچاو بەڵام ئێستاکە هاتووچوو نێو جادەکان دەبێ سەرومڕ لە ژێر چاودێریدا بێ. ئەوەی کە پێویستە ئەمەیە کە لە عەینی وشیاریدا

دەبێ دایم لە پێشداوەری دووری بکرێ.

**□ بۆ هەرچی زۆرتر و زۆرتر لە رووناکبیران داوا دەکرێ تا رێگا پیشان بدەن؟**

■ به یەك واتا ئەم دۆخە بە درێژایی هەزاران ساڵ هەر بووە، چوونکای گلێرگەکان هەمیشە پێویستیان بەوە بووە تا بۆ نرخاندنی ئەرزشەکان، رولێك بسپێرنە ئەندامەکانی خۆی، وەك قەشەکان یان بیرمەندان.

دەتوانین دنیایەك بهێنینە پێش چاو کە لە وێدا هەر تاکێ بە نۆبەی خۆی: راوچی، ماسیگر، بیرمەند و چیترە، بەڵام لەوا کە گلێرگە پێکهاتەی مەردمانێکە کە زۆربەیان ناتوانن خۆیان وەقفی پرسی ئەرزشەکان بکەن، بە ناچار لە شوێنێکدا پێویست بە هەبوونی «قورخەکانی سوورپێستی» دەکات و لەوێدا کۆمەڵگە پشتگری لە مەردمانێك دەکات کە نومایشی ئەم رولەیان بە ئەستۆوەیە. ئاریشەکە لەوێدایە کە ئەمانە دەبێ نە وەك فریشتەی عالەمی غەیب بەڵکوو وەك راگوێزکارانێك دابنرێن کە لە رێگەی ئەوانەوە باسی ئەرزشەکان بگاتە دیتران.

ئەرکی شاعێران، زانایان و بیرمەندان ئەمەیە کە لە روانیندا بۆ روودانی کارەسات، باریك ببنەوە و بیخەنە ناوەندی تەوەج و دیدی دیتران تا ئەوانیش لەم بارەوە تێفکرێن. ئەمە ئەرکێکە کە بۆ رووناکبیران قایلین، به پەیلوای من کارکردێکی فیزیۆلۆژیکییە کە بەشی سیاسی گلێرگە ناتوانێ بێ ئەمە بژیت. تا ئەو شوێنەی پێوەندی بە منەوە هەیە، ئەمە بە ئەرکی خۆم نازانم کە لە تەشکی فریشتەیەکدا راوێژم لە گەڵدا بکرێت، و هەر بەم هۆکارەوە لە دیمانە و وت و وێژ پارێز دەکەم.

سەرچاوە: گۆڤاری پەیام یۆنسکۆ، ژمارە: ٢٧٧

# ئازادی دەربڕین و
# ئازادی چاپەمەنی،
# وەك مافێكی مرۆڤانی

ئــازادی چــاپەمەنی، مــەرجێكی پێویســتە بــۆ دەســەڵاتدارێتی دروســت و دادوەرانــە و ســەقامگیر بــوونی گەشــەی كۆمەڵایــەتی. «مــافی زانیــاری» یــش پەیوەســتە بــە پرۆســەی ئازادانــەی بزاڤــی راگەیانــدن و ئاســتی ســەربەخۆیی «راگەیاندن» گەلێك كە هەڵگری هەندێ ئارمانج و پێمۆری بەرزی پیشــەیی و مۆراڵین. *

مافی ئەندێشە و هەبوونی عەقیدەی تایبەتی و هەست و دەربڕین، مافی سرووشــتی هەر مرۆڤێك و بەشێكی لێكنەچڕاوی كەرامەتی مرۆییــە. ئــازادی چــاپەمەنیش، بەشــی تەواوكــەر و قەڵەوكــەرەوەی ئــەو مافــە ســەرەكییەتە كــە لــە هــەرێمی مرۆڤایەتیدا ـ چ پیاو و چ ژن ـ شیاوی وەرگرتنی ئەو دیاردەن كــە ئەگــەر ئــەم چەمكە ئازادیانە، بە رێكەوت و یان چەشنێك «سەپاندنی ئــەركی رۆژئــاوا» لــە سەر باقی وڵاتانی جیهانی، بزانین، ئەمە دەبێتە روانگەیەكی یەكجار نابەرابەر لــە هەمبەر «مرۆڤایەتی» و هەڵهێجاندنی واتاكەیشی ئەوەیە كــە ئــەمڕۆ لــە جیهانــدا تاكگەلێك هەن كە بە هۆكاری باری سرووشتی یان فەرهەنگییەوە، ســازوكاری پێویســتیان بــۆ كــەڵك وەرگــرتن لــە چــەمكی ئــازادی نیــە و بــێ بەشــن لــە هزركردنەوە و دەربــڕینی دۆزەكانیــان. ئــەم روانگــە، لــە ناخــدا، دژ بــە دۆزی

جیهـانی بـوونی شـەرافەتی مـرۆڤ و جـاڕی جیهـانی مـافی مـرۆڤ و مەنشـووری ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی و بـە تێکـڕا بەرنامـە دژ بـە ڕەگـەز پەرەسـتییەکان و ڕێکخـراوە دژ بـە نابەرابەرییـەکانی مرۆڤایـەتی، دەژمێـررێ. ئایـا دەکـرا، ڕۆژئاواییەکان، بە هۆی ئەوەوە کە (چەرخ و ئەلفیێ) لـە ڕۆژهەڵاتـەوە سـەری هەڵداوە، قبووڵیان نەکردبایێ ؟ یـان ئـەگونجا، ڕۆژهەڵاتییـەکان، ئاهەنگـەکانی «مۆزارت و شۆپێن» کە چوون ڕۆژئاوایین نەبیسن و خوازیاریان نەبوایێن ؟ یان، ئەفریقاییەکان کە چوون واکسێنی دژ بە نەخۆشیە تەشەنەکەرەکان، دەسکەوتی خودی ئافریقا نیە، ئیتر ڕەتی بکەنەوە و نکولی لیێ بکەن ؟ یان بڵێن کە چـوون سەرەتای ڕەوتی دەوڵـەتی مودێڕن و نوێنەرایـەتی کردنـی دەنگـی تاکـەکان لـە ئامریکای باکوور و ئەورووپای ڕۆژئاواوە، سەری هەڵداوە و تەشەنەی کردووە، ئیتر پێکهاتە ئەرزشییەکان کە بناغەدارێژی ئـەو دەوڵەتانەتـە، بـە کـۆی جڤـێنی مرۆڤایەتییەوە پێوەندی نیە و قوتار کراوە؟

**ئازادی چاپەمەنی، لە بنەمادا، بابەتێکی مۆراڵی ئەخلاقییە**

کەوابوو، ئازادی چاپەمەنی بناغەیەکی ئەخلاقی هەیە. هەر وەهـا بابـەتێکی سیاسی و مافێکی مەدەنیشی هەیە. لـە سـەر بناغـەی مەنشـووری ڕێکخـراوەی نێونەتەوەییەکان ـ کە کۆی ئەندامەکان دەرەوەسـتی بـوون ـ هـەموو وڵاتـەکان بەرپرس کراون کە ڕێگا خۆش بکـەن بـۆ ئاسایشـی هـەموو چـین و توێـژەکانی میللـەت و تێبکوشن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ئەم ڕەوتـە ـ نـە توێـژێك و یـان تاقمە و ڕەگەزێك ـ کە وابوو فەرز لـە سەر ئەمەتە کە شاروەندان ئەو شتەی کە دەوڵـەتەکانیان بە نوێنەرایەتی ئەوانەوە، دەیڵێن و یان دەیکـەن، بیـزانن و کـۆی توێژەکان بتوانن، داخوازەکانیان بگەیەننە نوێنەرایەتی دەوڵـەتەکانیان.

«مافی وەدەست هێنانی زانیاری» پێویستی بە ڕەوتێکی ئازادی ڕاگەیانـدن و دۆزە نەتەوایەتی و نێونەتەوەییەکان هەیە، هەر وەها کە پێویستی بە چـاپەمەنی و ڕێسانەگەلێکی وزەمەند و پیشەیی «حرفەای» یش هەیە.

## ئازادی چاپەمەنی، مەرجی گەشە پێدانە

لە سەدەی هەڤدە و هەژدەی زایینیدا، رژێمە کومۆنیستەکان، دیکتاتۆرە راستەکان و «پێشکەوتخوازانی» رۆژئاوا، بە یەکبوونێکی ناحەز، لەسەر ئەم خاڵە جەختیان دەکرد کە رەوتی ئازادی راگەیاندن (جریان آزاد اطلاعات)، دەبێتە هۆی لەرزۆکی بنەمای هەندێ لە وڵاتەکان.

بە باوەڕی ئەوان، ئازادی، دەبێتە هۆی دواکەوتن و کەل و پەلێکی تەجەموڵی کە وڵاتانی لە دۆخی گەشە، توانای کڕینی ئەم دیاردەیانە نیە. ئەم روانگە، لە یۆنێسکۆدا باسێکی دووبەرەکی وروژێنەرانە و تێکدەرانەی لە ژێر ناوی «پێوەندییەکانی جیهانی نوێ و نەزمی راگەیاندن» ی هێنایە ئاراوە.

بەرپرسی پێشووی یۆنێسکۆ، فێدریکۆ مایۆر، لەسەرەتای دەستپێکردنی خولی بەرپرسایەتی خۆی لە ساڵی ١٩٨٧ دا، تێکۆشا کە چالاکییەکانی یۆنێسکۆ، بە چەشنێك هێڵ بەندی بکات و بیباتە ئاراستەیەکدا، کە نەبێتە هۆی قۆرخکردنی رێسانەگەلی حیزبی. مێژوویش ئەمەیە ئیسپات کرد کە چالاکییەکانی مایۆر و باقی پشتگرانی ئازادی چاپەمەنی، درووست و بەجێ و ئەرێنی بووە.

ئەگەر چاودێری سەخت لەسەر راگەیاندن و نەبوونی رەخنە، سەرچەشنێك بوایێ بۆ دابین کردنی سازگاری و پێشکەوتن، نە ئەبوا، رژێمگەلی کۆمۆنیستی ئورووپای رۆژهەڵات بڕووخایەن و رژێمە پاوانخوازەکان بە مودێلێکی گەشەخوازی هاوکێش (متوازن) و (هاوسەنگ) بگۆڕایەن. بەڵام، واقیع بە پێچەوانەی ئەمەبوو. هەروەها کە پیشان دراوە، ئازادی چاپەمەنی نە تەنیا بەرهەڵستکەرە، بەڵکوو، مەرجی تەواوە بۆ مانەوەی دەوڵەتێکی لایەق و دابینکەری گەشەی هەرمان و نەبڕانەوە.

شەست پەخشکار و سەرنووسەر و رۆژنامەنووسی ئافریقایی لە کۆتایی کۆبوونەوەی (٣ ی مانگی مەی ١٩٩١) لە قاوغی «بڕیارنامەی ویندهۆك» دا،

لەسەر ئیجابیەتی ئەم خاڵە ـ ئازادی چاپەمەنی و مەرجی گەشە ـ جەختیان کرد و بە راشکاوی رایان گەیاند. بەڕێوەبەری ئەم کۆبوونەوە یۆنێسکۆ بوو و پشتگرانیشی «فێدراسیۆنی نێو نەتەوەیی رۆژنامەنووسان (IFG) و ئەنجومەنی جیهانی رۆژنامەکان (WNA و پاشانیش FIEG). نوێنەرانی رێسانەگەل و رۆژنامەگەلی سەربەخۆ لە چوارگۆشەی ئافریقا، قەیرانی نەبوونی ئازادی چاپەمەنی و وڵامدانەوە و چاودێری کردنیان، بە مەزنترین هۆکاری (دزێوکاری) گەندەڵکاری (فساد) و زێدە رۆیی (اسراف) لە وڵاتانی خۆیاندا، زانی و ئەم دیاردەیانە بە توندی ئیدانە کرد.

زانیارییەکانی بانکی جیهانی، جەختێکە لەسەر ئەم روانگە. ئەم لێکۆڵینەوانە، نیشانەی ئەوەتە کە هەرچی ئازادی چاپەمەنی لە وڵاتەکاندا، پتر بێ، چاودێری و کۆنترۆڵی گەندەڵکاری ئاسانترە. هەروەها نیشان دراوە کە لە نێوان بۆچوونگەلی تاکەکان و بەڵێنی دەوڵەت لە لایەکەوە و سەرچەشن گەلێك وەکوو داهات (درامد) ی سەرانە، رێژەی مەرگ و میری منداڵان و نەخوێندەواری گەورەساڵان لە لایەکی ترەوە، پێوەندییەکی دوولایەنە و ئەستووری هەیە. «جەیمز د. وڵفێن سۆن» بەرپرسی بانکی جیهانی، لە کۆمیتەی ئازادی جیهانی چاپەمەنیدا، بەراشکاوی لە ئازادی چاپەمەنی پشتگری کرد و لە وتەکانی خۆیدا لە (٨ی نوامبر) ساڵی ١٩٩٩ لە بارەی «هارۆڵد. دەبلیۆ ئاندێرسۆن» ئاماژەی کرد کە: «ئازادی چاپەمەنی مەرجێکە بۆ گەشەی بەرابەر و هاوسەنگ» ئەو لە هەمبەر ئاکامی لێکۆڵینەوە و راپرسێك کە لە بارەی ٦٠٠٠٠ کەس لە سەر ئاستی ژیانی هەژارانەوە لە ٦٠ وڵاتی جیهاندا، کرابوو، گوتی: «ئەو دیاردەی کە لە ئەساسدا بووەتە هۆی جیاوازی کەمدەستان و باندەستان، نەبوونی دەنگ، بێ دەسەڵاتی توێژی هەژارە لە دەربڕینی داخوازەکان و راگوێزکردنیان بە بەرپرسان و نەبوونی توانایی ئەوان لە نیشاندانی دۆخی نالەباری ژیانی نابەرابەر و... هەندێ هۆکاری ترە، ئەڵبەت

ئەمە تەنیا لایەنێکی دۆزی گەشەیە. ئـازادی چـاپەمەنی تەفسـیر نیـە، بەنـدێکی پەیوەستیش نیە، ئازادی چاپەمەنی، راستەوخۆ لـە نێـو دڵـی گەشـەی بەرابـەر و هاوسەنگدا هەیە، ئەگەر نەتوانن هەژاران لـە مـافی دەنـگ دەربـڕین بـەرخوردار بکەن، ئەگەر مـافی ئـازادی دەربڕینیـان نـەبێ، ئەگـەر چـاوێکی تیـژ بـۆ دیـتنی گەندەڵکاری (فساد) و نابەرابەریان نەبێ، نـاتوانن، کـۆی جـەماوەر، جۆرێـك بسازێنن کە لەواندا ئاڵ و گوڕ بەدی بێنن.

## رێبردی یۆنسکۆ بۆ ئازادی چاپەمەنی

هەروەها کە «ئالێن مۆدۆ» بریکاری بەرپرسی گشتی بەشی ئازادی دەربڕین و دیمۆکراسی یۆنێسکۆ دەڵێ: ئازادی چاپەمەنی لـە واقیعدا بە واتای «دانی مـافی ڕا دەربڕین بەو تاکانەیە کە ئاوا مافێکیان نیە». ئەم وتە تەنیا یەکێکە لـە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی رێبردی یۆنیسـکۆ لــە هەمبـەر ئـازادی چـاپەمەنی کـە بـەڕێز «مایۆر» بە جیدی هەوڵی بۆ دا و بەرزی کـردەوە و بریکـاری ئـەویش، بـەڕێز «کویچیرۆ ماتسۆرا» خۆی بە بەرپرسیار زانی بۆ بەڕێوە بردنـی ئـەم هەڵوێسـتە. کە وابوو یەکێك لـە دۆزەکانی یۆنیسکۆ" قەڵەو کردنەوەی توانسـتی پێوەندییـە مرۆییەکان لـە وڵاتانی لـە دۆخ گەشەدایە و بردنە سـەرەوەی ڕێـژەی بەشـداری تاکەکان لـە کێشـە سـەرەکییەکانی نێـو کۆمەڵگـە. ئـەم چەشـنە ئارمانجگەلــە وەکوو: بەرەنگاری دژ بە هـەژاری، فێـر کـردن و بارهێنـانی گشـتی، پاراسـتنی ژینگە، بەرەنگاری دژ بە ئێدز، بردنە سەرەوەی ڕێژەی مافی مـرۆڤ و فەرهـەنگی ئاشتی، تەنیا لـە هەل و مەرجێکدا دێنە دی و سەردەکەون کە ئەوانەی پێوەنـدی ڕاستە و خۆیان بەمەوە هەیە ـ خەڵکانێك کە لـە ئاقارە لادێکاندا و لـە پەراوێزی شارەگەورەکاندا دەژین ـ ئەم چەمکانەیان قبووڵ بێ، بۆ ئەم مەبەستە دەبـێ بـەم خەڵکانە زانیاری پێویستیان پێبدرێت بۆ دەربڕینی دۆزەکان و داخوازەکانیان. بەم هۆیەوە یۆنێسکۆ، لـە دامەزراندنی ڕاگەیاندنە نێوخۆییەکان ـ بـە تایبـەت ڕادویێ نێوخۆییـەکان ـ پشـتگری کـردووە و بـۆ فێرکردنـی پیشـەیی کـارگێڕانی ئـەو

دەزگایە، بەڵێنیشی داوە.

**پەرە پێدانی فەرهەنگی ئاشتی لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە**

پشتگری پراکتیکی لە ڕاگەیاندنە سەربەخۆ و نادەمارگرژ و لووت بەرزەکان (غیرمتعصب) لە خولە قەیرانییەکانی" رۆئاندا، بڕۆندی، بۆسنی و کۆزیڤۆدا بە مەبەستی دۆزی بەشداری کردنی یۆنێسکۆ لە سەقامگیرکردنی «فەرهەنگی ئاشتی» بایەخێکی زۆری هەبووە. پتەو کردنەوەی پێوەندی نێوان رۆژنامە نووسانی پیشەیی سەر بەنەیارەکانیش یەکێکتر لە دۆزە رەواکانی ئەم ڕێکخراوە بووە. پێکهاتنی یانەی چاپەمەنییەکان (خانە هـای مطبوعـاتی) لە رۆئاندا، بڕۆندیدا بۆ بەشداری رۆژنامە نووسانی «تۆتسی و هۆتۆست» و هەروەها بەڕێوە بردنی کۆڕ و باس و لێکۆڵینەوە لە (بیت المقدس) نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان، نموونەگەلێکی عەمەلین لەم چالاکیانەدا، کە «ئالێن مۆدۆ» ئەم رەوتە بە «گەشەی فەرهەنگی ئاشتی لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانە» وە دەزانێ.

یۆنێسکۆ بۆ پەرە پێدانی ئارمانجی ئازادی چاپەمەنی لە ئاستی جیهانیدا، دۆزی تایبەتی خۆی بۆ جەخت کردن لەسەر رۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی ٣ ی مانگی مەی، ساڵهاتی جاڕی (ویندهۆك) پێکهێناوە، بە چەشنێك کە بەهای ئەم رۆژە هەرساڵ پتر و پتر دەبێ. لە هەندێ لە وڵاتەکاندا، یۆنێسکۆ بە هاریکارییەکانی خۆی تێدەکۆشێ تا بەستێنە بۆ دابینکردن و قەڵەوکردنەوەی ڕاگەیاندنە فرەدەنگییە سەربەخۆوەکان هەموار بکات.

دەستەی بەرپرسایەتی یۆنێسکۆ، لەسەر دۆزی داهێنانەی «مایۆر» بۆ «رۆژنامەنووسانی لێهاتوو» خەڵاتی ساڵانەی ئازادی رۆژنامەنووسییان دانا کە بۆ هەوەڵین جار لە ساڵی ١٩٩٧، دەستەی ناوبژیوان، پێکهاتوو لە چەند رۆژنامەنووس ئەم خەڵاتەی بەخشییە «جائۆیۆ» رۆژنامەنووسی بەندکراوی چینی. بەڕێز مایۆر لە هەل و مەرجێکدا ئەم کارەی کرد کە لە ژێر گوشارێکی

توندی سیاسیدا بوو. ئەم خەڵاتە بە ئیفتخاری «گیلێرمۆ كانۆ ئیسازا» رۆژنامەنووسی بەناو بانگی «كولومبیایی» كە لە ١٧ی دێسامبەری ١٩٨٦ لە نزیك نووسینگەی رۆژنامەكەی، ئێل ئێسپێكتادۆر، تیرۆر كرا، بە «خەڵاتی ئازادی جیهانی رۆژنامەنووسی یۆنسكۆی گیلێرمۆ كانۆ ئیسازا» نێودێركرا.

ئاشكرایە كە هەبوونی یاسا و چوار چێوەیەكی یاسایی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی، سەرەكی ترین مەرجە بۆ رۆژنامەنووسی تەواو ئازاد. بەڵام بە تەنیا تەواوكەر نیە. هەندێ لەو وڵاتانەی كە تازە بەرەو ئاراستەی دیمۆكراسی دەچن، كاتێك كە دیتیان شەقامەكان تەژییە لە رۆژنامەی نوێ، ناهۆمێد بوون. لە هەندێ لایەنیشدا، رێژەی ئەم راپۆرتانە كەم مایە و بێ بنەما بووە. راپۆرتی سەرچاوە سەرنەكەوتووەكان، باس لە هەبوونی دەسیسە و تەڵەكەی هەست پێكراوی دەوڵەتی و هەڵمەت بۆ پێشەوایانی تازە و بنەماڵەكانیان دەكات. بەرژەوەندی تاكی رووی كردووەتە رۆژنامەكان.

وێڕای ئەم خاڵە، بە هۆی نەبوونی شەفافییەتی دێموكراتیكی و بازاڕی ئابووری، رۆژنامەكان و راگەیاندنەكان زۆربەیان بوونەتە دەسكەلای سیاسی و ئابووری نوخبە تازە پێگەییوەكان. ئەڵبەت، هۆكاری ئەم بەرهەڵستە، ئازادی رۆژنامەنووسی نیە، بەڵكوو ناكارایی رۆژنامەنووسان ـ و هەمیش باقی تاكەكانی كۆمەڵ ـ لە زەمینەی ئازادی و دێموكراسیدایە. ئازادی رۆژنامەنووسیی تەنیا بە هەبوونی رۆژنامەنووسانێك مەیسەر دەبێ كە خولی فێركاری پیشەیی و ئەخلاقی رۆژنامەنووسی یان دیوە. ئەوان بە كەڵك وەرگرتن لەم چەشنە فێركاریانە، دەتوانن راپۆرتە هەواڵ و بۆچوون گەلێكی لێزانانەی دەقێق بەدی بێنن. راگەیاندن بەواتای زانیاری نیە. پردی پێوەندی ئێمە چ ئامێری چاپی بن و چ راگەیاندنەكان یان رێگا مەزنەپێوەندییەكانی نوێیی راگەیاندن بێ" پێویستی بە هەبوونی رۆژنامەنووسانێك هەیە كە هەڵگری هەندێ خەسڵەتی ئیستانداردی پیشەیی و ئەخلاقی بەرز بن.

**دژ کەڵك وەرگرتن لە ئازادی چاپەمەنی**

رۆژنامەوانان جیا لە فێرکاری پیشەیی، بۆ خزمەت بە جەماوەر ـ و نە لە پێناو خزمەت بە بەرژەوەندی ئابووری یان سیاسی خاوەنی راگەیاندنەکان ـ پێویستیان بە سەربەخۆیی تەواو هەیە. لەم رووەوە یۆنێسکۆ بە هاریکاری باقی رێکخراوەکان لە پرۆژە فێرکارییەکانی پیشەیی رۆژنامەوانی پشتگری دەکات و بەڕێز «مایۆر» بە ورەیەکی بەرزەوە لە پێناو بەرژەوەندییە سەربەخۆییەکانی پیشەی رۆژنامەوانان باسی کردووە.

هەندێ لەو وڵاتانەی کە تازە بەرەو ئاقاری دیموکراسی دەچن، بە بیانووی دابین کردنی ئاسایش و هێمنایەتی، دژ کەڵك وەرگرتنیان لە ئازادی چاپەمەنی بە رەوا زانیوە. هەر بەم بۆنەوە لە حەربەگەلێك وەك «بەرژەوەندی نەتەوایەتی» یان «دابین کردنی هێمنایەتی وڵات» کەڵکیان وەرگرتووە.

رێبەرانی وڵاتانی کەمتر گەشەسەندوویش لە باکوور و باشوور، ئاماژە دەکەن بە نەبوونی هاوسەنگی رەوتی نێونەتەوەیی راگەیاندن کە وا لە ژێر سەیتەرەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوادا. ئەوان لەو باوەڕەدان کە ناتوانن پرۆسەی ئازادی راگەیاندن و بیرۆکەکان قبووڵ بکەن، چوونکای لەم رەوتەدا، رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە.

ئەمە بۆ خۆی ناهاوسەنگی و ناتەبایی واقیعیی. بەرێز «ماتسۆرا» دەریان بڕی کە دەبێ یۆنسکۆ رێژەی جیاوازی راگەیاندن نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن راگەیاندنی قەڵەو و وڵاتانی بن دەست و بێبەش لە راگەیاندن نزم بکاتەوە و ئەم دیاردە بەرچاو بگیرێت.

بەڵام کێشەکان و بەرهەڵستەکان هەر چەشنێك بن، چارەسەری کێشەکە لە دەست بەسەرگرتنی رەوتی راگەیاندن دا نییە، نەیارانی پەیڤینی ئازاد، بە هەر هۆکارییەك دەست بهاوێن، دۆزی سەرەکییان پاراستنی شەرافەتی تاکەکان نییە، بەڵکوو مەبەستیان پاراستنی سیستەمی چینایەتی دەسەڵاتدارە. هەروەها کە

«كوفی عەنان» سكرێتێری گشتی رێكخراوە نێونەتەوەییەكان لە راستیدا ئەم مەبەستییە ئاوا دەربڕیوە:

«باسی دژكاری ئازادی چاپەمەنی هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە خراوەتە گەڕ، نە لە لایەن بن دەستانەوە».

## دەست بە سەراگرتنی راگەیاندن هیچ چارەساز نییە

بایەخدان بە ئازادی چاپەمەنی وەك مەرجی سەرەكی بۆ دەسەڵاتداریێتی دادوەرانە، هۆكارێكە بۆ گەشەسەندن و یاگە و شوێنگەیەك بۆ دەربڕینی داخوازەكانی تاكگەلێك كە ئامێرێكیان بۆ دەربڕین نیە، بە راشكاوییەكی تەواو لە جاڕنامەیەكدا بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی لە ٣ی مەی ١٩٩٩ راگەیەندرا و بە ئیمزای بەڕێزان «عەنان، مایۆر و خاتوو مێری رابینسۆن» كۆمیسیری باڵای مافی مرۆڤ گەیشت:

«ئازادی چاپەمەنی ژێرخانی مافی مرۆڤ و دابینكەری باقی ئازادییەكانی ترە. ئازادی چاپەمەنی پشتگری شەفافییەت و دەسەڵاتداریێتی دادوەرانەیە و جەخت دەكات كە كۆمەڵگە وێڕای بەهرەمەندی لە تەواو یاساكان، لە یاساگەلی دادوەرانەیش كەڵك وەردەگرێ. بەم حاڵیشەوە، تاكگەلێك هەن كە لە بارەی ئەرزشی ئازادی بەیان لە كۆمەڵگەی خۆیدا، دوچاری شیمانە (گومان) دەبن" هەندێكیش وا پیشان دەدەن كە ئازادی چاپەمەنی هێمنایەتی كۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە كۆسپ و تەنگەژە لە بەر پێی گەشەی وڵات" تاقمێكیش هێشتا لەو باوەڕەدان كە ئازادی دەربڕین، دیاردەیەكە كە لە هەندەران داسەپاوە و دەربڕینی سروشتی «كۆی جەماوەر» بۆ ئازادی نییە، ئەم بڕیارە، نە لە زاری جەماوەرە و نە لە زاری بن دەستان و نە لە زاری تاكە ماف زەوتكراوەكان لە ئامێری دەربڕین، وتراوە" بەڵكوو لە زاری حكوومەتەكان و دەسەڵاتچییەكان و ئەوانەی وتراوە كە وتەكانیان تەنیا دەنگێكە كە دەرفەتی پێدراوە بگاتە گوێچكە. وەرن یەكجار و بۆ هەمیشە ئەم باسە بە تەنیا پێوەرێك

کە بایەخدارە، هەڵسەنگێنین و ئەویش ئەمەتە:

ئازادی چاپەمەنی، مافی هەڵبژاردن بۆ مرۆڤێك دەبێ کە پتر بزانێ یان کـەم، زۆرتر ببیسێ یان بێ دەنگ بێ، راست قامەت بووەستێ یان کرنۆش بەر. مـەرج نییە خاڵێکی تر بەم بڕیارنامەوە موتوربە بکەین».

نووسینی: میادوڕ نارێت Mia Doornaret

و. لە ئینگلیسییەوە: ئیسماعیل حەدادیان موقەدەم

وەرگیراو لە گۆڤاری رسانە، ژ ١ بەهاری١٣٨٠

ئەم وتارە وەرگێڕانێکە لە:

Press Freedom is Human Right:

The Freedom of Expression، Mia dooranet، Deutschiand، No١/٢٠٠٠

# پسیکۆلۆژیای
# رۆژنامەوان

دەروونشیکاری رۆژنامەوانان دیاردەیەکی بەرچاوە بۆ جەماوەر، بە تایبەت بۆ سیاسیکاران و کارزانانی پێوەندییەگشتییەکان. هەر لەم بارەوە، توێژینەوەی ئەم پرۆسە زەینییە لە بەرایی ئەم توێژینەوەدا، ئەبێ بەم خاڵە ئاماژە بدەین، کە مەیلی پتر ـ مەیل پێوەندی وەرگرتن لە هەمبەر هەواڵەکان و روانگەکان و هەر وەها کارەساتەگرینگ و بزوێنەرەکان ـ بەردی بناخەی رۆژنامەوانییە. و هەر رۆژنامەوانێکی راستەقینەش، ئاوەها هەست و چێژێکی تایبەتی هەیە، ئەم دۆز و خولیاشە بە پێی رەوتی زەمان تەشەنە دەکات و پەرە دەستێنێ و ئەیشتوانێ ئیرسی و یان بە دەسهێنان (اکتسابی) بێ.

هەر رۆژنامەوانێك دەتوانێ خۆشحاڵی ـ بۆ وێنە کاتێك تەجرووبەکانی وەك هەواڵ یان وتار چاپ دەکرێ ـ دەربڕێ و ئەبێ زۆربەی لە ئێمەیش بە پەرۆشەوە قبووڵ بکەین کە چلۆن ئەم هەستە شادیبزوێنە کە پێکهاتووی ئەو خولیاتە، تێکدەچێ ...

بە گشتی ئامێرە پێشکەوتووەکان و تەکنیکە نوێکان، چێژێکی تایبەت بۆ مرۆڤ دەورووژێنن. بەڵام ئەم دیاردانە پتر لەوەی عەینی بن، زەینی بە ئەژمار دێن.

رۆژنامەوان لە نووسین چێژ وەردەگرێ، بەڵام کاتێك نووسینەکەی (دەقەکەی) چاپ بوو، شەپۆلی ئەم هەستە (خوشنودی و شادی) کز دەبێ و کەف وکوڵی دائەمرکێ.

هەر وەها ئەبیَ قبوولَ بکەین کـە رۆژنامـە نووسـی دیاردەیـەکی تجاریشـە، بلاَڤۆکیش بە فرۆشتنی هەوالَەکان و روانگەکان ژیانی دابین ئەبیَ و لـە ئایەندەش دەروانیَ. تەنانەت ئـەم لایەنـە رۆژنامەنووسـییە لـە سـەر مێشـکی رۆژنامـەوان رەنگدانـەوەی هەیـە، وەك هـەر بازرگانیَـك یـان هـەر پیشـەیەکیتر، دەبیَتـە پەیرەوکەری ئەو داب و نەریت و بۆچوونانە کە پیشەکەی دەیداتیَ. بـەلاَم لـە هەمان کاتـدا، رۆژنامـەوان وەك بازرگانیَکـە کـە دەبـیَ لـە پیشـەکەی خۆیـدا سەرکەوتوو بیَت. ئەم سەرکەوتنیشە دەگەریَتەوە بۆ ئەو رۆژنامەیە کـە لـەویَـدا کار دەکات. کە وابوو دەبیَ دەقگەلیَکی بە پیَـز لـە بلاَڤۆکەکەیـدا بخـولَقیَنیَ و لەگـەلَ کیَشـەکان و گوشـار و پالَـەپەسـتۆکە کتووپڕییـەکان چـنگاوەش بـیَ. زۆربەی جەماوەر بە بلاَوبوونەوەی هەوالَەکان و نووچەکان بایەخ دانانیَن و یان خوازیارن کـە هەوالَـەکان لـەسـەر مـەیل و بۆچـوونی ئـەوان بلاَـاو بکریَتـەوە. رۆژنامەوان دەبیَ ویَرای تویَژینەوەی حەقیقـەت دەبـیَ ئاسـتی ویسـت و چـیَژی جیاوازی خویَنەران لـە بەرچاو بگریَ.

بۆ ویَنە، وت و ویَژ کردن وەك باقی چالاکییەکانیتر، هونەر دەژمیَرریَ. یانی رۆژنامەوان بە پیَچەوانەی پاریَزەر، ناتوانیَ بە زۆر لە پیَناو پرسـیارەکاندا، ولاَـام بداتـەوە لـە حالَیَکـدا بەرپرسـیار، لـە ژیَـر گوشـاردا نیـە. کـەوابوو دەبـیَ رۆژنامەوەان، بە بیَ مەیلی یان حالَەتی درۆیی، خۆی لەگەلَ ئـەو دۆخـەدا کـە دەست بەیەخەیەتی، بگونجیَنیَ.

نووسینگەی رۆژنامەوان چما کارگەیـەکی شـلَەژاو وایـە. لـەم کارگـەدا، ناتوانی هیچ کاریَك بە تاك راسپیَریت. دەبیَ رۆژنامـە بلاَـاو بکریَتـەوە، دەسـت بەجیَ و دەبیَ لاپەڕەکان هەرچی زووتر ئامادە بکریَت، ئەم پیَویستیانە، کاتناسی، ماندوو نەبوونی و وشیاری و گویَ بە زەنگ بـوونی دایمـی مسـۆگەر دەکـات. لەوانەیە بوتریَ کە بە متمانەییەوە، هـیچ کارگایـەك وەك هـەوالَنیَریَك کـە بـە دووی بابەتیَکی هەوالَیدا دەگەریَ نییە. بۆچوونیَك ئەمەتـە کـە وزەی پیَویسـت

بۆ ڕۆژنامەوانی و کاتناسی ڕۆژنامەوان، دەبێتە هـۆی دواکـەوتوویی و فـەوتاوی دەرفەتەکانی ژیانی تاکی ئەو. لەوانەیە ڕۆژنامەوانە چالاکمەند و ئەکتیڤەکان لـە گەڵ ڕوبەڕوبوونەوەی کێشـەی تـاکی ژیـان لـە زێـدە بـەدەر شـل و شـیواڵ و ئاسانکار بن. بەڵام، بەختەوەرانە، ڕۆژنامەوانی مـودێرن، هەنـدێ سـەرگەرمی و کایەی پیشەیی خستووەتە نێو ژیانی تاکییانەوە. ئەوان بەم ئاکامە گەیشتوون کە بەدەست هێنانی، بناغەی سەربەخۆیی ئەوان دابین بکات.

لـە هەمان کاتدا، زەینییەتێك لـەمەڕ ڕۆژنامەوانی هەیە و دەڵێ: ڕۆژنامەوانان ئامادە نـین کـەوەك توێـژێکی نزمـی کۆمـەڵ لـەبەرچـاو بگیرێـن. بـۆ وێنـە لـە ساتەوختێکی زەمەنیدا، کاتێك ڕۆژنامەوانان ئەیانەویست کە لـە ڕێ و ڕەسمێکـی گشتیدا ڕاپۆرت ئامادە بکەن، ناچار دەبوون لـەم مەراسیمەدا، خـواردنی خۆیـان لـە سەرسەرای باڵـەخانەکە، سەرف بکـەن. بـەڵام هەنووکـە ئەیانـەوێ لـەگـەڵ توێژەکانی باڵای کۆمەڵگە بەرامبەری بکەن. لـەم نێوانـەدا، هـەڵس و کـەوتی جەماوەر، بە تایبەت ڕەفتاری دەوڵـەتمێردان لـە ئاسـتی ڕۆژنامـەوانان گـۆڕراوە. ئیتر ئەمڕۆژ، چڵکاوخۆری و ئەڵقەلـەگوێیی بۆ ڕۆژنامـەوان واژەیـەکی کـۆن و سوواوە. لـە لایەکیترەوە، ڕۆژنامەوانانیش، فێربوون کەوەك دوکتۆر و پارێزەر و حەسابڕەس لـە کاتی کارکردندا، بۆ قوربانییەکانی خۆیان، ڕێز و ئیحترام دابنـێن و لـەم متمانەدا بن کە ئەم ڕەفتارە، کەسایەتییان نزم ناکاتەوە.

هەروەها، ڕۆژنامەوانی، هەستێکی سەرسوڕهێنەر لـە بێ مەیلی و دڵ ساردی لــە تاکــدا، پێکــدەهێنێ. ڕۆژنامــەوان، بینــەر و تۆمارکــەری کارەســاتێکە کــە چنگاوەشی دەبێ و بە دەگمەن لـە دەقی ئەو کارەساتانەدا وێنا دەکات. ئەڵبــەت لایــەنی ڕێزپــەڕیش لــەم هــەڵس و کەوتــەدا، بــەدی ئــەکرێ. تۆمـار کردنـی کارەساتەکان بە گشتی و بە شێوەی ئاسایی، چرۆی هزری هەر ڕۆژنامەوانێکـە. ئەو لـە هزری ئەمەدایە، کە ئەم کارەساتە دەتوانێ چ چەشنە هەواڵێك بخوڵقێنێ؟ بۆ بیسەرانی ڕۆژنامەکە، چ واتایەکی هەبێ ؟ دەرەنجامی ئەم هەواڵـە چی دەبـێ ؟

ئەبێ چەند ستوون لە رۆژنامەکە داگیر بکات ؟ چ هەڵسووکەوتێکی لەگەڵدا بکەم ؟ و... هەواڵنێرێك کە بۆ ئامادە کردنی راپۆرتێك لە کارەساتی لێکدانی شەمەنەفەرێك یان دیتنی تەقینەوەی کانگەیەك بانگەواز دەکرێت، سەرەتا بە دیتنی ئەم دیمەنگەلە شۆکە دەبێ و لە ناخدا لەگەڵ قوربانییەکان هەستی هاودەردی دەردەبڕێ و بەڵام لەو پەڕی ئەم هەستەوە، گرنگترین کەڵکەڵەی ئەوەیە کە لەم کارەساتانە، هەواڵێکی دەگمەن و دراماتیك بسازێنێ و بە شێوازێکی تایبەت بینوێنێ و لە هەوڵێن هەلی رەخساودا بۆ چاپی بنێرێ. ئەم هەستە (ساردی لە هەمبەر هەستی مرۆیی) رۆژنامەوان دەخاتە ژێر دژ دیتنی دیترانەوە. هیچ مرۆڤێك وەك رۆژنامەوان، لە سەر ژیانی هاوچەشنەکانی خۆی چاودژێری و موراقەبە ناکات و شاهیدی هەڵس و کەوتی ژیانی ئەوان نیە. کەوا بوو، سەرسوڕهێنەر نییە کە رۆژنامەوان لەهەمبەر ژیان، هەڵوێستی دزێو و دژ دیتن وەربگرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، رۆژنامەوانان، خاوەنی لێبوردنی تەواو و بە دوور لە حەسادەت و دەمارگرژین، چوونکای مرۆڤەکان و کەل و پەلی دەور و بەر، لە روانگەی ئەواندا، وەك دیاردەگەلی هەواڵی، دەنرخرێن. رۆژنامەوان، وەك مرۆڤێك بۆ ژیانی خۆی خاڵگەلێکی تایبەتی هەیە، کە وا بوو جەخت دەکا تا لە کاریگەری داخوازە تاکییەکانی خۆی لە نووسراوەکانیدا بەرگری بکات.

رۆژنامەوانان وەکوو باقی مرۆڤەکانیتر بە کۆمەڵگەکەی خۆیەوە، پێوەندی هەیە. دنیای دەوروبەری ئەوان و دیاردەکانی هەر رۆژ دووپات دەکرێنەوە ئەمیشە لە ناخدا تاکە هەوێنی ئەفڕاندنی کاری رۆژنامەنووسانە. رۆژنامەوانان، بێ ئەوە دەرفەتی دەست تێوەردان بە هەستەتاکییەکانی خۆیان بدەن، کارەساتە مەزنەکانی ئەو جیهانە، دەنووسنەوە. بەڵام ئەگەر هاوڕێیەکی پیشەیی لە دەست بدەن و یان نەخۆش بکەوێ ئەوانیش وەك باقی تاکەکانی کۆمەڵگە هەر بەو چەشنە تووشی کەسەر و پەرۆشی هەست و دەمار دەبن. ئەوان خولیایەکی

ئـەوتۆیان لـەبارەی پیشـەکەی خۆیـان و لایەنـە پێوەندیدارەکانـەوە هەیـە. لـە واقیعدا، ڕۆژنامەوانی و هەر لایەنێك کە پێوەندی بەم حیرفەوە هەیە، دنیایەك تـر لە ناخی ئەم دنیایەدا، بە ئەژماردێ.

ئەم خاڵە، نووسەر هەڵدەنێ لە بڵێیت دەروونشیکاری ڕۆژنامەوانان پێکەوە جیاوازە. جەماوەر بە چەشنێك لە بارەی ڕۆژنامەنووسانەوە دەدوێن کـە دەڵێـی کۆی ئەوان توێژێکی تایبەتی و هاوچەشن بە ئەژمار دێن. ئەڵبەت بۆی هەیە کـە بە هۆی کۆمەڵایەتی و باری پیشەییەوە لەسەر بناغەی هەسـتێکی هاوبـەش یـان حیرفەی هاوبەش، ڕۆژنامەنووسان لەیەك نزیك ببنەوە، لەوانەیـە ئـەوان لەسـەر وەرگـرتنی خاڵێـك یـان مـافی دەسـتەوەگرتنی چـاپەمەنی، پێکـەوە دژایـەتی و ملـملانێیان هەبێ. لەوانەیشە لـە کـارێکی خێرخوازانەیشـدا پێکـەوە هاریکـاری بکەن، بەڵام بەم حاڵیشەوە لە نێوانیاندا، جیاوازییەکی سەرەکی هەیە. بە گشتی دەتوانین، ڕۆژنامەوانان بە سێ دەستە پۆلین بکەین:

١ ـ ئاکادیمی

٢ ـ تەکنۆکرات و پسپۆڕان (فەن ئاوەران)

٣ ـ جەماوەر پەسەند.

١ ـ تاقمی ئاکادیمی: تەنیا تاقمێکی پاوەنکراو و زانستگاچوو، نـین بـەڵکوو ئەوان لەسەر بناغەی دەرەکی (ژینگە) و هەستی تاکی خۆیان کار دەکـەن. ئـەم تاقمە خاوەنی هەندێ بۆچوونی ڕەخنەگرانە و ڕاگەیاندنن و زۆربەیان ریفۆرمین، هەندێکیشیان ئاڵ و گۆڕی میزاجی بە خۆیانەوە دەگرن و لـە وزەیـەکی ئـەوتۆی نمایشی کەلك وەردەگرن. زۆربەیان هەستە رووکارییەکان دەنێنـە لاوە، مەگـەر بیانەوێ لە قاوغی ئەدیبانەدا دەری ببڕن. ئەم تاقمە ڕۆژنامەوانە کە تـالیم دراون زۆربەیان بە ئەدەبیات ڕەغبەت نیشان دەدەن، هەروەها نوخبـە و زانسـتکار بـە ئەژمار دێن.

ئەم تاقمە لـەگەڵ سیاسەتی کەلاندا پێوەندیان هەیە، ئەم رووکـردە بەشـێکی

هەرە زۆری هەوێنی سەرەتایی کارەکەی ئەوان پێکدێنێ، لـە سـەر ئـەم رەوتـەدا بۆچوونگەلێکی کاریگـەریان هەیـە و لـە هـەمان کاتیشـدا، چـاوێکیان هـا بـە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتیشەوە. بە گشـتی لـەبارەی ئـەم لایەنـەوە، بـە زانیـاری قەڵەو یان لاوازەوە، بابەت دەنووسن. بـەو زەینـەوە کـە هەیانـە بـۆ چـاودێری لەسەر کاری دەوڵەت و کۆمەڵ و چاك سازی و ریفۆرمی تاقمێکی گچك بەڵام کاریگەری کۆمەڵگەن. وێڕای ئەم خاڵە، ئەم چەشنە رۆژنامەنووسییە، جیـا لـە بایـەخ و کاردانەوەکـەی، مەترسیگەلێکیشـی هەیـە. لـە کاتێکـدا، کەسـێك بەردەوام دیتران ئامۆژگاری دەکات، ناخۆئاگا روودەکاتە رەوەتێك کە کەمکـەم خۆی خاوەن ماف و هەر وەها بەرپرسێك دەزانێ بۆ چاکسـازی و گۆڕانکـاری جیهانی ...

٢ ـ لە مەڕ تەکنۆکراتەکان ـ چ پیاو و چ ژن ـ کە لـە رشـتەگەلێك وەك کاروبـاری مـاڵی، وەرزش، کێبـەرکێ، مـۆد، ، شـانۆ، ئەنـدازیاری، مۆسـیقا، قایەقڕانی، بازەرگانی، یاسا، دەرمان، باخەوانی، وێنەگری و... شارەزاییان هەیە، دەقێکیان بۆ گوتن نیـە. بـە شـێوەیەکی پراکتیکـی نزیـك بـە ٥٠٠ رۆژنامـەی بازەرگانی و فەنی لە ئامریکا بڵاو ئەکرێنەوە. ئـەم ژمـارە، ئـەو تـەکنۆکرات و رۆژنامەنووسانەن کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە ئافرەتـانی رۆژنامـەوان ـ زۆرینـەیان لەمەر چاپەمەنی دەورەیی یا گۆڤارە خەیاڵییەکان کە کـاری شـارەزایی و فـەنی دەکەن ـ دەگرێتە خۆی. کـۆی چـالاکییەکانی تەکنۆکراتـەکان لەسـەر بابـەتی شارەزاییەکان، یەکی گرتووەتـەوە و بەدەگمـەن چـاو لـە کێشـە گشـتییەکانی رۆژنامەوانی دەکەن. ئەوان کە رۆژنامەکان و یا لە حەوتەنامەکان کار دەکـەن، بۆ بە ئەستۆگرتنی ئەرکی بەرفراوانتر و جێگـای پـتر لـە رۆژنامەکانـدا، زۆرتـر تێدەکۆشن. ئەوان وەك بەرێز «ئۆلیوێر تویست» سەرومڕ شوێنی پتریان ئـەوێ و چەندەها جار بۆ بەرپرسـانی رۆژنامـەکان کێشـەیان سـاز کـردووە. هەڵوێسـتی هەندێك زۆر هەستیارییە و دۆزی بـڕێکیش تـاکی و زۆرێکـیش پیشـەیی و یـان

ناوچەییە.

٣ ـ تاقمی سێهەمی رۆژنامە نووسان، تاقمی جەماوەر پەسەند کە هەست بە رووکرد و خولیاکانی جەماوەر دەکەن. ئەو گرووپە، لە هونەری ڤەشاندن، بە باشی کەڵك وەردەگرن و لە چێژی بەربژاری هەواڵ بەهرەمەندن. ئەگەر لە چەندین سەرنووسەر، بەرپرسی سرویس و یان هەواڵنێر بویسترێ کە لە سەر بابەتی جۆراوجۆر، ٢٠ بابەت بۆ بڵاوکردنەوە هەڵبژێرن، لەوانەیە هەڵبژاردنێکی یەکسان و لێکچوو ئەنجام بدەن. هەر ئەم دیاردەیشە لەمەڕ ئاخافتنەوە دێتە ئاراوە. هەواڵنێران، بە لێزانییەوە و بێ کەمترین هەڵە، بابەتە گرنگەکان هەڵدەبژێرن. رۆژنامەنووسانی جەماوەر پەسەن، بە هۆی وەسواس و چاوچەقاندنی ئەوتۆوە لە هەڵبژاردندا، بە خۆیان شانازی دەکەن، ئەوان لەو باوەڕەدان، کە دەبێ ئەم پەندە رەسەنە رۆژنامەوانییە رەچاو بکەن: «هەر کات هەست بە نەزانین دەکەیت، بابەتەکە رەها بکە.»

رەخنەگەلێك کە لە ئاسانکاری و بێ تەوەجی رۆژنامەکان دەکرێت، زۆربەی بە هۆی، نووسینە دواکەوتووەکاندایە. لە هەندێ دەرفەتی نووسیندا، بە هۆی خێرایی لە نووسیندا، دواکەوتنی پارچە نویسارەکان، دیاردەیەکی ئاسایی و حاشا هەڵنەگر دەژمێررێ.

ئەو شتەی کە رۆژنامەنووس، پێی راستە، دەینووسێ، و بابەتە شیمانە لێکراوەکان، دەنێتە لاوە. لەم رووەوە ئەبێ قبووڵی بکەین کە رۆژنامەنووسی، دەروونشیکاری تایبەتی خۆی هەیە. چوونکای رۆژنامەکان، نە تەنیا ناسێنەری کاملی ژیان نین، بەڵکوو لە ئەساسدا، ناتوانن ئاوەها ئەرکێك بە خۆوە بگرن. بە تایبەت لە زۆربەی مەودای ئەرکەکانیاندا، لەگەڵ بابەتگەلی نائاسایی و ریزپەڕ (استثناء) دا رووبەڕوو دەبنەوە ... ئەم دۆخە، دەگەڕێتەوە بۆ بێ تەوەجی چاپەمەنی لەسەر رووکردە هێورەکان و تەوزیفی ئاڵ و گۆڕی هەست پێنەکراو لە رەوشەکان و دابەکانی کۆمەڵگە ... دنیا تەژییە بە رووکردگەل و کارکرد

گەلێك کـە بـە هـیچ کلووجێـك ناگاتـە ئـەنجام. کـە وابـوو دەبـێ زەینییـەتی ڕۆژنامەوان، ئامادەیی هەبێ بـۆ بەرچـاو نـەگرتنی و تەنانـەت بـێ تـەوەجی بـە کارکردگەلێك کە جەخت ناکەنە سەر گەیشتن بە دۆزەکان.

دوکتۆر «جانسۆن» لەم بارەوە دەڵێ: کە ئـەم پەرۆشـیە دزێـوترین لایەنـە لاوازەکـانی ئەدیبانەیـە و بـێ گومـان ناحـەزترین کـەم و کـووڕی (نقـص) ڕۆژنامەوانیشە ...

هەر خوێنەرێك، بـە هۆکـارێکی تایبەتییـەوە، ڕۆژنامـەی لاپەسـەنی خـۆی دەکڕێ، یان ئەیەوێ لـە مەڕ نرخی نان و کەرە و هەواڵە ئابوورییـەکان" نرخـی ئەرز، ڕاپۆرتی دادگاکان، کێ بەرکێی وەرزشی و... زانیاری وەدەست بێنێ. لـە هەمان کاتدا خوازیاری خوێندنەوەی بابەتگەلێکە کە بۆی گەلێك سەرنجراکێش بێ و تەنانەت سەرسۆڕهێنەر و نۆژەن و چێژ بەخش بێ. کـەوابوو ڕۆژنامـەوان، مەجبوور دەبێ کە گاڤ بە گاڤ، پەیجۆی بابەتگەلێك بێ، کە بـۆ خوێنـەر سـەرنج ڕاکێش بێ. ئەڵبەت لـەم بەستێنەدا، شارەزایانێك هەن نـازانن کـە بـە دووی چ بابەتگەلێك کەون، کـە چـاوگری خوێنـەران بـێ. بـەڵام ئەگـەر ڕۆژنامەکـە، پەسەندی خوێنەر نەبێ، نایکڕێ و ڕۆژنامەوانیش مەجبوور دەبـێ، ڕۆژنامەکـەی دابخات و بەتاڵی بکاتەوە. چوونکای نەیتوانیوە ڤەشانکارێکی سـەرکەوتوو بـێ. لـە تەجرووبەیشدا، هاتووەتە بۆ دۆزی ڤەشاندن" کە ئەم کەسانە، هـەرکات پـێ دەنێنە، نێو بەستێنەی تیجاری و ماڵییەوە، وەك باقی تاکەکان، دەس دەکـەن بـە چاکسازی و ریفۆرمی کارەکەیان. .

ڕۆژنامەوان وەك کاراکتێری شانۆ وایـە، کـە جـەماوەر چـاوەڕێی دەکـەن، نمایشگەلێکی جۆراوجۆر، بێتـە ڤەشـاندن، ئەگـەر جێبـەجێی نـەکات شکسـت دەخوات یان ئەگەر تەنیا، بەشێك لـە شانۆکە زەق بکاتەوە و بینوێنێ، بـۆ بینـەر ئەم هەڵسووکەوتە ناحـەز و دزێـو وێنـا دەبـێ، بـەڵام ئەگـەر هەڵسـووکەوتی ریتمیك و لـەبار و جوان، لـە خۆی وێنا بکات، پێشوازی لـە کارەکەی دەکـرێ.

بە تێکرا، بۆ ئـەوەی سـەرکەوتوو بێـت، پێویسـتە، نمایشـێك وێنـا بکـات، کـە دابینکەری هەموو سەلیقەکان و داخوازەکانی بێ. دەکـرێ لــە بـاری وێنانـدنی پیشەی رۆژنامەوانییەوە بە باقی پیشـەکانیتر، ئامـاژە بکـەین بـە «بـەن بـازی». (بــەنبازی) یــش چەشــنە یاریــەکی زەینییــە" درووســت وەکــوو کــاری رۆژنامەنووســان. بــەم وێنانــە کردنــە دەر دەکــەوێ کــە ئــەم خەســڵەتە سەرسوورهێنەرە ـ کە رۆژنامەوانیش وەکوو باقی ئەندامانی پیشەکانیتر، کەم تـا زۆر توێژێکی جیاوازن ـ لـە پەرە سەندندایە.

**نووسەر: لورد ریدل**
**وەرگێڕ لە ئینگلیسییەوە:**
**جەعفەر ئیسحاقی تەیمووری**
**سەرچاوە: رسانە. ش ۱. بەهار ۱۳۷۸**
ئەم وتارە، وەرگێڕانێکە لـە وتاری:
«The Psychology Of The Journalist»
لـە کتێبێکدا بە ناوی:
With introductions by ،Edited ،A Journalism Reader London and ،Michael Bromley and Tomo'Malley Routledge ١١٤-PP. ١١٠ ،١٩٩١ ،New York

(زنجیرە باسی مۆدێرنیستی)

# دەسەڵاتخوازی و
# کەسێتی مۆنتاژ کراو

ئەم لێکۆڵینەوە، راڤەی دەروونشیکاری جڤاتی دەسەڵاتخوازییە کە بگرە زاراوەی لێکدراوی «دەروون شیکاری سیاسی» بۆ ئەم دەربڕینە شیاوتر بێت، لەم باسەدا لە گریمانەکانی «فرۆید» و «ئێریك ئێریکسۆن» رەوانناسی ئالمانی ـ بە رەچەڵەك ئامریکایی، لە بارەی چییەتی پێکهاتەی کەسێتی «مرۆڤ» ەوە، کەڵك وەرگیراوە. ئەگەرچی ئەم «چییەتی» یە گرێبەندە بە دۆخ و هەل و مەرجی «تاك» بە کۆمەڵگەوە، ئەو هەل و مەرجەی کە دایمەن لە گۆڕاندایە. هەر وەها کە دەزانین «فرۆید» و دەستەیەك لە «پۆست ئیستراکچراڵیستەکان post structuralist» وەك: لاکان، بۆ نووسینی بە سەرهاتی چارەنووسی مرۆڤ، وەك هێزێکی شکۆدار و پڕ هەیبەت دەیانڕوانییە «نەست و ناخۆئاگا». دوابەدوای دەربڕینی گریمانەی فرۆید، ئێریکسۆن و ئانا فرۆید و باقی دەروونناسەکانی تری چەمکی «من» بە بۆچوونێکی جیاواز لە سەر شکۆداری و هەیبەتی خۆئاگای من «ego» و تەنانەت لە رەسەنایەتیدا، وەك تۆخم و کیانێکی سەربەخۆ لە (نەهادی ئەوی دی id) ئاوڕیان ئەدایەوە. پاشان دەبینین کە چۆن «فرۆید» بە پێچەوانەی دەروونناسەکانیتر، (نەهادی id) ی بە ئاخێزگەی «من، ego» ی دەزانی. بەم حاڵەوە لە هەل و مەرجی سۆسیاییدا، بە تایبەت بە هۆی نەبوونی سەرەڕۆخوازی (ئیستیبداد) ی سیاسی شلگیرانە و

سەرومڕ لە ڕۆژئـاوادا، بـەو چەشـنەی کـە ئێمـە لـە ڕۆژهەڵاتـدا تەجروبـەی دەکەین، جگە لە ئاماژەگەلێکی (پچڕ پچڕ و ئاڵۆسکاو) لە لایەن دەستەیەك لە دەروونناسانی جڤاتییەوە وەك: «ئادۆرنۆ، ئیریـك فـرۆم، ویلـهێلم رایـش» کـە کارشکێنەسەرەڕۆکان، لەرەهەندەکانی غەیر جڤاتی و ناتەبایی دەروونـی مرۆڤـی غەیر ڕۆژئاوایی، لە خولگـەی توێژینەوەکانییانـدا، قوتـار کـرد. بـەم هۆیـەوە، پێکهاتەی کەسـایەتی، لـەم سووچـە نیگایـەوە، لەگـەڵ فەرهـەنگی دەسـەڵاتدا (سوڵتە) پێوەندی مێژوویی نەگرت.

کەوابوو، لەم نووسینەدا، هەوڵدراوە، تا ئەو شوێنەی کە بلوێ و تەنانـەت بــە ســاکاربینی (Simplification) و «هەمــەکی دان» ییــەوە، کێشــەکان و چــەمکەکانی دەروونناســی فرۆیــد، پێوەنــدی بــە کێشــەی (ســەرەڕۆیی) و دەسەڵاتداریێتی لە جیهانی سێهەم، بە تایبەت لە ئێراندا، توێژینەوە بکرێ. ڕەنگـە ئەم چەشنە توێژکارییە، هەر چەند کاڵ و کرچ بێ کـە لـە ڕەهەنـدی ئـەدەبیاتی سیاسی ئێمەدا خەریکە چاوی لێدەکرێ، بتوانێت ببێتە پێگەیەك بۆ تێگەیشتن لە کێشەفەرهەنگییەکان، یانێ شیتەڵکاری کێشەکان و پێوەندی پاژەکـان کـە لــەم دۆخەدا، گەشکەیان کردووە. ئەگەری ئەوەیش هەیە لەم ڕەوتەدا، لە مێـژووی ڕابردوومان ڕەخنە بگرین، مەبەستمان تەنیا گەیشتن بە ڕێگاچارە و تێکۆشانە بـۆ بزاڤمەندی کردەکان، نە خێرایی بەخشین بە ڕادەی خۆکەم بینی !

بە چاو کردن لەم باسە کە مرۆڤ لە پانتایی کارزاری ژیـان و نووسـینەوەی مێژووی خۆیدا، تەنیا بوونەوەرێکی رووتی ئاوێنە ئاسا و بێ ئیرادە نیـە، بـەڵکوو دەروونناسی سیاسی، جیاواز لەو بۆچوونانە کە مروڤ بە بوونەوەرێکی بێ ئیرادە، ـ وەك ئایدیای بنەما خوازی و فاکسیۆنالیسم ـ دەناسن لە سـەر ڕۆڵـی کـارای تاك توێژکاری دەکات. (١)

ئەم دوو ڕوانگە (بنەما خوازی و فاکسیۆنالیزم ـ وەرگێڕ) بـە خۆئاگـایی و ڕۆڵی چالاکمەندی تاك لە زنجیرە پێکهاتەی جڤاتـدا، بایـەخێك ئـەوتۆ دانـانێن.

کەوابوو ئێمە دەمانەوێ سەرەتا، پێکەوە پلە و پایەی «من» لە جڤێنگەدا وەك «دیاردە» یەکی چارەنووس بەخش، پێناسە بکەین و رۆڵی سیاسی ئەم «دیاردە» لە خولگەی رۆحیاتی خۆماندا هەڵبهەنجێنین و ئەنجا پێوەندی خۆمان لەگەڵ چەمکی «دەسەڵات» دا تاوتوێ بکەین و ئەم پرسانە بخەینە روو: (وەرگێڕ) ـ ئایا تاکێك هەیە لە ئێمە بترسێ و حسابی تایبەتمان بۆ بکات ؟ ئایا خۆمان بە کامڵ و فرەزان دەزانین و دیتران بە نەزان و تێنەگەیشتوو ؟ هەترەمان دەچێ و بە جێی کردە، سکاڵا دەکەین ؟ ئایا لاساییکەر و وەدوودا چووین ؟ ئایا لە خۆدام یا لەگەڵ خۆداین ؟ دەرەك بینین و بە کوتەکی ناوبژیوانی وەدووی ئەم و ئەوداین ؟ لە خۆ مەودا دەگرین و بۆ موچیاری ئەم و ئەو لە خۆ، هەڵەتە دەبیین و یان لە خۆ بێ ئاگا و دەروون بینین؟ ئایا لە کردەکان بەرپرسین و یان بەستراوین بە سەرمەستییەزارۆکییەکان و لە حەقیقەتدا گوریز لە بەرپرسی دەکەین؟ کردەکانمان زێدەرۆن یان کەمرۆ ؟ یان وەرگیراو و لە سەرکوتی بەرزە من (Super ego) یان بە خواستی «من» ی خۆڕاگر و پڕ توانست ؟

ئاکامی تیشکۆی ئەمانە گرێبەندە بەوەی کە گەوهەری هەبوونی ئێمە چییە و «من» پێوەندی لەگەڵ فەرمانداریێتی هێزە دەروونییەکاندا، خاوەنداریێتی چ پلە و پێگەیەکە.

**خۆئاگایی:**

«من» ێك کە لە بەیان تا ئێوار لەسەر زاری هەمواندا گۆ دەکرێت ئیتر بۆی نیە تەنیا لە خاوەنداریێتی تاکدا بمێنێتەوە (٢) یان بە نامۆ پێ بنێتە گۆڕەپانی جڤێن و سیاسەتەوە. ناکرێ بە پێچەوانەی ئەو باوەڕەی «هیوم» بە پیرۆزکردنی هەست کە لە مەڕ فۆرماسیۆنی فەرهەنگی رۆژئاوادا، بووی ـ ئەویش پەرچەکردارێك بوو بەرامبەر بە ناسیونالیزمی دێکارت. ـ ئیتر جڵەوی هەست و بەرخۆدانی ئەو «من» ە بە هەر ئاقارێکدا راکێش بکات. درووست بە هۆی ئەم پێوەندییە ئۆرگانیکە لە گەڵ کۆمەڵگەدایە، کە تایبەتمەندییەکانی تاك، هێما ئامێز

و گشتگیرن، دەبن بە «مشتێ نموونـەی خـەروارێك» لـەو رووەوە مرۆڤـی نـاخۆ ئاگا، لـە رۆژێکەوە هاتە نێو جڤێنگەوە هەوڵی داوە بگاتە خۆئاگایی تا بتوانێ بـە شـێوەیەکی ئـاوەزکردار کۆمەڵگەکـەی بسـازێنێ. مـرۆڤ بـەر لـە تـەوژمی «رێنێسانس» ی ئورووپایی، لە رەهەندێکەوە مرۆڤێك بوو کە بـەهۆی زۆرداری و دەسـەڵاتی حاکمانـەوە لـە پـەراوێزدا مایـەوە، لـە هەمبـەر پێودانگـەکانی مۆدێرنیتەدا، زۆرتر وەك «شت» حسـابی بـۆدەکرا، پاژێـك بـوو لـە گشـتیەك، قەوارەکەی ئەو زۆرتـر لـە قورسـایی «ئێمـە بـوون، مـایی» و «هەمـەکی» دا، دەتوایـەوە. تـاك وتاکگـەرایی بـە چەشـنی مـۆدێرن وێنـا نەئـەکریا، دەسـەڵاتی (سەرەڕۆ) یش بە فۆرم گەلێکی جۆراوجۆر رێگای بە فـراژو بـوون (بالیـدن) و رسکانی توانستە بزۆزەکانی تاك نەدەدا بۆ ئەوەی خۆی نەبێ بە قوربانی.

پاش «رێنێسانس» ئەو «من» ە یان «سووژە» هێدی هێدی رسکا، و فراژوو بوو و وێناکرا. «ئەو» لـە فەلسـەفەی «تـامس هـابز و جـان لاك» وەك مرۆڤـی زانای (تەجرەبیەکان) خۆی نواند. هاورێ لەگەڵ دابەزاندنی هێدی و سەرەخۆی سێبەری پاشاکان «کانت» مرۆڤی وەك «من» ی کامڵ و سـەربەخۆ و بـەرپرس، ناساند.

لێرەدا بوو کە تـاك وەك هەسـتی سیاسـی هاتـە نێـو جڤێنگـەوە، کـە ئـیتر نەیئەتوانی دەسەڵاتدارێتی حکوومەت وەك هۆکاری شۆربەختی خۆی بزانـێ. لـە روانگەی ئەم بیرمەندانەوە نەهاد (رێکخراوە) ی حکوومەتی ئامرازێك نەبوو بـۆ گەیشـتنی تاقمێـك بەدەسـەڵات و شـەوکەتی سیاسـی و یـان ئایـدئۆلۆژی و کەرەسەیەك بۆ دەسەڵاتدارێتی، یانێ دەوڵەت بێ سەرکوتی «ئاشکرای» پێشـوو دەیتوانی بەردەوام بێ لە فەرمانڕەوایی بزڕی خۆی، لەگەڵ رای «کـۆ» دا. ئـەم جۆرە حکوومەتە تەنیا لـە رێـی گەشـکەی «مـن» یـان «سـووژە» وە فەراهـەم دەکرا" یانێ لیبراڵیزمێـك کـە لـەسـەر بناغـەی «خۆپـارێزی» و خۆسانسـۆری دادەمەزرا. ئایدئۆلۆژیای دەوڵەتەکانیش لەسەر «تاکخوازی» ئەم مرۆڤە مەدەنیە

سەقامگیر دەبوو. دەسەڵاتیشیان هەر لە جەماوەرەوە (Universal) دابین دەبوو نە دەربازبون و بێگانە بەم دیاردە.

بەم شێوە، لە روانگەی رەوانناسی و لە سەر بناغەی پرەنسیپە بایەخدارەکانی مۆدێرنیتە دەبینین کە لە ئورووپادا «من» یێکی شکۆدارو بزاڤمەند و سەرفەراز بەڵام نەچەندان خۆشحاڵ و کامڵ، پێ دەنێتە نێو گۆڕەپانی کێشمەکێشی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە کە ئیتر وەك رابردوو مرۆڤ بە چەشنێکی روون «ئۆبژە» و «کۆیلە» یان مرۆڤێکی مێتافیزیکی نایەتە ئەژمار، یان «بێ وزە» و «ئایدۆلۆژی» کراو بەڵکوو لە سەر بناغەی پێداویستی کۆمەڵگە، سەروەری «سووژە» بوونی و «ئاوەز» گەرێتی دێتەنواندن. دەروون و ناخی «تاك» یش کەمتر دەبێتە مەکۆی غارێن و رمبازی هێزە هەوسارپچڕاوەکان - مرۆڤ تخوبی خۆئاگا و خولگەی هێزە نەناسراوەکان دەبەزێنێ و خۆی لە پانتای «مەدەنییەت» نزیك دەکاتەوە. فەلسەفەی «فنۆمنۆلۆژی» کانتیش هەر لەم هانە (چاوگە) ەوە سەرچاوە دەگرێ" چوونکای مرۆڤ شت ئاسا، دەست بە هەڵبژاردنی مەدەنی ناکات، نە لەگەڵ خۆی و نە لەگەڵ سرووشتدا ئەو مەودایە هەیە، کە ئەو بکاتە مەدەنی. ئادەمیزادێك بەم جەستە ئاو و گڵەوە نە ئەتوانێ سازێنەری مێژووی «هێگل» بێ و نە مارکسیزم. نەیش دەتوانێ هەڵواسراو بمێنێتەوە و نەیش سەقامگیر. کەوابوو «کۆمەڵگەی مەدەنی» مرۆڤگەلێکی دەوێ خۆ ئاگا، ئاوەزمەند و بەرپرس، نە، هەستیار و سەربە ژێر و گورێزکەر لە بەرپرسێتی و خۆقوربانیکەر. دەوڵەتی نوێ وەك رێکخراوی بەرزە «من»، تەنیا دەتوانێ بە «خۆئاگایی» و مرۆڤایەتییەك کە پێکهاتەی سەروەری خۆیەتی، دانوساندن بکات. لە حاڵێکدا کە تایبەتمەندی پێکهاتەی کەسێتی تاکی دەسەڵاتخواز نائاگایانە، دەبێتە ئەمرازێك بۆ گەیشتنی بە دەسەڵاتی سیاسی، چوونکای کاتێك کەسێتی لاواز دەبێ، ئیتر وتەزای ئازادی بەیانگەری نیازێك بۆ پێگەیشتنی دەروونی و ناسین و کەشفی (خۆ) (Selfactualization) نیە. (٣)

کە وابوو ئازادی پێدەچێ لە باشترین هەل و مەرجیشدا، بکێشرێتە هەرج و مەرج و بشێونییەوە. «من» هەم لە قاوغی تیۆردا و هەمیش لە کردەدا نابێتە کانگەی زانست و ناسین. مرۆڤ کاتێك بە شكڵی مەدەنی خۆی دەناسێ و دەبێتە هانەی زانست کە هێزە سەرکوتکەرەکان بگۆڕێ و رایان بێنێ بە هێزێکی بەرهەڵستکەر و ناوبژێوان، یانێ راهێنانی حکوومەت بە رێکخراوی دەوڵەتی یاسایی و گۆڕانی هێزە سەرکوتکەرەکان بە هێزگەلی بەرهەڵستکەر و دەرەنجام جێبەجێ کردنی چەمکی رێکخراوی «من، ego» بە «بەرزە من، Super ego» بە پێچەوانەی ئەمە، ئەو مرۆڤە، پێویستی بە باوك سالار و مۆچیاریکەر و پێشەوا هەیە. کەوابوو دەبێ بگەین بە گەشەی دەروونی ناواخنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. لە راستیدا کە خودی ئەم باسگەلە نیشانەی گەشکەی کۆمەڵگەیە و پێداویستی دەروونییە بە ئازادی. مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێڕیشە هەمان دۆزە کە ئەم زانیاریە دەروونییە لە ناخدا هەڵبهەنجێنین و لە شکۆداری و بەرزڕاگرتنیدا، تێبکۆشین. بەڵام لەرووی ئاگایی و زانیارییەوە، بێ گومان بە توانستی تایبەتەوە وە دووی ئازادی کەوتن، مرۆڤ زووتر، دەگاتە ئارمانجەرەواکانی.

بە پوختی، کەسێتی مرۆڤی فرۆیدی، ئامێرەیەکە لە سێ پاژی سەرەکی: ئەو (id) من (ego) و بەرزەمن (Super ego). ئەو (id) سەرچەشنی خۆ خوازییەکان، سەرخۆشییەکان و شورمەستی مناڵانەیە کە زانایانی ئێمە بە «نەفسی ئەمارە» ناودێری دەکەن. «من» (ego) هەمان ئاقاری ئاوەز و ئیرادەی مرۆڤە کە کارکردیشی دەروونی و هەمیش قبووڵی بەرپرسێتیە. «من» ی باڵاتر و «بەرزە من» (Super ego) هەمان ویژدانی تاکییە کە دێتە هاریکاری «من» تا بەرهەڵستی خواستە زێدەڕۆ و ئەنارشیستیەکانی ئەو بکات. لە کەش و هەوایەکی زۆرمەداری و سەرەڕۆییدا، سووپەر من (super ego) زۆر گەشە پەیا ناکات بەڵکوو بەجێی ئەو «بەرزە من» گەشکە پەیدا دەکات.

لەسەر ئەم بناغەو لە پێوەندی لە هەمبەر گەشە یان نەبوونی گەشەی ڕێژەیی تاك، لە جەرگەی کەسێتییەکاندا دەتوانین بە سێ کەسێتی کە لە نێو سەرچەشنی تایبەتمەندییەکانی باڵادەستدا کە زۆرتر لەم باسەدا بە کەڵك ئێمە دێن، ئاماژە بدەین:

**کەسێتی دواکەوتوو،**

**کەسێتی مۆنتاژکرا،**

**و کەسێتی مۆدێرن**

١ ـ کەسێتی دواکەوتوو" ئەم چەشنە کەسێتییە لە سەر بنەمای پێنەگەیشتوویی «من» ە و وابەستە و بەندکراوە بە بەها و ئەندێشەکانی پێش مۆدێرن.

٢ ـ کەسێتی مۆنتاژ کراو" لەم بەشەدا «من» هەمان «من» ی دەسەڵاتخواز دەژمێررێ بەڵام خاوەنی ئەندێشە و بەها مۆدێرنەکانە.

٣ ـ کەسێتی مۆدێرن" کە هەم «من» گەشەی ڕێژەیی سالمی خۆی لە فۆڕمی ئەوەڵ و سێهەم دا، دەکات هەمیش لە ڕەهەندی چییەتیدا، کێشمەکێشی ئەوتۆ لە سازوکاری کەسێتی تاکدا، نابینرێ، لەراستیدا لەم ئاستەدا کۆمەڵگەیش لە ڕێك و پێکی و سامانێکی پایەدار و سەقامگیردا بەهرەمەند دەبێ. بەڵام بەم جیاوازییەوە کە لە دۆخی ئەوەڵدا، یانێ لە دۆخی پێنەگەییوی «من» دا «من» ی باڵا و «ئەو» ڕاشکاو و بێ پەردە لە بەرامبەر ویدا ئەوەستن.

بەلەونێکیکە بە هۆی سستی «من» پاژێك لە بەرزە «من» بە هیکەلی سەرکوتگەر دەردێ تا «ئەو» بخاتە ژێر ڕکێفی تەدبیری خۆیەوە و لەم چالاکییەدا سەریشدەکەوێ. لە فۆڕمی دووەمدا (کەسێتی مۆنتاژ کراو)، تاك لەگەڵ ئەندیشەی مۆدێرن و کەسێتی نەریتیدا دەکەوێتە چنگاوەش و ململانێ، بۆ ئەوە هێشتا وا لە بەند و کۆتی ئیلزامات و پێوەندییە نەریتییەکاندا، ئەندێشە نۆژەنەکان بە چەشنی دروشم ئاسا و قاڵبکراو دێنە ئاخافتن.

«من» کە دەبیٚ ئاوەز (عەقلٚ) بگریٚتەخۆی و ئالٚا هەلٚگری «ئازادی» بیٚ بە هۆی پیٚنەگەیشتوویی و سستییەوە، توانستی بەرامبەری لە هەمبەر «ئەو» دا نیە و دەرەقەتی سەرکوتکردنی «ئەبەر من» نایێ. کەوابوو هەستانەوە بۆ چەمکی ئازادی یان بە شەوقەوە دیٚتەگەڕ و یان پایەدار نامیٚنیٚ، و لە لایەن «ئەبەرمن» ەوە سەرکوتدەکریٚ. بە لەونیٚکی تر چالاکییە سیاسییە ئازادیخوازییەکانی ئیٚمە تەنیا بە دەستهاویٚشتن بە هیٚزەکانی ریٚکخراوی «ئەو» و «ئەبەر من» (بەرخۆدان و سەرکوتی) مەیسوور و جیٚبەجیٚ دەبوو. لەسەر ئەم پیٚڕەوە، (تیٚکڕووخانی) رژیٚمەکان ئەو جۆرەی کە شیاوبوو بە ئەنجام نەدەگەیی، بە فەرزکە کەسیٚتی مۆنتاژکراو لە لووتکەی شور و بەرخۆداندا بۆ ئازادی لە مەرگیش پیٚشوازی بکردبا" بەلٚام نەتەنیا «ئەبەر من» هاریکاری «من» ناکات، بەلٚکوو خۆیشی دەبیٚتە هیٚزی بەرهەلٚستکەر و داپلٚۆسیٚنەر بۆ «من». لە ئاستی سیٚهەمدا، یانیٚ کەسیٚتی مۆدیٚڕنیدا، کە «من» بە زۆرتر گەشکەی سەندووە بە پشتیوانی «بەرزە من» بۆ گەیشتن بە «ئازادی» هەمیشە خەبات دەکات، چوونکای پیٚویستی ئەوتۆی بەم پیٚگەیشتوویە و گەشکەکردن هەیە.

هەنووکە رەنگە گەیشتبین بە پیٚناسەیەکی کورت لە دەسەلٚاتخوازی، دەسەلٚاتخوازی کە هاوسەنگە نزیکەکەی دەبیٚتە: (Autnoritarianism) کە لە قامووسە ئینگلیزییەکاندا لە رەهەندی رۆحیاتی تاکیدا بە (سەیتەرە جۆیی، خۆکامەیی و دەسبەسەری بیٚ چوون و چرا بە دەسەلٚات (اتوریتە) ماناکراوەتەوە. لە فارسیدا بە دەسەلٚاتخوازی و مەیلەو دەسەلٚات مانا کراوەتەوە. بە هەر حالٚ مەبەست لە دەسەلٚاتخوازی لە پیٚکهاتەی سیاسی و رەوانیدا، نائاگایی و پیٚنەگەیشتوییە. لادەین لەوەی پیٚنەگەیشتویی لە فۆڕماسیۆنی نەریتیدا خاوەنی کارکردی جڤاتی تایبەت و دلٚخوازییە، چوونکای تاکی پیٚنەگەییو یەکەم پیٚویستی بە پیٚوەندی تونـدوتۆلٚ لەگەلٚ دەورووبەردا هەیە و دووەم، پیٚگەییوی هیرەمیٚك دەخولٚقیٚنیٚ کە پیٚگە و پلەی هەرکەس لەودا دیارە،

لە راستیدا دەبێتە دابینکەری ئاسوودەیی و هێمنایەتی بۆ تاك.

ئەڵبەتە پێنەگەییوی لێرەدا، وتەزایەکی زەینی نییە کە واتە کەسێك بڵێت: ئێوە لە کوێوە دەزانن «من» ی زۆرینەی نەتەوەیەك پێنەگەییوە و خۆگەردان (خۆگەڕێنەر، خۆبەڕێوەبەر) نییە ؟

رەنگە باشترین وڵام بۆ ئەم پرسە، هەبوونی دەسەڵاتدارێتی رێکخراوە داپڵۆسێنەرەکانی بێ کە ئاوێنەی باڵانوێنی «من» ی لاواز و پێنەگەییوە، یانێ لە پێکهاتەی سیاسیدا، پێنەگەییوی تاك لە قاوغی فەرمانڕەوایی رێکخراوە ئاڵۆز و ناعەقڵانی و ترسهێنەرەکاندا هەستی پێدەکرێ و دەکەوێتە بەر ناساندن، ئەمە لە ئەساسدا، هەمان بەشە دەسەڵاتخوازییە داپڵۆسێنەرە لە «من» ی باڵا (ئەبەر مـن) دا هاوسەنگ و هاوکێشەیە. دەبێ بزانین کە کەسێتی دەسەڵاتخواز، وا لە بیرۆکەی دۆزینەوەی ئاسانترین رێگە بۆ گەیشتن بە چەمکی دەسەڵات تا لە بازنەی لە خۆنامۆییدا، زەحمەت بنوێنی و زۆر بێژی، هەمیش سەرەڕۆییەکەی چێژێکی ئاشنائامێزی هەبێ. چێژی ئەم «بوون» ە تەنیا بە سوڵتە و دەسەڵات دائەمرکێ. لەم حاڵەتەدا، تاکە پێنەگەییوەکانیش لە ئەمرازگەلێکی جۆراوجۆر وەك سەرەڕۆیی و ئایدئۆلۆژی کەڵك وەردەگرن تا لەم کەرەسە بۆ سوڵتەی دیتران چێژ وەرگرن.

لەسەر ئەم بنەما، فەرمانڕەوایەتی حکوومەتە سەرەڕۆکان دەبێ بە سەرچەشنی هەستپێکراوی تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دەسەڵاتخواز و نائاگا کە بووە بە غەریبەیەك و دەرەکی، خۆی بە چەشنێکی ئازاردەر و ئالۆزمەند دەنوێنێ. کەوابوو کەسێتی دەسەڵاتخواز وەك «هەمەکی» یەك لە رەفتار و ئەندێشەدا، لە جەستەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەدا، هەڵسووکەوت دەکات، سەرکوتکردنی رەوانی و کەسێتی لە واقیعدا، هەمان سەرکوتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، جار و باریش ئەندێشەیش بۆ پاڵ پەستۆکی ئەم سەرکوتکردنە دێتە گۆڕەپانی کردارەوە.

ئەگەرچی ئاخێزگەی پێنەگەییوی و دەسەڵاتخوازی هۆکاری جۆراوجۆری هەیە بەڵام لەم نووسینەدا ئەو هۆکارەسەرەکییە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم و جەختی لەسەر بکەم، ڕێکخراوەی «خێزانه».

**خێزان و «من»**

ئەزانین کە ئەگەر زارۆیەك لە ژێر دەستی دایك و باوکێکی دەسەڵاتخوازدا پەروەردە بکرێ و ڕێزێك بۆ ئەندێشە و بۆچوونەکان و سەربەخۆیی ئەو قایل نەبن، لە جێی حورمەت و ڕێز لە خولیاکانی ئەو هەمیشە وەدووی سڕینەوەی خولیاکانی بکەون و داخوازەکانی خۆیان داسەپێنن، ئەوا گەشەی پەروەردە و پێگەیشتوویی ئەو تووشی قەیران و ئاڵۆسکان دەبێ. پێخوست بوونی «من» بە هۆی زۆربێژی یان تەنگەتاوکردن و داخوڕینی دایك و باوك لەگەڵ بونیاتنانی کۆمەڵگەی سالم و (بە واتا) دیموکراتیك، ناتەبایە و دوژمنی سەرەکی «خۆ ڕێك و پێکی» و «خۆگەردانییە». لەم حاڵەتەدایە کە «تاك» ناچارەن، لە خولی گەورە ساڵیدا نیازی بە ساز و کاری دەرەکی دەسەڵاتخواز و دەزگاسانسۆرچییەکان دەبێ، تا وەك هێزی دەرەکی لە ژیانی ئەودا، ڕێك و پێکی و واتا درووست بکەن.

سەرەنجام مرۆڤ لە لایەن هەمان ساز و کارەوە کە سەرکوتکرابوو ڕێبەری و ڕێنوێنی دەکرێ. لە جڤاتە نەریتخوازەکاندا، ڕێکخراوە سۆسیالیستییە داپڵۆسێنەرەکان، گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی کەسێتی دەسەڵاتخوازدا لە بزرگەی کۆمەڵگەوە، مل قنج ئەکەنەوە و تەبا و مل کەچی هەمان ناوەرۆکی کەسێتی باسکراو دەبن. بە هۆی ئەم زەمینە رسکاوە، فەلسەفەی «بوون» و هەمیش ئەدەبیات لەم چەشنە کۆمەڵگەدا بە «زبان» ی حێرمان و ناهومێدی دێتە ڤەشاندن.

کەوابوو سەرەڕۆیی و سولتەی ڕەوانی و سیاسی بە هۆی پێنەگەییوی ڕێکخراوی «من» لە میللەتێکدا بەم چەشنە دێتە قەوام، چوونکای ئەگەر

کەسێتی «من» پڕ وزە و قەڵەو و پێگەییو و سالم بێ ئەوا بۆی هەیە لە هەمبەر میکانیزمگەلێك کە هەمان سازوکارە دیموکراتییە دەروونییەکانن، نێوان داخوازەکانی «ئەو» و (زارۆ) و «بەرزە من» یان (ویژدان) دا هەمیش واقعییەتە دەرەکییەکان (بەها جڤاتییەکان)، سازش و ئاشتی و ڕێکەوتن بکرێ.

بەم جۆرە «من» وەك سیستەمێکی سانسۆرچی و بەرپرسی دەروونی خۆی وێنا دەکات. ئەگەر «ئەو» (id) بیەوێ لە ئارەزوو و داخوازییەکانیدا، زێدەڕۆیی بکات بە زمانێکی ساکارتر «من» لە دانووساندنی ڕۆژانەدا لەگەڵ «ئەو» بە مەهارەت و بوێری و تەڕدەستییەوە لەگەڵ خولیا غەریزیە پاڵنەرە جنسییەکاندا، سازش بکات یانی «نە سێخ بسووتێ و نە کەباب» لەم حاڵەتەدایە کە «من» لەگەڵ هەر چەشنە ڕەفتاری دزێو و سەرکوتکەرانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەهەر فۆڕمێك کە خۆی بنوێنێ خەبات دەکات. ئاوا گەشکەیەك بۆ «من» بە چەشنێکی تر هەمان گەشەی مەدەنییەت و ڕێکخراوە ئازادیخوازە دەروونی و دەرەکییەکانە کە لە ژێرەوە باسیان لەسەر دەکرێت:

**مەدەنییەت و بەربەرییەت**

**(پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی)**

بۆ گەشەی مەدەنییەت بە دوو واتا ئاماژە کراوە:

یەکەم: واتایەك کە فرۆید بۆی ڕەچاو کرد ئەویش تێپەڕ بوونی مروڤ لە بەربەرییەت (دواکەوتوویی) و سەرمەستییەکانی منداڵانەیە بۆ «شارستانییەت».

دووەم: تێپەڕ بوونی مرۆڤە لە کۆمەڵگەی نەریتی و دەسەڵاتخوازییەوە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن. دیارە کە کۆمەڵگەی نەریتخوازی یان پێش مۆدێرن لەگەڵ کۆمەڵگەی دواکەوتوو و بەربەردا یەکسان نییە" چوونکای بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی بەربەر لە کۆمەڵگە نەریتخوازەکاندا، بە چەشنە فەرهەنگی و ئیتنیکەکان، خولیا و ئارەزووە زارۆکیەکان بە توندی سەرکوت دەکرێ. ئەگەرچی ئەم سەرکوتکردنە جگە لە بەستێنەی عیرفان، لە فرسەتی گونجاودا،

دوور لە چاوی (محتسب، چاودێر) دا، تاك لە دەستوورەكانی سەرچەشنە فەرهەنگی و ئەرزشییەكان، كە هێشتا دەروونی نەبوون خۆی دەرباز دەكات. بەڵام ئەم سەركوتكردنە، بە شێوەی رێك و پێك و لە شكڵی پاشا زۆردارەكاندا خۆی دەنوێنێ" لە واقیعدا خێرایی ئەم پاڵەپەستۆك و سەركوتكردنەتە كە كۆمەڵگەی نەریتخوازی و دەسەڵاتخوازی لە كۆمەڵگەی پێش مۆدێرن و مۆدێرن جیادەكاتەوە.

لەم روانگەوە، دەبین بە خاوەنی سێ كۆمەڵگە: هەوەڵ، كۆمەڵگەی بەربەر (وەحشی و دواكەوتوو) كە غەریزەگەل و خواستگەل سەركوت نابن یانێ «من» و «بەرزە من» لاوازن، بەڵام «ئەو» قەڵەو و پڕ توانستە. دووەم كۆمەڵگەی نەریتخوازی كە لەمدا، ریكخراوە سەركوتكەرە داپڵۆسێنەرەكان گەشكە دەكەن" یانێ «بەرزە من» و «من» لاواز دەبن بەڵام «ئەبەر من» قەڵەو دەمێنێتەوە. سێهەم كۆمەڵگەی مۆدێرن، لەم چەشنە كۆمەڵگەدا، پێوست بە رێكخراوەی سەركوتكەر و لانیكەم بە چەشنە نەریتەكەی نییە" یانێ «من» قەڵەو و جەوان دەبێ و لە پاڵ «بەرزە من» دا گەشكە دەكات.

ئەوەی لەم سێ چەمكەدا بۆ ئێمە بایەخدارە، كۆمەڵگەی نەریتییە كە لەم سەرچەشنەدا، «من» لاواز و پەككەوتەیە. هەر وەها كە ئاماژەمان پێدا ئەگەر «من» پەككەوتە بێ و كەسێتی مرۆڤ پێنەگەییو، ئیتر تاك ناتوانێ بە درووستی و بە شێوەی سەربەخۆ لە هەمبەر سەرخۆشییەكانی «زارۆكی» بوەستێ و خواستە سۆسیایی و عەقڵانییەكانی بەراورد بكات.

لەم رەوتەدا، كاركردە سالم و رەواكانی بۆ دابینكردنی رێكبەخشی و سامانمەندی رەوانی بەشەری لە دەست ئەدات و پێداویستی بە دەزگا سانسۆرچییە دەرەكییەكان دەبێ، وەك ئەو سەرچەشنە خێزانەی كە لە خولی منداڵیدا پێی راهاتبوو. بەم هۆیەوە كە لە كۆمەڵگە نەریتییەكاندا ئێمە شاهیدی حكوومەتی سوڵتانە سەرەڕۆكان بووین" لەم چەشنە كۆمەڵگەدا، نە تەنیا «من»

پەککەوتە و دواکەوتوو دەمێنێتەوە بەڵکوو چەشنێك ئەندێشەیش، گۆنجاو لەگەڵ ئەوپێکهاتەکەسێتەدا، سەرهەڵدەدا و گەشکە دەکات و فراژوو دەبێ.

**ئەندێشە و دەسەڵاتخوازی لە**
**کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا**

لە خولەپێش مودێڕنەکاندا، چییەتی چەشنی هزر لەگەڵ پێکهاتەی کەسێتی دەسەڵاتخوازدا، لە کێشە و ململانێدا نەبووە، یانێ چەشنی هزرکردنەوە ئەمرازێك بۆ ماریفەتناسی نەئەژمێررا، بەڵکوو وەك ئەمڕاز (ئالەت) کەڵکی لێ وەردەگیرا، «ماسۆن ئۆرسێل» لە کتێبی «فەلسەفە لە رۆژهەڵاتدا» نووسیوییەتی: «پێشینیانی هێند، بەقەدەر چالاکی و کردە، رێزیان لە بۆ هزر و بیرکردنەوە دادەنا (٤). ناسین لە رێگای ئیشراقەوە بەدەست دەهات:

ـ پای استدلالیون سخت چوبین بود ـ دێرێکی مەولەوی رۆمییە: ئاماژەیە بە بێ بنەمایی و سستی بۆچوونی بیردۆزان ـ وەرگێڕ ـ ئەندێشەی نەریتی، ئەندێشەیەکی عەقڵی رووت نەبوو، رەگەزە هەستیاری و سۆفیانەکانیش لەودا کاردانەوەی هەبوو» (٥)

ئەمە سازوکار و پلانەدەروونیکراوەکانی سەرەڕۆیی بوو کە کاری سەرکوتی و دابینکردنی رێك و پێکی و سامانبەخشی خستبووە ئەستۆی «ئەبەرمن».

لە بیۆگرافی «ئەبوو حامێد غەزاڵی» دا ـ یەکێك لە چوار بیردۆز و بیریارەبەناوبانگەکانی دنیای ئیسلام ـ دەخوێنینەوە: «دوای ئەوەی لەگەڵ رێچکەو بزاڤی سۆفیانەدا ئاشنا دەبێ لەوانە وتنەوە دەست هەڵدەگرێ و دەبێتە رێڕەوی رێگای تەسەوف» (٦) ئەم رووکردە لەگەڵ دەسەڵاتخوازیدا پێوەندی توند و تۆڵ پەیدا ئەکا. حەنا ئەفخوزی ئەڵێ: «غەزاڵی لە ساڵی ٤٨٨ کۆچی مانگی لە خوراسانەوە چووە شام، ماوەی ٢ ساڵ لەوێدا مایەوە کە هیچ کارێکی جگە لە گۆشە نشینی و خەڵوەت و وەرزشی نەفس و تێکۆشانی مەعنەوی

نەبووە. ماوەیەك لـە گۆشە مزگەوتی دیمەشق مایەوە، هەرچی رۆژە دەچووە سەر منارەی مزگەوتەکە دەرکەی لـە خۆی دادەخست، ئەنجا لـە شامەوە چوو بۆ بیت المقدس. هەرچی رۆژە دەرۆیشتە الصخرە، لـەوێـدا دەمایـەوە و خـۆی زینـدانی دەکرد «(٧)

هزر کردنەوە زۆربەی لـە خزمەتی «کردە» دا بوو و «کردە» یش لـە قالّبی خەبات لـەگەڵ نەفسـدا لــە خزمـەت پێکهاتـەی کەسـێتی دەسـەڵاتخوازدا بـوو. ئەندێشــە وەك «بــت» ی خــۆزلزان و لــووت بــەرز کــەمتر لــە سیســتەمی دەسەڵاتخوازیدا پلـە و پایەی بوو. یان ئەمرازێك بوو بۆ شکانەوە بە مل «نەفسـی ئەمارە» دا یانێ هەمان رێکخراوەی «ئەو». بێ شك مەیلی شـکانەوە و سـوڵتە لـەگەڵ فەرهەنگی نەریتیدا نامۆ نییە، ئەو سولّتە و شکانەوە چ بە مل زارۆیەکـدا بێ یان ژنێك یان نەفسدا. لـە ئاسەواری عیرفانی و دیـنی ئێمـەدا، نـەفس هـەمان رەهەندی ئاژەڵی مرۆڤە، کە چەندەها کەڕەت لـە دەروونەوە بۆ دەرەوە فڕێدراوە و تەنانەت گیانلـەبەرێکی دزێو و ناپاك بە ئەژمار هاتووە:

مردی گورکن عمری دراز

گۆرکەنێك، تەمەنێکی درێژ

سائلی گفت کە چیزی گوی باز

پرسکەرێك پێی گوت نوکتەیەکم بۆ باسکە

گفت: این دیدم عجب بر حسب حال

گوتی لـەم ژیانەمدا ئەم شتەسەیر و سەمەرەم دیت

کاین سگ نفسم همی هفتاد سال

ئەم سەگەی نەفسەم لـەم هەفتاد ساڵدا

گورکندن دید و یك ساعت نمرد

ئەم هەموو گۆڕکەندنەی دیت بەڵام خۆی بۆ سەعاتێك نەمرد

یک دمم فرمان یک طاعت نبرد

بۆ ساتێکیش لە دەستووری من ئیتاعەی نەکرد

عەتار لە «تذکرە الاولیاء» دا باس دەکات: «عەبدوڵا ترووغبەزی تووسی» کەرەتێك لەگەڵ دۆستانیدا بۆ نان خواردن لە سەر سفرەوە دادەنیشێ. مەنسووری حەللاجیش لە «کشمیر» ەوە دێ. عەبایەکی سەرتادامێنی رەشی لەبەردا ئەبێ و دوو دانە سەگی رەشیش وەدوویدا دێن... شێخ گوتی" «ئەو سەگە، نەفسی ئەو بوو کە بە دوویدا دێ، لەدەرەوەی ئەو مایەوە بەڵام سەگەکەی ئێمە (نەفس) لە ناوەوە، ماوەتەوە و ئێمە وەدوویدا رادەکەین.»

لە تێکستە عیرفانییەکاندا، جگە بە سەگ نەفس، بە بەچکە رێوی، مار، مشك، ژن و... وێچواندراوە، لە شێخ بووعەلی سینای مەروزی دەگێڕنەوە: «من نەفسم لە سیمای ئافرەتێکدا دیت کە تاڵێ لە بسکی ئەوی گرتبوو و دای بەمن و منیش ئەوم بە لقە درەختێکەوە بەستەوە و ویستم لەناوی بەرم.» نووشتەی زۆربەی عارفان، تیاچوون بوو بۆ سەربەستی مرۆڤ" گەیشتن بە «**لقاءا**...» و پلەی «فناف ا...»

رێڕەوی رێگای حەقیقەت دەبوا قۆناغگەلێکی پڕ ئاستەنگ تێپەڕێنی تا بگاتە دوایین پلە. ئەڵبەتە عارفانێکیش هەبوون کە پێیان وابوو تەنیا «عەشق» ە کە دەتوانێ ئەوان لەو قۆناغە سەخڵەت ئامێزانە تێپەڕێنێ کە ئەمە خۆی باسێکی جیاوازی تایبەتی دەوێ. بەڵام هەرلێرەدا، بە کورت دەبێ بگوترێ: کە عەشق خۆی لە رەسەنایەتی و گەشکەی «من» دەرباز دەکات، لێرەدا عەشق جگە داخوازگەلی زاڕوانە و لووت بەرزانە شتێکیکە نییە. ئەو عەشقە نە وەسڵە و نە فەنا بەڵکوو تەجرەبەی کامڵ بوونە. بەرخۆدان و عەشق ئەگەر تەبا و هاودەنگ لەگەڵ عەقڵدا نەبێ خۆخوازی و لووت بەرزییە یان بە گێڕانەوەیەکیتر، چەمکی عەشق زادەی چاخی رۆمانتیزم و پێگرتنی کامڵی تاکە لەو کۆمەڵگەدا.

بەهەر حاڵ ئەگەر بمانەوێ مەکتەبی «وەحدەتی وجوودی» لە رێگای داوەری ئاوەزخوازییەوە تاوتوێ بکەین، پێدەچێ مروڤ تا ئەو رادە (حیرمان زدە)

و ناهومێد بمێنێتەوە کە سووتان و تیاچوون و فەنابوون، تاکەرێگا بیّ بۆمانەوە با باشتر بڵێم کە هزرکردنەوە دەبێتە سەرباری هەبوون (هەستی). پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەرەکدا کەم یان بە تەواوەتی دەپچڕێ. بەڵام لە ئاقارێکدا کە «من» گەشکە دەکات لە خۆشی و وەسوەسە و بۆڵەبۆڵی «ئەو» کە تاقمێك لە زانایان بە «وەسوەسەی شەیتان» ناودێری دەکەن، بە دوژمنییەوە، لێی ناسڵەمێتەوە، «ئەو» و سەرخۆشیەکانیی «ئەو» بیّ بایەخ و موهمەل ناکات ۆ لەم دۆخەدا، نە ویژدانی ئاگا (بەرزەمن) خوازیاری سەرکوتکردنە نە واقعییەتە دەرەکییەکانیش راشکاوانە سەرکوتکەرن ـ لە واقێعدا، ئیریکسۆن وتەنی: «من» خۆی بە سەروەری واقعییەتە دەرەکییەکان و «بەرزە من» دەشوبهێنرێ، بە هۆی ئەم سەربەخۆییەوە بە دڵنیاییەوە دەچێتە پێشوازی زۆربەی داخوازە نەفسانییەکان و هەبوونیان وەك پێداویستیگەلی ژیانێکی سەرکەوتوو دەزانیّ، لەو کۆمەڵگەدا، لە هەموو بەستێنە و قۆناغێکدا بۆ کەڵك وەرگرتن لە کامجۆیی و لەزەتخوازی فەراهەم دەبیّ و «من» بۆ بەرپرسایەتی و ئەزموونگەری لە کارزاری ژیانی واقیعدا، هەنگاو دەنیّ. لە حاڵێکدا تاکی ناهومێد (حیرمان زەدە) سەرەنجام دەبێتە قوربانی ئەو هێزانەی کە هیچ چەشنە پتانسییەلێکی راگرتنی بە ملیاندا نییە.

بەم جۆرە بۆمان دەر دەکەویّ کە خۆشگوزەرانی (ئاوەزمەند و مەدەنی)، لەگەڵ کەسێتی دەسەڵاتخوازیدا تەبا و گونجاو نییە" چوونکای ئەگەر هێزی بەرهەڵستەکەری دەرەکی نەبیّ «تاك» دین و دنیای خۆی بە شەهوەترانی و خۆش بوون، دەفرۆشیّ و دنیایش دەکێشیّ بە گەندەڵکاری و پیسکاریدا. لەم روانگەوە لە زەمان شای پێشوودا ئاوەها هەل و مەرجێك لە کۆمەڵگەدا بەردەوام بوو. لە حاڵێکدا خۆشی «مودێرن» هەم لە دیدی ئەندێشەوە رەوایە و هەمیش لەگەڵ پێکهاتەی رەوانی تاکدا ناکەوێتە کێشە و ململانێی بناغەییەوە. ئەگەر چاوێك بخشێنین بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەندێشەدا لە سەدەکانی دواییدا

دەبینین کە «بێنتامی» ی ئینگلیزی، باوەڕی ئەوتۆی بە خۆشگوزەرانی جەماوەر بوو، (Social Hedonism) و «شۆپێنهاوێر» یش بە پێڕەوی لە «ئەرەستوو» تەنیا دۆزی ڕەوای ژیانی بە کامجۆیی و لەزەتخوازی و پارێزکردن لە ژان و دەردی دەزانیّ.

## پێکهاتەی کەسێتی مۆنتاژ کراو

لە وڵاتگەلێك کە پرەنسیپە فەرهەنگی و هزرییەکانیان لەگەڵ تکنۆلۆژی مودێڕندا، سازگار و گونجاو نییە یان لەگەڵ ئەم دیاردەدا وان لە کێشمەکێش و ململانێدا، گەشەی پیشەسازی ئەو وڵاتانە لە فۆڕمی «مۆنتاژ» دا دێتە نواندن. پیشەی مۆنتاژ، پیشەیەکە کە پارچە شتوومەکە پیشەییەکان لە هەندەران دەهێنرێن. وڵاتی هێنەریش ئەوانە لەیەك سوار دەکا و تێکیاندەئاڵاویّ. بیّ ئەوەی کە هێنەر هێشتا «فرانکشتاین» ی کەجبەختی پەروەردە کردبیّ و ڕۆحیات و فەرهەنگی ئەوی کە هەمان ئاکارگەلی ڕاسیۆناڵێتەیە، پەرە پێدابیّ، کەوابوو تەوژمی ئەندێشەی مودێڕن، لەم وڵاتانەدا کەسێتییەك پێکدەهێنیّ کە پێدەگوتریّ «کەسێتی مۆنتاژکراو» یانی ڕۆچوونی ئەندێشەکانی نویّ بە جەستەی کەسێتی دەسەڵاتخوازدا، هەروەها کە تکنۆلۆژی نویّ خوازیاری کۆمەڵگەی نوێیە، هرزی نوێش خوازیاری کەسێتی نویّ دەبیّ.

بەم هۆکاریەوە و لە سەر هۆکاری بنەماییتریش، هیچکام لە تەکنۆلۆژی ئەندێشەی مودێڕن ناتوانن ئاکامی نوێیان لە کۆمەڵگەی نەریتیدا هەبیّ.

دەبیّ هاوکات لەگەڵ هاتنی بەرهەمەپیشەیی و فیکرییەکاندا باشتر وایە کە بنەمای کەسێتی توێژینەوەی ڕەوانشیکاری بکرێت، یانیّ وەك ڕەوشی ژیان و ماریفەتناسی چاو لە مودێڕنیتە بکەین. کاتێك دەڵێین وەك مودێڕنیتە، یانیّ ڕوو بەڕوو دەبین لەگەڵ ڕەوشی ژیان و دەبیّ ئەمە دەروونیش بکریّ، لانیکەم دەبیّ ئەمە ڕوون بکەینەوە کە مودێڕن بوون لەگەڵ ڕۆژئاوایی بووندا چ جیاوازییەکی هەیە. تاقمێك لە تیۆریسییەنە ئۆرووپاییەکان وەك «ئێسپێنسێر» لە بارەی بەرز

بوونەوەی کومەڵگە لە قۆناغی نێزامیخوازی بۆ پیشەیی: دەڵێ: مودێڕنیزاسیۆن دیاردەیەکی سرووشتییە. کەوابوو هەر وڵاتێك دەتوانێ خۆی مودێڕن بکاتەوە و بێ ئەمەیش ببێتە لایەنگری ڕۆژئاوا. بە مەیش عوزر و بیانووەکانی ئیمپریالیزم و ئوریانتالیزم بۆ سەیتەرە بە مل وڵاتە لە دۆخ گەشەسەندنەوەکاندا، ڕەت بکرێتەوە. ئەمە هەر ئەو وتەزاتە کە بیریاران و نۆژەکانی ژاپۆنی لە خولەکانی نۆژەنیدا (Meigi Restoration) بە خۆیەوە سەرگەرم کردبوو. ١٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا ژاپۆنییەکانیش گەیشتنە ئەم دوو ڕێگە کە چی بکەن، ببنە ڕۆژئاوایی یان مودێڕن. لایەنگرانی ڕوانگەی (ئیسپێنسێر) بەڵگەیان دەهێنایەوە بڕیارە ڕەوتی پێشەوەچوونی مێژوو بەرەو چەمکی مودێڕنیتە دەڕوا، ئەوا هەموو کۆمەڵگەکان دەتوانن دێر یان زوو پێ بنێنە نێو گۆڕەپانی مودێڕنیتەوە، بێ ئەوەیش ببنە لایەنگری ڕۆژئاوا، بە تایبەت کە ژاپۆن لە قۆناغی نێزامیخوازی و فئۆدالیتەدا تێپەڕی بوو.

پێش هەرەسهێنانی شۆڕەوی و هیوا بە شۆڕشی جیهانی کومونیستی یان تێکڕمانی سەرمایەداری، لانیکەم کێشەی سەرەکی زۆربەی سۆسیالیستەکان، یەکبوونی پەراوێزنشینانی زەوی بوو، چ ڕۆژئاوایی و چ ڕۆژهەڵاتی. بە لەونێکیکە کێشەی کۆتایی، ڕۆژئاوایی، مودێڕن بوون نەبوو، کە ئەمە لە خوێدا بە چەشنێك ئەمرازی چەوساندنەوە و «ئیستیعمار» و چەشنێك لە خۆ نامۆ بوون (ئیلیناسیۆن) بوو. لە لایەکیکەوە کۆمۆنیزم وەك چییەتیەك دەژمێررا" پێوەر بۆ هەموان چ کرێکار و چ ڕۆشنبیر، پێوەرێکی «دۆزەخیانە» بوو. گرینگ نەبوو چین وکامەنە. لە چاخی دەسەڵاتی سەرمایەدا مرۆڤ ناتوانێ ئەوەی کە ئەیەوێ بیبێ. ڕۆژهەڵات نەیدەویست و نەدەبا لە هۆکارگەلێك کە بووبوە هۆی نزمبوونەوەی ڕۆژئاوا، پەند وەربگرێ، نەلە لیبرالیزم و ئازادییەکەی و نە لە یاسا و ئاکارگەل و پێودانگەکانی. بەڵام هەنووکە پاش هەرەسی شۆڕەوی و داڕمانی «سۆسیالیزم» ڕۆژهەڵات دووبارە لەسەر دوو ڕیانی شیمانەدا قەراری

گرتــووە، ئــەمجارەیش وتــەزای «کۆمەڵگــەی مــەدەنی» پێــی زیــادکراوە کــە کێشەکەی لە حەوزەی سۆسیایی ئابووری دەرهێناوە و خستوویەتە ناو حەوزەی سیاســـی فەرهەنگییـــەوە. کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی ئێســـتا پێکهاتـــە لەســـەر وزەجەماوەرییەکان و دژ بە دەسەڵاتخوازیشە. کێشەکەی، ئازادی و بەرپرسێتی و گەشکە و... یە، ئەو چەمکەی هەنووکە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئوروپا و تەنانەت ئامریکایش لە سەر زاری خەڵکاندایە. کە وابوو پێویستە، هەڵویستی خۆمــان لــە هەمبــەر تایبەتمەندییــەکان و پرەنســیپەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، مودێرنیتە و رۆژئاوا روون بکەینەوە.

یەکێك لە پرەنسیپەکانی مودێرنیتە و کۆمەڵگەی مەدەنی (ئینتزاعی) بــوونی مرۆڤە و هەر وەهایش یاسامەداری. مرۆڤی ئینتزاعی، خوازیاری قــانون (یاســا) و ئازادییە تا وەك مرۆڤی ژاپۆنی لەسەرچارەنووسی و چییەتی خــۆی بــاس بکــات، سەربەستانە نە لە رووی ملەجێڕێ و شۆڕش یــان ســەربەژێری، رێگــای خــۆی بدۆزێتەوە. چییەتی و بوونی «من» سەرەتا دەبــێ ســەربەخۆ و سەربەســت، بــێ ژێردەستی، رابهێنرێ و پەروەردە بکرێ، لەم حاڵەدا هەبوونی تاك، لــە دیکــەوە ناگیرێ و لە ســەر حەیســییەتی ســەربەخۆی خــۆی وەســتاوە. ئــەم حەیســییەتە (چییەتییە) ئیدی نە رۆژئاواییە و نە رۆژهەڵاتی، بــە پێچــەوانەی ئــەم رووکــردە ئەندێشەی نوێ لەگەڵ «مــن» ی پەککەوتــەدا دەکەوێتــە کێشــە و ململانێــوە" ئەندێشەی نوێ لەسەر بنەمای ماریفەتی نوێیــە، وا لــە جەســتەی ئــەم «مــن» ە ژیکەڵەدا. «من» ی نەریتی و دواکــەوتوو، هــەروەها کــە ئامــاژەی پێکــرا، لــە رێگای ئاستەنگی و سەرکوتییەوە، ماریفەت، دەخاتە گەڕی خۆی، نە لە بــواری عەقڵییەت و یەکسانی مەدەنییــەوە. ئــەو «مــن» ە زۆرتــر وا لــە دووی نیــازی مێژوویی خۆیەوە یانێ سەیتەرە و شکانەوە بە مل ئەویدیدا. ئەگــەر «مــن» بــۆی نەبێ لە سەر بنەمای بەرپرسێتی و خودموختاری رێژەیی بڕیار بدات، ئاوەزیش لە سازوکاری رەوانی تاکدا دەبێتە ئامێرێك لە خزمەت دەسەڵاتخوازیدا. بۆیە دەڵێین

ئاوەز (عەقڵ) دوو جۆرە: یەکەم ئاوەزێك کە هەڤاڵ و هاوڕێی شکی مەدەنییــە و مەیلەوگەشکەی هەیە و دووەم ئاوەزێـك (ئیقـانی) یــە و وا لــە ژێـر سـوڵتەی دەسـەڵاتخوازی «مـن» ی لاوازدا. ئـەم ئـاوەزە، دژبــەری کۆمەڵگەیــە و لــە ڕەهەنـدی ئەوەڵــدا ئەندێشــە و ئـاوەز لەگـەڵ جەوهــەری مەدەنییــەتی تاکـدا جۆشدەخوات، دکارتیش بە چاو کردن لە هەوێنی باسەکەی بووعەلی سـینا لــە بارەی «بوون» وە ڕەدووی چەمکی «ناسین کەوت». (Cogito ergo sum)

ئەگەر ڕێژەی کۆمپانییەك لە وڵاتانی ئێمەدا نێوان ٨ تا ١٠ لــە سـەدا بـێ، نابێ ڕێژەی هزر کردنەوە و ئەندێشە نوێیەکانیشمان پـتر لـەمـە بێـت. بـۆ ؟ بـۆ ئەوەی کە ئەو ئەندێشەگەلە پتر لە وتەزای ئەندێشە دەمێننەوە یـان بـە چەشـنی ڕستەگەلێکی جوان لەسەر کاغەزدا دەنووسرێنەوە و یان دێنــە گـۆکردن. واتــە ناگەنە قۆناغی کردەوە" یانێ ئەو ئەندێشەگەلە لەگەڵ بنەمای کەسێتیدا، جیـایی و مــەوداو بۆشــاییان هەیــە. پێکهاتــەی کەســێتی وەدووی شــتێکەوەیە و هزرکردنەوەیش بە شوێن شتێکیکە. بنەمای کەسێتی وا لە دووی سەیتەرە و ژێر دەست خستنی دیتران و هەروەهایش ئەیـەوێ هزرکردنـەوە، ئـەمرازێك بـێ بـۆ وەگـەڕ خسـتنی دەسـەڵاتی ئـابڕوو و سەرپۆشـێك بـۆ شـاردنەوەی پەککەوتـە لاوازییەکەی. بیرکردنەوەی نوێ وا لە هەوڵــدا کـە سەربەسـتانە چـالاکی بـۆ وەگەڕخستنی ڕواندن و لە دایك بـوون و مەدەنییـەت، هـەمیش لــە پێکهاتـەی کەسێتی نەریتی و ڕەوشە دەس و پاگیرەکان دەرباز بێـت. بـە چەشـنێکی دیکـە ئەندێشە نوێیەکان وەنە سەرێکی نائاشنا و نامۆ کە لە سەر جەستەیەکی ڕزیـو و دێریندا لکابێ و مۆنتاژ کرابێ.

ئەگەر چاوێك بخشێنین بەسەر بزووتنەوە (بزاڤە) مودێڕنەکانی ئێران تا پـێش لـە دەهەی ٥٠، ئاخێزگەی هەموویان هزر و ئەندێشەی پێشڕەو و نـۆژەن، یـان لانیکــەم هانــدەر و پشــتیوانێك بــوون بــۆ ئەمانــە، بــەڵام ئــەم شۆڕشــانە بــۆ گیانبەختکەرەکانیان ئەوەی کە ئارەزوویـان دەخواسـت، کاردانــەوەی نــەبوو و

نەگەیشتە ئەنجام. بێ گومان هەر وەها کە پیشە سازی مۆنتاژ، تارادەیەك دەبێتە هۆی پێشکەوتنی وڵات، مۆنتاژ کردنی ئەندێشە نوێیەکانیش دەبنە هۆی رووناکی فەرهەنگی نەریتی، (بابڵێین) خەنەکەی بێ هوودە نەبووە. دۆزی بزاڤی مەشرووتە، یاسا خوازی بوو، لە بەستێنەی ئەم بزاڤەدا پەرلەمانێك لە دایك بوو کە لە واقیعدا دیویتری سکەی مۆنتاژ بوو. پاشان هەر ئەو پەرلەمانە بوو بە ئەمرازێك بۆ پاوەنخوازان و دەسەڵاتچیان کە جەغزی سولتەی خۆیان بەرینتر بکەن. بزووتنەوەی میللی بوونی نەوتیش دۆزی گەیشتن بە لیبراڵیزم و دیموکراسی بوو، تیشکۆی جەماوەر زۆربەیان لەم ئایدیا وبۆچوونگەلە، پێشوازیان کرد، بەڵام بە کردە، ئەم دیمۆکراسی هەڵێنجراو لەو بزاڤە، چەن ساڵ پتر تەمەندار نەبوو، شا و ئامریکا و بەکرێگیراوەکانیان، بە سیخوڕکاری توانیان زۆر بە ئاسانی لە ماوەی چەن رۆژێکدا ئەم بزووتنەوە بڕووخێنن. لەم شۆڕشەی دوایشدا جەماوەر بۆ ئازادی هەستانەوە، بەڵام ئەو ئایدیا و ئاواتە کە خوازیاری هەموان بوو، نەهاتە گەڕ. هۆکارگەلی ئەم دیاردە چۆن بتوانین شیبکەینەوە ؟

لەم سەدساڵەی دواییدا، جگە لە ئەندێشە مودێڕنەکان، شێوەگەلی مودێڕنی شێوەکاری، شیعر، ئەدەبیات و فەلسەفەیش، مۆنتاژی هەمان فەرهەنگی سەلەفی کرا، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانە و ئیهتمامێك کە خاوەنداریێتی ئەو ئادیانە بۆ ئاوەژوو کردنی رۆحیاتی دەسەڵاتخواز کردیان، چەندان کاردانەوەیەکی نەبوو. سانسۆری دەوڵەتیش هەمیشە کۆششی دەکرد کە تا ئەو رادە ئەو ئەندێشەگەلە مۆنتاژ بکرێ کە زیانێکی بۆ سیادەتی جەغزی دەسەڵات نەبێ. ئاوەها رەهەندێکی هزری بە ئاقارێکدا دەڕوا کە پاش ماوەیەك پێدەچێ پەککەوتوو بمێنێتەوە و نەتوانێ شتێك بخوڵقێنێ و ئەفراندنی هونەری و ئەدەبی لە رێڕەوی سەرەکی و ئینسانی خۆی لابدات و بگرە پێ بە پێخوست (لەقە شێل)، تاوەکوو بێتەوە گۆ. بە توێژکاری نووسینەکانی کەسێتی مۆنتاژ کراو، لە بارەی بابەتگەلی فەلسەفی و کۆمایی، دەبینین نووسەر بە چەشنێك هەستیارانە ئەو

بابەتانە دەنووسیٚ کە مرۆڤ نەتوانیٚ لە درووست بوونیدا شیمانە و گومان بکات. چوون مودێرنیتە لەسەر بنەمای ئاوەز (راسیۆنالیزم) پێکهاتووە کەوابوو بۆی نییە بە دەمارگرژی و هەستیارییەوە، بشیٚ شیتەڵکاری و راڤە بکریٚ. بۆ وێنە، ئەندێشەی یەکسانی ئافرەت و پیاو و بەرپرسێتی و ئازادی، جار هەیە وەك دیاردەیەکی ئاکاری، دروشم ئامێز، ئینتزاعی (زەینی) یان بلێین مۆنتاژ کراو وێنا دەکرێن، نەك لەسەر بونیادی عەقڵانییەت و ماریفەت و توێژکاری، یانیٚ بیرمەند، دەبیٚ بە یەکسانی ژن و پیاو و پێوەندی لەگەڵ زارۆ و فەلسەفەی سیاسی ئەم دیاردە خۆی خەریك بکات و لەکردار و تەجروبەی رۆژمەڕەدا ئەم کێشە بخاتە ژێر تیشکی ئەزموونی خۆیەوە.

## پەروەردە و راهێنانی «من» ێکی بەوزە و پێکهێنانی خێزانێکی مودێرن و دیمۆکرات

بەختەوەرانە، لەو کاتەوە کە گریمانەی «دەروونشیکاری من» لە لایەن «ئانا فرۆید» و پاشان «ئیریك ئیریکسۆن» ەوە هاتە گەڕ، نامیلکەیەکی زۆر لەبارەی مەنهەجەکانی گەیشتن بە متمانە بە نەفس و راهێنانی کەسێتی سالم بە زمانێکی ساکار و ئاسان چاپکراون، ئیریك ئیریکسۆن بۆ وەدەست هێنانی کەسێتی سالم و تاکی عەقڵانی لە زارۆکییەوە، تا لێکەوتوویی ٩ قۆناغ دەخاتە سەر سفرەی پێشنیاز، ئەوانیش ئەمانەن:

متمانە و دڵنیایی لە بەرامبەر نامتمانەیی، سەربەخۆیی لە بەرامبەر شەرمساری و دوو دڵی، خوڵقاندن لە بەرامبەر هەست بە گوناح کردن، تێکۆشان لە بەرامبەر هەست بە خۆکەمبینی، چییەتی لە بەرامبەر وڕ بوون لە چییەتی، نزیکی لە بەرامبەر جیایی، بزاوتوویی لە بەرامبەر وەستاوی، سەرەنجام، غیرەت و جوامێری لە بەرامبەر بیٚ هیوایی و ناهومێدی (٩)

سرووشتییە کە ئەگەر تاکێك بە شێوەی ناتەواو لە قۆوناغێکەوە بۆ

قۆناغێکی تر تێپەر بێت تووشی پەرۆشکاری و ئالۆسکاوی دەبیٚ. لەم ساڵانەی دواییدا وتەزایەك پێی ناوەتە ناو گۆڕەپانی زانستەرەفتارییەکانەوە" ئەویش ناوی «زارۆ دەروون» ە. لەسەر بنەمای تیۆرەکەی فرۆید یان روانگەی دەروونشیکارانی «من»، قۆناغی زارۆکی لە قۆناغە هەستی بەخش و کارسازەکانی، ژیانی مرۆڤە. دەبیٚ زارۆی فەرامۆشکراوی دەروون، دووبارە بدۆزرێتەوە. ئەو زارۆە سەرکوتکراو و کۆیلە کە لە ترسدا لە دوو تۆی ناخدا خۆی بزر کردبوو. لە خۆشی و شادی و هەڵپەرکیٚ و پێکەنین بسڵەمێتەوە و رووبکاتە زیارەت و مازۆخیزم، هەر وەها دەبیٚ لەهەمبەر زێدەڕۆیی و پێخوستکردنی پێداویستیەجڤاتیەکان و... هەڵویست بگریٚ. لێرەدا کە کەسێتی مرۆڤ هێدی هێدی لەو پێشهاتگەلە، دەرباز دەبێت. پەروەردەی زارۆڵەی توکمە لەگەڵ راهێنانی کەسێتی «من» ی پڕ توانست و ئاگا، یاری دەدات کە ئەندێشە نوژەنە ئاوەزخوازەکان لەگەڵ پێکهاتەی کەسێتیدا، نەکەونە کێشە و ململانێوە، لێرەدا کە سەرەرۆییەکان تا رادەیەك هەوساریان دەگیریٚ و مرۆڤ تایبەتمەندی جڤاتی پەیدا دەکا. هەر وەها کە پێشتر ئاماژەی پێدرا رەگ و ریشەی دەسەڵاتخوازی وا لە چەشنی بار هێنانی خێزان و قوتابخانەدا. رێکخراوەگەلێك کە تەواو هەوڵەکانیان بارهێنانی «من» گەلێکی سەربەژێر و یەکسانن. باوك و دایك و مامۆستا (ئەبەر من) وەك سانسۆرچی رۆڵی هەمان ئورگانە تەفتیشکارەکانی بیر و باوەڕ، دەنوێنن. بەڵام ئەگەر زارۆڵەکان لە هەمان دەسپێکدا مافی هەلبژاردنیان هەبیٚ و تامی ئازادی و سەربەستی چەشکە بکەن، ئەو مافە دەبێتە پاژێك لە سرووشتیان و تاکیش ناتوانیٚ لەوانی زەوت بکات. هەر وەها بەشدار بوون لە بڕیارگەلی بنەماڵە و هەڵخڕاندن بە هزرکردنەوە و شیمانە و دژبەری لەگەڵ دایك و باوك و مامۆستایان یەکێکە لە بنەڕەتیترین کۆڵەکەکانی ژیانی سیاسی کە بە زارۆانی فێر دەکەین کە لەگەڵ دنیای زارۆڵانەی خۆیاندا ئاشنا بن و رێزی لیٚ بنێن. ئەمە خۆی سەفەرێکە بە دنیای

زارِوانە و مێرمندالّیدا کە بەگوربزی گەشەی دووبارەمان پێدەبەخشێ. کـەوابوو دەکرێ خێزان بە چاوی رێکخراوێکی سیاسی تماشا بکەین.

دیارە هەمووومان زارِۆکانمان خۆش دەوێ، بێ ئەمەی ئـەوان بناسـین پاشـان پێوەندی دو لایەنە دروست دەکەین. ئەوینەکانیشمان جـار، بـاس لـە نیـازێکی دەروونـی خۆپەرەسـتانە دەکـات کـە سەرچـاوەکەی دووری و نامۆییـە. لەپێوەندییەکانیشماندا لـەگەڵ ئەوانـدا، پێدەچـێ وەدووی دۆزینـەوەی ونبـووی خۆماندا بین. تاکی دەسەڵاتخواز ژیانی وا لـە تەنیایی رەهادا و هەر ئەم تـەنیایی و دوورە پارێزییەتە کە تەنیا زارِۆیەکی سەربەژێری و وابەستەی ئەوێ. «ئـەو» بـە هۆی پێنەگەیشتوویی خۆیەوە، تامڵی ئەوەی نییە کە بەزارِۆکەی بڵێ «نە !» لە بەرامبەر پەرچەکرداری منالّەکەی و مێرمندالّەکەی هەترەی دەچـێ و دەتـۆقێ. هەر وەها تەمێ و تونـد و تیـژی بـۆ چـوونەناوکۆمەڵگەی مـەدەنی رێکـارێکی پەسەندکراو نییە، تـەمێ بـە هەرچەشـنێك بـێ دەبێتـە هـۆی تێکـدانی سـامانی دەروونی زارِۆ، دانی بەرتیل و رِشفەیش یان تاریفی نابەجێ، لـە جێـی تەشـوێق و پاداشت. (١٠)

هەردووی ئەمانە زارِۆ بە دایك و باوك وابەستە دەكات. بە هەر حاڵ لـەخۆ نامۆ بوون و زۆر سەرەرِۆیی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یان پێـداگری دەسـەڵاتی بێ یەك و دووی «ئەبەر من». دەبێ بزانین سروشتی سەربەسـتخوازی زارِۆ پـاش لەدایك بوون، وەك تەواو ماڵات، هێدی هێدی لـە ژیـانی فیزیکـی و رەوانیـدا دەفراژوێ وگەشکە دەكات. تەنانەت ماڵات لـە رەوتی ئەو سەربەسـتییەدا، لــە کار و باری کۆرپەلـەکانیاندا دەستێوەردان ناکەن، بەڵام مرۆڤ بەهۆی لاوازییـەك کە فەرهەنگی رزیو و نەریت، بە سروشتی ئـەوی بەخشـیوە، تیشـك و هـەڵمی خۆگەردانی و سەربەستی لە زارۆکەی زەوت دەكات.

**تەتڵەی باسەکە**

فرۆید لـەو بـاوەرِەدا بـوو کـە لــە ئاکامـدا ناخۆئاگـا (نەسـت) و غـەریزە

سەرکوتکراوەداخراوەکانی مرۆڤ، هەوساری ژیان دەگرنە دەست، بە پێچەوانەی قوتابیەکەی، «یۆنگ» زۆر لە هەمبەر نەستدا وەك پێشەوایەکی خاس و جێی متمانە خۆشبین نەبوو. لەروانگەی ئەودا سەرجەمی رەوتەکانی ژیانی مرۆڤ لەهەمان پێنج ساڵی هەوەڵی ژیاندا کۆ دەبێتەوە و ئاڵۆزی رۆحی مرۆڤیش لە ململانێ لبیدۆدا، یانێ وزەی مەیلەخۆرسکەجنسییەکان لەگەڵ «من» و «بەرزە من» دا پێکدێ. بەڵام هیوایەکیش هەیە کە مرۆڤ تا دەتوانێ ئەبێ نەستی ناخۆئاگای بەرەو هەستی خۆئاگا راکێش بکات و ئەم دیاردەیشە تەنیا بە دەروونشیکاری (پسیکۆنالیز) و گۆدەرمانی یا خۆدۆزی دێتەکردە و عەمەڵ. گریمانەی فرۆید لەبارەی کێشەی لبیدۆ لەگەڵ «من» دا ئەوکاتە لەگەڵ پێشهاتی هەنووکەییدا بەرانبەری دەکات کە «ئەبەر من» جێگری «من» بکەین. لەبنەڕەتدا سەرکوتی چ لایەن «ئەبەر من» ەوە بێت یان دەوڵەت، توندو تیژ ئامێزکردنی سیمای هەمووشتێك و کێشاندنی بەرەو ئاقاری پەنهانی و بزرکردنی درۆینە (کازب)، بۆ ئەوەی حکوومەتی سەرکوتگەر لە خۆئاگایی پێشوازی ناکات. هەر بەم بۆنەوەیە کە زۆر هەوڵدەدا کە «پەنهان، بزرکراو» ئاشکرا نەبێت (بەواتە قاو نەدرێت). سەرکوتی لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەبێ قارامێز و و داپڵۆسێنەر و «ئاشکرا» بێ تا بتوانێ ئاسانتر لەغامی جەماوەر بجەڕێنێ. سەرکوتکردن لە راستیدا خەباتێکی توندوتیژئامێزە لە گەڵ خۆئاگایی و دامرکاندنی بیرەحمانەی داخوازەکان و سەرخۆشییەکانی قۆناغی زارۆکی. لەروانگەی «ویلهێلم رایش» ەوە، سەرخۆشییە زارۆکییەکان و خولیانابەکانی مرۆڤ، دەبێ خەباتێك بن لەگەڵ سیستەمی لیبرالیزم و گەیشتن بە ئارمانج شاری «سۆسیالیزم»، چ جەوهەرەی ئەو داخوازگەلە، عەشق و بەرخۆدانی ژیانی زارۆکی بێ، چ هێمای خۆئاگایی ژنان و لاوان، و چ ئەندێشە و ئەرزشە سۆسیایەکانی مودێڕن.

پێدەچێ کە لەم ساڵانەی دواییدا، جەماوەری ئێران بە بەشداری لە

بزووتنەوەی خۆدیتن و خۆدۆزینەوە لە دەروونشیکاری (پسیکۆنالیزم) ی ژیان بەخشدا، بۆ هەمیشە وەك هێزگەلێکی خۆئاگا و ئازادیخواز بە تایبەتمەندی ساکاربینی و فرەخوازییەوە، بتوانن سیستەمێکی دیموکراتیك پێك بهێنن.

لە سەدەی بیست و یەکدا، بگرە تا کەشفی «خود» و بارهێنانی بەربڵاوی «من» ی وزەمەند، پێکەوە ژیان لەگەڵ کەسێتی مۆنتاژ کراودا، تەنیا رێگەی چارەسەری بێ.


ژێدەر:

١ ـ ئیمیل دورکیم، یەکێکە لە نەیارە سەرسەختەکانی لەبەر چاو نەگرتنی (گرایش) ەکانی دەروونشیکاری لە کۆمەڵناسیدا.

٢ ـ جێگای سەیرە لە روانگەی «لاکان» ەوە، ئەم «من» ە «لوکاتە» یە.

٣ ـ ئەم رەگەزە لە لایەن «ئیبراهیم ماسلۆ» دەروونشیکاری ئامریکایی بە کار براوە.

٤ ـ حنا الفخوزی، خەلیل ابحر، وەرگێڕان عەبدولحەمید ئایەتی: تاریخ فلسفه در جهان اسلام، سازمان انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، چاپ سوم ١٣٦٧ تهران، ص ١٢

٥ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو

٦ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوول ٥٢٠

٧ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوول ٥٢١

٨ ـ ا. ح. ئاریانپوور: فرۆیدیسم، شرکت سهامی کتاب های جیبی (امیر کبیر)، تهران، ١٣٥٧ ص ١٩٤

٩ ـ اریك اریکسون Childhood and society WW. Norton و ١٩٥٠ .New york

١٠ ـ لەم بارەوە بڕوانە کتێبی (عوارض منفی تنبیه) هەر ئەم نووسەرە، چاپی تابان ١٣٧١



سەرچاوە: مانگنامەی کلك ژ: ١٥١

بەفرانباری ١٣٨٣ هەتاوی ل: ٢٢ تا ٢٦

ن: مەسعوود تارانی

# مۆدێڕنە و
# کۆمەڵگەی مەدەنی

وەك دەزانین بۆ گواستنەوەی هەر خولێك لە خولەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، مەرج گەلێك و کەش و هەوایەك پێویستە. بۆ درزکردن لە «کۆمەڵگەی مەدەنی» یش مەرج گەلێکی تایبەتی هەیە، کە دەبێ ئەمانە زەمینەیان بۆ بڕەخسێ تا داهاتە دڵخوازەکانیشیان بە دی بێن. جیا لەم دەرەنجامە، باس لە بزاڤی «کۆمەڵگەی مەدەنی» وتەیەکی رووت و تەنانەت، دیاردەیەکی (وارداتی) و مۆنتاج، ئەبێ.

ناحەزتر و دزێوتر ئەوەیە، کاتێك مرۆڤەکان، پێوەندییان بە «کۆمەڵگەی مەدەنی» یەوە نەبێت، مەترسی ئەوە دەکرێ، کە دیاردەی «یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنی» ببێتە ئامرازێکی ئایدئۆلۆژیکی بۆ وەگەڕخستنی، «دەسەڵات» لە لایەن توێژێك یان کۆمەڵێکی تایبەتی و دەست چنەوە...

بە وتەی نەمر «محمد مختاری» ئەوەڵین مەرج بۆ گواستنەوە و پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەست بە حوزووری دیترانە. یانێ پێشدەستی کردن لە روانین و زانیاری لە دەرکی هەبوونی دیترانە لە پانتایی کۆمەڵگەدا.

بەڵام ئەم زانیاریە و روانینە سەر ناگرێ، مادام کە مرۆ چاوی دیتنی ئەوی دی (دیگری) نەبێ.

دووەم: مەلی روانین و زانیاری مرۆڤ لە دەور و بەری خۆی دەرباز بێت و لەو پەڕی خۆیەوە بنیشێتەوە و ئەوی دی ببینێ، وەکوو خۆی تماشای کات و

ئـاوڕی لێبداتـەوە. نـەك وەك کـەل و پـەل و شـتێکی دەرەکـی (Obgect) و وجوودێکی تەنیا کە لـە کۆمەڵگـەدا دەژێـی، سـەیری بکـا. (یـانێ دەسـەڵاتی بیرکردنەوە و تێفکرینی هەبێت)

سێهەم: ئەم مەبەستە کە ئەو مرۆڤە، درووست وەکوو خودی ئەو، خـاوەنی مافگەلـێکی تایبەتیە.

چوارەم: بە چاوێکی تیـژ، بڕوانێتـە بلـۆقی و ئـاوەز و شایسـتەیی کەسـێتی تاکەکان، نەك وەك منداڵ و پێنەگەییو. لێرەدا هەوڵێن دەسپێکی «مەدەنییـەت» تیشکی تێڕامان و وردبوونەوەیە لـە ئاستی زانیاری، عەشق و راگـرتنی حورمـەتی «غەریبە» کەیە و ئەو کەسەی تا ئێستا نەمان دیوە و نەمان ناسیوە. لـە نزیکان و کەس و کاریشمان نیە.

(کورت کردنەوەی ماوەی نێـوان ژیـانی کۆمەڵایـەتی Public و تـاکی و شەخسی Private). کۆمەڵگەیەکی پێگەییوو و باڵق، وا شکڵ دەگـرێ و دێتـە قەوام.

**مەرجی دیتن و روانین چییە؟**

رەنگە مەرجی روانین، وەك مەرجی شتکڕین وابێ، سەرەتا مرۆڤ پێویستی بـە پارە هەیە، تا کەل و پەلی پێویست بکڕێ. دیتنی «ئەوی دی» یـش پێویسـتی بـە مایە هەیە. مۆمی هەبوونی مرۆ (ego) دەبێ بە ئەندازەی کافی رووناکمەند بـێ، تا پرشەی ئەو رووناهیە، لـە بازنەی دیاری کراوی «خـۆ»، (id) سـەر بکـات و تارمایی کۆمەڵگە (غەریبە) رووناك بکاتەوە و بکەوێتە سـەر دیـتران. روونـاهی مۆمی وجوود، کە کەم تیشك بێ، گەوهەری مرۆڤ، تەنیا بە سوو سـوویەك کـە هەمان کۆشش بۆ زیندوو مانەوەیە، رووناك دەبێ و بەس. بهێڵن با ئەم راسـتیە دەربڕم، کـە ئـەم بـێ هێـزی وبـێ دەسـەڵاتیە، وا لـە بـار و دۆخـی مێـژووی دواکەوتوویی و دوڕاوی پـێش شارسـتانییەت و سـاویلکەییدا، راگـیراوە، کـە ناتوانێ (بێ پێشێل نەکردنی بنەما و حورمەتی کۆمەڵگە) هەنگاوێك بۆ ئەو پەڕی

خۆی هەڵبگرێ. نەفسی کۆمەڵگەی مەدەنی و چنینی تـان و پـۆ و فۆڕماسـیۆنی ئەو چەمکە، لـە ئەساسدا ئەوەیە، کە مرۆڤ، لـە «خۆپەرەستی» ـــ بـە شـێوەیەکی کارا ـ دەرباز بێت و ساز و کاری ئەم دەربازبوونەشی لــە ناخـدا، هـەبێ. وەك «خۆ» ییەکان بڕوانێتە، «غەریبە» کان و سازشیان لـە گەڵدا بکات و حورمەتیان بگرێت. هەر چەندە تاك پتر خاوەنی ئەم ئاکارە مەدەنیانە بـێ و دیـان بـە وزە و دەســەڵاتی دیـتران بـێ و توانـای دەرك و بینـینی دیترانـی بـێ، لــە جـەغزی خۆبەزلزانی و بازنەی خێڵـەکی گـەرێتی بێتـە خـوارەوە، کـە پێشـکەوتووتر و کۆمەڵگەیش، «مەدەنی» ترە. ئەم حاڵەتە، دەرەنجامی هەمان بارهێنان و ئـەدەبی کۆمەڵایەتیە، کە مرۆڤ دەبێ بە دەسـت نوێـژەوە پـێ بنێتـە نێـو ئـەم مەعرەکـە کۆمەڵاتییەوە. ئەگینا مرۆڤی رۆح بە زلزان، پتر لـە بار و دۆخێ رۆحی ژیـانێکی خێڵەکیدا (توحش) قەتیس دەمێنێتەوە. هەر چەند لـە دۆخی ژیانی عەشیرەتیشـدا (کە مرۆوەکان پێکەوە نزیکن)، بە هۆی هەسـتی جیـاوازی نێـوان (گـەورەتر و بچووك تر) ەوە، بە تەواوی تاك، تاك نابینێ. ئەم دیاردانە هەموو ئەم ئاراکانە، لـە «هێرەم» گەل و جێگەگەلی تایبەتی وتـەکان و رێزنـانی یـەك لایەنـە و پچـڕانی تەعاروفات و وت و وێژگەلی بێ ناوەرۆکی سەردەمی دەرەبەگایـەتی و ناسـین، بە جێ ماون. وێـڕای ئـەوەی کـە بناغـەی ناسـینی دنیـای خێڵـەکی لــە سـەر لێکچوون و وەك یەکبوون (تشابهات) پێکهاتووە. تاك بە پێوەرە گرۆییەکان دێتە دنیاوە و بەو پێوەریشە دەژیێ...

ئەگەر کۆمەڵگە، ئاغا و سەروەری (اقا بالاسر) ی هـەبێ، (لانـی کـەم لــە چەشنی بینراوی) ئیتر بەکۆمەڵگە ناژمێردرێ، بنەماڵە و خێڵ و عێل و یان شتێك وەك (شەلەم شۆروا) یێ کـە گـرۆی «بـاوك و کـوڕ» دەکەونـە گیـانی یـەك، ئەگەریش ئەو کۆمەڵگە خۆشبەخت بن، سەرەنجام خەڵك هەتیو و بـێ «بـاوك» دەکەون.

کە وابوو دەربـاز بـوون لــە بازنـەی «خـۆ» چەشـنە پێگەیشـتنێکە، یـانێ

بەرپرسێتی و کەشف لە هەمبەر دنیایەکی تازە کە لە گەڵ دنیای «سواو» و «پێش ساختەی خێڵەکی» دا جیاوازی ئەوتۆی هەیە. خاڵی جیاکەرەوەی «خێڵ و کۆمەڵگە» ئەمەیە کە دەبێ کۆمەڵگە بسازرێ و درووست بکرێ ـ روانگەی ئیفلاتوون و هابز ـ و ئەبێ بە زانیاری و عەقڵانیەتەوە بسازرێ و بگوێزیتەوە ناوی. هەوێنی بنەمای ئەم کۆمەڵگەیشە، لە سەر جیاوازی و لێکنەچوون و فرەدەنگیە. «یاسا» یش هەر بە بۆنەی ئەم دۆزەوە درووست دەبێ. ئەڵبەتە ئەمە پێناسەی «سوننەت» ی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە دەبێتە هۆی بەدی هێنانی رێکارێك بۆ سەقامگیرکردنی نەزم و هێمنایەتی ئاشتی خوازانەی سیاسی. پێناسەی نوێی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاماژەیە بە گواستنەوەی رێکخراوە سەربەخۆکان لە چەقی دەسەڵاتی رێکخراوە حکوومیەکان و سەقامگیر کردنیان لە بەستێنەیەکی بەرفراواندا. ئەم رێکخراوانە، کە لە نەفسدا خۆڕسکن و ئاژاوەگێڕ نین، لە هەمبەر یەکتری و نەهادی دەوڵەتدا دەکەونە کێشە و ململانێ. ئەڵبەت دەوڵەتی دەسەڵاتدار بە بەکار هێنانی یاسای «قۆرخ کردن، محدودیت» لە هەر چەشنە جووڵە و بزاڤی ئەو رێکخراوە سەربەخۆیانە، بەرگری دەکات (١) کە وابوو، هەست کردن و پێزانینی جیاوازییەکان و دیتنیان، بەڵگەی جیاوازی نێوان دەسەڵاتی خەڵکی و دەسەڵاتی دەوڵەتییە، چ لە روانگەی رەوان ناسی و چ لە نیگای کۆمەڵناسییەوە، ئێمە بەرەو حەوزەی مەدەنییت نزیك دەکاتەوە. یانێ ئەم دیاردە دەبێتە هۆی دەربازبوونی کۆمەڵگە لە دۆخی ناسکی (سەلەفی) و ملکەچی یاسای مەدەنی و فرەدەنگێتی.

بەڵام ئایا مرۆڤی لاواز و بێ دەسەڵات (غەیر مەدەنی)، کە چەندین سەدە بەشکڵی هێمائامێز (نمادین) ئاشکرا یان پەنهان، لە گەڵ دەسەڵاتدا پێوەندی هەبووە، دەتوانێ هەبوونی «ئەوی دی» وەك تاکی خاوەن ماف و ناسراوی کۆمەڵگە هەموار بکات؟

مرۆڤی لاواز، یەخسیر و پێ بەستی خۆیەتی و دەمێك ناتوانێ لە بازنەی

«خۆ»، (id) غافڵ بێ. (هەر وەها کە ئەو سەرومڕ دەبێ چاودێری رەفتاری منداڵەکەی خۆی لە ماڵەوە بێ.) کاتێکیش پێ دەنێتە نێو کۆمەڵگەوە، گەرەکیەتی، دەسەڵات و ئابڕوویەك بۆ خۆی بخاتەگەڕ و دەست و پێ بکات.

سەرەنجام دەبێ کۆمەڵگە خاوەنی باوەڕ و ئیدئۆلۆژی جۆراو جۆر و شوێنگەیەکی هێمن بۆ دەربڕینی ئەم دیاردانە بێ. ئەگینا ئەو کۆمەڵگە بە واتای راستەکی ناتوانێ کۆمەڵگە بژمێردرێت. مرۆڤێك کە خێڵەکی بیر دەکاتەوە، (هەمەکی بین) ە و بە سانایی ناتوانێ پێ بنێتە نێو کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. ئەگەریش پێی نا، بە چەشنێك دەست دەکا بە وێرانکاری و رووخاندن و تۆقاندن. هەروا کە ئاماژە کرا ئەگەریش بگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، دەگەڕێ بە دووی کیمیای ون بووی خۆیدا، یانێ «دەسەڵات». هەر کات بە دەستی هێنا، ئیتر لێی جیا نابێتەوە (چوونکا شکۆی ژیانی خۆی دۆزیوەتەوە.) لەوەیشە چاو بنووقێنین، چوون بەڵگە و لۆژیك (ego) رێنوێنیکەری نین، ئەو «دەسەڵات» ە دەبێتە گەندەڵکار (فاسد کننده) و راوێسێنەر (بازدارنده). یانێ دەسەڵاتێك کە نامۆ و غەریبەیە و ریشەی لە رەسەنایەتی مرۆڤدا نیە. دیاردەیەك کە لە دەرەوە هاتووە تا رەنگە نیمە «من» بکاتە «من». کە وابوو ئەمە پێوەیۆ دەلکێ، تەنانەت ئەگەر پێویستیشی بە ئاژاوەگێڕی بێ.

(ئادۆرنۆ ئەمە بە ego alien ناو دەبات) چاکترە بڵێم: ئەم مرۆڤە، مرۆڤێکی دۆڕراوە کە تەنیا خۆی لە مەرجی هاتنەگۆڕی سۆزی تامەزرۆکانی دۆزیوەتەوە.

«من» ێك کە لاوازە، وەك منداڵانی دووساڵانە (لە بنەماڵەی بە دەسەڵات) توانای بەرپرچدانەوەی نەیاران و دژایەتییان نییە، پێ دەچێ بە راشەکاندنێك، هەڵ بدێرێ، یان بە فوویەك مۆمی تەمەنی بکوژێتەوە. هەر بۆیە سرۆشت و نەفسی کۆمەڵگە، بۆی مەترسی هێنەرە و کاتێکیش پێ دەنێتە نێو کۆمەڵگەوە، (لە جێی تەحەممۆلی نەیاران و وت و وێژ کردنیان) یان زۆرە ملێ،

یان سەرکوت دەکا.

کاتێك میللـەت یان توێژێك بە ئاکاری منداڵی و پێنەگەییو (id) و یـان بـە رۆحیەی باوکانەوە (باوك سالاری) ـبەرزەمن ـ دەڕواتە نێو کۆمەڵگەوە، بنەمای کۆمەڵگە دەکەوێتە نێو کێشـەیەکی بەرچـاو و دیـاریکراو. یـانێ لـەم چەشـنە کۆمەڵگانەدا، جگـە لـە سـەردانەواندن و کۆیلـەتی و نافـەرمانی و سـەرەنجام «سەرکوت کردن» ساز و کارێکیتر نابینرێ.

تاقمێکی کەمینە (گەورەمن، سەرکوتکەر، باوك سالار) دەسـەڵات دەگرنـە ئەستۆ. بە زۆرەملێ زاڵ دەبن بە سەر جەماوەری زۆرینەدا (منـداڵ ـ نافـەرمان)، لـە ئەساسدا دەسەڵات، لـە نەتەوەیەك، کە هێشتا نەگوێزراوەتەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، لـە ژێر دەستی «کەمینـە» دا دەمێنێتـەوە، وەك بنەماڵـە خێڵەکییـەکان، تەنیا لـە سەرهەڵدانی شۆڕشدا، خەڵك لـە دەسەڵاتدا بەشدار دەبن. لـەو گـێر و دارەدا، نەوەك «شاروەند» بەڵکوو وەك «برا و خۆیشك». لـەم کـەش و هـەوا تازە خولقاوەدا، دەوڵـەت دەسپێکێکی خەڵکییە لـە سەر بنەمای برایـەتی، بـەڵام زۆری پـێ ناچـێ، سـۆزەکان ـمنداڵی ـ دەنیشـێتەوە، یـانێ یـەکگرتوویی و یەکپارچەیی کۆمەڵگە لـە تارمایی «غەریبە» پیدا پێوار و نوقم دەبێ. هێور هێور، ئەو شتەی کە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی لـە کۆمەڵگـە دابـینی کـرد، دەبێتـە زلهێزێکی سـەرکوتکەر و تۆقێنـەر. بـەم جـۆرە لـە کۆمەڵگەیـەك، کـە بووەتـە «غەریبە و نامۆ» دەوڵـەتێك لـە دایك دەبـێ، بێگانـە و نـامۆ، کـە زۆرە ملـێ و ملهوڕی دەکاتە سەرمەشقی ئاکاری خۆی.

مرۆڤی لاواز کە توانای هەموار کردنی دەرکی حوزوور (هـاتن) ی «ئـەوی دی» نییە، هەر وەها کە ئاماژە کرا، بۆ دیتران (غەریبە) مـافی «بـوون و ژیـان» قایل نییە، کۆمەڵگە وەك نەخۆشێك، لـە ئاکامدا، (وەك دەمار) تـاك دەمێنێتـەوە. بەم چەشنە، لـە کۆمەڵگەی غەریبەدا کە پێوەنـدی ئەنـدامێتی (ارگانیـك) نێـوان تاکەکان و ڕێکخراوەکان و تاکەکان، سست و بـێ بنەمایـە، ئەوانـەی کـە لـە

سەرەوەی دەسەڵاتن، و یان لە دەستەی توێژی نوخبەگەلی کۆمەڵگەن، لە جەرگەی جەماوەر دادەبڕن (هەر بەو چەشنیشە کە خەڵکیش لێی جیا و پچڕاون). بەم واتا کاتێك کە (بەرادەر بازی) کەم رەنگ بوویەوە، کۆمەڵگە بەرەو «غەریبە و غەریبەگەری» خوڕ دەبێتەوە.

بەڵام تەنها، چەمکی «مەدەنییەت و یاسا و رێکخراوەسەربەخۆکان»، دەتوانن لە داهاتە دزێوەکانی «غەریبەگەرایی» بەرگری بکەن، نەك ئاکار و رێساباوەکانی نێو بنەماڵە و زەبر و زەنگ و ملهوڕی. کە واتە کۆمەڵگەخوازی و یاسامەندی، دەتوانێ دەست لە نێوی دەست، پێوەندی ئەندامێتی و ئاکارە نوێباوەکانی کۆمەڵگە، شکڵ پێ بدەن.

(پێوەندی ئەندامێتی ـ ارگانیك ـ مرۆ لە گەڵ مرۆ، مرۆ لە گەڵ دەوڵەت) پێشهاتی گەشەی رۆحی یەکسان روانین، هەمان رێزنانە بۆ «ئەوی دی». کە لانیکەم لە یاسادا خۆی دەنوێنێ... یانێ دەوڵەت مەدەنییەت نایێنێ، بەڵکوو ئەمە مەدەنییەتە کە دەوڵەت بە شکڵێکێ نوێ دەپالێورێنێ.

لە «رۆژئاوا» پەرەی پێگەیشتنی ئاوەز (عەقڵ) و «یاسا» یانێ: (پێگەیشتنی من یان ego) کە ناسراوە بە سەردەمی رەسەنایەتی مرۆڤ و رەسەنایەتی ئاوەز، دژایەتی و خەبات لە هەمبەر «ئوتۆریتە» و «دەسەڵاتدارێتی تاکی» بە هەر شکڵ و قەوارەیەك، بە تایبەت (دەسەڵاتی بیانی، دەرەکی). کە وابوو «کۆمەڵگەی مەدەنی» پێداویستە رەوانییەکانی مرۆڤە (ego) بۆ پێگەیشتن و بەرفراوانی و بەراوردەکردن و بە پێچەوانەیش. سەرەڕای ئەمە، تەنیا خەبات دژ بە زەبر و زەنگ و زۆر وتن و ژێر و روو کردن و گۆڕانی حکوومەت نەبوو، بەڵکوو گۆڕانکاری و رووخاندن لە بنەمای تەواو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەدا دەستی پێ کردبوو. بۆ وێنە: توێژینەوە لە سەر چۆنیەتی خێزان لە رۆژئائا، لە سەردەمی بۆرژوازی، گۆڕانی پێوەندی نێوان ژن و مێرد و زارۆکانیان، پیشان دەدات. گۆڕانکاری پێوەندی حاکم و مەحکووم و خەبات دژ بە «ئوتۆریتە» لە هەموو

قۆناغەکاندا بەرچاو دەکەوێ.

بەم جۆرە «دەسەڵات» دەبێ لە سافی (Chathrsis) ی «من» و «ئاوەز» و «یاسا» دا تێپەڕێ و لایەنی خاوەندارێتی و زەبر و زەنگی لێ جوێ بکرێتەوە. ئەم چەشنە دەسەڵاتە، دەتوانێ بۆ گەشە و پەرە پێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەکار بهێنرێ. ئەم ئاڵ و گۆڕە، هۆکار و پێداویستی، بۆگواستنەوەی «کۆمەڵگەی مەدەنییە». کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر وەها کە لە پێشدا ئاماژەکرا، ناکرێ بە گورزی دەسەڵاتدارێتیەوە، بگوێزرێتەوە. یانێ بە هەوێنی «من» ێکی لاواز و خۆبەزلزان و لە عەینی حاڵ بەستراوە بە دییەوە.

کۆمەڵگەی دەسەڵاتدار، خاوێنێتی و رێزی نییە و بە لای تاکیشەوە حورمەتی نییە. تاکەکان بێ پەنان و دایم وان لە ژێر ورووژمی ئەتك كردن و جیاوازیدا. هەرێمی دیتران پێشێل دەکرێ. زەبر و زەنگ و دەسەڵات بنێشتە خۆشەی دەمی دەسەڵاتدارانە. «کەسێتی لاواز» چاوی وا بە دەرەوە و دیتران، هۆی کەج بەختی و کۆیلەتی خۆی و کۆمەڵگە دەزانێ. بەم جۆرە لە کۆمەڵگەی خاوەن دەسەڵاتدا، لە گیروداری قەیرانەکاندا (کە ئەم قەیرانانە بە هۆی نامۆ بوونی حاکم و مەحکووم لە یەکترە) هەموو پێشهات و پێکهاتەکان ئەنرێتە مل «بێگانە و بێگانەپەرستان و دوژمنی فەرزی و تەوەهومی».

بەڵام لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هەموو تاکەکان و توێژگەل، خاوەنی پاکی و خاوێنێتیین (یان ئەبێ بن). هەرتاکێك خاوەنی حوزوور و هەرێمێکە (هەمان ـفرهیختگی ـ توکمەیی من ego) کە کەسێك، هەتا نابێ بە روانین، سنوور بشکێنن و تەجاوز بکەن (لەم حاڵەتەدا، تاکەکان «سووبژە» دەژمێررێن نە «ئوبژە» و کەل و پەل). بۆ وێنە کاتێك کە ژن لە کۆمەڵگە «هەرێم و حوزووری» نەبێ، یانێ هەرێم و حوزووری مەدەنی نەبێ لە هەموو لایەنەوە هێرشی دەکرێتە سەر و مافی زەوت دەکرێ، منداڵانیش هەروا. لە کۆمەڵگەی دەسەڵاتخواز (اقتدارگرا)، ژن و منداڵ وەك شت و کەل و پەل، نیشانەیەك لە

نەفسی ئەمارە، هەمان (id) دەژمێررێن، کە دەبێ بە سەرکوت کردن و زۆر وتن، مەهار بکرێن. پێشتر ئاماژەکرا کە شار و کۆمەڵگە ئەبێ مرۆڤەکان، بە زانیارییەوە درووستی دەکەن. هەر وەها کە هەوێنی کەسێتی خۆ (ego) لە بە زانیاری و ماریفەتدا، شکڵ دەدەن، و لە حاڵەتی مادییەت دێنە دەرەوە.

لە کۆمەڵگەی دەسەڵاتدار، مرۆ بە سێ توێژ، پۆلێن دەکرێ: لاوازتر، لاواز و دەسەڵاتخواز. توێژی بەدەسەڵات تەنیا بە هێزی زۆر و ئەستەمەوە، بەدەسەڵاتە. کە لەم حاڵەتەدا، هەوێنی دەسەڵاتدارێتی هەیە. رەنگە لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، ئەم پۆلێن کردنە، نامۆ و نائاسایی بێ. رەنگەیش بکرێ کۆمەڵگەی بێ توێژی دەسەڵاتدار، لە سەر بنەما و ئەساسی پێوەندی دەسەڵات و رەوان ناسی دەسەڵات، لە سەری بکۆڵینەوە.

بەڵام لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارانەی ئەم پۆلێن کردنە (لاوازتر، لاواز و دەسەڵاتخواز) چییە؟ «زیگمۆند فرۆید» دەروونشیکاری ئوتریشی، کەسێتی مرۆڤ بە سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکا: یەکەم: پاڵنەرە جنسییەکان (غرایز جنسی) و خولیاکانی زارۆکی (id)، دووەم: کیانی ئاوەز (عقل) و لۆژیک (منطق) و داوەری و جیاکەرەوە، (من یان: ego)، سێهەم: پلەیەك وەك ویژدان و ئاکاری باوکانە (اخلاق پدرانه)، هەمان (بەزرەمن یان super ego). بەچاوکردن لە ئەو پۆلین کردنەی سەرۆدا، لە گەڵ تان و پۆی کۆمەڵگەی دەسەڵاتخواز (اقتدارگرا): منداڵ (id) لایەنی لاوازتر و عەقڵ (ego) توخمی لاواز و باوك یان پێشەوا (super ego) بنەمای بەهێز (سلطەگر)، دەژمێررێن.

لە کۆمەڵگەی بەدەسەڵات (اقتدارگرا)، بە هۆی بێ وزەیی کەسێتی تاکەکان (ego) یان بێ رەنگی یاسا و بێ برەوی ئاوەز (عقل)، چالاکی نەفسی ئەمیال و پاڵنەرەکان و تامەزرۆکان (id)، لە بەرامبەر بە هێزی دەوڵەت (بەرزەمن) دەوەستێ و دەوڵەتیش تا دەتوانێ ئەو هێزەپاڵنەر و تامەزرۆوانە، سەرکوت دەکات. (ئەڵبەتەکە ئەم کێشە و ململانێیە، لەگەڵ تان و پۆی

کۆمەڵگەی مەدەنیدا دژایەتی هەیە.) بەم جۆرە، ئەم سەرکوتکردنە، ڕێ بە جێیەك نابات، بۆ ئەوەی کە سەرکوتکردنی ئەو داخوازگەلە و هێزەپاڵنەرانە، لە لایەن تاکەکانی غەریبە و کەسانێك کە مەشرووعییەتیان نییە، سەردەگرێ و دێتە ئەنجام. بەم جۆرە «تاك» خۆڕاگری دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ نارەزایەتی بەرامبەر بە دەوڵەت (بەرزەمن) زۆرتر و بەگوڕتر دەبێ. هەر بۆیە کە لە کۆمەڵگەی دەسەڵاتدار (اقتدارگرا)، ـ لە ڕوانگەی ڕەوان ناسییەوە ـ میللەت دایمەن وا لە بیری ڕووخاندنی دەوڵەتدا. (۳)

لە حاڵەتێکدا ئەگەر تاك (مـن) جەوان و شەنگ بێ، یانێ کۆمەڵگەی مەدەنی تەژی بە حوزووری بێ وچان و بەگوڕی (شاروەندان) بێ، ئاوەز و یاسا خاوەنداریێتی بکات، هەر وەها تاکێتی (فردیت) خاوێنی و هەرێمی دیاریکراوی هەبێت، ئیتر جەماوەر لە هەمبەر دی، بێگانە و نامۆ نابن. یانێ عەقڵی سەلیمی مرۆ (ego) دەتوانێ لە سەر داخوازگەلەکانی خۆی و چاوەڕوانیەکانی حەکیمانەی باوك، داوەری و پەیڤین بکات. مەیلەکان و داخوازەکان تا ڕادەی ئاوەزپەسەن لە چوارچێوەی یاسادا ـ کە بۆ گەشەی تاك و کۆمەڵ پڕ بایەخن ـ سانسۆر بکات و بەرگری بکات لە سەرکوت کردنی «باوك ـ دەوڵەت». لەم حاڵەدایە، کە کۆمەڵگەیەك پێ دەگرێ، کە بەکارهێنانی زۆر بێ بایەخ و «ئازادی»، ڕەوان دەبێ و گەشەدەسێنێ.

زۆر و تۆقاندن لە گەڵ زاتی ئاسایی (متعارف) کەسێتی تاکی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، تەبا نییە، چوونکای باوك (بەرزەمن) ئیتر وێرای زۆر وتن و زەبر و زەنگی نامێنێ. ئەم «من» ە، یانێ شکۆی هەستی عەقڵ و تێفکرینە کە حوکم دەکات و یاسا پێك دێنێ. لەم ڕەوتەدا، باوك (بەرزەمن) بەجێی پەیڕەوی لە یاسای زۆربێژی و وەگەڕخستنی دەسەڵات، دێت بە پیری مرۆڤ تا بە هاریکاری یەك یاسا سەقامگیر بکرێت. لەم چەشنە کۆمەڵگە پێکهاتووەدا، باوك دەبێتە نەمادی ئیجرای یاسا و ستایشگەری «ئاوەز» و «مەدەنییەت».

پرس ئەمەیە کە ئایا لە باسکردن لە سەر «کۆمەڵگەی مەدەنی و یاسا و فرەچەشنی و بەرپرسێتی و هتد...» ئەمرۆژانە بۆوەتە بنێشتەخۆشە و ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارن، یان ئەوەی کە «من» ی ئێرانی لەم چەن دەهەی دواییدا گەشەی کردووە و ئەیەوێ بە شێوەیەکی جیددی و بەگوڕ و لێزان بۆ دەسەوەدانی دەسەڵات بچێتە نێو کۆمەڵگەوە؟ بەڵگەگەلێك کە لە دەست دایە، دەتوانین بەم ئاکامە بگەین، کە ئەو «من» ە لەم سەردەمانەی دواییدا، تووشی گۆڕانکارییەکی بنەمایی بووە. نموونەی بەرچاویشی: کەم بوونەوەی دەسەڵاتدارێتی و دەستەوەدانی دەسەڵات لە بنەماڵە و قوتابخانە و شوێنگەی کار و هتد... دایە.

وتەکانی بەڕێز «خاتەمی» لە بارەی کۆمەڵگەی مەدەنی، یاسامەندی، بەرپرسیارێتی، ساناگرتن (تسامح و تساهل)، هەڤپەیڤین (گفتگو) و... پیشاندەری ئەو چەشنە ئاڵ و گۆڕە بنەماییە کۆمەڵایەتیانەتە کە قەوماوە. (لانیکەم لە برێك توێژگەل و چینەکانی کۆمەڵدا).

لە گەڵ تەواوی ئەمانەدا، کاتێك کەسێك و یان مووچەخۆرێکی هێزی ئینتیزامی لە بەر پێی کیژێك یان کوڕێکی لاو لە شوێنگە گشتییەکاندا، سەوز دەبێ ئاستەنگ درووست دەکا و یان لە گەڕەکەکان و شوێنەکاندا، گوێ بۆ پێوەندیە تاکییەکان، قوت دەکەنەوە و لە هەڵس و کەوتی ژیانی شەخسی و تاکی دیتران چاو دا ئەچەقێنن، نەمامی ئاوەزگەرێتی و بەرپرسێتی کۆمەڵایەتی، پێ ناگەێی و قەتیس دەمێنێتەوە. یانێ بە تۆقین لە «پۆلیس» و «ئیبلیس» بە دژواری دەتوانین، بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بگوێزرێینەوە.

ئایا دەکرێ، لێخوڕەکان (ڕانندگان) هەر لە ئەمڕۆوە، حوزووری ڕێبواران لە هێڵەتایبەتیەکان لە شەقامەکاندا، نادیدە نەگرن و بۆ ڕەت بوونی ڕێبواران، بوەستن و بە «شاروەند» بوونی خۆیان شانازی بکەن یان «شاروەند» بوونی خۆیان، بەرێزگرتن لە «ئەوی دی» ـ بە غەریبەیەك ـ بچەسپێنن؟

**کانگەی «من» بوون (منشا منیت)**

کاتێ کە «تاك» بە هۆی سەرکوتکردنەکانی (بەرزەمن) گەشە نەکات، یانێ گەشەی کەسێتیەکەی نەزۆك بمێنێتەوە، بەستێنەی رەوانی مرۆڤ دەبێتە گۆڕەپـانی وررووژمـی هێزەپاڵنــەرەکان (غرایـز و امیـال). هــەر بۆیــە کــە لــە چــەمکە عیرفانییەکاندا، هەمیشە باس لـە شاڵاوگەری «نەفس» ی ئەممارە (ترك تازی نفس امارە) و کێشە لـە دەربازبوون لـەم دیاردە دەکرێ. ئەم کێشە، دەرەنجامی دەبێتـە هـۆی سـەرکوتکردنی بـێ ئـەمانی داخوازەسـەرەکییەکانی مـرۆڤ و دەسـتگرتن بەسـەریاندا، زۆر دژوار دەبـێ و پێویسـتی بـە ئیرادەیـەکی بـە هێـزو پۆڵـایین و خۆتواندنەوەیەکی بەرزی نەفسانی، ئەبێ.

پاڵنەرەکان و داخوازگەلی زاڕۆکـی (غرایـز و امیـال) پێگـە و بەیانکـەری «من» بوونێکە کە بە هـۆی بـار و دۆخـی سـەرەڕۆیی (ئیسـتێبداد) و نـەبوونی زەمینەی گەشە و پێگەیاندنی «من» ەوە، بە شکڵی نەخۆشـییەکی کۆمەڵایـەتی، خـۆی دەنـوێنێ. یـانێ سـەرکوتکردنی سەرخۆشـییەکانی تـافی منـداڵی، دەبێتـە کانگەی خۆ بەزل زانینی تاك. بە چەشنێکیتر، «من» یان کەسـێتی مـرۆڤ، کاتێـك دەگاتە پشکووتن و راهاتن کە هەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانە سروشـتییەکەی، تەمێ و سەرکوت و داوەری و خواستنەوەی بە سەردا نەکرێ. یانێ «خۆفرمان» و سەر بەخۆ پـێ بگـات و گەشـەبکات. لــەم حاڵەتەدایـە، کەمنـداڵ گەشــەی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەگەر ئەم داخوازگەلـە سەرکوت بکرێن و «مـن» نەگاتـە رادەی باڵـای گەشــە، ئـەوا منـداڵ لــە هــەمان حـاڵی دواکـەوتوویی پێشـوو، دەمێنێتەوە. ئەبێ دوور لـە چاودێری باوك، مامۆستا، یان دەوڵـەت (گەورەمن) بە سەر بەرێ. لـەم چەشنە کۆمەڵگانـەدا، مـرۆڤ هـەرکات، بتۆقێـت و سـەرکوت بکرێ، «باڵق» و پێگەیشتوویە، ئەگینا «منداڵ» ی دەست لـەسەری هەڵناگرێ. یانێ «نەفس» ی ئەممارە ـ شەیتان چەشنی، منیـت ـ. ئـەم جـۆرە کۆمەڵگـە لــە مەدەنییەت بەدوورە. چوونکای سازێنەری کومەڵگەی مـەدەنی مرۆڤـی بـاڵق و

پێگەییوە.

لەم چەشنە کۆمەڵگانەدا، نالەباری و زەبر و زەنگ پەرەدەسێنێ. سامانی کۆمەڵایەتی تێك دەچێ. چوونکای منداڵانی گەورەنوما، وان لە پشتی فەرمانی ماشێنەکان و یان لە سەرتەختی دەسەڵات و یان لە گرۆسیاسییەکاندا، چالاکی دەکەن. ئەمانە وان لەدووی دۆزینەوە و کەشفی نیازگەل و ونبووە ئەزەلییەکانی خۆیان.

لێرەدا پرسێکی دی دێتە نێو کایەوە، ئەویش ئەمەتە: بۆ خۆبەزل زانیینەکان نابێتە هۆی گەشەی مرۆڤ و پەرەی کۆمەڵگە؟ یانێ ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێکی بۆ خۆی بوێ، ئەبێ گەشکە بکات. خۆویستی لە تافی منداڵیدا، ئەڵبەتە، نیازی بە گەشە بەراورد دەکات. ئەمە شتێکی ئاسایی و سروشتییە. بەڵام کاتێ کە منداڵ گەورە بوو، و پێی نا نێو کۆمەڵگە، گەشەی (رشد) ئەو ئیتر لە حاڵەتی سروشتی و غەریزی دەرباز دەبێت. لێرەدا گەشەی تاك (فرد) بەستراوە بە گەشەی تەواوی مرۆوەکان و کۆمەڵگە و رێکخراوەمەدەنییەکانەوە، بە شێوەی گشتی. رسکانی (رویش) ئەم دیاردە (گەشە) تەنیا لە رێگەی پەرەی «ئازادی» و «یاسا» وە دێتە دی. بۆیەکانێ خۆویستی لێرەدا، دەبێتە لەمپەری (سد) رێگەی بووژاندنەوە، و پشکووتنی کۆمەڵگە و یاسا و دادگەری کۆمەڵایەتی (عدالت اجتماعی) نەزۆك (نازا) دەمێنێتەوە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە دادگەری و بەرابەری نەبێ و هەرکە بۆخۆی ژیان بکات، تاکەکان لەو کۆمەڵگەدا تەنیا وان لە دووی نیازی زیندوومانا، نە گەشەکردن. ئەگەر بڕیاربێ مرۆ، هەر کارێك کە بۆی سوودبەخشە، ئەنجامی بدات، ئیتر نە عەقڵی گەشە دەکات و نە کۆمەڵگەیش.

سەرچاوە:

گۆڤاری «فرهنگ توسعه» ،

ژمارە: ٤٦ ـ ٤٥ ـ ٤٤/ ل. ٢٨ ـ ٢٥ نووسەر: مەسعوود تارانی

# زمانی ڕووناکبیری و
# پێداویستی
# گۆڕانکاری بناغەیی

یەکێك لە خاڵە بنەماییەکانی لاوازی و داکشانی پرۆژەی بێ ئاکام و تا ڕادەیەك ناتەواوی ڕووناکبیری بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە کە زمانی ڕووناکبیری لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی فەرهەنگی و سۆسیایی ئێمەدا گونجاو و تەبا نییە و لەسەریەك کاردانەوەیان نەبووە. ئەم داکشانە، دەبێتە هۆی لەدەستچوونی هەندێکی زۆر لە هۆگران و ئاخێوەرانی دەستە جۆراوجۆرەکانی جڤێنگە، یان لانیکەم هەڵەتەبوونیان بە هۆی وڕبوون لە نێو تارمایی نادیاری و سەرگەردانیدا. هەر ئەم فاکتە حاشا هەڵنەگرە لە ماوەی سەدە و نیوێك لە گوتاری ڕووناکبیریماندا، لە ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەکردندا بووە کە وەك پێداویستییەکی زیپك هاتوەتە گۆڕێ بۆ ڕووناکبیران کە بە جیدی لەم کێشە توێژکاری بکەن و لێی بکۆڵنەوە. لەسەردەم حکوومەتی پەهلەویشدا، گوتارە ڕووناکبیرییەکان وەك: ئازادیخوازی و دیمۆکراسی و هەروەها گوتاری فەرمی حکوومەت، بەڵام بێناوەڕۆك و بێ واتا، پێخوست دەکرا و ون دەبوو و جەماوەریش بە ڕووناکبیران وەك سەرچاوە و ڕێنوینیکەر متمانەیان نەبوو" کەچی لەناکاو نەیاری بەرامبەر یانێ «ڕۆحانییەت» بوو بە جێی باوەڕ و متمانە و دڵنیایی جەماوەر و لەنێو دڵاندا نیشتەجێ بوو.

بەڵام بۆکرۆڵی لەم دۆخە زەمەنییەدا ئەو متمانە و دڵنیاییەی جەماوەر، لە گوتارە دینییەکانیش وەرگەڕاوەتەوە، ئەنجا گوتاری روونـاکبیری دینی یان مەزهەبیش کە جاران لە کونجی دڵەکاندا گیرسابوویەوە و دڵبەری دەنواند، ئێستا کەوتووەتە ژێر سەنتەری گومان و شیمانەی هەموانەوە. چەمکگەل و وتەزاگەلێك کە لە نێوان توێژەرەوناکبیری و ئیتنیکییەکاندا هاوبەشە، پتر بووەتە جێگای گومان و تارمایی واتاکان" کاتێك هەردوو رەوتی نەریتخوازی و بنەماخواز و رۆشنبیران" لەخوا، دین، ئاکار و... دەئەخافێن" توێژەکانی کۆمەڵگە ئیتر چۆن مات و وڕ و سەرگەردان نابن. بەو پێش زەمینە زەینییە ٢٥ ساڵەیدا، ناتوانن متمانەیەکی ئەوتۆیان بەم گوتارە بێ" یەکیان ئەیەوێ هەموان بە زۆر بباتە بەهەشت، ئەویدی رێگای نۆژەنی مەدەنییەت و پێشکەوتوویی مرۆڤ و گەشکەی کۆمەڵگە دەگرێتە بەر، یەکێك بانگەشەی ئیسلامی راستەقینە و دادگەری و تەنانەت یەکسانی لەگەڵ جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەخاتەگەڕ (رەحیم پوورئەرغەندە) و لە وتەکانیدا باس لە جێبەجێ کردنی ئوسوولێکی نەگۆڕ دەکات. ئەویدی باسی لەچەمکی پرۆتستانتیزمی ئیسلامی دەکات و دەسەڵاتی رێکخراوە فەرمییەکان دەخاتە ژێر پرس و تا چەند هەنگاوی پەتی تاساندن و سێدارەدانیش دەڕوا و دەگەڕێتەوە. بۆ ساڵیانێك دەبێ هەست بەم پەتە لە گەڕوویدا بکات و هەمیش ئەوانیدی لە بەندی تەك سلوولیدا دەمێننەوە و دییەکانیتریش یەك لە دوای یەك ... لەم نێوەندەدا، تاکەکانی جەماوەریش وەك چاودێرێکی خامۆش و بێدەنگ لەم کارەساتانە بەسەرسوڕمانەوە، گێژ و وڕ، تێڕادەمێنن و لەو هەموو جیاوازییە و لەو هەموو... تێناگەن. تەنانەت سکۆلاریزمی لانیکەم (حداقل) یش کە بە هەزار زەحمەت و ئارەزوو ئەیەوێ داوێنی دین لە حەوزەی سیاسەت و جڤات کۆبکاتەوە تا لە حەوزەی ژیانی تایبەتی و تاکی و فەرهەنگیدا بە شێوەیەکی ئاشتی ئامێز و کۆکبوون، رێگا بۆ عەقڵانییەت و دیمۆکراسی هەموار بکات، بەڵام تۆمەتی گوتاری سازشی

لێدەدرێ، پاش دەهەیەك لە خەبات و بزاڤ، گەڕوویان لە تینوییەتیدا وشك دەبێ و زمانیان لە دەمیاندا هەڵناسووڕێ.

### الف . هەڵەتەبوون و چەواشەکارێتی زمان

بەڕاستی ئەم کێشە مەزنە، نەبوونی زمانی هاوبەش نێوان بزاڤە دژبەرەکاندا، چلۆن و لە چ ڕەهەندێکەوە چارەسەر بکرێ ؟ کێشەیەك کە چەمکەکان ئەوەندە هاوشێوەی یەکن کە بووەتە هۆی شوبهە و شیمانەی باسەکان.

لۆدویك ویتگنشتاین، بیرمەندی ئاڵمانی، لەسەرتا و سەرەنجامی کارە (بۆچوون) ە فەلسەفییەکانی خۆیدا، لەمەڕ کایە زمانییەکان، دوو گریمانەی خستووەتەڕوو کە ڕەنگە ڕێنوێنیکەرێك بێ بۆ ئەم کێشە مەزنەی سەردەمە کە ڕووناکبیری (بە تایبەت دینی) تێدا دەسبەسەربووە. ئەو لە بەرهەمەکەیدا ڕێسالە، دەسپێشخەری گریمانەی وێنەیی واتایە (مانا). لە ڕوانگەی «وێتگنشتاین» ەوە، بۆ ئەوەی زمان دۆخی «واقێع» یەت نمایش بکات (بینوێنێ) و ڕستەکان نوێنەری پێشهاتە واقعییەکان بن، دەبێ شتێك نێوان ڕستە و دۆخی واقیعدا هاوبەش بێ. هەر ئەم نێوەنجە هاوبەشە (نادیار، نەناسراو، لە واقێعدا «ئەهروٚم» ی مێتافیزیك) ئەو پڕتوانست دەکات کە پێکهاتەی واقێعیەت (ساخت واقعیت) ببێتە دیاریکەری پێکهاتەی زمان. لە ڕوانگەی ئەوەوە، پێناچێ ڕستەکان واتایەکیان هەبێ، مەگەر ئەوەی زمان وەکوو ئاوێنە، بە چەشنێك لە چەشنەکان وێنەی واقعییەت نیشان بدات. ئێمە بە دیتنی ئەم ڕستەگەلە دەتوانین پێکهاتەی واقعییەت پێناسە بکەین.

لەسەردەمی حکوومەتی پەهلەویدا، هەرکات ڕووناکبیران بۆ دیمۆکراسی و ئازادی و هەروەهایش دادگەری (عەداڵەت) بانگەشەیان دەکرد" ڕستەکانیان لە نێوان بانگەشە فەرمییەکانی دەزگاکەدا، بزر و نادیار دەمایەوە، چوونکای لە بانگەشەی ئازادی ژنان و سەقامگیرکردنی یاسا و پەرلەمان و پێکهێنانی پارت و... لە ڕووناکبیران، پێشدەکەوتن یان جەماوەر کە واژەی دادگەرییان

دەبیست، ئەم چەمکەیان لە بانگەشەی شۆڕشی سپی (انقلاب سفید) شاهەنشاهی ١٣٤١ بەرجەستە تر و زەقتر دەدیت، هەروەها کە شا بە دابەشکردنی زەویەخاوەنداریێتییەکان (تقسیم اراضی مالکان) لە نێوان چەوساوەکان و رەعییەتەکان، بە روالەت لەو بەستێنەدا هەنگاوی نابوو.

هەر لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەدا، درووشمگەل و رستەگەلی تەژی لە مەعنەوییەت، ئاکار و یەکسانی، بووەتە نوێنەری نواندنی سەرچەشنێکی فەرمی (الگوی رسمی). ئێستا رووناکبیرانی دینی بیانەوێ هەر بەو رستەگەل و چەمکگەلەوە بۆ وێنە" عیرفان، دادگەری، ئازادی یان پرۆتستانتیزمی ئیسلامی، بێنە ڤەشاندن بۆ بانگەشەی دۆزەکانیان، ئەوا بیسەرانیش مافی خۆیانە کە چاوەڕێی هەمان هەڵێنجراوەی ٢٠ ساڵەی رابردوو لە گوتەکانیاندا بکەن و وریبن لەوەی کە هۆی ئەم جیاوازییە چییە و لە کوێوەیە.

بەڵام ویتگنشتاین هەر لەم زمانە واقیع گۆییەدا نەمایەوە، بۆ ئەوەی ئەم زمانە تەنیا دڵخۆشکەر بوو بۆ لۆژیکی پۆزیتیویستەکان. ئەو ئەیەوێ، چەمکگەلی دین، ئاکار (ئەخلاق) و جوانکارییش کە سەر بە قەڵەمڕەوی کارە نەوتراو و شازەکانن، بخاتەسەر بەستێنی فەلسەفەی خۆیەوە.

لەم رووەوە لە بەرهەمەکەیدا بەناوی «توێژکارییەکانی فەلسەفە، تحقیقات فلسفی» لەسەر هێنانە گۆڕی تەسەوری کاربردی یان ئەمرازێتی مانا (واتا) باسیکردووە. لە روانینی ئەوەوە بۆ ئەوەی کە بیرۆکەیێکی درووستمان لە زمان هەبێ، شایانە کە چاوێك بخەین بۆ کارکردی زمان لە ژیانی راستەکیماندا و بزانین کە مرۆڤ لەگەڵ زماندا چۆن هەڵسووکەوت دەکات لەوحاڵەتەدا، دەبینین کەپێکهاتەی زمانە، چییەتی هزرکردنەوەمان لەمەڕ جیهانی واقیعیدا دیاری دەکات.

لەم دەرکەوتەدا، زمانی واقێعگۆیی تەنیا چەشنێکە لە چەشنەکانی تری زمان، تەنیا شێوەیەکە لە شێوەکانی «کایە زمانییەکان، Language game»

لــەم روانگــەوە جۆراوجــۆری فرەچەشــنی لــە کــاربردی زمانــدا دەبینــریّ“ «راوەدووی واتا نەبن، راوەدووی کاربرد بن» (١)

ئەم دۆخە زاڵە بەسەر زمانی رووناکبیری بــە تایبــەت رووناکبیری دیـنی و زمانی نەریتخوازی ئێمەدا. هەندێ لەواتاگەل و چەمکگەل، کــاربردێکی نــامۆ و سەرسوڕهێنەریان بەخۆوە گرتووە کە لە لایەن هەر تیپ و بزاڤێکەوە دێنە بەکار بردن، تارمایەك لە نادیاری و چەواشــەکاری لــە زەیـنی جــەماوەردا درووســت دەبێ. ماناگەل و چەمکگەل و واژەگەل لە کۆمەڵگەی ئێمــەدا، دەســتەویەخەی چەشنێك لە «کایە زمانییەکان» بووەتەوە کە بووەتە هۆی ســەرەڕۆیی کــەش و هەوای نادیاری و قورسایی داکشان و بێئاکامی زمان“ دەســتەواژەی دادگــەری، ئازادی، عیرفان، دین، دیمۆکراسی، رووناکبیری و... ئاوەهــا چارەنووســێکیان هەیــە. دادگــەری (عەداڵــەت) لــە روانگــەی رۆحانییــەکانی پــاوەنخواز و مەزهەبییەنوێکارەکان و هەروەها مەزهەبییەمۆدێرنەکان، جیاوازیگەلێکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری هەیە، لە حاڵەتێکدا لە هــەر ســەردەمێکدا، لــە لایــەن ئــەم بزاڤگەلــەوە لــە سووچــەنیگای خۆیانــەوە جــەختی لەســەر دەکــەن و بەڵگــە دەهێننەوە و هەر ئەم رووکردە دەبێتە هۆی چەواشەگەری و وڕبوونی خوێنەران و بیسەران و ئاڵۆزکردنی فەزای کۆمەڵگە.

بۆ پاوەنخوازەکان دەبێ ئازادی لــە چوارچــێوەی حکوومــەتی خوداوەندیــدا پلانبەندی و پراکتیزە بکرێ. دەستەیەکی کە ئازادییان بۆ بەرزبوونەوەی رێــژەی ئابووری دەوێ. بزاڤگەلی تر هەن، پێویستی دەزانــن کــە ئــازادی لــە خزمــەتی پێگەیشتنی کەرامەتی مرۆڤدا بێ، هەن کە سانێکیش کە عەداڵەتیان لە ئــازادی پێ بــەرزترە و ئــەم چــەمکە بــە داوێــك دائــەنێن لــە خزمــەت ســەرمایەداریدا. لەروانگەی نەریتخوازەکان، دین بریتییــە لــە هەنــدێ دەســتوور و ئەرزشــگەلی جێگر و نەگۆڕ. بەڵام مەزهەبییە مودێرنــەکان، دیــن دەخەنــە پــەراوێزی ژیــانی تاکییەوە، تا بە کردنەوەی ئــەم کەوانــە مەزنــە ئەخلاقییــە، وەك پێداویســتی لــە

زەمینەی سیاسەت و جڤێنگەدا، ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی دیمۆکراسی.

مەزهەبییە نۆژەنەکان بۆ سەربەستی و دەربازبوونی گلێرگە، بانگەشە بۆ پرۆتستانتیزمی ئیسلامی و رووناکبیری دەکەن تا پێ بە پێگەیەك بۆ دەربازبوونی جڤێنگە و مرۆڤەکان. رووناکبیری بۆ دەستەیەك هەڵسووکەوتێکی فەلسەفییە و بۆ تاقمێکیش جێگەو پێگەی نییە. گرۆپێك لە بزاڤی تاکی و کاریزمایی بیر دەکەنەوە و تاك چاوەڕێی گۆڕانکارییە جڤاتییەکانە کە نوخبەکان بەستێنەسازی بۆ بکەن، لە دەرکەوتێکیتردا، پێداویستی بەرپرسێتی و دەرەوەستی (تعهد) رووناکبیری، وایکردووە کە هەندێکیش چاو ببڕنە خەباتێکی پیشەیی و زانیارانە و مەزن بۆ ئەم دۆزە. بەڵام لە راستیدا ئاوەها جیاوازیگەلێك بۆ بیسەران چ واتایەکی هەیە ؟ پێدەچێ لەنێو جەغزی تا رادەیەك گووشراوی رۆشنبیری ئێراندا، ئۆگرانێکی بەرچاو لە نێوەندی کایەکی مەزنی زبانیدا، گێژ و سەرسوڕماو، خەریکی دیتنی ئەم کایەنە و هێشتا رووناکبیران، نەیانتوانیوە ئۆگرەکانیان، بەتایبەت توێژی بەربڵاوی لاوان لەگەڵ دیاردەی جیاوازی فەرهەنگی خۆیان و فەرهەنگی فەرمی و نەریتی ئاشنا بکەن. کەوابوو گوتارەکانیان لەنێوان هەیاهووی فەرهەنگی هەوسارپچڕاوی ئێستادا، نەبیسراو و بێئاکام دەمێنێتەوە.

هەمووی ئەمانە لە حاڵێکدایە کە رووناکبیر دەبێ بەجەخت کردن لەسەر مێژوو، کەلتوور و زمانی جەماوەر، دەتوانێ لەمەڕ ئەرکی خۆی لە کۆمەڵگەدا، باس بکات و ئەڵبەتیش کارێکی دژوار و هەستیارە کە لەم سێ تەوەرەی «مێژوو و کولتوور و بە تایبەت زمان» دا بتوانێ ئەرکی خۆی بەڕێوە ببات.

**ب (نامۆیی ): نائاشنایێتی رووناکبیر لەگەڵ بیسەر (بەردەنگ) دا:**

نائاشنایێتی (نامۆیی) لەگەڵ موخاتەبدا کێشەیەکی مەزنە کە بە تێکڕا لە دەستووری کار و تەوەری چالاکی رووناکبیرانی ئێراندا، رەچاوناکرێ. بەر لەوەی رووناکبیرێ شتێك بڵێت یان شتێك بنووسێ، دەبێ لە موخاتەبی خۆی و

زمانەکـــەی ئاشـــنایێتی هـــەبێ تـــا بـــە گەڵاڵـــەکردنی کێشـــەکان و بابەتـــەکان بەگرێکوێرەکان و خاڵەقەیرانیاویەکانی گلێرگە وڵـام بداتـەوە. ئەگـەر ئاوەهـا ڕووکردێك نەبێ، کاری ڕووناکبیر، گورزێکی جیـدی و زیپکـی لێدەوەشـێنرێ ئاکامیشی کزکردن و پاشەکشـێ لــە فـەزای زەیـنی خۆیدایـە، سـەرەنجام داری باسەکان و شرۆڤەکان و هەمیش نووسـراوەکانی لەکۆمەڵگـەدا، سـەمەرناگرێ یان لانیکەم ڕێژەی ئەو ئاکام و بەهرەیەی کە ڕەچاو دەکرا، نایەتەدی.

کێشەیەکیتر بۆ ڕوونـاکبیر لـەم بەسـتێنەدا، کـە بووەتـە هـۆی سـەختی و دژواری کارەکەی ئەویش نەناسینی بەرەی جەوان و پڕوزە و بزاوتوویـە کـە بـە کۆ لەگەڵ ئەندێشەی ڕابردوو و ئەوەی چاخی کۆنی پێدەوترێ، جیابوەتەوە. ئەم بەرە بەو پتانسیەل و تایبەتمەندییە سەرسوڕهێنەرەجۆراوجۆرەجیاوازەبووەی خۆی، زۆر سەربەستخوازە و هەمیش بێ متمانـە و ڕووهەڵکـەر لـە پێشـینیان. ئەگـەر ڕووناکبیر هەروەها جیایی و قووڵایی ئەم خەنەقەکانە پتر بکات و لە بیری تونـد و تـۆڵ کردنـی هـاوبیری و هەڤاڵێتی و ئاشـنایێتی لەگـەڵ ئـەم بـەرەدا نـەبێ و ئەوبەرەگوڕێزکارەی کەرۆحی بەستراوە بە پەیکەری سەتەلایتەکان و تۆڕەکـانی جیهـانی ڕاگەیاندنـەوە، لەگـەڵ واقعییەتـەکان و پێداویسـتییەکانی پێشـکەوتنی ناوچەیی و باقی پێداویسـتەکانی تـر ئاشـنا نـەکات، لـە ئایندەیـەکی نەچـەندان دووردا، کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران پتر و پترتر دەبێ.

«د. شریعەتی و جەلالی ئالی ئەحمەد» لە مەشهەددا هاوسەفەر دەبـن، لـە (صحن) دا لەگـەڵ وی پیاسـکە دەکـەن، لـە حاڵێکـدا کـە جـەلال پاڵتاوێـك بەسەرشانییەوە دەبـێ، زیارەتکـەرێکی لادێیـی دەپرسـێ: باوکـە (پاڵتاوەکـەت) فرۆشییە ؟ جەلال لە وڵامدا دەڵێ نە مامـە گیـان ! نەمامـەگیان ! ئـالی ئەحمـەد خۆشحاڵ دەبێ و دەڵێ بە شەریعەتی: ئەمە بـۆ مـن سـەرکەوتنێکی مەزنـە، ئـەم لادێییە هەڵەی کرد منی لەگەڵ تیپی خۆیدا بەکۆك زانـی. ئەمـە سـەرکەوتنێکی مەزنە کە لانیکەم ئەوەندە بە تیپی ئەوان نزیك بوومەتەوە، کە بە نیگای هەوەڵ،

من لـە خۆیان بزانن. بەڵام شەریعەتی پێی دەڵێ، ئەرێ، بەڵام لـەوڵامەکەتدا کـە گوتت: نە مامەگیان ! بۆی دەرکەوت کە هەڵەی کردووە.

مەترسی نامۆیی ڕووناکبیر لـەگەڵ بیسەران و بەردەنگـەکان (موخاتـەبان) و زمانەکەیانـدا، بـەم هـەموو ڕێـژە فراوانییـەی حەشـامەتی لاوان، بەراسـتی بـۆ ڕووناکبیر کێشەیەکی جیدییە کـە بـۆ گەیانـدنی پەیامەکـەی، دەبـێ بەسـەریدا سەرکەوێ.

پێدەچێ کە ئەم کێشە ئەوەندە جیدی بووبێ کە تەنیا باڵی نـەریتخواز نییـە کەلـەگەڵ ئەم دیاردەدا چنگاوەشە، بەڵام لاوەکان لـەم دونگەوە دەستیان پێکـرد و هەموو بەستێنەی ڕووناکبیرانی ئیتنیکی و تەنانەت کۆی گشـتی ڕوونـاکبیرانی گرتەوە.

هەنووکە، ڕووناکبیران لـەلایەکەوە هەن و ئەو هەموو حەشـامەتە لاوە کـە زۆریش پـڕکێشەن و سەربەستخواز، لـەلایەکی ترەوە کە پێویسـتە بـە ناسـین و لۆژێکی درووستەوە لـەگەڵیاندا دیالۆگ و هەڵسووکەوت بکرێ. هێنانە گۆڕی سپەرێك لـە هزر، ئەندێشە و ئەفڕاندنکاری، وزەیەکی بەرز و ورەیەکی زیپـك و جیدی ڕووناکبیرانی ئەوێ بەڵام هێشتا لـە هەمبەر ئەم ئاستەدا، یانێ (موخاتەب) ناسیندا، ئەم توێژە دڕدونگ و بێ تەوەجن.

**ج: بێ توانستی لە (موخاتەب) دۆزیدا:**

ڕووناکبیرێك کەدەست دەدا بە کاری نویساری و هونەری گوتەبێـژی یـان کاری چاپەمەنی و... یەوە ئەگەر بەگۆڕەوە چالاکی نـەنوێنێ بـۆ دۆزینـەوەی و ناسـینی بیسـەران (موخاتـەبان) و هـەروەهایش دەرککـردن بـە کاردانـەوەی کارەکەی خۆی لـە سەر ئەم توێژەدا" ئەوا کاربەخشـی و بەسـتێنەی کارەکـەی بێئاکام دەمێنێ و سەرەنجامێکی دەقیق بۆ ئەم کـارە ناچەسـپێ. ئالـەم بەسـتێنەدا، (موخاتەب) گەلـێکی کونکرێت و دیـاریکراو بـۆ وەرگـرتنی پەیامەکـەی نایەنـە هەبوون و پەیامەکەی تەماوی و نادیار دەمێنێ. ئەم دیاردە لـە کۆمەڵگەی ئێراندا

کێشەیەکی گچك نییە، بۆ ئەوەی کە هێشتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ڕووناکبیر نەیتوانیوە فەرهەنگێکی ئەکتیو و بزاوتوو لە هەمبەر فەرهەنگی نەریتیدا، بئافرێنێ. بەڵام بۆهەموو ساتەکانی تەمەن و بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیان، فەرهەنگی نەریتخواز و سەلەفی بۆ ئۆگرانی خۆی بەرنامە و پلانی هەبوە. ڕووناکبیران هێشتاکوو نەیانتوانیوە، ئەتمۆسفێری فەرهەنگی بەربڵاو بۆ خوێنەرانیان فەراهەم بکەن، کەوابوو پاژێك لەم توێژە لەنێو نەریت و مۆدێرنیتەدا، دەمگۆ لە گوتاری ڕووناکبیری دەبێژن، بەڵام عەمەلیان و داکۆکییان، لەسەر فەرهەنگی سەلەفی و فەرمیدایە (٣).

ئەم کێشە مەزنە و هەمیش جیدی و توکمە، کە لە سەرە ڕێگای ڕووناکبیریدایە و دەستەویەخەی لەمپەرگەلێکی ئێجگار زۆریشە" کێشەی بۆشایی و هەرۆڵی ڕووناکبیر و گوێگر (موخاتەب) و هەمیش دۆزینەوەی موخاتەب و زمانەکەی. ... «ژێرژ باتای» لە دەربڕینێکدا دەڵێ: زوان یەکەی ئیقبالی ئێمە لە جیهاندایە (٤). لە واقێعدا، یەکەی ئەمرازێکە بۆ ئەوەی نەدۆزراوەکان بدۆزرێنەوە. هەر ئەم زمانەی کە لە جڤێنگەی ئێرانی سەردەمدا، خۆی بووەتە، مەکۆی مشت و مڕ و ململانێ و باس و دیالۆگ لە سەر تیشکۆی چەمکگەل و واتاگەلە جۆراوجۆرەوەکان، کە هەندێکیان ئاماژەیان پێدرا.

کاڵ بوونی باسگەلی پێوەندیدار بە زمانەوە (لە زانکۆکان و باقی کۆڕە زانستییەکان) دا هەمیش نەگەیشتن بە ڕەنسیپە ورد و درشتەکانی تئۆریك لەمەڕ زوانەوانیدا، بووەتە هۆی ئەوە کە لەم بەستێنەدا، کەم و کووڕی گەلێکی زەق و بەرچاو ببینرێت کە دەشێ لە ئاستی خۆیاندا باسیان لەسەر بکرێ.

باسگەلی پێوەندیدار بە زمانەوە، بابەتێکی گشتییە تا دەکرێ دەبێ بە شێوەیەکی دەقیق، بیانکێشینە نێو ئاپوورەی ڕووناکبیرییەوە. ئەڵبەت ئەگەر ئەم کارە هەرچی دەقێقتر و زانیاریانەتر ئەنجام بدرێت، ئاکامی چاکتر و باشتری دەبێت، بەڵام تا ئەو کاتە، دەکرێ بەشێوەی جیدی و دژبەرانە باسی لەسەر

بکرێ.

زوانەوانان لە رۆژئاوادا لە سەدەی نۆزدەهەمدا مشت ومڕێکی شیاویان دەست پێکرد و لەم رەوتەدا، توانیان ئاکامگەلێکی پرشنگدار لە زەمینەی زوانەوانی" بنەماشکێنی و هێرمنوتیك یان بە قەولی ریکۆر: توانستی ئەفراندنێتی لە زماندا، تۆمار بکەن. ئەم دەسکەوتانە بۆ رووناکبیری ئێران دەتوانێ، یاریدەر و پشتوانەیەك بێ بۆ پێناسەی کەم وکورتییەکان لە قۆناغی سەرەتادا، پاشانیش سەروساماندانیان. ئەڵبەتە بە مەرجێك کە لەم بەستێنەدا، وەك باقی بەستێنەکانیتر رێژەی کۆپیکردن و لاساییکردنەوە و تەوەزلی تئۆریکی دابەزێنرێت و رادەی داهێنان و ئەفڕاندنی دەروونی و بوومی (خۆیی) بەرز بکرێتەوە. بە تایبەت ئاوەها چالاکییەك، دەبێ کاتی و دەرحەقوەخت نەبێ کە بەقەولی مۆراد فەرهادپوور" لە دەسپێکدا، بە چڕی لە بابەتە بەگۆڕەفەلسەفیەکان لەبارەی چەمکگەلی هێرمنۆتیك، راڤە و تەجروبەی نەبەوی و... باس بکرێ، بەڵام لەئەنجامدا کێشەکە بە بەخشنامەیەکی ساکار کۆتایی پێ بدرێ (٥).

کەوابوو دەکرێ بە شێوەی زانستی و لۆژیکی لە وتەزای زمان ئاوڕ بدرێتەوە و بە رەچاوکردن و تەماس گرتن لەگەڵ تەئویلی رۆژهەڵاتیدا، گرێکوێرە نادیار و تەماوییەکان زوانی سەردەم بکرێنەوە و رەهەندەکانی بەرینتر و بەربڵاوتر بکرێتن.

**بنەماخوازی و بنەماشکێنی:**

لە روانگەی فێردینان دوسوسورەوە (١٩١٣ ـ ١٨٥٧) زوان" سیستەمێکە لە نیشانەکان (Semiology) کە ئایدیاکان دەردەبڕێ هەر لەم ئاستەوە لەگەڵ سیستەمی نویساریدا، ئەلف و بێی نابیسەران، دابگەلی هێمائامێز، رێساگەلی رەفتاری ئەدەب ئامێز، رەمزە نیزامییەکان و... دێتە بەراوردکاری. بەڵام زوان، گرنگترینی ئەم سیستەمگەلەتە (٦). بە چاو کردن لە پێناسەکەی سوسور،

لەوەی کە زوان سیستەمێکی نیشانەییە" لەم نموونەدا، «درەختێك دەردەکەوێ» واژەی درەخت، دال (دەنگ ئاماژە) یە و وێنای زەینی لــە خــودی درەختیشــدا، مەدلوول (واتا ئاماژە) ەیە. نیشــانەی زوانــی دەبێتــە پێوەنــدی زەیــنی نێــوان دال (دەنگ ئاماژە) و مەدلوول (واتا ئامــاژە) و پێوەنــدی نێــوان دال و مــەدلوولیش رێکەوتنە.

هەروەها سوسور ئامــاژە دەکاتــە جیــاوازی نێــوان زوان و گوتــار کــە لــە زوانەوانیدا بەهایەکی زۆری هەیە. لە روانگەی ئەوەوە، زوان خاوەنی سیســتەم، رێساگەل و نیشانەگەلێکە و گوتاریش لە کابردێکی کۆنکرێت بەهرەمەندە. هەر ئەم سیستەمە یان رێساگەلە رێزمانییە، پاشان لــە لایــەن زوانــەوانی رووســیەوە، نیکلای ترۆبێتسکی بە بنەما (پێکهاتە) ناودێرکرا. (٧)

سوسور بە گەڵاڵە کردنی پێوەندییەکانی نێوان هاونشینی و جێ نشــینی، بــێ بایەخی پۆلێنبەندییە سەلەفییەکەی زوانــەوانی کــە بــریتی بــوون لــە ســینتاکس (نەحو)، دەنگ ناسی و واژەناسی، خستەڕوو. (٨)

زوان کە روونکەرەوەی پێگەی نیشانەیە لە سیستەمێکی مانــایی تایبەتــدا و بنەمای رستەیش، ئەگەری جێنشین بوونی توخمەزمانییەکانی دی فەراهەم دەکات. (٩)

ژاك دریــدا (١٩٣٠) بیرمەنــدی ســەردەمی فەرانســەیی بــە خســتنەڕووی فەلســەفەی بنەماشــکێنی (Deconstractive)، کۆتــایی هێنــا بــە مێتــافیزیکی حوزوور یان (ئەنانیەت). ئەو لەگەڵ هەر چەشنە پێناسەکاریەك دژبەری دەنوانــد و لە هەمبەر پێش فەرزتەوەری یان بنەماخوازیشدا دوورەپارێز بوو (١٠).

دەسپێکی بنەماشکێنی (بنیان فکنی) دریدا لە فەلسەفە (بیردۆزی) یەوە بــوو بەڵام لە بەستێنەی زوان شناسی و مــەردم شناســی (ئــەنترۆپۆلۆژی) شــدا جێــی خۆی کردەوە. ئەو هەرچەشنە پایەداری و خۆڕاگری مانــای نێــوان دال (دەنــگ ئاماژە) و مەدلوول (واتا ئاماژە) ی سوســوری خســتە ژێــر ســەنتەری شــیمانە و

گومانەوە، بەستێنەی پێوەندییەکانی نێوان دال و مەدلوولی بەربڵاوتر کرد. ئـەو پێی وابوو کەلـەم پانتاییەدا، تۆڕێکی بەربڵاو لـە واتاکان هەبوونیان هەیە.

لـەروانگەی سوسور نیشانە پێکهاتەیـەکی هێمائاسـای (ئـامێز) ە، بـەڵام بـە باوەڕی دریدا، علامت (هێما) مانای شتێك نیـە کـە هێشـتا پـەیا نـەبوونی بـێ، بەڵکوو بە مانای شتێکە کە هەرگیز پەیا نابێ. دریدا لـە ئێمەی دەوێ کەهەرچی تا ئێستا ئامادە و ئاشکرا زانیومانـە، بـە جیاوازییـەوە بناسـین. لـەخوێندنـەوەدا، بنەمای دەقەکە زانایانە بشکێنین و بیشزانین کە ئیعتباری واتـایی دەق وجـوودی نیە. ئەوەی کە لـە دەسپێکدا بەرچاو دەهـات، تێپەڕینێکـە و ئاکـامی کارەکـەی ئێمەیش، هەمان ناسینی جیاوازییەکان (تمایزها) ە (١١).

لـەچاو دریدا، ئەم هەڵوێستە کە گوایێ ئەو دیوی هەر نیشانەیەك، واتایـەك هەیە، «مێتافیزیکی حوزوور» ی پێدەگوترێ، یانێ ئەم تەوەهومە کە هەر دەقێکی نویساری، وەك سیستەمێك لـە نیشاکانن، کە دەبێ مانایان هەبێ یان دەربڕێنەری ئەون (١٢) لـە بۆچوونی ئەودا، زوان پێوەرێکی داوێن پاك و بێ لایەن نییە.

زوان، مێتافیزیکی رۆژاوایە، جیاوازیەك کە سوسور نێـوان دال و مـەدلوول پێی قایل بووە، هەمان جیاوازی کلاسیکی فەلسەفە نێـوان شـتی هەسـتپێکراو و شتی هزریدایە (١٣) لـە حاڵێکدا دریدا دەست نیشانی کرد کە لـەهەر دەقێکدا، دووانەیەك هەیە و هەمیشە دوو دەق لـە دەقێکدا پێکەوەن. (١٣)

نیچـە جـەخت لـەسـەر ئـەوە دەکـات، کـە رەگـەزواژەیی (تبـارواژەای) Interpretain دەسپێکێکە بۆ رۆچـوون بـەمانا (یـان پەیوەسـتێك بـە مانـاوە) نەگەیشـتن بـە مانـا (١٤). بـەڵام دریـدا وا لــە دووی کەشـفی مێتۆدێـك بـۆ خوێندنەوە تا جیاوازی ماناکە دەربخات و ئەوەیش بنەما شکێنییە ـ بنیان فکـنی ـ (١٥).

**هێرمنۆتیك و راڤەی رۆژهەڵاتی (تاویل شرقی)**

وشەی هێرمینا لـە نـاوی «هێـرمس» ەوە گـیراوە و «هێـرمس» یـش پـەیام

هێنەری خواكان بووه" پێوەندییەك نێوان نەمردوان و مردوان كـە جـار هـەبووه هەواڵگەلی خۆشـی پێبـووه جـاریش ناحـەز ... هێـرمس خـودای یۆنـانی كـە ئەفرێنەری (خولْقێنەر) زوان و گوتار بووه" هەم راڤـەكار و هـەمیش پەیامهێنـەر ... لـەگەڵ نووسراوەكانی «ئاگۆسـتین» ی قەدیسـدا، هێرمنۆتیـك وەك زانسـتی راڤەكاری گەڵاڵە بوو. (١٦)

لـە هێرمنۆتیكدا دوو پەیلوا (بۆچوون) مان هەیە. بۆچوونی بزاڤی (هەوەڵ)" باوەڕی بە كەشفی دۆزی دانەر و فەهمی دەقەكە هەیە كە لـە سەدەی نۆزدە لـە ئورووپا لـە حەوزەی دینی (مەسیحی خوازی) دا لـە لایەن شـلایرماخێرەوە هاتنـە نێو ئەدەبیات و بەستێنەی مێتۆدناسـی زانسـتەكانەوە، دیلتـایش بـە شـێوەیەكی بەربڵاو خستیە نێو زانستی ئینسانی (علوم انسانی) یەوە. ئەم بزاڤـە وەك بابـەتی هێرمنۆتیكی نەریتی و كۆندا پروڤەكرا.

بزاڤی دووەم، باوەڕی بە ئەگەری كەشفی دۆزی دانەر و تێگەیشتنی (فەهم) ی دەقەكە نیە. هایدگر و گادامێر و پۆل ریكۆر لـە راستیدا باوەڕیـان بـە مانـای ئاكامی (سەرەنجامی) و رەسەن هەیە. ئەم هێرمنۆتیكە نۆژەنە، وەك نیشـانە ناسـی و بنەماخوازی، لـە بەستێنەی توێژكاری دەقە ئەدەبییەكاندا تێپەڕی كرد و هەموو پاژەكانی زانستییە ئینسانییەكانی گرتەوە و بە هێرمنـۆتیكی مـۆدێرن یـان نـۆژەن بانگەوازی دەركرد (١٧).

هێرمنۆتیكی نۆژەن، دیدێكی چاودێرئاسای بـە مـل دەقەكـە و دیاردەكـەدا هەیە، و لـەسەر شرۆڤەی كەشفی رازە نهێنییەنەوتراوەكان جەخت دەكـات. بـە پێچەوانەی هێرمنۆتیكی نەریتی كە پێی وابوو كە فەهمی باڵـا و فـەهمی كۆتـایی دۆزی دانەر و دیاردەكە بەرانبەرن" هێرمنـۆتیكی مـۆدێرن هیـوای بـە كەشـفی دۆزی دانەر نییە و بەڵام رێز بۆ دەق و كاردانەوەی لـەسەر خوێنەر هەیـە. هـەر ئەم هەڵویستە بووەتە هۆی ئەوە كە بزاڤگەلـێك جیاواز بەدی بێن و لـە پێكهاتەی هێرمنۆتیكی مۆدێرندا، پرەنسیپ گەلێكی دیاریكراو و پێشفەرز هەبوونیان نەبێ.

لەلایەکی ترەوە بەڵام، رەتکردنەوەی هەرچەشنە مانا لە دەقدا، بە جیدی رەخنەی لێگیراوە. هابێرماس ئەم رەهەندیە لە هێرمنۆتیکدا (رەتی مانا) خستیە ژێر تیشکی رەخنەوە، چوونکای بە رەتکردنەوەی مانا، بەهای راڤەیش لە نێو دەچێ و دەق توانستی لە دابینکردنی پێوەندی لەگەڵ خوێنەردا نابێ. بەهەر حاڵ، پێوەندی مرۆۋ لەگەڵ راڤە و هێرمنۆتیك لەم وتەی «نیچە» دا دەردەکەوێ" لەوا کە دەڵێ: ئەگەری ئەوەی هەیە کە بڵێین تەنیا حەقیقەتەکان هەبوونیان هەیە، بەڵام من دەڵێم، نە" حەقیقەتەکان درووست هەمانن کە هەبوونیان نیە. تەنیا راڤەکان هەن، ئێمە ناتوانین تەسەوری حەقیقەتێك بکەین. رەنگە ئەم خوازەیشە خۆی گێلکاریەك (گەمژەیی) بێ. دەڵێت" کەوابوو هەموو شتێك زەینییە. ئەم (ئاکام) ەیش چەشنێك راڤەیە (تاویل) ە... جیا لە راڤە، مانایەك هەبوونی نیە. ماناکان رادەبەدەرن (١٨).

هێرمنۆتیك لەلایەن رۆژاواییەکانەوە بە (تاویل و تفسیر) و لە لایەن موسوڵمانەکانەوە بە (تاویل) ناسراوە. (تاویل) بە مانای رەسەنجۆیی، لەلایەن موسوڵمانەکان و لە نێو رەگەز و بزاڤە جۆراوجۆرەکاندا ئەرزش و بایەخێکی ئەوتۆی بووە. لە قورئانیشدا بە (تاویل) ئاماژە کراوە (١٩). لە ئایەتی حەوتەم سوورەی ئالی عومران وەك رەوشتێکی کاربردی چاوی لێکراوە. زانایان و بزاڤگەلی جۆراوجۆری عیرفان لە راڤەی قورئاندا، لە رەوشی (تاویل) کەڵکیان وەرگرتووە. لەم بەستێنەدا، کتێوگەلێکی راڤەکاری وەك: (کشف المحجوب ی هجویری و مرصادالعبادی نجم الدین رازی) نووسراونەتەوە.

دابی (تاویل) لە نێو بزاڤی (اخوان الصفا) و پاژە جۆراوجۆرەکانی شێعەدا پێگەیەکی روون و بەرچاوی بووە. ئەندازیار بازرگان، دوکتۆر (یداللە سحابی و ایت اللە تاڵەقانی) لە ئیسلام ناسیدا، لەم رەوشە راڤەکارییە کەڵکیان وەرگرتووە. بیردۆز (اقبال لاهوری) باوەڕە زانستی و فەلسەفییەکانی خۆی بەم رەوشەوە گرێدا و (شریعتی) یش لە هەر بەم پێوەرە لەچەمکگەلی حەج، شێرك،

یەکتا پەرستی، چیرۆکی (خلقت)، حسێن (وارث آدم) و... دوا. بەڵام ڕووی ڕاستی ئەمەیە کە ڕەوشی (تاویل) ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناگاتە ئەو ڕێژەیە کە هێرمنۆتیك لە ڕۆژاوادا توانی بەستێنەی جۆراوجۆری زانستییە مرۆڤییەکان یەکالا بکاتەوە، توانستی ئەنجامی ئەم چەشنە رووکردە فەلسەفییەی نەبووە و لەگەڵ حەوزەگەلی جۆراوجۆر و جیاوازی زوانەوانی و بوون ناسی و هەمیش هەستی ناسانەدا و... پێوەندی بابەتی نەگرتووە. لەحاڵێکدا بە دژبەری جیدی نێوان زانستی (تاویل) و بەستێنەگەلی جۆراوجۆردا، دەتوانین سووچێك لە نهێنییەکانی زمان روون بکەینەوە کە لە خوارەوە ئەم کارە دەکرێ.

### ئەفڕاندنێتی زوان

پۆل ریکۆر لە کتێبی «خوازەی زیندوو» دا لە ڕادەی ئەفڕانکارێتی زمان دواوە. لەروانگەی ئەم بیردۆزەوە، زوان وزەی پەرەپێدانی توانستەکانی خۆی هەیە و دەتوانێ نەغمەنۆژەکانی لە خۆیدا ڕاگرێ و ئەم کاریشە لە ڕێی خوازە و ئەفڕاندنکارێتی و... لە زواندا دێتە نواندن: «لە خوازەی زیندوودا، من تێکۆشام تا دەری بخەم کە چلۆن زوان دەتوانێ توانستە بزۆزەکانی خۆی تا ئەو ڕادەیە پەرە پێبدات کە بتوانێ ئیتر بۆ هەمیشە نەغمە نۆژەنەدەروونییەکانی خۆی کەشف بکات ... وزەی زیندووی خوازەسازی، ئەفڕێنەر و دووبارە ئەفڕێنەری مانایە (٢٠).

ئەڵبەتە لە دیدی پۆل ریکۆردا، ئەم ئەفڕاندنکارێتییەی واتا لە زماندا، بەرهەمهێنانی تایبەتی مرۆڤییە: ئەفڕاندنکارێتی مانا لە زماندا، لە بەرهەمهێنان بە چەشنی تایبەتی مرۆڤانیدایە: یانێ داهێنانی مەنهەجە نۆژەکانی دەربڕین و سەرچەشنە ئوبژەکتیو (دەرەکی) و هێمائامێزەکان کە لە زواندا جێگرن. (٢١)

پۆل ریکۆر لە مەڕ ئوسلووبە فەلسەفییەکانی خۆی، ئاوا دواوە: «بەرنامەی فەلسەفی من ئەمەیە تا نیشانی بەم کە زوانی مرۆڤ، وێڕای هەبوونی ڕێژەی بەرزی هێماگەلی ئوبژەکتیو و بەدەسەڵات، ئەفڕێنەر و داهێنەریشە. هەمیش

دەمــەویَ رادەی فرەچەشــنی و فــرە شــێوەیی زمــان روون بکەمــەوە (٢٢) ... زانیاری لـەسەر سازەکان و ئیمکاناتی خوازەیی و گێڕانـەوەی زمـان یـانیَ پـەی بردن بەم خاڵـە کە وزەی یەکدەست و لاوازی ئەم چەمکە سەرومڕ دەتـوانیَ بـە کەڵك وەرگـرتن لــە کـۆی فۆرمگـەلی کـارایی زوان سـەرلـەنویَ سـەرحاڵ و پڕنشات بکات» (٢٣)

لــە روانگــەی ریکــۆرەوە، بــە کــەڵك وەرگــرتن لــە ســازەکانی زمــان (هێرمنۆتیك، ئوستوورە، خوازە و گێڕانەوە) دەتوانین مانا بونیادییـەکان کەشـف بکەین (٢٤). چوونکای لـە دیدی ئەوەوە کۆی زمانە مێتافۆڕییەکان (مـەجازی) لـە ناواخندا هەم شیاوی فەهمن و هەمیش ئەفرێنەر. (٢٥)

گەڵاڵـە فەلســەفی ـ هێرمنۆتیکەکــەی ئــەو، ئایدیایەکــە کــە نیشــان دەدات ئاکارێکی گوتاری هەیە و زوان تەنیا لۆژێك و نیشــانە نیــە، بــەڵکوو ئــەرکێکی ئەخلاقیشی هەیە کە جەماوەر لـەهەمبەر ئەو گوتەوە کە دەیڵێنــەوە: بــەرپرس و ئەرکدار دەکات. (٢٦)

پێدەچیَ هەرکام لــەو رەوشــگەلـەی کــە لـەســەریان باسـکرا، دەتـوانیَ تـا رادەیەك کێشەکانی زوانی رووناکبیری و کۆمەڵگەی ئێـران کـەم بکاتـەوە یـان کاردانەوەیان هەبیَ" بەو مانا کە بنـەما شـکێنی یـان (بنیـان فکـنی) واژەگـەل و واتاکـــان، دەکـــریَ یادریـــدەری ســـڕینەوەی کێشـــەکان و نهێنییـــەکان و چەواشەکارییەکانی زوان بیَ.

ئاوەها بنەماشـکێنی گـەلێك ئەگـەر لـەســەر بناغەیـەکی تیۆریـك و قەڵــەو دابنریَ، لـەگەیشتن بە بن بەست لـە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا بەرگری دەکات و ریژەی کێشە زانستییەکان کە لـە سەرەرێگەدان، دادەبەزێنیَ. ئەڵبەتـە دژواری و ئاستەنگی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی ئیتنیکی ئێمەیش بووەتە هۆیەکی بەرگریکەر بـــۆ باســـە لـــۆژیکی و زەروورییـــەکان. چـــەمکگەلێك وەك دیمۆکراســـی، ریفۆرمخـــوازی، شـــوڕش و دیـــن و سیاســـەت بـــە تـــەواوی چەواشـــەکەر و

سەرسوڕهێنەرن. بەڵام نیشانەی ئەکتیوی کاری ڕووناکبیری ئەوەتە کە لە جێی کزکردن لەهەمبەر گوشارەکانی ئەتمۆسفێری کۆمەڵگەدا، ڕێگا بۆ خۆی و دیتران ئاچۆخ بکات و فەزای ئاوەزگەرێتی و ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیری پتر بکات و بۆ سەقامگیرکردنی هیوا و گەیشتن بە فەرهەنگی قەڵەو و پڕ وزە و پشت بەستن بە باری هزری، فەرهەنگی و مەعنەوی، ساتێك ئارام و قەراری نەبێ و نەسرەوێ.

چ بۆ ڕووناکبیرانی دینی خوشایەند بێ یان نەبێ، چ لائیکیەکان ئەم واقعییەتە قبووڵ بکەن یان نەیکەن، گلێرگەی ئێمە، گلێرگەیەکی فرەخوازی و چەند جەمسەریە کە هەموان دەبێ لەو ڕوانگەوە دان بە مافەکانی دیتران لە هەموو بوارەکاندا، بنێن و ڕێزی بگرن، بەڵام لە ڕوانگەی تیۆریکەوە، لەگەڵ ویدا مشت و مڕ و ململانێ و... بکەن. دەبێ ئێمە بۆ دەربازبوون لە گوشاری هەڵێنجراو و وەرگرتە، لە سڕینەوە و دەرکردن و فڕێدانی دیتران بەرگری بکەین و بە هاریکاری یەکتر بۆ بەردەوامیماننەوە، هەنگاو بنێن.

ژێدەر:
١ ـ برايان، مگی؛ آشنایی بافلاسفه بزرگ غرب، انتشارات کویر
٢ ـ مجموعه آثار ٢٠، ص ١٥٧
٣ ـ شریعتی، سوسن؛» سعی «در» صفا «ی سنت و» مروه «ی تجدد، سرمقاله روزنامه شرق
٤ ـ احمدی، بابک؛ ساختار تأویل متن (ج ٢) شالوده شکنی در هرمنوتیک
٥ ـ فرهادپور، مراد؛ انتقاد از مانیفست جمهوری خواهی، روزنامه شرق ١٣٨٢/٣/١١
٦ ـ احمدی، بابک؛ همان، ص ١٣
٧ ـ همان، ص ١٦
٨ ـ همان، ص ١٩

٩ ـ همان، ص ٢٠
١٠ ـ اندیشه های فلسفی در پایان هزاره دوم؛
گفت و گو با محمد ضیمران مقاله ژاک دریدا؛
پایان متافیزیک حضور، ص ١٨٩
١١ ـ احمدی، بابک، ساختار تأویل متن ٢
(شالوده شکنی و هرمنوتیک، ص ٣٢٩
١٢ ـ همان، ص ٤٠٧
١٣ ـ همان، ص ٤٢٥
١٤ ـ همان، ص ٤٣٠
١٥ ـ همان، ص ٣٩٩
١٦و١٧ ـ همان، ص ٤٩٧ ـ ٤٩٦
١٨ ـ نیچه، خواست قدرت، قطعه ٤٨١
١٩ ـ سوره یوسف؛ آیات ٦، ٢١، ١٠
٢٠ ـ ریکور، پل، زندگی در دنیای متن،
ترجمه بابک احمدی،
نشر مرکز ١٣٨٢ص ٧١
٢١ ـ همان، ص ٧٤
٢٢و٢٣ ـ همان، ص ٧٢
٢٤ ـ همان، ص ٧٨
٢٥ ـ همان، ص ٧٩
٢٦ ـ همان، ص ٩١

ن: موحتەرەم رەحمانی

سەرچاوە: گۆڤاری نامە ژ، ٣٥
نیوەی ڕێبەندانی ١٣٨٣
ل ٧٠ - ٦٧

# مافی مرۆڤ،
# بۆ هەموو مرۆڤ

فێدریکۆ مایۆر

کۆتـایی هـەزارە، شـاهێدی پێشـکەوتوویی شـیاو و بەرچـاولـە زەمینـەی دێمۆکراسی سیاسیدا بووە. لە هەموو ئاقار ودەڤـەرەکان، توێـژەکانی کۆیلـەی دنیـا، کـەرەتێکی تـر، وان لـە حـاڵی چەشـتنی مـەزەی ئازادیـدا. ئـەوان ئـەم سەرکەوتنانە، بـە گشـتی مـەدیوونی رادەی وشـیاری، ورەی پتـەو، و تەنانـەت نبووغی شاروەندانیان دەزانن.

بەڵام ئەم ئازادییە تا کاتێك لە قاوغێکی تاکدا، بمێنێتەوە، و دەستاوێزی ئەو، جیهانی بوونێکی هاورەنگ و هاوشکڵ بێ کـە بـە دەنگێکـی تـاك ـ بـە گشـتی دەنگی تێجارەت ـ بێتە گۆ، ئەوا ناسك و شووشەیی و شکێنەردەبێت. پێدەچـێ خاڵەکان و رێخەکان (اصول)، جیهان هەمەك بـن، بـەڵام پێداویسـتگەلێك کـە دەبنە هۆی هەژاندنی ژیان، هەندێ تایبەتمەندی دەگرنە خۆ، کە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵگەی خۆیانەوە هەیە.

هیچ روانینێك لە بارەی دێمۆکراسی ـ کە لە سیاسەت تێپەڕ بکات و ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش بگرێتە خۆ ـ ئەگەر هەڵپێچـێکی (نسـخە) نەزۆك (نـازا) بـێ و نـەتوانێ دابینکـەری مێـژوو و ئوسـتوورە، داب و نەریتـە بەهادارەکانی هەرنەتەو ەیەك بێ، ناتوانێ ریشە بکـوتێ و پـەل بهـاوێ. لەگـەڵ ئەمەیشدا، ئەگەرچی ئەم رێخانە پێویستن، بـەڵام هـیچ حەقانییـەتێك بـۆ بەڵگـە

هێنانەوەی «ڕێژەخوازی فەرهەنگی، نسبی گرایی فرهنگی» وەك دەستاوێزی تێپەڕ بوون لە خاڵەسەرەکیەکانێك کە بنەمایەکن بۆ مافەکانی مرۆڤ، نادەن بەدەستەوە. ڕێز بۆ «ناسنامەی فەرهەنگی، هویت فرهنگی» ناتوانێ بە داهاتە دژە دێمۆکراتییەکان مەشرووعیەت ببەخشێ.

مەترسی دووەم، لەم واقێعیەتە سەرچاوە دەگرێ کە زەمینەیەك کە ئەم مافانە لەودا نەشونەما دەکەن و بەکار ئەبرێن، لە زۆر لایەنەوە بەرتەسکە. ڕێزنانی ئەم دواییەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ پیشاندەری ئەم خاڵە بوو کە مافەکانی مرۆڤ، نەتەنیا مافە سیاسی و مەدەنیەکان، بەڵکوو ـ درووست بە هەمان بەڵگە ـ ئەبێ مافەئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، وەك مافی بەرخورداربوون لە کار، نیشتنگە، تەندرووستی و فێرکاریش بگرێتە خۆ.

نزیك بە ١/٥ میلیارد کەس لە جیهاندا لە هەژاری و برسییەتێکی مەترسیهێنەردا بە سەر ئەبەن. ئاسایی ترین ماف کە مافی ژیانە، و بەردی بنەڕەتی تەواوی مافەکانی تر دەژمێررێ، لێیان زەوت کراوە و هەر دەم وان لەمەترسیدا. کەوابوو، خەباتی هێشتا ناتەواو، بۆ پەرەو و بە هێزکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکی پێشبردنی گەشەیش دەگرێتە خۆ.

ئەم ئەرکە، تەنیا پێداویستیەکی حقوقی یان ئەخلاقی نیە. تا زەمانێك هەژاری، پەراوێزکاری (حەزف)، و نابەرابەریەکان لە ئاردا بن، ئازادییە سەرەکییەکان، زۆرناسك و شووشەیی دەبن. هێزە پاڵنەرەکانی جیهانی بوون، بۆ سەقامگیرکردنی حاکمیەتی قانوون جەخت ئەکەن، بەڵام لەم حاڵەدا ڕێوایەتێ لە یاسا پەرە ئەگرێ و دێتە قەوام، کە بە نەفعی چالاکی سەرکەوتوانەی تیجارت و بازرگانی تەواو ئەبێ. ئەم هێزە پاڵنەرانە، هەر وەها بە جێی کەم کردنەوەی ڕکەبەرە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەم دیاردانە.

شۆکێك کە پێکهاتەی چالاکیەکانی مرۆڤە و بۆ سەقامگیرکردنی حاکمیەتی

یاسا، هاتوەتە نێو کایەوە، لە هەندێ لە وڵاتانا بە کۆسپێك و لەمپەرێك، بەری خواردوە. پرنسیپ و یاسای پێوەندیە نێونەتەوەییەکان، بە سەر ژیانی نەتەوەکاندا زاڵە، بەڵام ئەم پرنسیپ و یاساگەلە، لە گەڵ چەمکی دێمۆکراسی، لە واقیعدا، مەودای زۆریان هەیە. هێشتا ملهوڕان دەسەڵاتدارن.

ئەم دیاردە لەبارەی هەندێ لە دەوڵەتەکانەوە بەرچاو و دیارە. ئەوان وا هەست ئەکەن باڵەکانیان دوێرد کراوە، وا ئەزانن مافی مەشرووعیان بە هۆی سەرهەڵدانی چەشنێ خۆکامەیی بەشی خسووسی، پێشێل کراوە، خۆکامەییەك کە تێدەکۆشێ کارکردەکانی دەوڵەت بە ئاسایش و ناوجیگەری کورت بکاتەوە، و رۆڵی ئەو وەك گەرەنتی بەرژەوەندیەگشتیەکان، لە کار بخات، و ئەم کارکردە لە ئامڕازە زەرووریەکان بۆ کاربەستی حاکمیەتی قانوون بێ بەهرە بکات.

بەڵام ئەم دیاردەیشە لە بارەی کۆمەڵگەی دەوڵەتەکانیشەوە، دەچەسپێ، چونکا هێشتا لە پلات فۆڕمی جیهانیدا، کە پێکهاتی هێزی یاسا و قانوون بێ بەر چاو ناکەوێ. رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان تریبوونێکی دیمۆکراتیکی نێونەتەوەیی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام دەسەڵاتی ئەو، یەکەم: بە هۆی نزیکەی نیو سەدە شەڕی سەرد و پاشان بە هۆی داسەپاندنی روانگەی یەك لایەنی زلهێزەکان، کە چەشنێ سەرپێچی لە هەر ئەو خاڵانە دەژمێررێن، کە ئەم زلهێزانە ئیدیعای پشتگرییان لێی ئەکەن، لاواز بووە.

دەست بە سەردا گرتنی یاسا دیاردەیەکی پۆلێن نەکراوە“ ئەبێ هەم ئازادی و هەم ئاسایش“ لە تەك بە تەکی وڵاتان و هەمیش لە تەواوی جیهان سەقامگیر ببێت.

## تووماس مان

(١٨٧٠ ـ ١٩٥٥ م)

**هونەرمەندی**

**بە ویژدانی پڕئازار**

خاوەن ویرانی دونگەی ئەدەب و هونەر هایداری ئەو مەسەلـەیە هەن کە سیمای ڕۆمانی سەدەی بیستەم لـە ئاوێنەی سافی چیرۆکەکانی مارسێل پرۆستی فەرەنسـی و جەیمز جویسی ئیرلـەندی و تامس وۆلفی ئەمریکی و تووماس مانی ئالـمانی خۆی دەبینێتەوە.

(مان) ڕۆمان نووسی ئەم سەردەمە، پێش دەست پێکردنی دیرۆکە پاڵەوانی و چەمکە حەماسییەتەکانی، وەك باقی نووسەرە خودئازارەکانی ئەو دەمە، دۆخی ناوەکی کەسەرمەند و ئاڵۆسکاو بوو. دابڕانی لـە هەڤاڵان وەك دۆسـتانی تـری، بووە هۆی شەمزیوی و پەرۆشی و تەنانەت گۆشـەگیری ئـەو نووسـەرە مەزنـە. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی (مان) زۆرتر هۆی ئەوە بوو کە لـە پانتایی چینی باڵا و بـە دەسەڵاتی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە پەروەردە کرابوو.

(مان) شەشی مانگی ژوئەن ساڵی ١٨٧٥ لـە شاری (لوبك) سەر بە وڵاتی ئاڵمان خونچەی تەمەنی پشکوت. دەست بە جێ ناوی (پل تووماس مـان) بـڕا بەسـەریا. هـەوەڵین نووسـراوەی بـە نازنـاوی (تووماس مـان) لــە چـاپەمەنی خوێندکاراندا بڵاو کرایەوە. بنەماڵەی (مان) هەر لـە مێژە بـە سـۆنگەی ژیـار و عەقڵانییەت سەرناس و خاوەن ناو بوون. باوکی بازرگـانێکی بەدەسـەڵات بـوو

کە پلەی سەناتۆری وەدەست هێنا. دو جاریش هەڵبـژێردرابوو بۆ شارەوانی شاری (لوبك) ... (مان) کوڕی دووهەمی ئەو بنەماڵە پێنج کەسییە بوو کە زۆر شانازی بە توکمەیی و دەسەڵاتی باوکی دەکرد و لە ناخی دڵییەوە دایکیشی خۆش ئەویست. فێرگە و فێربوون و زانست بۆ (مان)، دیاردەیەکی ئاسایی بوو کە بوێر و لێبڕاو هەڵسووکەوتی ئەکرد. لە یادی بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئەڵێ: «دەورانێکی بێ بزێو و دڵ ئازار» هۆی دڵ ساردی (مان) ئەوە بوو کە ئوسلووبی فێر کردن و بارهێنانی ئەو فێرگەیە زۆر وشك و بێ رۆح بەڕێوە دەچوو و بۆشایی گەشەی قەت تیا نە ئەبینرا. ئەمانە لەگەڵ دۆخی ناوەکی و ویستی سەرەکی (مان) نەئەگونجا و ئەیەویست بە شێوەیەك لە هەمبەر ئەو ئاکارەدا چەپاوانە بەرەنگاری بکات و دژایەتی و ناتەبایی بنوێنێ.

(تووماس) ی مێرمنداڵ و لاو لە شانۆی (بووکڵە، عروسك) ی برای و ئەو کتێب و نامیلکانەی کە لە کتێبخانەکەی بوون، بەر فراوان کەڵکی وەرگرت و بە تام و چێژێکی ئەوتۆوە چیرۆکەکانی (هانس کریستین ئاندرسەن) و ئەفسانەکانی (هۆمەر) ی دەخوێندەوە، لەو بووارەدا خۆی بە چەکی زانستی و مەعریفییەوە تەیار کرد.

(مان) هێشتاکوو یازدە ساڵ لە تەمەنی تێپەڕی نەکردبوو چرای ژیانی بابی کوژایەوە. ئەو کارخانە کە رۆژ بە رۆژ بە هۆی بێ کەسابەتی کزتر و لاوازتر ئەبوو، سەرەنجام تێك شکا و بێ پارە و سامان مانـەوە" تەنانەت خانووە خنجیلانە و گەورەکەیان و تەواو شتومەك و ئەساسی بایەخداری لەبەر دەست کورتی و بێ وزەیی حەراج کرد و نیشتەسەر ساجی عەلی. دایکی و منداڵە بچووکەکان، کۆچبەر بوون بەرەو شاری (مونیخ) کە گەرمتر و بەرۆژتر بوو و لەوێدا گیرسانەوە.

(تووماس) و برا گەورەکەی (هاینریش) لە شاری (لوبك) مانەوە تا دەورەی خوێندنی تەواو بکات. (مان) بە وردی شیعری رۆمانتیکی (گوتە و

شیلەر و هاینە) ی دەخوێندەوە و سەرەنجام لە ژێر رکێف و شێوازی ئەو سێ شاعیرە شیعری ئەهۆنییەوە و هەناسەی ئەوانی ئەقۆزییەوە و رەوانەی ئەکرد بۆ گۆڤارێك بە ناوی (تۆفانی بەهاری) و چاپیان دەکرد. (مان) لەو تافەدا کە نۆزدە ساڵانە بوو کە بەرەو شاری مونیخ بۆ لای بنەماڵەکەی کەوتە رێ و جارێك تر بە دیداری دایکی و منداڵە بچووکەکان شاد بوویەوە. مان لەو تافەدا، لاوێکی جیدی و خۆڕاگر و لە خۆ رازی بوو. کە تەنیا لە یەك شت بیری دەکردەوە، ئەویش دۆزی (نووسەر بوون) بوو. بۆ ئەوە بێکار نەبێ، دەرهەق وەخت، کارێکی لە ناوەندی (بیمە) گەریدا پەیدا کرد، وێڕای کارکردن گەڵاڵەی چیرۆکەکانی لە زەینیدا، دائەڕشت و پاشان ئەینوسییەوە و لە چاپەمەنییەکاندا، چیرۆکێکی پەسەندکراو بڵاوکرایەوە. پاش یەك ساڵ کاری کارمەندی پێی ئاستەنگ بوو و سەرەنجام خۆی لەو کێشەدا دەرباز کرد و توانی ماوەی یەك ساڵ لە پاشکەوتی بنەماڵەکەی دەستی کرد بە فێر بوونی فەلسەفە و ئەدبیات. دوای یەك ساڵی تر دایکی لە دنیا ماڵ ئاوایی کرد. (مان) ئەو ماوەیە لەگەڵ (هانریش) لە (ئیتالیا) مایەوە و سەرلەنوێ دەستی کرد بە نووسینەوەی کورتە چیرۆکەکانی. لە تەمەنی بیست و سێ ساڵانیدا، کۆمەڵە چیرۆکی (ئاغای فەریدمانی بچووك) بڵاو کرایەوە. هەر لەم کاتەدا، (هاینریش) ی برای بوو بە هاندەر و پاڵپێوەنەر بۆ نووسینی رۆمانێکی گەورە. ساڵی (١٨٩٨) کاتێ گەڕایەوە بۆ ئاڵمان، دەسنووسەکەی رۆمانی (خانەدان بوونی برووك) ی پێی بوو. پەخشکەر (ناشر) ی ئەو کتێبە لە (مان) ی ویست لە بارستی رۆمانەکە کورت بکاتەوە و بیگەیێنێتە نیوە. بەڵام (مان) ی ٢٣ ساڵە، پێداگر بوو لەسەر ئەو مەبەستە و دەیوت ئەو کتێبە بیۆگرافی باو و باپیر و بنەماڵەو کۆمەڵگاکەیەتی، نابێ لەو بارستە کورت تر بکرێتەوە. رۆمانی (خانەدان بوونی برووك) سەرەنجام، سەرەڕای دوو دڵی پەخشکەرەکە لە ساڵی (١٩٠٠) لە دوو بەرگ دا بە تیراژێکی زۆرەوە لە چاپ درا و بڵاو کرایەوە. ئەمە بوو بە

سۆنگەی ترۆپك و لووتکەی بەرزی مان. هێشتاکوو یەك ساڵ لە دەرچوونی ئەو رۆمانە تێپەڕی نەکردبوو، (مان) وەك نووسەرێکی مەزن و رێزدار لە زەین و هزری جەماوەردا رۆنیشت و بوو بە خاوەن داهاتوویەکی پرشنگدار. ئەو رۆمانە بە تەواو زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێردرایەوە. لە سەر مێز و لە کتێبخانەکاندا، لە ماڵاندا، ئەو کتێبە وەك بەرهەمێکی کلاسیکی دەخوێندرایەوە و رادەبەدەر پیرۆز دەکرا و تا ساڵی ١٩٣٥ پتر لە یەك ملیۆن بەرگی لە ئاڵمان فرۆشرا.

(مان) لە ساڵی ١٩٢٩ خەڵاتی نۆبیلی وەرگرت. داوەرەکان لەمەڕ (مان) ەوە رایان دابوو: «ئەم خەڵاتە بەر لە هەموو شتێك، بە هۆی رێزنان لە رۆمانی خانەدانی بوونی برووك ئەدرێ بە مان.»

(مان) سی ساڵانە بوو کە لە گەڵ کچێك بە ناو (کاتیا پرینگسهایم) بوو بە هاوبەشی ژیان. لەوەی هاوسەرەکەی ریازیزان و خاوەن چێژ بوو زۆر خۆشحاڵ بوو و ماوەی ٢٨ ساڵ ژیانێکی شاد و بەختەوەرانەیان بردەسەر. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشییە، شەش منداڵ بوو: سێ کوڕ و سێ کچ. یەکێك لە کوڕەکان بە ناو (کلاوس) بوو بە نووسەر و یەکێك لە کچەکان بوو بە ئەکتەری سینەما.

(مان) پاشان رۆمانی (ئەعلاحەزرەت) ی نووسی کە رەنگدانەوەیێك بوو لە سیمای توێژی (ئەشرافی) یەت و کێشەی دوو جۆرە کۆمەڵگەی ئەو دەمە. (مەرگ لە ونیز) دا یەکێك تر بوو لە رۆمانە بەرزەکانی (مان). کە لە تافی سی ساڵیدا نووسیویەتی. چەمکی ئەم رۆمانە پیشاندەری ژیانی پیاوێکی ئەشرافی بە ساڵا چووی سواو بە ناوی (گوستاوفون اشنباخ) ە کە بێهوودە دڵی ناوەتە گرەوی جوانێکی (لهستان) ی کە لە چاو ئەو خواوەندی تەواو جوانییەکان بوو.

(دان پێنانی فلیکس کرول) بابەتی ئاخرین بەرهەمی (مان) بوو کە لە ساڵی ١٩٥٥ پاش لە دنیا چوونی بڵاو کرایەوە. بەم چەشنە (مان) لە دوو تۆی گۆڕا، شادمانەترین بەرهەم کە زادە و هەڵێنجراوی داخ و کەسەری رابوردووی

نووسەر بوو بە جیهانیانی پێشکەش کرا. جگە لەو بەرهەمانەی کە لە دەقی ئەم نووسراوەدا ئاماژە کرا، (مان) ئەم بەرهەمانەی نووسی:

١ ـ تێڕوانینەکانی مرۆڤی غەیر سیاسی

٢ ـ رۆمانی کوێستانی جادوو

٣ ـ ئاییندەی دیموکراسی

٤ ـ رۆمانی یوسف و بەرادەران

٥ ـ کۆمەڵە چیرۆك (سێ دەهە)

٦ ـ گەڕانەوەی دڵدار

٧ ـ ئەلواحی یاسا

٨ ـ سەرگەلی جێ بەجێ کراو

٩ ـ کۆمەڵە وتار (سێ دەهە)

١٠ ـ رۆمانی دوکتۆر فاوستوس

١١ ـ رۆمانی قەوی رەش

سەرچاوە:

کتێبی: آفرینندگان جهان نو

لوییس ئانتێرمایر

# سوسور بناغه داڕێژی زمانەوانی زانستی

«سوسور» ١٧ی نوامبەری ساڵی ١٨٥٧ لـه شاری «ژنێڤ» سەر بە وڵاتی «سویس» ڕا لـه بنەماڵـەیێکی توکمەی بە ناوبانگ خونچەی تەمەنی دەپشـکوێ. بنەماڵـه کەی کۆچبەرێکی فەرەنسی بوون کە لـه «سویس» ڕا دەژیان. بەناوبانگی بنەماڵـەی فردینان بە هۆی کاری زانستییەوە بوو کە هەموو کەس بەم سـۆنگەوە دەیان ناسین. «سوسور» لـەگەڵ «دورکهام» و «فرۆید» هاوتەمەن و هاوچـەرخ بوو. بەڵام پێی ناچێ کە لـەگەڵ ئـەم دوو کەسـایەتییەدا دانووسـتاندنی بـیری و زانستی هەبووبێ. «فردینان» پاش ناکامی لـه دەرسی «فیزیك و شیمی» لـه ساڵی ١٨٧٥ بەرەو زانکۆی «لایپزیك» بۆ خوێندنی وانەی زمان دەکەوێتە ڕێ.

ماوەی هەژدە مانگ لـەم بوارەدا خۆی ماندوو دەکا لـه تەمەنی ٢١ ساڵی دا، لـه سەر «سیستەمی سەرەتایی و دەنگەکان لـه زوانە هێند و ئورووپاییەکاندا» تێـزی ئاکادیمی بڵاو دەکاتەوە.

«ئێمیل بنوەنێست» زوانەوانی بەناوبانگی فەرەنسی لـەم بارەوە دەڵێ: «ئەم بەرهەمە، ڕووناکییێکه بـۆ داهـاتووی «سوسـور» لـــه سـەر چـلـۆنایەتی نیشـانە پێوەندیدارەکانی زوان». سـاڵی ١٨٨٠ ی زایـینی «سوسـور» لـەسـەر تێزێکـی زوانەوانی لـه ژێر سەردێڕی «حاڵـەتی خستنەسەر (ئیزافه) لــه سانسـکرێت» دا، پێداگری زانستی دەکات. ماوەی دە ساڵ وەك مامۆستای زوانەوان لـه زانکۆکانی پـاریس دا وانـه دەڵێتـەوە و چـالاکی دەنـوێنێ. بـه هـۆی بیرتێـژی و چـالاکی

زوانەوانییەوە بە پسپۆڕی زوانە هێند و ئوروپاییەکان هەڵدەبژێردریٚ.

«سوسور» پاش ٣٨ ساڵ چالاکی نەپساو و لێبڕاوی لە بواری زوانەوانیدا، ساڵی ١٩١٣ مۆمی تەمەنی دەکوژێتەوە. تەنیا بەرهەمێك کە بوو بە هۆی بەناوبانگی ئەم کەڵە پیاوە، کتێبی «دەورەی زوانناسی گشتی» بوو کە ماوەیەکی کورت پاش بڵاو بوونەوەی لە هەموو ئاقار و دەڤەرێکی جیهاندا وەرگێڕدراوەتەوە و قوتابخانەی زوانەوانی پیٚ رازاوەتەوە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٣٧٨ کۆچی لە لایەن «کورش سەفەوی» وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و لەلایەن پەخشکاری «هرمس» لە چاپ دراوە و بڵاو کراوەتەوە.

«سوسور» تاکە زوانەوانێك بوو لەدەقی ئەم کتێبەدا، لە سەر باری زانستی و رواڵەتی زان بە شێوەی ئاکادیمی راڤەی کردووە و بە بیرۆکەی زانستی و پێوەری پسپۆڕی، بنەما و بناغەکانی زوانەوانی زانستی و پێکهاتەیی (ساختاری) دارێشتوە. پاش مەرگی «سوسور» بە هۆی رەنگدانەوەی کاریگەری چمکە فیکرییەکانی، بە «باوکی زوانەوانی نویٚ» بانگەوازی دەرکرد. ئەم روانگە نوێکارییە، بوو بە هۆی لە دایك بوونی قوتابخانەگەلێکی جۆراوجۆر وەکوو: «پراگ» «کۆپنهاك» و «ئەمریکا». ئەم بۆچوونە تازە و بەدی هاتنی بیری نویٚ، جووڵەی خستە نێو قوتابخانەی زوانەوانییەوە. هەوێنی ئەندێشەی «سوسور» بوو بە روانگەی جۆراوجۆر و پلۆرالیسمی زوانەوانی. ئەگەرچی دوایی هەرکام لەو شێوازانە، رێیان جیاکردەوە بەڵام ئەمە بیرۆکەی «سوسور» بوو کە هەموویانی لەیەك هێلدا دەبەستەوە، ئەویش رەچاو کردنی باری پێکهاتەی (ساخت) زوان بوو. بیٚ ئەوەی «سوسور» لە بەرهەمەکەیدا پێکهاتە (ساخت) ناو ببات، زوانەوانەکان بەراشکاوی دیانیان بەوە دانا کە دەست پێکەری ئەم شێوازە «سوسور» ە و بەس. ئەنجامی ئەم نوێکارییە بوو بە لە دایك بوونی قوتابخانەیێکی گرنگ و پڕمایە بە ناو بنەماخوازی (ساخت گرایی) Structuralism کە دوایی پانتایی شێواز ناسی (سبك شناسی) و رێزمان (دستور زبان) ی گرتە بەر

بوو به هۆی بەزانـدنی چـەمکەکۆنەکانی زوانـەوانی، داڕشـتنی شـێواز ناسـی و ڕێزمان لـەسەر قالّب و قۆناغێکی نوێ.

بەم بۆنەوە، تیشـکێك ئەخەینـە سـەر چـەمکە زانسـتییە نـوێ کارییـەکانی «سوسور» و تا ڕادەییێك لـەسەریان ڕاڤە دەکەین:

«سوسور» لـە ئەنجامی توێژیینەوە لـە سەر دۆزی زمان، بۆی دەرکەوت کە زمان خاوەنی (نیزام) ێکی تایبەتییە. بۆ دەرخستنی ئەم تایبەتمەندییە، کەوتە شوێن موتالّا و توێژینەوە زانستی زمان. بۆ جەختکردن لـەسەر ئـەم مەبەسـتە، پێـوەری دۆزینەوە (کشف) ی مەسەلـە یان کەشفی چمکە زوانییەکان و کەڵك وەرگرتن لـە تزە دیالـیکتیکیەکانی «هێگل» بەو ئەنجامە گەیشت کە «زمـان» دەزگـاییێکی ڕێسامەندە لـە نیشانەکان کە لـە زنجیرەی ئاسۆیی (افقی) و ئەستوونی (عمـودی) دا موتوربە (پێوەند) کراون».

«سوسور» بۆ ئەم حاڵـەتە زوانەوانییـە زاراوەی (فـۆرم، Form) ی بـەکار هێنا. لـەو باوەڕەدا بوو کە زمان کاتێك هاتە سـەر زار و ئاخـافتنی پێکـرا، ئـەبێ وەك واقعێکی بەرچاو (عین) ی تماشای بکرێ. ئەم ڕوانگە بوو بە هۆی ئەوە کە زوانەوانەکان بە تێکڕا «سوسور» بە دەست پێکەری (ساخت گرایـی) دا بنـێن. «سوسور» بە ڕاشکاوی پەنجەی خستە سـەر، پێوەنـدی زنجیرەیـی نیشـانەکان و دەیگوت ئەمانە تۆڕگـەلی نەپچـڕاوی زمـان پێـك دێـنن ئەگـەر لـەیـەك جـوێ بکرێنەوە ناتوانن بە زمان واتا ببەخشن.

دیاری کردنی تخووب «سنوور» نێوان زمـان ناسـی مێـژوویی (هـم زمـانی) چەمکێك تر لـە ڕاژە زانستییەکانی «سۆسۆر» بوو، لـەم بارەوە دەیگـوت: «وەك دەزانین گەردەلوولی زەمەن هـەموو شـتێك ڕاپـێچ دەکـات و سـیمای هەسـتی سروشت دەگۆڕێ، زمانیش لـەم یاسایە بە دوور نییە، وەرچەرخانی کات بەسـەر زماندا گۆڕانکاری دێنێ و ڕوخساری توخمەکان و ئەمڕازەکانی زمان دەشەمزێنێ. ئەم بزاڤە زەمەنییە و جووڵـە مێژووییە کە گۆڕانکاری بەسەر زمانـدا دێـنێ و بـۆ

نەوەی دوایی نامۆ و ناتەبا دەبێ، بە «زمانەوانی مێژوویی» نێو دێڕی کـرد. ئـەو زمانە کە هەنووکەییە (ئێستایی) و نەوەی سەردەم پێی دەئەخافێ بـە «زمانـەوانی ئێستایی» یان زمان ناسی (توصیفی) ناودێری کرد».

جەختی تایبەتی «سوسور» لەسەر ئـەم دۆزە ئەوەیـە کـە بڵـێ: «ئـەم دوو قۆناغە لە یەك جیایە و زمانەوان نابێ بە پێوەری رابـردوو چـەمکە زمانییـەکانی ئێستایی بنرخێنێ. بەڵکوو هەرکام بە پێی ساز و کار و پێداویستی خـۆی، لێیـان بقۆزێتەوە. قۆستنەوەی چەمکی ئێستایی زمان بە پێوەری کـۆنی زمـان نـە تـەنیا سوود بەخش نییە بەڵکوو دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و قەیرانی زمان».

«سوسور» لە روانگەییێکی دیکەوە لەسەر (رێسامەند) ی زمان ئاوڕی دایـەوە، وێڕای باوەڕی پتەوی بە چـڕی پێوەنـدی داری نیشـانە زمانییـەکان و پێوەنـدی نێوان «زمان» و «گوتار»، دەڵێ: «جەوهەری زمان» و «گوتار و ئاخافتن» دوو چـەمکی جۆراوجـۆرن. «جەوهـەری زمـان» واتـاییێکی زەیـنی و ئەبسـتراکی (ئینتزاعی) یە. بەڵام گوتـار و ئاخـافتن Puroce چـەمکێکی هاوبـەش و دەبێتـە جێگری زمان. واتە زمان لە واتاییێکی (ئێنتزاعی) و زەینی دەگوێزرێتەوە بۆ بـاری مادی و «عەینی». ئەو بنەما فیکرییە و ئاکارە زمانییە، دوایی بوو بە خوانێك بـۆ زمانەوانەکان و لەسەر نوێکارییەکانی «سوسور» تەئسیر وەربگـرن. بـە تایبـەت زمانەوانەکانی ئەمریکا وەك: «رابرت. ا هال» و «چارلز فریـزر» کـە لـە سـەر بۆچوونەکەی «سوسور» جەوهەری زمانیان لە ئاخافتن جوێ کردەوە وگەیشتنە ئەو ئەنجامە کە: «واتای راستەکی زمان یانێ: ئاخافتن وەرگـرتنی پـەیام و هیچـی تر».

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.